# بۆ مێژوو..

مەسعود بارزانی



چاپی دووەم

# بۆ مێژوو..

مەسعود بارزانی

Pdf
کاروخ سانی

21.3.2021
نەورۆز



نەخشەی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە کیشوەری ئاسیا، ساڵی ١٨٩٢ لە سەردەمی خەلافەی سوڵتان عەبدولحەمید، کە تێیدا بەئاشکرا دیارە (کەرکوک) دەکەوێتە ناوەراستی کوردستان.




نەخشەی ئیمپراتۆریی عوسمانی کە ١٢ـی ئایاری ١٧٩٤
لە لەندەن، (Mons. R Danville) کێشاویەتی و تێیدا
ئامـاژە بـە بەشـێك لـە جیۆگرافیـای کوردسـتان کـراوە..




نـەخشـەی ئیمپراتۆریـی عوسمانـی کـە لـە سـاڵـی ١٨٣٤
(Henry Treesdale & Co.) لـە لەنـدەن بـڵاوی کردووەتـەوە و
تێیـدا ئاماژە بـە بەشێك لـە جیۆگرافیـای کوردسـتان کـراوە..

ناوی کتێب: بۆ مێژوو..
نووسـینی: مەسعود بارزانی

گرافیست: ئاسۆ مامزادە
چاپی دووەم: هەولێر / تشرینی یەکەمی٢٠٢٠
تیراژ: ٥٠٠٠
چاپخانە: ڕۆکسانا

لە بەڕێوبەرایەتیی گشـتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی(٧٧٧)ـی ساڵی ٢٠٢٠ـی پێدراوە.

پێشکەش بە

ئەوانەی خۆ ناچەمێنن..

# پێڕست


| | |
|---|---|
| • پێشـەكی | ١٥ |
| • دابەشبوونی كوردستان | ٢٠ |
| • دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق | ٢٧ |
| • شۆڕشی ئەیلوول | ٣٣ |
| • پلانی لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی كورد لەناو دەوڵەتی عێراقدا | ٣٩ |
| • ڕاپەڕین | ٤٣ |
| • كۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو | ٤٦ |
| • شەڕی داعش | ٥٣ |
| • نائومێدبوونی كورد لە عێراقی تازەدا | ٦١ |
| • سەردان بۆ ئەمەریكا | ٦٦ |
| • سەردان بۆ بەغدا | ٧٠ |
| • بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم | ٧٣ |
| • كاردانەوە و گوشارە نێودەوڵەتییەكان | ٨٨ |
| • كۆبوونەوەكەی سحێلا | ٩٢ |
| • گەل دەنگی دا | ١٠٠ |

| | |
|---|---|
| • کاردانەوەکانی حکوومەتی عێراق | ١٠٤ |
| • شازدەی ئۆکتۆبەر | ١٠٩ |
| • وتەی کۆتایی | ١١٨ |
| • پاشکۆکان | ١٢٥ |
| • بەڵگەنامەکان | ٢١٩ |
| • پێڕستی ناو، ناونیشان و شوێنەکان | ٢٦٧ |
| • نەخشەکان | ٢٨٣ |



١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

باشیك - ئاهەنگی سەركەوتنی
ئۆپەراسیۆنی ئازادكردنی باشیك.

Photo: Adnan Muhammed

# پێشەکی

کورد نەتەوەیەکە، خاوەنی مێژوو و جیۆگرافیا و زمان و فەرهەنگ و داب و نەریتی تایبەت بە خۆیەتی و هەزاران ساڵ لەسەر خاکی خۆی ژیاوە. لەو ماوەیەدا پابەندی بنەماکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان بووە و جێگەی شانازییە کە فەرهەنگی پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوە و ئایینەکانی تر لەناو گەلی کورددا ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و مێژوویی هەیە. لە پێنجسەد ساڵی ڕابردوودا نەتەوەی کورد توانیویەتی لە زۆر هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردن خۆی ڕزگار بکات.

پێنج سەدە بەر لە ئێستا وڵاتی کورد بەسەر دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا دابەش کرا و دوای یەکەم شەڕی جیهانی، بەبێ ویستی خۆی، کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرا. ئەم دابەشبوونە بارودۆخێکی جیۆسیاسیی زۆر ئاڵۆزی دروست کرد.

بە داخەوە لە هیچ پارچەیەك دان بە مافە ڕەواكانی كورد نەنرا و نكۆڵی لە هەبوونی كرا. لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوتەشدا ململانێیەكی دوورودرێژ هاتە كایەوە كە نە حكوومەتەكان توانیان گەلی كوردستان لەناو بەرن و نە كوردیش توانی ئەو ڕژێمانە بڕووخێنێ. لەمەدا زەرەرمەندی سەرەكی گەلانی ناوچەكە و ئاشتی و سەقامگیری بووە و خوێنێكی زۆر ڕژا. ئەم واقعە ناتەندروستە پێمان دەڵێت دەبێ هەر دوو لا بە خۆیاندا بچنەوە. لەبری شەڕ و نكۆڵیكاری بیر لە چارەسەری دیموكراتی و ئاشتیانە بكەنەوە. بە حوكمی ئەو واقعەی لەم سەدساڵەدا دروست بووە هەر پارچەیەك لە كوردستان تایبەتمەندیی خۆی پەیدا كردووە و ناشكرێت كێشە و چارەسەرەكانی هەر پارچەیەك ببێتە نموونە بۆ پارچەكانی تر. دەبێ كێشەی هەر پارچەیەك بەپێی تایبەتمەندییەكانی خۆی و بارودۆخی خۆی لە چوارچێوەی دیالۆگ و ئامرازی ئاشتیانە و دیموكراتیانەدا چارەسەر بكرێت.

ئەو كتێبە هەوڵ دەدات ڕۆشنایی بخاتە سەر مێژوو و ئازاری ئەو پارچەیەی كوردستان كە سەد ساڵە بە عێراقەوە لكێندراوە. بە بەراورد لەگەڵ پارچەكانی تر لە كوردستانی عێراقدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد گەشەی زیاتری هەبووە و ململانێی حكوومەتەكان لەگەڵ كورد توندتر بووە و هەروەها پەراوێزخستن و ئازاردانی كوردیش خەستتر بووە، تەنانەت گەییشتووەتە ڕادەی جینۆسایدكردنی نەتەوەی كورد بەڵام لە هەمان كاتیشدا دەرفەتی ڕێككەوتن و هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی دۆزی كورد زیاتر بووە و لەناو لایەنە سیاسییەكان و

ناوەندەکانـــی عێراقیشـــدا زۆر کەسـایەتیی عەرەبـی هەبوونـە کـە دۆسـتی کـورد بوونـە و تێگەییشـتنیان بـۆ دۆزی ڕەوای گەلـی کوردسـتان هەبـووە.

دەوڵەتـــی عێـــراق لـــە ســـەرەتای دروســـتبوونییەوە هەتـــا قۆناغـــی ۲۰۰۳، شـەراکەت و هاوبەشـیی کـوردی جێبەجـێ نەکـرد و هەوڵـی دا کـورد وەك پاشـکۆیەك بهێڵێتـەوە و لەنـاو نەتـەوەی سەردەسـتی عەرەبـی عێراقـدا بیتوێنێتـەوە بـەڵام، لـەوەدا سـەرنەکەوت. دوای سـاڵی ۲۰۰۳، کـورد پـاش دابڕانێکـی دوازدە سـاڵە لـە دەوڵەتـی عێـراق، بـە شـێوەیەکی ئارزوومەندانـە گەڕایـەوە بـۆ نـاو عێـراق و بەشـدار بـوو لـە بنیاتنانـی عێراقێکـی دیموکـرات و فیدڕاڵـدا کـە تێیـدا دەسـتوور مافی هەمـوو لایەك زامـن بـکات. بـە داخـەوە لـە دوای ئـەو دەرفەتـە، حوکمڕانـە تازەکانـی عێـراق، پەندیـان لـە مێـژوو وەرنەگـرت و هەڵەکانـی ڕابردوویـان دووبـارە کـردەوە.

دەوڵەتـی دیموکراتـی فیدڕاڵـی، شـێوەی دەوڵەتێکـی تایەفـی وەرگرت کـە کاری بـۆ پەراوێزخسـتن و دەستبەسـەرداگرتنی ئیـرادەی هـەردوو پێکهاتـەی کـورد و سـوننە دەکـرد. دەسـتەڵاتدارانی نوێـی عێـراق ڕێگـەی تۆڵەسـەندنەوەیان گرتـە بـەر. بڕیـار و هەڵسـوکەوتەکانی دەسـتەڵاتی عێـراق تایەفیانـە بـوون و ئـەوە خـۆی لـە خۆیـدا بەڵگـە بـوو کـە دەسـتەڵاتدارانی تـازەی عێـراق، خۆیـان بـە ئاراسـتەی دابەشـبوونی وڵات هەنگاویـان نـا. ئـەوان لـە دوای ۲۰۰۵ـەوە، وردە وردە کـە جـێ پێیـان قایـم کـرد، پشـتیان لـە دەسـتوور و شـەراکەت و پرەنسـیپەکانی تەوافـوق و تـەوازون کـرد. پەنجاوپێنـج مـاددەی دەسـتووریان پێشـێل کـرد. پێشـێلکردنی دەسـتوور و کارکـردن بـە نەفەسـی تایەفـی هیـچ

مانایەکـی بـۆ یەکپارچەییـی عێـراق و هاودەنگیـی نیشـتیمانی نەهێشـتەوە. پابەندنەبوونـی حکوومەتەکانـی عێـراق بـە دەسـتوور و پشتگوێخسـتنی بنەماکانـی شـەراکەت و تەوافـوق و تـەوازون و هەوڵـدان بـۆ پەراوێزخسـتن و بچووککردنـەوەی ڕۆڵـی کوردسـتان و ئـەو ناسـەقامگیرییەی کـە لـە عێراقـدا هەبـوو، هانـی گەلـی کوردسـتانی دا کـە بیـر لـە ڕێگەچارەیەکـی تـر بکاتـەوە.

ئـەو دۆخـەی کـە لـە عێراقـدا هاتبـووە ئـاراوە، گەلـی کوردسـتانی لـێ بەرپرسـیار نەبـوو، بەڵکـو بەرپرسـیارێتیی سـەرەکی لەسـەر شـانی حوکمڕانانـی تـازەی عێـراق بـوو کـە باوەڕیـان بـە دەسـتوور و بنەماکانـی شـەراکەت نەبـوو. بۆیـە گەلـی کوردسـتان مافـی خـۆی بـوو پرسـیار بـکات، باشـە دوای ئـەو هەمـوو نەهامەتـی و ئـازارە بێسـنوورە بۆچـی ئامـادە نیـن شـەراکەتی کـورد لـە دەوڵەتـدا قبـووڵ بکـەن؟ ئەگـەر ئـەوان شـەریکیان نەوێـت، کـورد دەبـێ چـی بـکات؟ ئایـا وەك پاشـکۆ لەگەڵیانـدا بمێنێتـەوە؟ ئـەوان شـەراکەتیان نـاوێ کوردیـش پاشـکۆبوونی نـاوێ. باشـە گەلـی کوردسـتان چـی بـکات و چ ڕێگایـەك بگرێتـە بـەر؟ پرسـیاری جەوهـەری ئـەوە بـوو، بۆچـی ڕێـگای چارەسـەرێکی بنەڕەتـی بـۆ ئـەو گرفتـە مێژووییـە پـڕ لـە ئـازارە نەگرینـە بـەر، کـە ئاشـتیانە بێـت و برایەتـی و ئاشـتیی هەمیشـەیی لـێ بـەدی بێـت؟ لەگـەڵ ئەوەیشـدا لـەم دۆخـەدا پێویسـت بـوو بزانـدرێ گەلـی کوردسـتان چـی دەوێـت و گوێـی لـێ بگیرێـت.

ئایا دەیەوێت بەردەوام بێت لەم نەهامەتی و کارەساتەدا و وەك پاشکۆ بمێنێتەوە یان سەربەخۆیی دەوێت؟ لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧دا، گەلی کوردستان بە شێوازێکی ئاشتیانە دەنگی خۆی ئاشکرا کرد و ئەو دەنگە ڕەوایە سەرکەوتنی بە دەست هێنا. کاردانەوەکانی عێراق و دراوسێکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەرانبەر دەنگی ئاشتیانەی خەڵکی کوردستان زاڵمانە بوو و دوور بوو لە پرەنسیپەکانی مرۆڤسالاری و پێکەوەژیان. پێدەچوو هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆك بن کە دەبێ ئازارەکانی گەلی کوردستان و ژیان لەگەڵ عەقڵیەتی نکۆڵیکار بەردەوام بێت، چونکە بەرژەوەندییەکانیان ئەوەی دەخواست.

مەسعود بارزانی

ئەیلوولی ٢٠٢٠

# دابەشبوونی کوردستان

لــە شــەڕی چاڵدێرانــدا[1] کــە لــە ١٥١٤ لــە نێــوان هــەردوو ئیمپراتۆریەتــی عوســمانی و ســەفەوی دا ڕووی دا، کوردســتان بــووە گۆڕەپانــی شــەڕی نێــوان ئــەو دوو ئیمپراتۆریەتــە. ئەنجامەکــەی دابەشــبوونی خاکــی کوردســتان بەســەر ئــەم دوو ئیمپراتۆریــە و پەرتەوازەبوونــی نەتــەوەی کــورد بــوو. دواجــار لــە ســاڵی ١٦٣٩ــدا هــەردوو ئیمپراتــۆری ئێرانــی و عوســمانی لەژێــر نــاوی پەیمانــی زەهــاودا لــە شــارۆچکەی ســەرپولی زەهــاو[2]، پەیمانــی دابەشــکردنی کوردســتانیان مــۆر کــرد. بــەم پێیــە ســێ لە چــواری خاکــی کوردســتان چــووە ژێــر دەســتەڵاتی عوســمانییەکان و یەك لــە چواریشــی کەوتــە ژێــر دەســتەڵاتی ئێرانییەکانــەوە. بــەڵام ئــەو دابەشــکاری و زۆردارییــە بــە مانــای ئــەوە نەبــوو کــەوا ئــەم دوو زلهێــزەی ئــەوکات بتوانــن نەتــەوەی کوردیــش بتوێننــەوە و لــە نــاوی بــەرن. گەلــی کوردســتان ســەرباری ئــەو دابەشــکردنە زۆرەملێیــەدا، بــۆ ماوەیەکــی دوورودرێــژ توانــی زمــان و داب و نەریتــی خــۆی

١- شــەڕی چاڵدێــران لــە ٢٣ــی ئابــی ١٥١٤ لەنێــوان ئیمپراتۆرییەتــی عوســمانی و ســەفەوی ڕووی دا. لــەو شــەڕەدا عوســمانییەکان توانییــان ســەفەوییەکان شکســت بــدەن و شــاری تەورێــز پایتەختــی ئــەو کاتــی ســەفەوییەکان بگــرن.

٢- شارۆچکەی سەرپولی زەهاو کەوتووەتە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژئاوای ئێران و دانیشتوانی کوردن.

بپارێـزێ و لـە ڕێـی سـەرهەڵدان و شـۆڕش و قبووڵنەکردنـی سـتەمکارییەوە پارێـزگاری لـە ناسـنامەی خـۆی بـکات. ئەگەرچـی شـۆڕش و سـەرهەڵدانەکانی کـورد دوچـاری سـەرکوتکردن و نەمـان دەبوونـەوە، بـەڵام بەرەنگاربوونـەوەی زوڵـم، یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی مرۆڤـی کـورد بـوو لـە سـەدەکانی ڕابـردوودا.

بەهـاری ١٩٠٧، بـە بەشـداریی شـێخ عەبدولسـەلامی دووەمـی بارزانـی لـە ماڵـی شـێخ نوورەددیـن محەمـەد بریفکانـی، پێشـەوای تەکیـەی قـادری لـە (بریفـکان) کۆبوونەوەیـەک بەڕێـوە چـوو. هەروەکـوو پێشـتر لـە کتێبـی (بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کورد)ـدا نووسـیومە، لـەو کۆبوونەوەیـەدا ژمارەیەکـی زۆر سـەرۆک هـۆز و گـەورەی کـورد لـە بروسـکەیەکدا داوایـان لـە سـوڵتانی عوسـمانی لـە ئەسـتەمبوڵ کـرد تـا ڕێـگا بـدەن:

١- زمانـی کـوردی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا بکرێـت بـە زمانـی ڕەسـمی و خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی بێـت.

٢- قایمقـام و مودیـر ناحیە و کاربەدەسـتانی ناوچە کوردییەکان زمانـی کـوردی بزانن.

٣- چونکـە ئایینـی دەوڵـەت ئیسـلامە، بڕیارەکانـی بەپێـی شـەریعەتی ئیسـلام دەربکرێـن.

٤- (باجەکانـی خزمەتکردنـی میـر) بـۆ چاککردنـی ڕێگاوبـان و کردنـەوەی خوێندنـگا لـە ناوچـە کوردییەکانـدا خـەرج بکرێـن[٣].

---

٣- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٥٨- ١٩٣١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٢٠ ل ٢٠.

لـەو کۆبوونەوەیـەدا، ئامادەبـووان سـوێندیان خـوارد داخوازییەکانیـان بپارێـزن و وازیـان لێنەهێنـن و، داوایـان کـرد شـێخ عەبدولسـەلام لـە جیاتـی هەمووان بروسکەکە واژۆ بکات. کاتێک دەوڵەتـی عوسـمانی بروسکەکەی وەرگـرت، ئـەوی بـە دەرچـوون لـە فەرمانـی میری و داوای جیابوونـەوە و جیاوازییخوازیـی دانـا. بـەم بۆنەیـەوە، لـە کۆتاییـی سـاڵی ١٩٠٧ـدا هێزێکـی بـە فەرماندەیـی محەمـەد فـازڵ پاشـای داغسـتانی نـاردە سـەریان. هیچـکام لـە سـەرۆک هـۆزەکان بەرگرییـان نەکـرد و هەمـوو قورسـاییەکەیان خسـتە سـەر بـارزان. شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی فەرمانـی بەرگریکردنـی دا و بارزانییـەکان بـۆ مـاوەی دوو مانـگ بەرگرییـان کـرد. سـەرئەنجام شـێخ ناچـار کـرا ناوچەکـەی بەجـێ بهێڵێـت و پەنـا بـۆ مارشـەمعونی ئاشـووری ببـات. داغسـتانی گەیشـتە بـارزان و گونـدی بارزانـی سـووتاند و مسـتەفا بارزانیـی تەمـەن سـێ ساڵانی لەگـەڵ دایکـی بەدیـل گـرت و، بـۆ مـاوەی یـەک سـاڵ لـە بەندیخانـەی مووسـڵدا بەنـد کـران.[٤]

سـاڵی ١٩٠٨، شـێخ عەبدولسـەلام گەڕایـەوە ناوچـەی بـارزان، ژمارەیـەک بارزانیـی لـە گونـدی (بـاب سێڤا)ـی پشـت چیـای شـیرین کـە دەکەوێتـە باکووری گونـدی بـارزان، کـۆ کـردەوە و پەلامـاری ئـەو هێـزەی تورکانـی دا کـە لـە ناوچەکـەدا بـوون و زیانێکـی زۆری بـە سـوپای عوسـمانی گەیانـد. بـەو سـەرکەوتنە مەزنـە، عوسـمانییەکان داوای وتووێژیـان لـە شـێخ عەبدولسـەلام کـرد و لـە ئاکامـی ئـەو وتووێـژەدا، شـێخ دیلەکانـی عوسـمانیی ئـازاد کـردن و ئەوانیـش قەرەبـووی زیانـی بارزانییەکانیـان کـردەوە. بـەڵام سـاڵی ١٩١٣ـدا، سـلێمان نەزیـف پاشـا والیـی مووسـڵ، سـەرلەنوێ پەلامـاری ناوچـەی بارزانـی دایـەوە و دیسـان شـێخ ناوچەکەی بەجـێ هێشـت و ئـەم جارەیـان ڕووی لـە لـە گونـدی ڕاژانـی نزیـک ورمێـی ڕۆژهەڵاتی

---

٤- مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

کوردســتان کــرد و چــووە لای ســەیدتەهای محەمــەد ســدیق نەهــری. ســوڵتانی عوســمانی خەڵاتێکــی زۆری بــۆ گرتــن، یــان کوشــتنی شــێخ دیــاری کــرد.[٥]

هــزری ســەربەخۆییخوازی لای ســەرکردە و گەورەپیاوانــی کــورد بــەر لــەوەی ئیمپراتۆریەتــی عوســمانییش برووخــێ، هەبــووە. نووســەر و گەڕیــدەی بەریتانیایــی دەبلیــو. ئــی. ویگــرام، لــە کتێبەکەیــدا (مهــد البشریــة الحیــاة في شرق کردســتان) باســی ئــەوەی کــردووە کــە چــاوی بــە شــێخ عەبدولســەلامی بارزانــی کەوتــووە. کاتێکیــش کــە ویســتویەتی بــۆ چەنــد مانگێــك بگەڕێتــەوە بەریتانیــا، شــێخ عەبدولســەلام ئامادەییــی خــۆی نیشــان داوە کــە لەگەڵیــدا بچێتــە بەریتانیــا بــۆ ئــەوەی بتوانــێ لــە بەریتانیــا داوا لــە ســەرۆکی کەنیســەی کانتەربــەری بــکات کــە قوتابخانــە لــە گوندەکانــی کوردســتان دروســت بــکات. پاشــان ســەردانی مەلیــك جــۆرج بــکات و لەگەڵیــدا دابنیشــێت و لــە کێشــەی کوردســتان بکۆڵنــەوە و گفتوگــۆ لەبــارەی ســەربەخۆییەوە بکــەن.[٦]

لــە ســاڵی ١٩١٤ــدا لــە گونــدی"ڕاژان"، شــێخ عەبدولســەلام لەگــەڵ مارشــەمعونی ئاشــووری و ئەندرانیــك پاشــای ئەرمەنیدا چــوون بــۆ تبلیــس[٧] و چاویــان بــە نێردراوی قەیســەری ڕووس کــەوت و، لەســەر دامەزراندنــی دەوڵەتێکی فیدراڵــی تێکــەڵ لــە کــورد و ئەرمــەن و ئاشــووری قســەیان لەگــەڵ نێــردراوی ڕووس کــرد. نێــردراوی ڕووس بەڵێنــی پشــتگیریی پێــدان کــە بــۆ ڕزگاربوونیــان لــە عوســمانییەکان هاوکارییــان بکــەن. شــایانی باســە، ســێرگێی لاڤــرۆف، وەزیــری دەرەوەی ڕووســیا کــە لــە ٧ــی ئۆکتۆبــەری ٢٠١٩ دا ســەردانی هەرێمــی کوردســتانی کــرد، لــە شــاری هەولێــر پێــی گوتــم کــە بەپێــی بەڵگەنامەکانــی

---

٥- هەمان سەرچاوە، ل ٢١.

٦- مهد البشریة الحیاة في شرق کردستان، دەبلیو. ئەی . ویکرام، نقله الی العربیة جرجیس فتح الله، دار اراس للطباعة و النشر، اربیل ٢٠١٠، ل ١٢٣.

٧- پایتەختی کۆماری جۆرجیا.

ڕووسیا یەکێکی بنەماڵەی بارزانی کە مەبەستی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بووە، سەردانی ڕووسیای کردووە و قەیسەری ڕووسیا[٨]ی بینیوە. ئەم زانیارییە بۆ من زۆر نوێ بوو چونکە هەتا ئەوکات واماندەزانی شێخ عەبدولسەلام تەنیا نوێنەری قەیسەری ڕووسیای لە "تبلیس" بینیوە. ڕووداوەکانی دوای ئەو سەردانە و هەروەها ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا، ئەو بیرۆکەیەیشی لەناو برد کە ڕووسیاییەکان پاڵپشتی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەم شێوەیە بکەن.

دوای گەڕانەوەیان لە "تبلیس"، شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی لە پیلانێکی نەگریسدا دەستگیر کران و درانە دەست عوسمانییەکان. عوسمانییەکان سەرەتا شێخ عەبدولسەلامیان گواستەوە بۆ وان و لەوێیشەوە بۆ مووسڵ، لە کاتێکدا چەند ڕۆژێك بوو یەکەم جەنگی جیهانی دەستی پێ کردبوو[٩]، ڕۆژی ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩١٤، شێخ عەبدولسەلامیان لەگەڵ سێ هاوڕێکانی لەسێدارە دا.

پێویستە بڵێم، دوای شەهیدکردنی شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەدی برای کە تەمەنی تەنیا ١٨ ساڵ بوو، سەرۆکایەتیی بارزانییەکانی لەئەستۆ گرت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە سوپای ئینگلیز هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی

---

٨- قەیسەری ڕووس، نیکۆلای ئەلەکساندرۆویچ ڕۆمانۆف یان نیکۆلای دووەم ١٨٦٨-١٩١٨، دوایین قەیسەری ڕووسیا، لە ١٨٩٤ هەتا ١٩١٧ ئیمپڕاتۆری ڕووسیا بوو.

٩- بە بیانووی تیرۆری شازادەی جێنشین (ئارشیدوک فرانز فێردیناند Archduke Franz Ferdinand) بەدەستی (گاڤریلۆ پرینسیپ Gavrilo Princip ) کە ئەندامی گرووپێکی سەربەخۆییخوازی سربی بوو، ڕۆژی ١٩١٤/٦/٢٨ (ئیمپراتۆریی نەمسا - هەنگاریا (ئوتریش- مەجارستان) دژی سربستان شەڕی ڕاگەیاند و ڕۆژی دوایی ئیمپراتۆریی ڕووسیا و بریتانیا، فەڕەنسا و دواتریش ئیتالیا، پۆرتەگاڵ، ڕۆمانیا لایەنگرییان لە سێربستان کرد و لە بەرامبەریشیدا دوو دەوڵەتی ئەڵمانیا و عوسمانی خۆیان لە شەڕەکە گلاند. ئەو شەڕە کە بە جەنگی یەکەمی جیهانی دەناسرێت، زیاتر لە دە ملیۆن خەڵکی تێدا کوژرا و ڕۆژی ١٩١٨/١١/١١ بە شکانی بەرەی ئەڵمانیا و (نەمسا - هەنگاریا) و ئیمپڕاتۆریی عوسمانیی بە کۆتا هات.

یەکەم جەنگی جیهانی، خاکی عێراق و باشووری کوردستانی داگیر کردبوو. پێش ئەوەی جەنگەکە کۆتایی پێ بێ، دەسەڵاتدارە هاوپەیمانەکان زنجیرەیەک ڕێککەوتننامەیان لەنێوخۆدا مۆر کرد، بۆ ئەوەی بڕیار بدەن ئاخۆ چۆن سەرپەرشتیی ناوچەکانی عوسمانییەکان بکەن و کامە هێزی هاوپەیمانیش دەست بە سەر کامە بەشی ئیمپراتۆریەتی شکستخواردووی عوسمانیدا بگرێ.

هەر لەو چوارچێوەیەدا بە مەبەستی دابەشکردنی ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی، مارک سایکس، دیپلۆماتکاری بەریتانیا و فەڕەنسوا جۆرج پیکۆ، دیپلۆماتکاری فەڕەنسایی لە بەیرووت، دوای ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ سێرگێیی سازانۆفی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە شاری سانت پیتەرسبورگ کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا، بەو پلانە نهێنییەی مارک سایکس و فەڕەنسوا پیکۆ دایانڕشتبوو خاکی عوسمانی دابەش بکەن. بەم جۆرە، دەوڵەتانی هاوپەیمانان ڕۆژی ١٦ـی ئایاری ١٩١٦ پێشنیازەکەیان لەژێر ناوی (سایکس - پیکۆ) بۆ دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی واژۆ کرد. لەو پەیمانەدا، بڕیار درابوو ناوچەکانی ئەرزڕۆم، ترابزۆن، وان و ئەرمەنستانی عوسمانی بدرێن بە ڕووسیای قەیسەری[١٠]. فەڕەنسایش هەرێمەکانی سووریا و لوبنان وەرگرێت و ئینگلیزیش ببێتە قەیومی عێراق و ئۆردۆن و فەلەستین.

لەو دابەشکردنەدا، کوردستانی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرا بە سێ بەشەوە. بەشی گەورەی خاک و نەتەوەی کوردیان وەک خۆی هێشتەوە و دوو بەشەکەی تریان بەبێ ڕەزامەندیی کورد خۆی، دابەش کرد بەسەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریا دا کە هێشتا پێکیش نەهاتبوون.

---

١٠- لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧، کۆمۆنیستەکانی ڕوسیا بە سەرۆکایەتیی لێنین کۆتاییان بە دەسەڵاتی قەیسەری ڕوسیا هێنا و لەو ڕێککەوتنە کشانەوە و ڕۆژی ١٩١٧/١١/١٧ دەقی پەیمانەکەیان لە ڕۆژنامەکانی پراودا و ئیزۆستیادا بۆ ڕای گشتی و گەلانی ئەو ناوچانە ئاشکرا کرد و دوای سێ ڕۆژ ڕۆژنامەی گاردییەن مەنچستێر ناوەرۆکی پەیمانەکەی بڵاو کردەوە.

لە نیسانی ١٩٢٠دا، هێزە هاوپەیمانەکان لە کۆبوونەوەی (سان ریمۆ)[١١]دا گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە چۆن ڕۆژهەڵاتی ناوین دابەش بکەن. دوای ئامادەکردن و دارشتنی رەشنووسی ڕێککەوتننامەکە، بە شێوەیەکی نووسراو درایە سوڵتانی عوسمانی. لە کۆتاییشدا لە ڕۆژی ١٠ـی ئابی ١٩٢٠دا لە گوندی سیڤەری نزیک پاریس، پەیمانی ئاشتی لە نێوان هێزە هاوپەیمانەکان و نوێنەری حکوومەتی عوسمانیدا واژۆ کرا و شام (لوبنان و سووریا)، عێراق، ئۆردۆن و ئەزمیر لە دەوڵەتی عوسمانی جیا کرایەوە.

پەیمانی سیڤەر (لە دەی ئابی ١٩٢٠ مۆر کرا)، بەشێکی خۆی تەرخان کردبوو بۆ گەلی کورد کە بە کوردستان ناسرابوو. لە بەندی ٦٤ـی پەیمانی سیڤەردا گوترابوو:

" لە ماوەی ساڵێک بە دوای ئەم پەیماننامەیەدا، ئەگەر کوردی ناوچە باسکراوەکان لە بەندی ٦٢، داوا لە کۆمەڵی نەتەوەکان بکات بۆ سەربەخۆیی و ئەگەر زۆربەی کوردەکان سەلماندیان خوازیاری سەربەخۆیین و کۆمەڵی نەتەوەکان دانی بەوەدا نا، کورد شیاوی سەربەخۆیین[١٢]."

---

١١- ئەم کۆبوونەوەیە لە نیسانی ١٩٢٠دا لەنێوان بریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەسترا و باری وڵاتە عەرەبەکانی دیاری کرد، ویلایەتی موسڵ کەوتبووە ژێر دەستەڵاتی فەرەنساوە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە نهێنییەی نێوان بریتانیا و فەرەنسا، بەڵام فەرەنسا لەو کۆبوونەوەیەدا دەستی لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرت بۆ بریتانیای هاوپەیمانی خۆی. کاری بەڕێوەبردنی عێراق و فەلەستین درایە بریتانیا، بە مەرجێ (بەڵێن)ـی بەلفۆر بهێنێتەجێ. سووریا و لوبنانیش خرانە ژێر دەستی فەرەنسا. (سان ریمۆ شارێکە لە وڵاتی ئیتالیا) .

١٢- مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

# دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق

هەرێمـی باشـووری کوردسـتان کـە ویلایەتـی مووسـڵی لەخـۆ گرتبـوو، لەگـەڵ بەشـێکی زۆری باکـووری کوردسـتان دەکەوتنـە نێـو پـڕۆژەی پەیمانـی سـیڤەرەوە. دوای ئـەو پەیمانـە، لـە سـەر داوای راسـتەوخۆی وینسـتۆن چەرچیـل، وەزیـری موسـتەعمەراتی بەریتانیـا و بەرپرسـی کاروبـاری عێـراق، کۆنگـرەی قاهیـرە لـە ئـاداری ١٩٢١ بەسـترا؛ لـە میانـەی ئـەم کۆنگرەیـەدا بڕیـار درا مەملەکەتـی عێـراق دابمـەزرێ و بەپێـی چوارچێـوەی سـەرەکیی سیاسـەتی بەریتانیایـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، ئەمیـر فەیسـەڵ، دووەم کـوڕی حوسـێن شـەریفی مەککـە وەک شـای عێـراق دەستنیشـان کـرا، هەڵبـەت بەبـێ ڕەچاوکردنـی تایبەتمەندییەکانـی گەلانـی دانیشـتووی ئـەم هەرێمـە ئاڵـۆز و پڕکێشـەیە، بنەمـای دەوڵەتێکیـان داڕشـت کـە مـاوەی سـەد سـاڵ ئارامیـی بـە خۆیـەوە نەدیـت.[١٣] بـە دوای ئـەو کۆنگرەیـەدا (کۆنگرەی قاهیـرە)، مەلیـک فەیسـەڵی پاشـای عێـراق، لـە دوو نامـەدا داوای لـە مەندوبـی سـامیی

---

١٣- کورد تورک عەرەب، سیسیل جۆن ئیدمۆندس، وەرگێڕانی حامید گەوهەری ناوەندی ئاوییەر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، لاپەڕەی ١٥٥.

بەریتانیـا لـە عێـراق کردبـوو، کوردسـتان بخەنـە سـەر عێـراق. وینسـتۆن چەرچیـل کـە ئـەوکات وەزیـری موسـتەعمەراتی بەریتانیـا بـووە، وەڵامـی داوەتـەوە کـە:

"ئێمـە بەڵێنـی دەوڵەتمـان بـە تـۆ داوە نـەك ئیمپراتـۆری...! کـورد خۆیـان نەتەوەیەکن کـە خاوەنـی جیۆگرافیـای خۆیانـن و سنوورشـیان زنجیرەچیـای حەمرینـە.

بەپێـی ئـەم بڕیـارە، فەیسـەڵ لـە مانگـی ئابـی ١٩٢٠ـدا بـە پاپۆڕێکـی ئینگلیـزی لـە مەککـەوە هێندرایـە بەسـرە و ڕۆژی ٢٣ـی ئابـی ١٩٢٢ کردیـان بـە شـای عێـراق .[١٤]

لـە ڕۆژی ١ـی تشرینـی دووەمـی ١٩٢٢، سیسـتەمی پاشـایەتیی عوسـمانیان گـۆڕدرا بـۆ سیسـتەمی کۆمـاری و نـاوی ئیمپراتـۆریـی عوسـمانییان کـرد بـە تورکیـا و مستەفا کەمـال بـوو بـە سـەرۆک کۆمـار. دوای ئـەوە تورکیـا لەپێنـاو توندوتۆڵترکردنی کۆمـاری تـازە، داوای کـرد هاوپەیمانـان بگەڕێنـەوە سـەر مێـزی وتووێـژ. نوێنەرانـی بەریتانیـا، فەرەنسـا، ئەمەریـکا، ڕووسـیا، ئیتالیـا، ژاپـۆن، ڕۆمانـی، تورکیـا و چەنـد وڵاتـی تـر، لـە نێـوان ١٥ـی تشرینـی دووەمـی ١٩٢٢ تـا ٢٣ـی حوزەیرانـی ١٩٢٣، چەنـدان جـار لـە شـاری لۆزانـی سـویس کـۆ بوونـەوە و دواجـار لەژێـر نـاوی پەیمانـی (لـۆزان) بـۆ ئاشـتی، پەیمانـی سـیڤەریان هەڵوەشـاندەوە و ئاواتـی نەتـەوەی کوردیـان بـۆ گەیشـتن بـە مافـی ڕەوای سـەربەخۆیی وەسـتاند.[١٥]

بڕگەی دووەم لە بەندی سێیەمی پەیمانی لۆزان دەڵێت:

"ئەگـەر تـا نـۆ مانـگ لـە مێـژووی پەیماننامەکـە، ناکۆکیـی سـنووری نێـوان عێـراق و تورکیـا لەسـەر ویلایەتـی مووسـڵ ڕوو بـدات و

١٤- سیسـیل جـۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عـەرەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، ل ١٥٥.

١٥- لە ٢٤ـی تەمووزی ١٩٢٣ پەیمانی سیڤەر هەڵوەشایەوە و پەیمانی لۆزان مۆر کرا و بەپێی پەیمانی لۆزان تورکیا هەموو وڵاتەکەی بۆ مایەوە و باسی هیچ مافێکی کورد نەکرا، تەنیا ئاماژە بە خێرخوازیی حکوومەتە هاوپەیمانەکان لە ڕاست هەموو کەمایەتییەکانی ناو تورکیا درا.

تورکیا و بەریتانیا ڕێگاچارەی ئاشتیانە بۆ کێشەکە نەدۆزنەوە، کێشەکە دەدرێت بە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان."[16]

ئەو گفتوگۆیانە بە یادداشتێکی بەریتانیا و لەژێر چاودێریی سێر (پێرسی کاکس) و (ڕ. ف. جاردین) جێگری ئیداریی پارێزگای مووسڵ لە ڕۆژی ١٩ـی ئایاری ١٩٢٤ دەستی پێکرد، بەڵام ئەنجامی نەبوو. کۆمەڵی گەلان، ڕۆژی ٣٠ـی ئەیلوولی ١٩٢٤ ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ و لیژنەیەکی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی: سوید، هەنگاریا، بەلژیکا، ئیتالیا و سویس بۆ نووسینی پرۆتکۆڵی لیژنەکە دیاری کرد[17]. لیژنەی چارەکردنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق ڕۆژی ١٦ـی کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ گەیشتە بەغدا و ڕۆژی دوایی چووە مووسڵ و دوای دوو مانگ گەڕان بە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا و گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، ڕاپۆرتێکی ئاراستەی کۆمەڵی گەلان کرد و داوای کرد ناوچەکانی خوار هێڵی برۆکسل[18] بدرێت بە عێراق، بەو مەرجەی عێراق بۆ ماوەی بیستوپێنج ساڵ لەژێر دەستی بەریتانیادا بمێنێتەوە و، حکوومەتی تازەدامەزراوی عێراق بەرژەوەندیی کورد بپارێزێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا و، زمانی کوردی لە خوێندن و نووسین و ئیدارە و دادگاکاندا ببێتە زمانی ڕەسمی.

---

١٦-مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

١٧ - ناوی ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە: ئەینار. ئاف ویرسێن Einar af Wirsén لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە هەنگاریا، کۆلۆنێل ئەی. پاولس A. Pauli لە بەلژیک، سینیۆر ڕۆدۆلۆ Signor Roddolo لە ئیتالیا و کۆنت هۆراس دوپرتالن Count Horacede Portales لە سویسرا.

١٨-هێڵی برۆکسل: پاش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیژنەیەکی لە برۆکسل پێکهێنا بۆ کێشانی سنوور لە نێوان تورکیا و عێراق. دوای پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، کۆمەڵی نەتەوەکان لیژنەیەکی تری لە سێ ئەندام بەناوەکانی: ئەینار. ئاف ویرسێن Einar af Wirsén لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە هەنگاریا، کۆلۆنێل ئەی. پاولس A. Pauli لە بەلژیک پێکهێنا و ئەرکی ئەو لیژنەیە لێکۆڵینەوە بوو لە کێشەی سنووری نێوان تورکیا و عێراق.

بەپێـی ڕاپۆرتەکـە، زۆربـەی ئـەو دانیشـتوانەی پرسـیان پـێ کراوە(کـورد)، ڕایـان وا بـووە کـە لـە بـری گەڕانەوەیـان بـۆ ژێـر حوکمـی تـورك، بچنـە پـاڵ عێـراق و لەگـەڵ عێراقـدا بژیێـن. ئـەم ڕاپرسـییە تەنیـا دوو هەڵبـژاردەی (مانـەوە لەگـەڵ تورکیـا یـان چوونـە پاڵـی عێراقیـان) بـە دانیشـتوانی ئـەو ناوچەیـەی کوردسـتان دابـوو و، لـە پـرس پێکردنەکـەدا مەبەسـتیان هەڵبژاردنـی سـەربەخۆیی نەبـووە. کۆمەڵـەی گـەلان ئـەم پرۆژەیـەی پەسـەند کـرد، بـەڵام ئـەو مەرجانـەی باسـی لـە پاراسـتنی بەرژەوەندیـی کـورد دەکـرد، هەرگیـز بـە ئەنجـام نەگەیشـتن و ئـەو دەوڵەتـە تازەیـەی لەسـەر بنەمـای شـەراکەتی نێـوان کـورد و عـەرەب دامەزرابـوو، شـەراکەتی کـوردی پێشـێل کـرد.

کـورد ویلایەتـی (موسـڵ)ی لەدەسـت تورکیـا ڕزگار کـرد، بـەڵام ئایـا عـەرەب ئـەوەی بەبیـر مـا؟ هـەروەک سیسـیل جـی ئیدمۆنـدز، مەندووبـی بەریتانیاییش لـە کتێبەکـەی خـۆی (کـورد و تـورک و عەرەب)ـدا ئامـاژەی داوە کـە "ئایـا لـە ئاسـت ئەمـەدا حکوومەتی عێـراق دەتوانـێ لـە بەرانبـەر ئەمـەدا چـاوی بکاتـەوە و سیاسـەتێکی دووربینانـەی دڵفـراوان لـە ئاسـت کـوردەکان بگرێتـە بـەر؟" [١٩]. بـەڵام دەبینیـن ئـەو ڕووداو و کارەسـاتانەی لەلایـەن دەوڵەتـی عێـراق بەسـەر نەتـەوەی کـورددا هاتـن، بەڵگـەن بـۆ ئـەوەی کـە عـەرەب ئـەو چاکەیـەی کـوردی لەیـاد کـرد.

لـە ڕەوتـی ئـەو ململانێیـەدا، پێشـتر شـێخ مەحمـوودی حەفیـد سـاڵی ١٩١٩ دژی دەسـەڵاتدارێتیی ئینگلیـز و بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـی لەدەسـتچووی گەلـی کوردسـتان لـە دەوڵەتـە تازەدامەزراوەکانـدا، لـە سـلێمانی ڕاپـەڕی و دەوڵەتـی کوردسـتانی ڕاگەیانـد. شـێخ ئەحمـەدی بـارزان بـە نامەیـەک سـەرۆک هۆزەکانـی ئـاگادار کـردەوە کـە یارمەتیـی شـێخ مەحمـود بـدەن و بـۆ خۆیشـی هێزێکـی

---

١٩- كورد ترك عرب، سي جي ادموندز، ترجمة جرجيس فتح الله ، دار اراس للطباعة و النشر اربيل ٢٠١٢ ص ٥٧٤.

چەکداری بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی بۆ یارمەتیدانی شێخ ڕەوانەی دەڤەری سلێمانی کرد. مستەفا بارزانی بە دوو هێڵی باڵەک[٢٠] و دۆڵی بیاو[٢١]دا بۆ یارمەتیی شێخ مەحموود بەڕێ کەوت. هەردوو هێز دوای دەربازبوونیان لە چەندان کەمین، خۆیان گەیاندە دەوروبەری سلێمانی، بەڵام هەوڵەکانیان بێئاکام بوون، چوونکە ئینگلیزەکان بە هێرشی هەوایی و زەمینی، دەوڵەتی ڕاگەیێندراوی شێخ مەحمودیان تێکشکاند و خودی شێخیش بە بریندارى لە دەربەندی بازیان بە دیلی کەوتە دەستیان و بۆ هیندستان دووریان خستەوە، بەڵام دواتر لەژێر گوشاری خەڵکدا ناچار بوون ساڵی ١٩٢٢ شێخ بگەڕێننەوە سلێمانی.

پاش ئەوەی ویلایەتی مووسڵ کە زۆرینەی دانیشتوانی کورد بوون بە دەوڵەتی تازەی عێراقەوە لکێندرا، لە ١٩٢٥ یەکەم دەستوور بۆ دەوڵەتی تازەی عێراق نووسرا کە بە دەستووری سەردەمی پاشایی بەناووبانگە. بەریتانیا هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردن و توندوتۆڵکردنی دەوڵەتە تازەکەی عێراق چڕ کردەوە. هەر بەم هۆیەوە دوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان لە ساڵەکانی ١٩٣١ و ١٩٣٢ بە ڕابەرایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانی و ساڵانی ١٩٤٣ و ١٩٤٥ بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی، بە بۆردومانکردنی فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز و هێزی زەمینیی سوپای عێراق و بە هاوکاریی جاشە خۆماڵییەکان شکاند و، شەرکەرە بارزانییەکانیان ناچار کرد ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ بە ژن و منداڵەوە بە شاخەکاندا خۆیان بگەیەننە ناوچەی شنۆ و مەرگەوەڕی کوردستانی ئێران[٢٢].

---

٢٠- ئەو ناوچەیە کەوتووەتە باکووری ڕەواندوز لەسەر ڕێی هامیلتۆندا تا دەگاتە گوندی ڕایەت.

٢١- دۆڵی بیاو بەشێکە لە ناوچەی سوورچی، کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی بارزان، ڕێگەی خەلیفان - بارزان بەم ناوچەیەدا تێدەپەڕێ.

٢٢- دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ١٩٤٦/١/٢٢، بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی بە ڕێککەوتن لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد، وەک پێشمەرگە بەشدارییان کرد لە پارێزگاریکردنی کۆماری کوردستان.

ئـەم پێشـینە مێژووییـەم بۆیـە بـاس کـرد تـا ئامـاژە بـە حەقیقەتێـك بـدەم کـە بــە داخــەوە بەشـێکی زۆری عێراقییــەکان بــە سیاسییەکانیشـیەوە، ئــەو مێـژووە نازانـن و یـان ئەگـەر بیشـیزانن لـەو کاتانـەی کـە قسـە دێتـە سـەر مافەکانـی گەلـی کـورد، ئـەو مێـژووە فەرامـۆش دەکـەن یـان پشـتگوێی دەخـەن و ڕەچـاوی ناکـەن. کێشـەی کـورد بـەر لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق هەبـووە. بـەر لـەوەی دەوڵەتـی عێـراق لـە لایـەن ئینگلیزەکانـەوە دروسـت بکرێـت و پاشـای بـۆ دابنرێـت، کـورد لـەو ناوچەیـە کـە دواتـر نـاوی دەوڵەتـی عێراقـی لـێ نـرا، خاوەنـی جیۆگرافیـای خـۆی بـووە. هەروەهـا لـە ململانێـی نێـوان زلهێـزەکان و هێـزە هەرێمایەتـی و خۆجێییـەکان مافـی کـورد وەك نەتـەوە پێشـێل کـرا.

شـۆڕش و جووڵانــەوە ئازادیخوازییەکانــی کوردسـتانی عێـراق لــە سـەردەمی پاشـایەتیدا بەڵگـەی ئـەوە بـوون کـە کـورد دۆخـی تـازەی دەوڵەتـی عێراقـی قبـووڵ نەبـوو و لـە دژی هەوڵەکانـی حکوومـەت بـۆ پەراوێزخسـتن و تواندنـەوەی نەتـەوەی کـورد بـە تونـدی دەوەسـتێتەوە. دەوڵەتـی عێـراق لـەو کاتـدا شـەراکەتی کــورد و عەرەبــی پێشـێل کـرد و ئــەو بەڵێنانــەی لــە سـەرەتای دروسـتبوونی عێراقـدا بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی کـورد درابـوون و لــە پرۆژەکـەی لیژنـەی "کۆمەڵـەی گەلان"ـیشدا ئامـاژەی پێکرابـوو، پشـتگوێ خسـت. لەگـەڵ ئەوەیشـدا ئەگـەر حکوومەتـی عێـراق بـە یارمەتیـی ئینگلیـزەکان بـۆ ماوەیەکیـش توانیبێتـی لـەو کاتـدا شۆڕشـەکان خامـۆش بـکات، بـەڵام هەمـوو جـار شـۆڕش و سـەرهەڵدانی تـازە بـە گوڕوتینێکـی زیاتـرەوە دەسـتی پـێ کردووەتـەوە. دەرفەتـی بنیاتنانـی دەوڵەتـی عێـراق لەسـەر بنەمـای شـەراکەتی کـورد و عـەرەب و ڕێزگرتـن لـە مافـی هاووڵاتیبـوون لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا لـە دەسـت چـوو، بـەڵام ئایـا لـە دەرفەتەکانـی تـردا سـوود لـە هەڵـەکان وەرگیـرا بـۆ ئـەوەی کـورد بتوانێـت بـە ئاسـوودەیی لـە نـاو دەوڵەتـی عێراقـدا بژییـت؟

# شۆڕشی ئەیلوول

شۆڕشـــی ١٤ـــی تەممـــوزی ١٩٥٨ وەرچەرخـــان و دەرفەتێکـــی تـــازە بـــوو. دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـــی تەممـــووز، جەنابـــی بارزانیـــی نەمـــر و هەڤاڵانـــی لـــە یەکێتیـــی سـۆڤییێت بـۆ عێـراق گەڕانـەوە. شۆڕشـــی تەممـــووز دۆخێکـــی تـــازە و دەرفەتێکـــی نوێـــی خوڵقاندبـوو بـۆ ئـەوەی دەوڵەتـی عێـراق دووبـارە دابڕێژرێتـەوە و هەمـوو پێکهاتەکانـی عێـراق و هاووڵاتیـان بتوانـن بـە ئاسـوودەیی لەژێـر سـایەی دەوڵەتێکـی سـەردەمیانەدا بژیێـن. لـە دەسـتووری ١٩٥٨ـدا زۆر بـە ڕوونـی دان بـەوە دانـرا کـە عـەرەب و کـورد لـە دەوڵەتـدا شـەریکن و دەسـتوور مافـە نەتەوەییـەکان گەرەنتـی دەکات. بـەڵام بەداخـەوە دیسـان لەژێـر کاریگەریـی خەڵکـی شـۆڤێنی و هەلپەرسـت، مافەکانـی گەلـی کـورد پشـتگوێ خـران و دوای دوو سـاڵ و نیـو لـە سـەرکەوتنی شۆڕشـی تەممـووز، کوردسـتان خرایـە بـەر ئاگـری بۆردومانـی تـۆپ و فڕۆکـەی عێراقـی و شۆڕشـی کـورد لـە ١١ـــی ئەیلوولـی ١٩٦١ دەسـتی پـێ کـرد.

شۆڕشـی ئەیلـوول شۆڕشـێکی کوردسـتانی و لـە هەمـان کاتـدا عێراقیـش بـوو. دروشـمی سـەرەکیی شـۆڕش دیموکراسـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان بـوو. شۆڕشـی ئەیلـوول ببـووە پەناگەیەکیـش بـۆ خەڵکـی تێکۆشـەر و خەباتگێڕی عێراقـی. بـە درێژایـی شـۆڕش تەنانـەت بـۆ یـەك جاریـش کـردەوەی تۆقانـدن و خوێنڕشـتن لـە بەرانبـەر خەڵکـی سـڤیل ئەنجـام نـەدرا. هەمـوو هەوڵـی جەنابـی بارزانـی ئـەوە بـوو کـە لـە کاتـی شـەڕ و ئاگربـەس و حاڵەتـی نـە شـەڕ نـە ئاشـتیدا، ڕێگـە لـە شـەڕ و خوێنڕشـتن بگیرێـت.

بـە درێژاییـی شۆڕشـی ئەیلـوول چەندیـن جـار وتوویـژ و دانوسـتان لەگـەڵ دەسـتەڵاتدارانی ئەوکاتـی عێراقـدا کـرا، بـەڵام وەک هەمیشـە بەغـدا بـە مەبەسـتی تاکتیکـی و کڕینـی کات پەنـای بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ کـورد دەبـرد. دوای کودەتاکـەی بەعسـییەکان لـە دژی عەبدولکەریم قاسـم لـە٨ـی شـوباتی ١٩٦٣، مـاوەی چـوار مانـگ شـەڕ لـە نێـوان حکوومـەت و شـۆڕش ڕاوەسـتا و دانوسـتان و وتوویـژ لەنێـوان شـۆڕش و حکوومەتـی ئـەوکات لـە ئـارادا بـوو. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا هەمـوو ئامانجـی بەعسـییەکان بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ کـورد لەوکاتـدا ئـەوە بـوو کـە جـێ پێـی خۆیـان قایـم بکـەن. ئـەوان بڕوایـان بـە چارەکردنـی کێشـەکان نەبـوو. بۆیـە کـە دۆخـی خۆیـان باشـتر بـوو و لـە سـووریایش بەعسـییەکان کۆدەتایـان کردبـوو و هەسـتیان کـرد بەهێـز بوونەتـەوە، لـە مانگـی حوزەیرانـی هەمـان سـاڵدا بـە هـاوکاری و پیلانـی هەرێمایەتـی، نەفیرعـام و شـەڕیان لـە دژی کـورد دەسـت پـێ کـردەوە.

لـە تشرینـی دووەمی ١٩٦٣ـدا، عەبدولسـەلام عـارف کودەتـای کرد و بەعسـییەکانی دەرکـرد. چەنـد مانـگ دواتـر و لـە ١٠ـی شـوباتی ١٩٦٤ـدا، ڕێککەوتنێـك لەنێـوان بارزانیـی نەمـر و عەبدوسـەلام عـارف ئیمـزا کـرا کـە تێیـدا بڕیـار لەسـەر چەنـد خاڵێـك درا، لەوانـە داننـان بـە مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد بـوو. بـەڵام

ساڵێکی نەبرد دیسان شەڕ بەسەر گەلی کوردستاندا سەپێندرایەوە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە هەموو هەوڵەکانی جەنابی بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕش لەپێناو ئەوە بوو کە ڕێگە لە شەڕ بگیرێت. لە ساڵی ١٩٦٥ـدا حکوومەتی عێراقی توانا سەربازییەکانی خۆی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ئەیلوول تەرخان کرد.

شەڕی زۆر گەورە لە چیای سەفین و پیرەمەگروون و بەنی هەریر و هەندرێن و ناوچەی ڕەواندوز و ڕانیە و قەڵادزێ ڕووی دا. لەم شەڕانەدا حکوومەتی عێراقی سیاسەتی زەویی سووتاو و تێکدانی ژێرخانی ئابووریی خەڵکی کوردستانی پێڕۆ دەکرد. ئەم ستەمکاری و سەپاندنی شەڕ و ئاوارەکردنی خەڵکی کوردستان وایکرد، بارزانیی نەمر لە ١ـی کانوونی دووەمی ١٩٦٦ نامەیەک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بنووسێت و تێیدا داوای کرد، نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تایبەت بۆ کوردستان بنێرێت هەتا لە نزیکەوە ڕادەی ئەو زوڵم و کاولکارییە ببینن کە دەرهەق گەلی کوردستان دەکرێت.

دوای ئەوەی لە مانگی نیسانی ١٩٦٦ـدا عەبدولسەلام عارف لەناو هیلکۆپتەردا سووتا، برایەکەی، عەبدولڕەحمان جێی ئەوی گرتەوە. بەر لە مردنی عەبدولسەلام، پلانی شەڕی سەرتاسەری لە دژی کوردستان هەبوو کە عەبدولعەزیز عەقیلی وەزیری بەرگریی عێراق بە پلانی (توکلت علی الله) ناوی دەهێنا. ئامانجی پلانەکە کە لەناوبردنی شۆڕش بوو لە داستانی (هەندرێن) و (زۆزک)ـدا لە ١٢ـی ئایاری ١٩٦٦ لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە لایەن شۆڕشەوە، ئەو پلانە تێک شکێندرا و زەبرێکی گەورەی سەربازی بەر حکوومەت کەوت؛ دوای ئەو شکستە گەورەیە حکوومەت داوای دانوستانی کرد و ڕایگەیاند کە ئامادەیە بە ڕێگای ئاشتیانە کێشەکانی لەگەڵ کورد چارە بکات. لە دوای

ئـەوە لـە ٢٩ـــی حوزەیرانـی ١٩٦٦ بەیاننامەیەکـی دوازدە خاڵـی لەنێـوان شـۆڕش و حکوومـەت ئیمـزا کـرا، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەم بەیاننامەیـە ڕێککەوتـن نەبـوو، بەڵکـو جۆرێـك بـوو لـە ئاگربـەس. هـەر چەنـدە چـوار مانـگ دواتـر جەنابـی بارزانـی و عەبدولڕەحـمان عارفـی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق[٢٣] یەکتریشـیان دیـت، بـەڵام پێشـێلکارییەکان و دەسـتدرێژیکردنە سـەر مـاڵ و مڵکـی کـورد و سیاسـەتی بـە عەرەبکـردن بـەردەوام بـوو.

لـە مـاوەی دە سـاڵدا، حـەوت کودەتـا لـە عێراقـدا ئەنجـام دران. هیچـکام لـەو کودەتایانـە نەیانتوانـی ئاسـایش و ئەمنیەتـی عێـراق بپارێـزن و کودەتاچییەکانیـش توانایـان نەبـوو عێـراق بـەرەو دیموکراتـی بـەرن و مافـی مـرۆڤ بپارێـزن و دان بـە مافـی نەتـەوەی کـورد، تورکـمان و کریسـتیان لـە عێراقـدا بنێـن. کودەتاچییـەکان کـە بـە تێکـڕا ئەندامانـی سـوپا بـوون، حکوومەتیـان لەنێـوان ئەفسـەرانی کودەتاچیـدا ئـەم دەسـت و ئـەو دەسـت پـێ دەکـرد و، هـەزاران کەسـی بێتاوانیـان کوشـت و بـە بەهـای سـەدان ملیـار دۆلار زیانیـان بـە ئابووریـی عێـراق گەیانـد، کەچـی گیانـی خۆیشـیان لـە کودەتاکانیانـدا پـێ ڕزگار نەکـرا.

هـۆی سـەرهەڵدانی ئـەو کودەتایانـە لـە عێـراق بـۆ دوو دیـاردە دەگەڕایـەوە، یەکەمیـان وڵات لەلایـەن سـوپاوە بەڕێـوە دەچـوو و حکوومەتەکەیـان حکوومەتـی سـەربازی بـوو، دووەمیشـیان جگـە لـە ڕێـگای کودەتـا، هیـچ گۆڕانێـک لـە سیسـتەم و شـێوەی بەڕێوەبەریـی وڵاتـدا بـەدی نەدەهـات. لـە کودەتاکانیشـیاندا پـتر لـە تاقیکردنـەوەی کودەتـای شـوباتی ١٩٦٣ و کەسـانی خـاوەن دەسـەڵاتی نـاو حکوومەتەکەیـان کەڵکیـان وەردەگـرت.

---

٢٣-عەبدولڕەحمان عارف جیاواز بوو لە براکەی و ئەهلی خێر و ئاشتی بوو بەڵام دەوڵەتی سێبەر لەو بەهێزتر بوو.

ڕۆژی ١٧ـــی تەممـــووزی ١٩٦٨، عەبدولـڕەزاق نایــف، ئیبراهیــم داوود و سـەعدوون غێـدان کودەتایـان بەسـەر عەبدولڕەحـمان محەمـەد عارفـدا کـرد. دوای ئـەو کودەتایـە، بەعسییەکان لـە ٣٠ـی تەممووزی ١٩٦٨ سـەرلەنوێ کودەتایەکـی تریـان بـە سـەرۆکایەتیی ئەحمـەد حەسـەن بەکـر کـردەوە و عەبدولـڕەزاق نایفیـان بـە سـواری فڕۆکـە لـە عێـراق دەرکـرد.

گەورەتریــن دەســتکەوتی شۆڕشــی ئەیلــوول ڕێککەوتننامــەی یــازدەی ئــازاری سـاڵی ١٩٧٠ بـوو کـە لەنێـوان بارزانیـی نەمـر و سـەددام حوسـێندا ئیمـزا کـرا. ئـەم هەنـگاوە کـوردی بـردە قۆناغێکـی نوێـی ژیانـی سیاسـییەوە. بـەو ڕێککەوتنـە، کـوردی ئـەم بەشـەی کوردسـتان لەسـەر خاکـی خـۆی بـە بەشـێک لـە مافـە نەتەوەیـی و یاسـاییەکانی خـۆی گەیشـت. دەوڵەتـی عێـراق قبووڵـی کـرد کـورد نەتەوەیـە و لەسـەر خاکـی خـۆی لـە مافەکانـی بێبـەش و زوڵملێکـراو بـووە. ئەمـەش سـەرکەوتنێکی گـەورە بـوو بـۆ نەتـەوەی کـورد لـە هەرچـوار پارچـەی کوردسـتاندا، بـۆ سـەرکردایەتیی شـۆڕش، بـۆ پارتـی دیموکـرات و بـۆ پێشـمەرگە قارەمانەکانـی کوردسـتان کـە بـە دڵ و گیـان لـە پشـت مسـتەفا بارزانیـی سـەرۆکیانەوە بـوون.

ڕێککەوتنـی یـازدەی ئـازار وەرچەرخانێکـی مێژوویـی بـوو لـە پێوەندیـی نێـوان گەلـی کوردسـتان و دەوڵەتـی عێراقـدا، بـەڵام بـە داخـەوە حکوومەتـی عێراقـی بـە شـێوازی جۆراوجـۆر لـە سیاسـەتی نکۆڵیـکاری دژی شـۆڕش و کـورد بـەردەوام بـوو. چەنـد مانـگ دوای ڕێککەوتنەکـە حکوومـەت دەسـتی کـرد بـە ئـازاردان و دەرکردنـی کـوردە فەیلییـەکان. لـە ڕێـی تەقاندنـەوەی مەلاکانـەوە، لـە ٢٩ـــی ئەیلوولـی ١٩٧١ـدا هەوڵـی تیرۆرکردنـی جەنابـی بارزانییـان دا. ئـەم کردەوانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی متمانـەی نێـوان شۆڕشـی کوردسـتان و حکوومەتـی عێـراق کـەم بێتـەوە. هەروەهـا بـە بیانـووی جۆراوجـۆر حکوومـەت خـۆی لـە جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی

ڕێککەوتننامــە و دەرکردنــی یاســای ئۆتۆنۆمــی بــۆ جاڕدانــی ئۆتۆنۆمــی لــە ١٩٧٤ دەدزییــەوە. هــاوکات کەوتــە گرتــن و ئــازاردان و لەســێدارەدانی ئەنــدام و ڕێکخســتنەکانی پارتــی لــە بەغــدا، لەوانــە شــەهید لەیــلا قاســم و هاوڕێکانــی. شــەهید لەیــلا قاســم کــە بەرپرســیارەتیی ڕێکخســتنە حزبییەکانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی لــە شــاری بەغــدا هەبــوو، یەکــەم کچــی کــورد بــوو کــە لــە لایــەن حکوومەتــی عێراقــەوە و بــە هــۆی کاری سیاســییەوە لــە ١٢ــی ئایــاری ١٩٧٤ لــە ســێدارە درا و شــەهید کــرا.

دواجاریــش حکوومەتــی عێراقــی لــە ١٩٧٥ لــە گەلەکۆمەکییەکــی نێودەوڵەتیــدا دژی کــورد، لەژێــر نــاوی ڕێککەوتنــی جەزاییــر تەنازولــی لــە خــاك و ســیادەی عێــراق کــرد بــۆ شــای ئێــران، کــە بــە هۆیــەوە شۆڕشــی ئەیلــوول تووشــی نســکۆ و بــوو و ڕێککەوتننامــەی یــازدەی ئــازاری ١٩٧٠ــیش جێبەجــێ نەکــرا.

لــە دوای ١٩٧٥ــەوە قۆناغێکــی تــری خەباتــی گەلــی کوردســتان و بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد لــە عێراقــدا دەســتی پــێ کــردەوە و ســەرباری ئــەوەی کــە شــۆڕش تووشــی نســکۆ ببــوو و ســەدانهەزار کــەس ئــاوارەی وڵاتــان ببــوون، بــەڵام هاوتەریــب لەگــەڵ ئــەوەدا بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد لــە کوردســتانی عێــراق بەرفراوانــتر بــوو و بــەرەو جیهانــی دەرەوە کرایــەوە و پێوەندیــی کــورد لەگــەڵ دنیــای دەرەوە چــووە قۆناغێکــی تــرەوە. شــەڕی هەشــت ســاڵەی نێــوان عێــراق و ئێرانیــش هاوکێشــە و دەرفەتــی تــری بــۆ هێــز و لایەنــە کوردســتانییەکان لــە عێــراق هێنایــە کایــەوە.

## پلانی لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی کورد لەناو دەوڵەتی عێراقدا

لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا خاکی گەلی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرا. هەروەك ئاماژەی پێدرا لەو بەشەی کەوتە سەر دەوڵەتی عێراق، شەراکەتی نێوان کورد و عەرەب پێشێل کرا و ڕەچاوی تایبەتمەندیی نەتەوەیی گەلی کورد نەکرا. ئەو زوڵمەی لە کورد کرا تەنیا ئەوە نەبوو کە مافە نەتەوەییەکانی پشتگوێ بخرێن، بەڵکو لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوودا پلان و بەرنامەی چڕی دەستەڵاتدارانی عێراق بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی کوردستانیش جێبەجێ کرا. بەپێی سیاسەتێکی ڕێکخراو و بە قۆناغی جۆراوجۆردا کار بۆ ئەوە دەکرا، دیمۆگرافیی ناوچەکانی کوردستانی عێراق بگۆڕن کە لە دێرزەمانەوە نەتەوەی کورد و پێکهاتەکانی تری تێدا نیشتەجێ بوون.

یەکـەم هەوڵـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـی ناوچـە کوردنشـینەکان لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی ڕاگواسـتنی بـەزۆر بـوو. ڕاگواسـتن و عەرەبانـدن لـەو ناوچـە کوردسـتانیانەی کەوتنـە سـەر دەوڵەتـی عێـراق، بـەر لـە دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێراقیـش پێـڕۆ کـراوە. لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا ئـەو کاتـەی مەدحـەت پاشـا[٢٤] والیـی بەغـدا بـوو، ژمارەیەکـی زۆری هـۆزە عەرەبـەکان لـە دەشـتاییەکانی مەندەلـی و بەلـەدرووز و قەرەتەپـە و کفـری و دووز و حەویجـە و قـەراج و باشـووری مەخمـوور و دەشـتەکانی نەینـەوا نیشـتەجێ کـراون. لـە دوای دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێـراق و لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا بـۆ چەسـپاندنی هەسـتی عێراقیبـوون لـە نـاو هاووڵاتیانـی دەوڵەتـی تـازەدا، بەرنامـەی عەرەبانـدن لـە پرۆسـەیەکی لەسـەرەخۆدا کاری بـۆ کـرا و لـە سـی و چـل و پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا ژمارەیەکـی زۆری عـەرەب لـە حەویجـە و مەندەلـی و جەلـەولا و قـەراج و دەشـتەکانی نەینەوا و شـنگال نیشـتەجێ کران و سـەدان گونـدی تازەیـان بـۆ دروسـت کـران. لـە دوای شۆڕشـی ١٤ـی تەممووزی ١٩٥٨ـیشەوە هەتـا هاتنـی بەعسـییەکان، سیاسـەتی عەرەبانـدن لـە دەڤـەری شـنگال و زومـمار و ناوچـە سـنوورییەکانی عێـراق و سـووریا بـەردەوام بـوو.

لـە ١٩٦٣ و دوای هاتنـی بەعسـییەکان بـۆ سـەر حوکـم، پلانـی ڕاگواسـتن و عەرەبانـدن و بـە بەعسـیکردن کەوتـە قۆناغێکـی بەرفـراوان و توندتـرەوە. لـەو ماوەیـەدا ٤٢٪ـی خاکـی کوردسـتان کەوتـە بـەر شـاڵاوی ڕاگواسـتن و هەڵقەندنـی دانیشـتوانەکەی لەسـەر زێـدی بـاب و باپیرانیـان. لـە سـاڵی ١٩٧٠ـدا حکوومەتـی عێراقـی تاوانـی ڕاگواسـتنی زۆرەملێـی هـەزاران کـوردی فەیلـی دەسـت پێکـرد. هەروەهـا لـە دوای ئـەوە قۆناغێکـی تـری ڕاگواسـتن کـە هاوتەریـب بـوو لەگـەڵ وێرانکردنـی گونـدەکان لـە دوای ١٩٧٤ـەوە دەسـتی پـێ کـرد و تـا ١٩٧٩ درێـژەی

---

٢٤- مەدحەت پاشا، والیی عوسمانییەکان بوو لە بەغدا لە ١٨٦٩ هەتا ١٨٧٢.

کێشا. لەم قۆناغەدا دەڤەری بارزان و باڵەک و قوورەتوو و کرمەک و ناودەشت و هەڵەبجە و کارێزە و زاخۆ، کەوتنە بەر شاڵاوی کاولکاری و وێرانکردنی گوندەکان. لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٧٥، گەورەترین هەڵمەتی ڕاگواستن و خاپوورکردنی گوندەکان لە دەڤەری بارزان لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە ئەنجام درا، دانیشتوانی دەڤەری بارزان بە زۆر بۆ بیابان و کۆمەڵگاکانی باشووری عێراق گوازرانەوە و بە ناهەق لە نیشتیمانیان دوور خرانەوە و دوای پێنج ساڵ لە سەختی و دژواریی ژیان و گوزرانیان، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بارزانییە ڕاگوازراوەکان لە باشووری عێراقەوە بۆ کوردستان هێنرانەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە دەوربەری هەولێر لە کۆمەڵگای زۆرەملێی قادسیە و قودس بە زۆر نیشتەجێ کران.

تاوانێکی تری حکوومەتەکانی عێراق بێسەروشوێنکردن و ئەنفال و کۆمەڵکوژیی هاووڵاتیانی کورد بوو. لە ساڵی ١٩٨٠دا دوازدە هەزار گەنجی کوردی فەیلی لە لایەن حکوومەتی عێراقی بێسەروشوێن کران، هەر لە درێژەی تاوانی دژی کوردە فەیلییەکان دەیانهەزاریان بە زۆر لە عێراق دەرکران و ناسنامەیان لێ سەندرایەوە و ڕەوانەی ئێران کران. تاوانە ڕێکخستووەکانی حکوومەتی عێراق لە دژی نەتەوەی کورد بەردەوام بوو. ئەوە بوو لە ٣١ی تەمموزی ١٩٨٣دا هێزەکانی ڕژێمی عێراق پەلاماری کۆمەڵگە زۆرەملێکانی قوشتەپە (قودس و قادسیە) و هەریر و بەحرکە و دیانایان دا و هەشت هەزار پیاوی بارزانییان دەستبەسەر و بێسەروشوێن کرد، کە بیست و چەند ساڵ دواتر و دوای ڕووخانی ڕژێم تەرمەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی باشووری عێراق دۆزرانەوە. لە درێژەی پێڕۆکردنی پلانی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ لە ئۆپەراسیۆنێکی

نامرۆڤانـەدا و لەژێـر نـاوی (ئەنفـال) و بـە هەشـت قۆنـاغ، ڕژێمـی پێشـووی عێـراق ١٨٢٠٠٠ هاووڵاتـی کـوردی بێتاوانـی گەرمیـان، قـەرەداغ، بادینـان، پارێزگاکانـی کەرکـووك، هەولێـر و سـلێمانیی بێسەروشـوێن کـردن. هـەر لـە هەمـان سـاڵدا تاوانـی کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـە لـە لایـەن ڕژێمـەوە ئەنجـام درا کـە بـووە هـۆی شـەهیدبوونی پێنجهـەزار کەسـی مەدەنـی. کیمیابارانکردنـی کوردسـتان زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتانی گرتـەوە، بـەڵام هەڵەبجـە بـە هـۆی ژمـارەی زۆری شـەهید لـە یـەك کاتـدا بـووە هێمایـەك بـۆ تاوانـی کیمیابارانکردنـی کوردسـتان.

لـە پـاڵ هەمـوو ئـەو تاوانانـەدا، تێکدانـی ژینگـەی کوردسـتان و مینرێژکردنـی دارسـتان و چیـا و ڕێ و بانـەکان و وێرانکردنـی ٤٥٠٠ گونـد و هەڵوەشـاندنەوەی ژێرخانـی ژیانـی گوندنشـینی و کشـتوکاڵ و نیشـتەجێکردنی بـەزۆر لـە کۆمەڵـگاکان و تێکدانـی ژێرخانـی ئابـووری و شـیرازەی ژیانـی کۆمەڵایەتیـی نەتـەوەی کـورد، گرتنـی ڕەمەکـی و زیندانیکـردن و ئەشـکەنجە و لەسـێدارەدان و گوللەبارانکردنـی هاووڵاتیانـی کـورد و ئاوارەکردنـی سـەدانهەزار هاووڵاتیـی کـورد و بۆردومانکردنـی قـەڵادزێ لـە ٢٤ـی نیسـانی ١٩٧٤ و بۆردومانکردنـی پەنابـەران لـە ئـۆردووگای پەنابەرانـی زێـوە لـە ٩ـی حوزەیرانـی ١٩٨٥، بەشـێکی تـر بـوون لـە تاوانەکانـی دەوڵەتـی عێـراق لـە دژی گەلـی کوردسـتان. ئەمانـەی گوتـران بـە هـەزاران بەڵگـە سـەلمێندراون و هەموویـان دەچنـە خانـەی تاوانـی دژی مرۆڤایەتـی و تاوانـی کۆمەڵکـوژی و هەوڵدانـی ئامانجـدار و سیسـتەماتیکی دەوڵەتـی عێراقـەوە، کـە بـە درێژاییـی سـەد سـاڵ بـۆ تواندنـەوە و لەناوبردنـی نەتـەوەی کـورد کـراون.

# ڕاپەڕین

دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١، دەرفەتێکی تر بۆ گەلی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هاتە پێش. ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە ژیانی گەلی کوردستاندا. لە ڕاپەڕیندا خەڵکی کوردستان نموونەی ڕەوشت و فەرهەنگی بەرزی خۆیان پێشان دا. ئەوکات گەلی کوردستان دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد. بە پێچەوانەوە گیانی هەزاران سەربازی عێراقی پاراست کە خۆیان ڕادەست کردبوو. لەپێناو کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازەش لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، سەرکردایەتیی کورد داواکاریی حکوومەتی بۆ گفتوگۆ و دانوستانی پەسەند کرد و بڕیاری دانوستانی لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراقی دا. ئێمە لەگەڵ خوا لێی خۆش بێ مام جەلال کە بۆ دانوستان چووینە بەغدا، لە ڕاستیدا هەموو ئەو تاوانە دڕندانەمان لەبەرچاو بوو کە دەوڵەتی عێراق لە دژی گەلی کوردستان ئەنجامی دابوون و، بە نێو ڕووباری خوێندا ڕۆییشتین و تۆقەمان لەگەڵ ئەو دەستانەدا کرد کە بە خوێنی گەلەکەمان سوور بوون. بەڵام نیەتی سەرەکیی ئێمە کردنەوەی لاپەڕە و قۆناغێکی تازە و بەدیهێنانی ئاشتی بوو، ئەو بڕیارەش سەختترین بڕیاری ژیانم بووە.

سـی وهەشـت کەسـی خانەوادەکـەم و هەشـت هـەزار کەسـی عەشـیرەتەکەم و سەدوهەشـتا هـەزار کەسـی نەتەوەکـەم بـە شـێوەیەکی دڕندانـە ئەنفـال کرابـوون، لەگـەڵ ئەوەشـدا بڕیـارم دا بچمـە بەغـدا بـۆ ئـەوەی دواتـر نەڵێـن لەبەر ڕقی شەخسـی نەیوسـت دانوسـتان بـکات و دەرفەتـی چارەسـەری بـۆ گەلـی کـورد لـە دەسـت بـدات.

ئـەو باجـە مرۆیـی و ماددیانـەی گەلـی کوردسـتان لـە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو هەتـا ڕاپەڕیـن لـە ئەنجامـی ژیانـی لەگـەڵ دەوڵەتـی عێراقـدا دانـی، یەکجـار گـەورە بـوون. ئەنجامـی ئەندامبوونمـان لەنـاو دەوڵەتـی عێـراق و شـەریکبوونی کـورد لەگـەڵ عێـراق، شـەڕ و شـۆڕش و کاولـکاری و نەهامەتـی، خوێـن و ئازاردانـی گەلـی کـورد بـوو. عێـراق بـە نەوتـی کوردسـتان بـووە دەوڵـەت و بـە پـارەی ئـەو نەوتـە شـەڕی گەلـی کوردسـتانی دەکـرد و پەلامـاری دراوسـێکانی دا. بـە داخـەوە بابەتـی نـەوت هـەر لـە سـەرەتاوە بـووە هـۆی نادیتەگرتنـی مافەکانـی خەڵکـی کوردسـتان. کاتـی خۆیشـی کـە ئینگلیـزەکان بەڵێنـی حوکمڕانـی و دەوڵەتیـان بـە شـێخ مەحمـودی نەمـر دابـوو، هـەر کـە زانییـان کەرکـووك نەوتـی هەیـە لـە بەڵێنەکـەی خۆیـان پاشـگەز بوونـەوە و ویسـتیان بـە نەوتـی کەرکـووك و کوردسـتان، دەوڵەتـی عێـراق بەهێـز بکـەن. بـەڵام بینیـمان لـە سـەدەی بیسـتدا ئـەو سـەروەتەی کـە دەبوایـە بـۆ خۆشـگوزەرانی و پێشـکەوتن سـوودی لـێ وەرگیرابـا، بـۆ قەڵاچۆکردنـی گەلـی کوردسـتان بـە کار هـات.

بۆردومـان و نەفیرعامـی بـەردەوام بـۆ سـەر کـورد، چەندیـن کودەتـا، دیکتاتـۆری و شـۆڤێنیەت، بێسەروشـوێنکردنی دوازدە هـەزار کـوردی فەیلـی، ئەنفالکردنـی هەشـت هـەزار بارزانـی و سەدوهەشـتاودوو هـەزار هاووڵاتـی بێگوناحـی کوردسـتان لـە گەرمیـان و ناوچەکانـی تـر، کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـە و ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان، ڕاگواسـتن و عەرەبانـدن و بـە بەعیسـکردن و دەرکـردن و ئاوارەکـردن، ئەنجامـی دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێـراق و ژیانـی ئێمـە بـوو لەگـەڵ

ئـەو دەوڵەتـەدا. لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـەدا کـورد ئاشـتی و پێکەوەژیـان و لاپـەڕەی تـازەی دەویسـت.

دانوسـتانەکانی دوای ڕاپەڕیـن لەگـەڵ ڕژێمـی عێـراق سـەری نەگـرت. ئـەوکات عەقڵیەتـی نکۆڵیـکاری و شـۆڤێنیەت و بەپاشـکۆدیتنی کـورد هـەر بـەردەوام بـوو. سـەرباری ئـەو مێـژووە پـڕ لـە خوێـن و ناحەقـی و سـتەمکارییە، وایلێهاتبـوو لـە بەغـدا بـە چـاوی تاوانبـار سـەیری ئێمەیـان دەکـرد. چونکـە کـورد زوڵمـی قبـووڵ نەکردبـوو و لـە بەرانبـەر جینۆسـاید و دیکتاتۆریـدا خـۆی بەدەسـتەوە نەدابـوو.

لـە دوای ڕاپەڕینـی گەلـی کوردسـتان لەژێـر کاریگەریـی دۆخـی تـازە و شکسـتی سـەربازی لـە دەربەنـدی کـۆڕێ، ڕژێـم کارگێڕیـی حکوومەتـی لـە بەشـێکی کوردسـتان هەڵپەسـارد و یەکـە ئیدارییەکانـی لـە کوردسـتان کشـاندنەوە و بـۆ مـاوەی دوازدە سـاڵ هیـچ جـۆرە پێوەندییەکـی سیاسـی و ئابـووری و ئیـداری لـە نێـوان کوردسـتان و بەغـدادا نەمـا. هەرێمـی کوردسـتان ئـەوکات لەژێـر ئابلۆقـەی ڕژێـم و ئـەو ئابلۆقـە نێودەوڵەتییانـەدا بـوو کـە لـە دوای شـەڕی کوێـت بەسـەر عێراقـدا سـەپێندرابوون. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە کوردسـتان بـۆ یەکەمجـار لـە ١٩ـی ٥ـی ١٩٩٢ لـە هەڵبژاردنێکـی ئـازاد و دیموکراتیانـەدا پارلەمـان و حکوومەتـی هەرێـم پێـك هێـنران. سـەرباری هەبوونـی گرفتـی گـەورەی ئابـووری و کێشـەی نێوخۆییـی نێـوان لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان، بـەڵام سـەرئەنجام هەرێمـی کوردسـتان لـەو دوازدە سـاڵەدا توانـی خـۆی بسـەلمێنێ و پـەرە بـە خـۆی بـدات، لـە هەمانکاتـدا هەرێمـی کوردسـتان بـووە پەناگایـەك بـۆ بەشـێکی زۆری لێقەومـاوان و تێکۆشـەران و ئازادیخوازانـی عێـراق و ئـەو هێـزە ئۆپۆزسـیۆنانەی ئێسـتا لـە عێراقـدا حوکمیـان بـە دەسـتەوەیە، بـە هیـچ شـێوەیەکیش نەبـووە هەڕەشـە بـۆ سـەر دراوسـێکانی.

## کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو

ساڵی ٢٠٠٣ و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو دەستپێکی قۆناغێکی گرینگ و یەکلاکەرەوە بوو بۆ گەلانی عێراق. لەمەڕ پاشەڕۆژی عێراق بەر لە دەستپێکی هێرشی ئەمەریکا دانیشتن و دانوستانمان لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقدا هەبوو. لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا لە لەندەن، چالاکانە بەشداریمان کرد. ئەوکاتیش هەموو هەوڵمان دا بۆ ئەوەی دوای هەر گۆڕانکارییەك لە عێراق، پێویستە کەس بیر لە تۆڵەسەندنەوە نەکاتەوە. لە کۆنگرەکەدا بە ڕوونی بە لایەنە عێراقییەکانم ڕاگەیاند، ئەگەر بێتو هەموو بیر لە تۆڵە بکەنەوە ئەوا کەس لە عێراقدا نامێنێت. لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا کە لە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ لە لەندەن بەسترا، لایەنە کوردستانییەکان کاریان بۆ ئەوە کرد کە لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بکەنەوە. کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن لە پرۆژەی قۆناغی

گواستنەوە و ڕاگەیێندراوی سیاسیی خۆیدا بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە عێراقی داهاتوو عێراقێکی دیموکراتی و پارلەمانی و فرەلایەن و فیدڕاڵی (بۆ هەموو عێراق) بێت. هەروەها بنەماکانی شەراکەت و تەوافوق لە نێوان پێکهاتەکان ببنە زەمینەی دروستکردنەوەی دەوڵەت. لەو دوو بەڵگەنامەیەدا ئۆپۆزسیۆنی ئەوکاتی عێراقی داوای کرد کە هەرچی هەوڵی حکوومەتەکانی عێراق بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی و واقعی نەتەوەیی کەرکووك و مەخموور و خانەقین و شنگال و شێخان و زومار و مەندەلی ئەنجامیان داوە، نابێ بمێنێت و لەو چوارچێوەیەدا هەرچی ڕێوشوێنی ئیداری کە لە دوای ١٩٦٨ـەوە بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی لە لایەن حکوومەتەوە کراوە، دەبێ هەڵوەشێندرێنەوە. کۆنگرەکە وێڕای دانانی بە تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان داوایشی کرد کە قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و جینۆسایدی گەلی کوردستان قەرەبوو بکرێنەوە. هەروەها ڕێز لە ئیرادەی ئازادی گەلی کوردستان بگیرێت کە لە پاش ڕووخانی ڕژێم بتوانن (سیغە)ی گونجاوی خۆیان بۆ شەراکەت لە چوارچێوەی یەکگرتنی ئارەزوومەندانەدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەڵبژێرن.

بەر لە ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە لایەن ئەمەریکا و بەر لە کۆنگرەکەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن، کوردستان ئەوکات قەوارەیەکی نیمچەسەربەخۆ بوو و هیچ پێوەندی بە عێراقەوە نەمابوو. لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستان بنەمایەکی باشی حوکمڕانی هەبوو و فیدڕالیەت لەلایەن پارلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرابوو. بیرۆکەی فیدڕاڵی بۆ کاتی کۆتاییەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕایەوە. ئەوکات جەنابی بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد و جەرجیس فەتحوڵڵا و چەند پسپۆڕێکی تری ڕاسپارد کار لەسەر ئەو پرۆژەیە بکەن. فیدڕاڵیزم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی باش بوو بۆ گەلی کوردستان. هەرچەندە لە قۆناغی دانانی

یاسـای کاتـی بـۆ بەڕێوەبردنـی عێـراق و مەجلیسـی حوکـم، پـۆل بریمـەر[٢٥]، حاکمـی مەدەنیـی عێـراق زۆر هەوڵـی دا سـنوور ببەزێنـێ و تەنـگ بـە هەرێـم هەڵچنـێ و تەجـاوزی سـەر کیانـی هەرێمـی کوردسـتان و دەسـتکەوتەکانی گەلـی کوردسـتان بـکات، بـەڵام لـە هەوڵەکانیـدا سـەرکەوتوو نەبـوو.

لـە ٢٠٠٥ــدا دەسـتوورێکی تـازە بـۆ عێـراق نـووسرا و لـە لایـەن گەلانـی عێراقـەوە پەسـەند کـرا. دەسـتووری تـازە بـۆ ئـەوە بـوو کـە عێراقێکـی دیموکراتـی و فرەلایـەن و فیدراڵـی بنیـات بنرێـت و شـەراکەتی نێـوان پێکهاتـەکان هەبێـت و مافـی هەمـوو لایـەك پارێـزراو بێـت. دەسـتوورەکە بـەراورد بـە دەسـتوورەکانی پێشـووی عێـراق و تەنانـەت دەسـتوورەکانی ناوچەکەیـش، دەسـتوورێکی بـاش و سـەردەمیانە بـوو هەرچەنـدە بـێ کەموکوڕیـش نەبـوو. لایەنـە کوردسـتانییەکان لـە داڕشـتن و دەنگـدان و سەرخسـتنی دەسـتووری تـازەی عێـراق ڕۆڵێکـی زۆر کاریگەریـان هەبـوو لـە جێگیرکردنـی مافـی پێکهاتـەکان و سـیمای شـەراکەت و دیموکراسـی لـە دەقـی دەسـتووردا و، ئەگـەر کوردسـتان بەشـدار نەبـا لـە نووسـینەوەی دەسـتوور بەمشـێوەیە نەدەنـووسرا.

ئەگەریـش ئـەو دەسـتوورە وەك خـۆی جێبەجـێ کرابـا ئێسـتا عێـراق زۆرێـك لـەو کێشـانەی نەبـوو کـە ئێسـتا لەگەڵیـدا دەسـتەویەخەیە. لـە پرۆسـەی نووسـینەوەی دەسـتووردا مـن ماوەیەکـی زۆر لـە بەغـدا مامـەوە. تیمـی کوردسـتانی بـۆ نووسـینەوەی دەسـتوور جگـە لـە مـن، لـە خـوا لێـی خـۆش بـێ نەوشـیروان مسـتەفا و د. ڕۆژ نـووری شـاوێس و مامۆسـتا سـەلاحەددین بەهائەدیـن و محەمـەدی حاجـی مەحمـود و مـەسروور بارزانـی و، کەرخـی ئاڵتـی برمـاغ وەك نوێنـەری پێکهاتـەی تورکـمان و ڕۆمیـۆ هـەکاری وەك نوێنـەری پێکهاتـەی کریسـتیان پێکهاتبـوو.

---

٢٥- دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە لایەن ئەمەریکا لە ٦ـی ئایاری ٢٠٠٣ـدا سەرۆك بووش سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا لە بڕیارێکدا پۆڵ بریمەری کردە حاکمی مەدەنیی عێراق.

تیمە کوردستانییەکە لە نووسینەوەی دەستوور و سەرخستنیدا و هەروەها لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی عێراقدا هەماهەنگی و یەکگرتوویی و تەبایی زۆر باش و مێژوویییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو.

بە داخەوە هاوپەیمانە شیعەکانمان کە پێکەوە عێراقی تازەمان دامەزراندبوو، کە بینییان جێی پێیان لە عێراقدا قایم بوو، کەوتنە ناو پرۆسەیەکی مەترسیدار و هەڵەوە کە ئەویش پێشێلکردنی دەستوور و پەراوێزخستنی پێکهاتەکان و هەوڵدان بوو بۆ بچووککردنەوەی کورد لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا. سەرچاوەی ئەو پێشێلکارییەش دەگەڕایەوە بۆ بێباوەڕییان بە دەستووری تازەی عێراق. لە دیباچەی دەستووری تازەی عێراقدا هاتووە کە پابەندبوون بەم دەستوورە مەرجە بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی. هەر ئەوە وایکرد کە کورد دەنگ بە دەستوور بدات. لە ڕاستیدا ئێمە لە کاتی نووسینەوەی دەستووردا ئەو نیگەرانییەمان هەبوو کە هزری شۆڤێنیەت لە عێراقدا بەردەوام بێت، بۆیە ئەوەی لە دیباچەی دەستووردا هاتبوو وەك بەربەستمان دەدیت بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی بیری شۆڤێنیەت و خۆسەپاندن.

ئاماژەکانی پێشێلکردنی دەستوور و پشتکردنە بەڵێن و ڕێککەوتنەکان لە خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠دا دەرکەوتن. بەپێی دەستوور پێویست بوو قۆناغەکانی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی لە ناوچە جێناکۆکەکان لە ٢٠٠٧دا بە کردەنی پیادە کرابان، کەچی هێشتا هیچ یەك لەم هەنگاوانە نەنراون و هۆکارەکەشی بۆ خۆدزینەوە و پابەندنەبوونی حکوومەتی عێراقی بە دەستوور دەگەڕێتەوە.

لـــە دوای ٢٠٠٥ـــەوە هـــەر هەڵبژاردنێـــك كرابێـــت یاســـاكانی هەڵبـــژاردن بـــە جۆرێـــك دادەڕێـــژران، لـــە ئەنجامـــدا ڕێـــژەی كورســـیی هەرێمـــی كوردســـتان كـــەم دەبوویـــەوە. تـــا ئێســـتا بـــە هـــۆكاری جۆراوجـــۆر ســـەرژمێری لـــە عێراقـــدا نەكـــراوە هەرچەنـــدە بڕیاریـــش وا بـــوو ئـــەو ســـەرژمێرییە ئەنجـــام بدرێـــت. چەندینجـــار لەســـەر بەڵێنـــی ئەمەریكاییـــەكان لـــە مافەكانـــی خۆمـــان خـــۆش دەبوویـــن و بەشـــداری پرۆســـەی سیاســـی دەبوویـــن، بـــەڵام ئەوانیـــش كاریـــان بـــە بەڵێنەكانـــی خۆیـــان نەدەكـــرد. پۆســـتی ســـیادیی ســـەرۆك كۆمـــار كـــە ئیســـتحقاقی گەلـــی كـــورد بـــوو، لـــە یەكـــەم گـــەڕی ســـەرۆكایەتیی كۆمـــار لـــە دوای ڕووخانـــی ڕژێـــم، مـــام جـــەلال بـــوو بـــە ســـەرۆك كۆمـــار بـــەڵام لـــە گـــەڕی دووەمـــدا لـــە ســـاڵی ٢٠٠٩ ئەمەریكاییـــەكان دەیانویســـت ئـــەو پۆســـتە نەدرێتـــەوە كـــورد. دوای هەڵبژاردنەكانـــی ســـاڵی ٢٠٠٩ـــی عێـــراق لیســـتی ئەیـــاد عەلـــلاوی بـــراوەی هەڵبژاردنـــەكان بـــوو بـــەڵام ئێـــران و ئەمەریـــكا بـــە بیانـــووی جۆراوجـــۆر نەیانهێشـــت عەلـــلاوی ببێتـــە ســـەرۆك وەزیرانـــی عێـــراق. هەروەهـــا ئەمەریكییـــەكان دەیانویســـت كەســـێكی ســـوننە بكەنـــە ســـەرۆك كۆمـــار و ســـەرۆكی ئەنجوومەنـــی نوێنەرانیـــش بدرێتـــە كـــورد.

كـــە ئەمەریكییـــەكان ئـــەو بابەتەیـــان لەگـــەڵ مـــن بـــاس كـــرد، لێیانـــم پرســـی ئایـــا مەبەســـتتان ئەوەیـــە مـــام جـــەلال وەك ســـەرۆك كۆمـــار نەمێنـــێ یـــان مەبەســـتتانە پۆســـتی ســـەرۆك كۆمـــار هـــەر بـــۆ كـــورد نەبـــێ. گوتیـــان هەردووكـــمان مەبەســـتە. منیـــش وەڵامـــم دانـــەوە كـــە پۆســـتی ســـەرۆك كۆمـــار ئیســـتحقاقی كـــوردە و دەبـــێ هـــەر مـــام جـــەلال ببێتـــەوە ســـەرۆك كۆمـــار. ناكـــرێ ســـەرۆك وەزیـــران و ســـەرۆك كۆمـــار هەردووكیـــان بـــۆ عـــەرەب بـــن. ئـــەوە بـــوو مـــام جـــەلال بـــۆ جـــاری دووەمیـــش بـــووەوە ســـەرۆك كۆمـــاری عێـــراق. ئـــەم بابەتـــە لـــە كتێبـــی (یاریـــی كۆتایـــی، دیـــوی نـــاوەوەی شـــەڕ لەپێنـــاو عێراقـــدا لـــە جـــۆرج بووشـــەوە هەتـــا بـــاراك ئۆبامـــا)

(THE END GAME) کـە (مایـکڵ گـۆردەن و بێرنـارد ترایـنـۆر)[٢٦] نووسـیویانە، زۆر بـە وردی بـاس کـراوە.

زۆر جـار ئەمەریکاییـەکان لـە خوێندنـەوەی هاوکێشـەکانی عێراقـدا نەدەکەوتنـە سـەر ڕێگایەکـی دروسـت و ئەگـەر هەڵەیەکیشـان کردبـا، هەمـوو جـار دەبوایـە کـورد باجەکـەی دابـا و لـە مافـی خـۆی خـۆش ببـا. بینیـمان لـە کاتـی ڕیفراندۆمیـش گەورەتریـن هـۆکاری دژایەتیـی ئەمەریـکا بـۆ ڕیفرانـدۆم ئەوەبـوو کـە پێیـان وابـوو ڕیفرانـدۆم دەبێتـە هـۆی لاوازبوونـی عەبـادی و ئەگـەر ڕیفرانـدۆم نەکرێـت، عەبـادی بەهێـز دەبێـت و ئێـران لـە گۆڕەپانـی سیاسـیی عێـراق دەردەکات. ئـەو خوێندنەوەیـەی ئەمەریکاییـەکان ڕاسـت نەبـوو، دەشیانویسـت لەبـەر خاتـری کەسـێك، گەلـی کوردسـتان لـە مافـی خـۆی خـۆش بێـت.

سـەبارەت بـە بابەتـی نـەوت و گازیـش، هەرێمـی کوردسـتان هیـچ هەنگاوێکـی پێچەوانـەی دەسـتوور نەنـاوە. لـە شـوباتی ٢٠٠٧ـدا هەمـوو ئامادەکارییـەکان بـۆ یاسـای نـەوت و گاز تـەواو بـوو، بـەڵام حکوومەتـی عێراقـی دەسـتی کـرد بـە کاتکوشـتن و بیانووهێنانـەوە. لـە کۆبوونەوەیەکـدا کـە زاڵـمای خەلیلزاد[٢٧]یـش ئامـادەی بـوو، وەزیرێکـی دەستڕۆییشـتووی شـیعە باسـی ئـەوەی کردبـوو کـە پێویسـتە حکوومەتـی عێراقـی خەمسـاردی لـەو بابەتـە بـکات و کات بکـوژێ، کـوردەکان ئـەو توانایەیـان نابـێ خۆیـان نـەوت دەربهێنـن.

26- Michael R. Gordon - General Bernard E. Trainor - The End Game, the inside story of the struggle for Iraq from George W. Buch to Barack Obama, Random House, March 2013, P.642 - 646.

٢٧- دیپلۆماتـکاری ئەمەریکایـی بـە ڕەچەڵـەك ئەفغـان کـە لـە سـاڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ باڵیـۆزی ئەمەریکا لـە عێـراق بـوو.

ئەمە نیەتی حوکمڕانەکانی بەغدای ڕوونتر کرد کە بڕوایان بە دەستوور و شەراکەت نییە. هەرێمی کوردستان خۆی نەوتی دۆزییەوە و دەریهێنا، بەڵام کاتێک هەرێم ناچار بوو نەوت هەناردەی دەرەوەی بکات کە حکوومەتی عێراق لە مانگی شوباتی ٢٠١٤دا بودجەی هەرێمی بڕی. بڕینی بودجەی خەڵکی کوردستان هەنگاوێکی نایاسایی و نادەستووری و تاوانێکی گەورە بوو کە هیچی کەمتر نەبوو لە تاوانی کیمیابارانکردنی خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕژێمی پێشووەوە، بگرە لەو تاوانە زیاتریش بوو. چونکە بە بڕینی بودجە سەرجەم خەڵکی کوردستان و تەنانەت منداڵی شیرەخۆریش کرانە ئامانج.

هەر لەبەر ئەو کردەوە نادەستووریەی حکوومەتی عێراق و بۆ ئەوەی هەرێم بتوانێ بودجە دابین بکات، حکوومەتی هەرێم دەستی کرد بە هەناردەکردنی نەوت. لە دوای ئەوەوە بە داخەوە لە بەغدا دەست کرا بە هەڵمەتی چەواشەکاری و شێواندنی ڕاستییەکان و دروستکردنی دۆخێک کە هەر کەس زیاتر دژایەتیی کورد بکات ئەوا پێگەی جەماوەریی بەرزتر دەبێ و لە هەڵبژاردنیش دەنگی زیاتر دەهێنێت.

# شەڕی داعش

سیاسەتە هەڵەکانی حکوومەتی عێراق وڵاتی بەرەو لێواری ڕووخان برد. سیاسەتی تایەفەگەری و تاکڕۆیی و پەراوێزخستنی پێکهاتەکان و گەندەڵی، عێراقی لە مانای دەوڵەتبوون بەتاڵ کردبووەوە. سوپا و هێزە ئەمنییەکان لەسەر بنەمای وابەستەیی بۆ شەخس و نەك ئینتما بۆ نیشتیمان ڕێك خرابوون. هەموو ئەو سیاسەتە هەڵانە ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشەی تیرۆریستان لە ڕۆژئاوای ئەنبار و مووسڵ ڕەخساند. لە ئەنجامدا لە دەی حوزەیرانی ٢٠١٤دا لە چاوتروکاندنێکدا شاری مووسڵ کەوتە دەست تیرۆریستانی داعش و تیرۆریستان هەتا دەروازەکانی بەغدا پێشڕەوییان کرد. چەند مانگ بەر لەم ڕووداوە لە ڕێگەی سەید عەمار حەکیم و د. ڕۆژ نووری شاوێس کە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو و، هەروەها لە ڕێی ڕۆبێرت ستیڤن بیکرۆفت، باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق، دەستەڵاتدارانی

بەغـدام لـەوە ئـاگادار کـردەوە کـە تیرۆریسـتان لـە ڕۆژئـاوای نەینـەوا و لـە نزیـك (حـەزەر)[٢٨] لـە چالاکـی و جموجۆڵـی بەردەوامـدان و مەترسـیی کەوتنـی مووسـڵ لـە ئارادایـە، بـەڵام مالکیـی سـەرۆك وەزیرانـی ئەوکاتـی عێـراق ئـەم هۆشـداریانەی بەهەنـد وەرنەگـرت و دواجـار بەشـێکی زۆری ڕۆژئـاوای عێـراق و پارێزگاکانـی ناوەنـد کەوتنـە ژێـر داگیرکاریـی تیرۆریسـتانەوە.

هـەر خۆشـم ماوەیـەك بـەر لـە کەوتنـی موسـڵ بـە تەلەفـۆن نـوری مالکیـم لـە مەترسـیی جموجۆڵـی داعـش لـە ڕۆژئـاوای موسـڵ ئـاگادار کـردەوە. هەروەهـا هێزەکانـی پێشـمەرگە پێشـنیاری ئەوەیـان بـە هێـزە عێراقییـەکان دا بـوو کـە ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازیی هاوبـەش بـۆ ڕاماڵینـی داعـش لـەو ناوچەیـە ئەنجـام بـدەن بـەڵام بـە داخـەوە ئامـۆژگاری و پێشـنیارەکانیان بـە هەنـد وەرنەگـرت.

دوای ئـەوەی لـە دەی حوزەیرانـی ٢٠١٤ داعـش دەسـتی بەسـەر مووسـڵدا گـرت، پێشـڕەوییەکانی داعـش لـە ناوەڕاسـتی عێراقـدا خێـرا بـوون، ئـەوان لـە بەغـدا نزیـك کەوتنـەوە. بـەڵام بـە شـێوەیەکی لەنـاکاو ئاراسـتەی شـەڕیان بـۆ لای کوردسـتان گـۆڕی و پەلامـاری کوردسـتانیان دا. ئـەم بابەتـە یەکێکـە لـە نهێنییـە گەورەکانـی شـەڕی داعـش کـە بۆچـی داعـش پەلامـاری کوردسـتانی دا!. پێدەچـوو ئـەم پەلامـارە بـە دڵـی زۆر لایەنـی شـۆڤێنیی ناوچەکـەش بووبێـت. کوردسـتان شـوێنێکی سـتراتیژی و دەوڵەمەنـد بـوو بـە سـامانی ئـاو و نـەوت و ئـەوەش هۆکارێـك بـوو کـە داعـش چـاوی تـێ ببڕێـت و داگیـری بـکات. داعـش وای لێکدابـووەوە کـە کـورد بەرگریـی پـێ ناکرێـت و زوو لێکهەڵدەوەشـێت و خـۆی بـە دەسـتەوە دەدات. ئـاگاداری ئـەوە بـوو پێشـمەرگە چەکـی باشـی نییـە و لـە لایـەن بەغـدا و جیهانـەوە ئابڵۆقـەی لەسـەرە. لەگـەڵ ئەوەشـدا کوردسـتان پێـی نابـووە نـاو ڕێـڕەوی بووژانـەوە و

٢٨- قەزای حەزەر کەوتووەتە باشووری ڕۆژئاوای شاری موسڵ و نزیکە لە سنووری سووریا.

پێشـکەوتن. پەلامـاری داعـش هۆکارێکیـش بـوو بـۆ ڕێگەگرتـن لـە سـەربەخۆیی و پێشـکەوتنی کوردسـتان. جگـە لـەوەش ڕەوتـی شـۆڤێنیی نـاو داعـش دەیەویسـت ناوچـە کێشەلەسـەرەکان بـە زەبـری چـەك لـە بـن دەسـتی کورد دەربهێنێـت و کـورد و پێکهاتـەکان لـەم ناوچانـە نەهێڵێـت. / (نەخشـەی ژمـارە ١).

ئـەوان چاوەڕێـی ئـەوە بـوون پێشـمەرگە تێکبشـکێت و بـە ئاسـانی ناوچەکانـی مـاددەی ١٤٠ بگـرن و جیهانیـش بێدەنگـەی لـێ بـکات. ئێمـە بـە تایبـەت لـە ڕیفرانـدۆم و ڕووداوەکانـی شـازدەی ئۆکتۆبـەر بـەو ئەنجامـە گەییشـتین کـە ئەوانـەی یارمەتیـی داعشـیان دا بـۆ ئـەوەی بەهێـز ببێـت و گەشـە بـکات، ئەوانـەی مەشـقیان بـە ئەندامانی داعـش دەکـرد و پڕچەکیـان دەکـردن و ڕێـڕەو و لۆجسـتیکیان بـۆ دابیـن دەکـرد، هـەر ئەوانەیـش بـوون هانـی داعشـیان دا کـە لـە مانگـی ئابـی ٢٠١٤ پەلامـاری کوردسـتان بـدەن. داعـش چەکێـك بـوو لـە دەسـتی هێـزە شـۆڤێنیەکانی ناوچەکـە بـۆ وەسـتاندنی بووژانـەوە و سـەربەخۆییی کوردسـتان.

لـە شـەڕی داعشـدا گەلـی کوردسـتان باجـی زۆر گـەورەی مرۆیـی و ئابـووری دا. لـە کاتێکـدا کـە بودجـەی هەرێمی کوردسـتان لە لایـەن حکوومەتی عێراقـەوە بڕدرابـوو و نرخی نەوتیـش زۆر دابەزیبـوو، تێچوونـی شـەڕێکی دژوار و سـەخت بـە درێژاییـی هەزاروپەنجا کیلۆمەتریـش یەکجـار زۆر بـوو. جگـە لـەوەش هەرێمـی کوردسـتان میوانداریـی ملیۆنێک و شەشسـەد هـەزار ئـاوارەی عێراقـی و سـووریایی دەکـرد. لـەو شـەڕەدا ١٩٢١ پێشـمەرگە گیانـی خۆیـان فیـدای گـەل و نیشـتیمان کـرد و ١٠٧٥٧ پێشـمەرگەش برینـدار بـوون و ٦٣ یـش دیـل و بـێ سەروشـوێن بـوون. بـە سـەدان داسـتانی قارەمانانـە تۆمـار کـران و، پێشـمەرگەی زۆر ئازیـز و قارەمانمـان لـە دەسـت دا. هەمـوو بسـتێکی خاکـی داگیرکراوی کوردسـتان بـە خوێنـی ئازیـز و قارەمانێـك لـە دەسـتی تیرۆریسـتان ئـازاد کرابـوو. بـە داخـەوە بینیمـان لـە ناوخـۆی کوردیشـدا خەڵکانێـك هەبـوون دەیانەویسـت لـە

بەهای قارەمانەتی و قوربانیدانی پێشمەرگە کەم بکەنەوە و پێیان وابوو کە فڕۆکەی هاوپەیمانان شەڕی داعشیان کرد و پێشمەرگە ڕۆڵی نەبووە. ڕاستە پشتیوانیی ئاسمانیی هاوپەیمانان هاوکارییەکی زۆر باش بوو و ئێمە هەمیشە سوپاسگوزاری ڕۆڵی هێزی هاوپەیمانان و یارمەتیدانیانین بۆ پێشمەرگە، بەڵام ئەوەی لە مەیداندا خوێنی دا و دوژمنی شکاند پێشمەرگە بوو و ئەم حەقیقەتە دەبێ وەك خۆی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە.

داعش ئازار و زیانێکی زۆری گەیاندە گەلی کوردستان. تاوانی ناخهەژێنی لە بەرانبەر کوردانی ئێزدی ئەنجام دا کە ڕادەی قێزەوەنیی تیرۆریستان و ئایدیۆلۆژیاکەیانی پێشان دەدا. لە سەرەتاکانی شەڕی داعشدا هێزی پێشمەرگە چەکی پێویستی لە بەردەست نەبوو. عێراق ئابلۆقەی چەکی خستبووە سەر پێشمەرگە و ئەمەریکایش ڕێی نەدەدا وڵاتان چەك بە پێشمەرگە فرۆشن. کەچی داعش بەشێکی زۆری چەك و ئیمکانیاتی سوپاکانی دوو دەوڵەتی سووریا و عێراقی کەوتبووە دەست. لەکاتی داگیرکردنی شنگالدا لە لایەن داعشەوە لە ٣ـی ئابی ٢٠١٤ پێشمەرگە تەنیا چەکی سووکی لە بەردەست بوو. ئەو پێشمەرگانەی کەو ئەوکات لە شنگال بوون هێزێکی پرچەك و زۆر نەبوون. لە ڕووی جیۆگرافییەوە شنگال وەك دوورگەیەك بوو کە حەفتا کیلۆمەتر لە هەرێمی کوردستان و سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە دوور بوو و، ئەو ڕێگە سەرەکییانەشی هەرێمی بە شنگالەوە دەبەستەوە لە لایەن بەشێك لەو هۆزە عەرەبانە گیران کە دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کردبوو و، ڕێگە بۆ چوونی هێزی پشتیوانی بۆ شنگال لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گیرا. ئەوکات ئەمەریکا و هێزی هاوپەیمانانیش لەناو شەڕدا نەبوون تا بتوانن یارمەتیی پێشمەرگە بدەن. لەبەر ئەو هۆکارانە بوو داعش توانی شنگال داگیر بکات.

ئـەو پێشـمەرگانەش کـە لـە چیـای شـنگال لەگـەڵ خەڵـك و ئـاوارەکان مانـەوە، قارەمانانـە چیـای شـنگال و شـەرفەددینیان لـە پەلامارەکانـی داعـش پاراسـت و ڕێیـان نـەدا دەسـتی داعـش بگاتـە ئـەو سـەدانهەزار خەڵکـەی پەنایـان بـۆ چیـای شـنگال بردبـوو. بـە داخـەوە زۆر جـار گوێبیسـتی موزایەداتـی هەنـدێ خەڵـك دەبیـن کـە بـە حیسـابی خۆیـان ئـەوان شـنگالیان پاراسـتووە. ئـەوە لـە حاڵێکـدا بـوو کـە هەتـا پێشـمەرگە خـۆی ڕێـك نەخستەوە و هێرشـی نەکـردە سـەر داعـش و ڕێـی سـحێلا بـۆ شـنگال و حـەوزی زومـمار و چیـای شـنگال و شـاری شـنگالی ئـازاد نەکـرد[٢٩]، هیـچ کام

٢٩- هـەر لـە سـەرەتای پەلامـاری داعـش بـۆ کوردسـتان هەتـا کۆتاییەکانـی مانگـی سـێپتەمبەری ٢٠١٤ نیگەرانـی و خەمـی سـەرەکیی مـن ئـەوە بـوو چـۆن بتوانیـن کوردسـتان و خەڵـك و پێشـمەرگە بگەڕێنینـەوە دۆخێکـی سرووشـتیی وەهـا کـە کوردسـتان ئامـادە بێـت بـۆ شـەڕێکی درێژخایـەن و پێشـمەرگەیش لـە ڕووی پـلان و ڕێکخسـتن و ورەوە بگاتـە ئـەو ئاسـتەی ئیـتر دەسـت بـە هێرشـکردن بـکات و ناوچـەکان بـە زەبـری شـەڕ لـە چنگـی داعـش دەربهێنێـت. بـۆ ئـەوەی چیتریـش بـوار بـە داعـش نەدرێـت بیـر لـە گرتنـی زەوی و ناوچـەی تـر بکاتـەوە. دوای ئـەوەی گەییشـتمە ئـەو قەناعەتـەی کـە هـەم پێشـمەرگە و هەمیـش هاووڵاتیـان ئامادەیـی ئەوەیـان پەیـدا کـردووە کـە کوردسـتان بکەوێتـە دۆخـی هێرشـبردنێکی تـەواو بـۆ ئازادکردنـی ناوچـە داگیرکـراوەکان، ئـەوە بـوو فەرمانـی دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنی ڕەبیعـە درا و لـە بەرەبەیانیـی ڕۆژی ٣٠ـی سێپتەمبەری ٢٠١٤ بـە مەبەسـتی نەهێشـتنی هەڕەشـەی داعـش لـە ناوچـە سـنوورییەکان و هەروەهـا سـنووردارکردنی پەیوەندیـی داعـش لەنێوان سـووریا و عێـراق، ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنـی ڕەبیعـە بـە بەشـداریی پێنجهـەزار پێشـمەرگە دەسـتی پـێ کـرد (نەخشـەی ژمـارە ٢ ). ئـەم ئۆپەراسـیۆنە یەکێـك بـوو لـەو زنجیـرە ئۆپەراسـیۆنە هـەرە گرنگانـەی کـە بـووە هـۆی شـکانی ئەفسـانەی داعـش لەسـەر دەسـتی پێشـمەرگە. هەروەهـا ڕێگـە بـۆ گەییشـتن بـە چیـای شـنگالیش خـۆش بـوو کـە ئـەو کات گەییشـتن بـە چیـای شـنگال ئامانجێکـی سـتراتیژیی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـوو. دوای ئـەو سـەرکەوتنە لـە بەرەبەیانیـی ڕۆژی ٢٥ـی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٤ هێزەکانـی پێشـمەرگە ناحیـەی زومـمار و گوندەکانـی دەروبەریـان لـە دەسـت تیرۆریسـتان دەرهێنـا و گورزێکـی کوشـندەیان لـە تیرۆریسـتانی داعشـدا، (نەخشـەی ژمـارە ٣ ). دوای ئـەوەش تـەواوی پەلامـارە یـەك لـە دوای یەکەکانـی دوژمنیـان لـە هەمـوو بەرەکانـی شـەڕ تێکشـکاند.

ئازادکردنـی ڕەبیعـە و زومـمار ڕێگـەی بـۆ ئازادکردنـی دەڤـەری شـنگال و شـکاندنی ئابلۆقـەی چیـای شـنگال خـۆش کردبـوو. ئـەوە بـوو لـە بەرەبەیانیـی ڕۆژی ١٧ـی دیسـەمبەری ٢٠١٤ کـە ڕۆژی ئـاڵای -کوردسـتانیش بـوو فەرمانـی دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنـی دەڤـەری شـنگال دەرکـرا، (نەخشـەی ژمـارە ٤ ). هێرشـی پێشـمەرگە لـە میحـوەری زومـمار بـۆ سـێریانی (حـەردان) لەنـاو

لەوانە دیار نەبوون. کە پێشمەرگە بەسەر داعشدا سەرکەوت ئینجا دەستیان کرد بە موزایەدات و خۆدەرخستن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد. پێشمەرگە لەو شەڕەدا پابەندی هەموو یاساکانی شەڕ بوو و تەنانەت بۆ یەك جار یەك شوێنی سڤیلی نەکردە ئامانج. پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی شکاند و مەردانە و لە مەیدانی شەڕدا تۆڵەی خوشك و برا ئێزدییەکانی کردەوە و سەری داعشی خستە ژێر پێی کوردانی ئێزدی.

جێی داخێکی زۆرە کە دەوڵەتی عێراق لە شەڕی داعشدا ئەوە هیچ کە نەیتوانی پێکهاتەکان بپارێزێ، یارمەتیی پێشمەرگەشی نەدا. تەنانەت یەك فیشەکیش لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ هەرێم نەهات. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە پێشمەرگە بۆ ماوەی دەساڵ لە چەك و موستەحقاتی خۆی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بێبەش کرا بوو؛ ئەگەرچی بەپێی دەستوور و ڕێککەوتنەکان پێشمەرگە بەشێك بوو لە سیستمی بەرگریی عێراق. حکوومەتی عێراقی نەك تەنیا هاوکاریی پێشمەرگەی نەکرد، بەڵکو کۆسپ و تەگەرەشی بۆ ئەو هاوکاریانە دروست دەکرد کە لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە بۆ پێشمەرگە دەهات.

---

- جەرگی دوژمن دەستی پێکرد. هەروەها ئەو پێشمەرگانەی لە چیای شنگال بۆ ماوەی چوار مانگ بەرخودانێکی قارەمانانەیان کردبوو و ڕێگەیان نەدابوو داعش چیای شنگال بگرێت لەسەر چیاوە هێرشیان کردە سەر چەکدارانی داعش و لەماوەیەکی کەمدا هەردوو هێزی پێشمەرگە لە حەردان بە یەك گەییشتن و سەرکەوتنێکی مێژوویی تۆمار کرا و ئابلۆقەی سەر چیای شنگال کە دوانزەهەزار ئێزیدی تێدابوو شکێندرا. لە ڕۆژی ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥دا بە مەبەستی ئازادکردنی یەکجارەکیی شاری شنگال و دەروبەری لە تیرۆریستان و پاککردنەوەی ئەو ناوچەیە لە داعش و پچڕاندنی پەیوەندیی داعش لەنێوان عێراق و سووریادا ئۆپەڕاسیۆنی ئازادکردنی شنگال لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە پاڵپشتیی ئاسمانیی فڕۆکەی هاوپەیمانان لە سێ قۆڵەوە دەستی پێکرد. لەو ئۆپەراسیۆنەدا شاری شنگال ئازاد کرا.

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، بۆچی عێراق لە شەڕی داعشدا هاوکاریی هەرێمی نەکرد و بەردەوام بوو لە سەپاندنی ئابلۆقە و بڕینی بودجەی هەرێم؟ بە پێچەوانەوە لە شەڕی داعشدا ئەوە پێشمەرگە بوو یارمەتیی عێراقی دا و کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکانی پاراست. ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری لە کەرکووک نەکردبا، چارەنووسی ئەو شارە لە مووسڵ باشتر نەدەبوو و دەکەوتە دەست تیرۆریستانی داعشەوە. زۆرجار دەمانبیست کە شۆڤێنیەکان پێیان وابوو پێشمەرگە کەرکووک و ناوچەکانی تری داگیر کردووە، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست بوو. پێشمەرگە کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکان و کێڵگە نەوتییەکانی لە داگیرکاری و پەلاماری تیرۆریستان پاراست. لە شەڕی مووسڵدا هێڵە بەرگرییەکانی داعشی شکاند و کلیلی سەرکەوتنی دایە دەست عەبادی. لەوپەڕی متمانە و بە دڵفراوانییەوە پێشمەرگە میحوەرەکانی بۆ هاتنی هێزە عێراقییەکان کردەوە.

هەرێمی کوردستان سەرباری ئەو شەڕە قورسە و ئابلۆقەی دارایی لە لایەن بەغداوە و دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا، بوو بە پەناگای ملیونێك و شەسەد هەزار ئاوارەی سووریایی و عێراقی. ئەم ژمارەیە یەکسان بوو لەگەڵ ٢٥٪ـی دانیشتوانی هەرێم. خەڵك و حکوومەت و ڕێکخراوەکان و ئۆرگانە حزبییەکانی هەرێم ڕۆڵێکی باڵایان لە یارمەتیدانی ئاوارەکان و پێشمەرگەدا هەبوو. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی خۆبەخش لە بەرەکانی شەڕ و لە یارمەتیدانی ئاوارەکان بوون. کەچی حکوومەتی عێراقی بۆ حەواندنەوە و نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی نەدا کە بەشی هەرە زۆری ئاوارەکان هاووڵاتیی پارێزگاکانی ناوەند و سوننەی عێراق بوون، واتا عێراقی بوون.

بۆچـی حکوومەتـی عێـراق کـە پارەیەکـی زۆریشـی لـە بەردەسـت بـوو لـە حەواندنـەوەی ئـاوارەکان یارمەتیـی هەرێمـی نـەدا؟ ئایـا هەرێمـی کوردسـتان بەشێك نەبـوو لـە عێـراق؟ یـان ئەوەتـا هـەر لـە بنەڕەتـدا دەسـتەڵاتدارانی عێـراق کوردسـتانیان بـە بەشـێك لـە عێـراق نەدەزانـی؟ ئـەو بابەتـە کـە حکوومەتـی عێراقـی لـە پرسـی حەواندنـەوەی ئاوارەکانـدا یارمەتیـی هەرێمـی نـەداوە، بـە دەیانجـار لەگـەڵ میوانـە بیانییـەکان و شـاندەکانی عێراقیـدا باسـم کـردووە، بـەڵام ئەنجامـی نەبـووە. بـان کـی مـۆن، سـکرتێری ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان[٣٠] دووجـار لـە ٢٤ـی تەممـوزی ٢٠١٤ و لـە ٢٦ـی ئـازاری ٢٠١٦ سـەردانی هەرێمـی کـرد. هـەر دووجـار پێمگـوت کـە بـاری ئـاوارەکان زۆر قورسـە و هەرێـم بـە تەنیـا شـانی داوەتـە بـەر و یارمەتییەکانـی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی لـە ئاسـتی پێویسـت نیـن و حکوومەتـی عێراقیـش بـە هیـچ شـێوەیەك هاوکاریـی هەرێمـی نەکـردووە. بـە بـان کـی مۆنـم گـوت، بەغـدا ئـاوارە عێراقییـەکان بـە هاووڵاتیـی خـۆی نازانـێ بۆیـە یارمەتییـان نـادات.

٣٠- (بان کی مۆن) دیپلۆماتکار و وەزیری پێشووی دەرەوەی کۆریای باشوور کە لە لە ساڵی ٢٠٠٦ هەتا کۆتاییەکانی ٢٠١٦ بۆ ماوەی دە ساڵ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

# نائومێدبوونی کورد لە عێراقی تازەدا

من هەر لە ساڵی ٢٠١٠ـەوە هەستم بەوە کرد کە عێراقی تازەی دوای ٢٠٠٣ بەرەو هەڵدێر و تاکڕۆیی دەڕوا و لە زۆر کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و لێدواندا ئاماژەم بەو مەترسییە دا، هەوڵم دا هەموو لایەک ئاگادار بکەمەوە کە ئەگەر پێشێلکاریی دەستوور بەردەوام بێت و ڕەچاوی شەراکەت نەکرێت، عێراق تووشی نەهامەتیی زۆر گەورە دەبێت. بە داخەوە هۆشداری و ئامۆژگارییەکان بە هەند وەرنەگیران و ڕەوشی عێراق و پێوەندییەکانی هەرێم و بەغدایش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەی زیاتری تێدەکەوت.

گەلی کوردستان پرسیاری ئەوە بوو دەبێ چ ڕێگایەک بگرینە بەر؟ چارەی بنەڕەتی دەبێ چۆن بێ؟ لە سەردەمی پاشایی و کۆماری و بەعسدا شەراکەتی کورد ژێر پێ خرا و گەلی کوردستان جینۆساید کرا. لە عێراقی فیدراڵی و دیموکراتیی دوای ٢٠٠٣ـیشدا هیچ هیوایەک نەماوە. کورد دەبێ چی بکات؟ ئایا سەدەیەکی

تریش شـەڕ بـکات؟ نـە ئێمـە دەتوانیـن لـە ڕێگـەی شـەڕ کۆتایـی بـە دەوڵەتـی عێـراق بهێنیـن و نـە حکوومەتەکانـی عێراقیـش توانیویانـە بـە زەبروزەنـگ و ئابلۆقـە و جینۆسـایدکردن کۆتایـی بـە گەلـی کوردسـتان بهێنـن و بیتوێننـەوە. باشـە بۆچـی ئـەو دۆزەخـە بـەردەوام بێت؟ بـۆ دەبـێ هـەر شـەڕ و کێشـە و ململانـێ لـە نێوانمـان هەبێـت؟ بـۆ بیـر لـە ڕێگایەکـی تـر نەکەینـەوە بـۆ ئـەوەی ئاشـتی و برایەتـی بـۆ هەمیشـە لـە نێوانمانـدا بەرقـەرار ببێـت؟

ئەزموونـە مێژووییـەکان پێـمان دەڵێـن کـە لێکترازاندنـی بـەزۆری میللەتـان، سـەر ناگرێـت. بـە هەمـان شـێوەش پێکەوەلکاندنـی بـەزۆری میللەتـان ئەنجامـی نابێـت. لـە دوای دووەم شـەڕی جیهانیـدا ئەڵمانیـا لـە لایـەن هێـزە هاوپەیمانەکانـەوە بەسـەر دوو بەشـی ئەڵمانیـای ڕۆژهـەڵات و ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوادا دابـەش کـرا. ئەگەرچـی ئـەم دابەشـکردنە چەنـد دەیـەی خایانـد، بـەڵام سـەرئەنجام لـە کۆتایـی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا بـە ڕووخاندنـی دیـواری بەرلیـن کۆتایـی بـەم دابەشـکارییە زۆرەملێیـە هێـنرا و ئێسـتا هـەردوو بەشـی ئەڵمانیـا یەکیـان گرتووەتـەوە. ئـەم بابەتـە بـۆ چیـك و سـلۆڤاکیایش بـە شـێوەیەکی تـر بـوو. چیـك و سـلۆڤاکیا پێشـتر بـە زۆر لێـك دران و دەوڵەتـی چیکۆسـلۆڤاکیای لـێ کەوتـەوە. بـەڵام دواتـر لـە یەکـتر جیـا بوونـەوە و ئێسـتا دوو دەوڵەتـی جیـان و بـە ئاشـتی لـە تـەك یەکـتردا دەژییـن.

بـە زۆر پێکەوەلکاندنـی پێکهاتەکانـی عێراقیـش لـە سـەد سـاڵی ڕابـردوودا کارەسـاتی گـەورەی لـێ کەوتووەتـەوە. ڕەنگـە دوو بـرا لەنـاو یـەك ماڵـدا تووشـی کێشـە و ناکۆکـی بـبن. بـەڵام ئەگـەر بـراکان ماڵیـان جیـا بکەنـەوە کۆتایـی بـە ناکۆکییـان دێـت و تـا هەتـا بـرا و پشـتی یەکـتر دەبـن. ئەمـە چارەسـەرێکی بنەڕەتـی بـوو بـۆ پێوەندیـی نێـوان کوردسـتان و بەشـەکانی تـری عێراقیـش. هەڵبـەت ئـەم

پرسـیارانە ببوونـە باسـی ڕۆژانـەی خەڵکـی کوردسـتان و ناوەنـدە سیاسـییەکان. بۆچـی بـە لێکتێگەیشـتن و برایانـە نەبینـە دوو بـرا و دوو دراوسـێ و تاهەتایـە لـە تەنیشـت یەکتر بـە ئاشـتی نەژییـن؟ بـۆ نەبینـە پشـتی یەکـتر و قووڵاییـی سـتراتیژی و ئابـووری و ئەمنیـی یەکـتر؟

بـۆ نەبینـە تـەواوکاری بووژانـەوە و پێشـکەوتنی ئابـووری و بوارەکانـی تـر لـە ناوچەکەمـان و بـۆ هەمیشـە کۆتایـی بـە کارەسـات و گرفتـە ئاڵۆزەکانمـان نەهێنیـن؟ ئـەم پرسـیارانە بۆیـە هاتنـە ئـاراوە چونکـە بـە داخـەوە ڕێـگای تریـان بـۆ گەلـی کوردسـتان نەهێشـتەوە تـا بتوانیـن بـە ئاشـتی و بەبـێ کێشـە لەنـاو دەوڵەتـی عێراقـدا بژیـن. هەمـوو ڕێگاکانمـان تاقـی کردنـەوە، بـەڵام ئەنجامەکـەی شکسـت بـوو. بـە درێژاییـی چەنـد سـاڵای ڕابـردوو ئـەم ڕاسـتییەم لەگـەڵ زۆر لـە کەسـایەتی و بەرپرسـانی عێراقـی و هەروەهـا کەسـایەتی و دیپلۆماتـکارە بیانییەکانـدا بـاس کـردووە. پێـم ڕاگەیانـدووە کـە ئێمـە ڕووبـەڕووی کێشـەیەکی چارەنەکـراوی سـەد ساڵەین. مانـدوو بوویـن و چیـتر ئـەو توانایەمـان نەمـاوە لەگـەڵ کێشـە و قەیـران و شـەڕدا هـەڵ بکەیـن. ئێـوە وەرن پێـمان بڵێـن کـە گەلـی کـورد چـی تـر بـکات بـۆ ئـەوەی عێـراق بـە یەکپارچەیـی بمێنێتـەوە و گەلـی کوردسـتان چ ڕێگایەکـی تـر تاقـی بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانـێ لـە عێراقـدا بمێنێتـەوە. تاکـە زامنـی مانـەوەی ئێمـە لەگـەڵ عێراقـدا دەسـتوورە. دەسـتووریش پێشـێل کـراوە و ڕۆژانـە زێدەڕۆیـی بەسـەر داوا و مافەکانـی خەڵکـی کوردسـتاندا دەکرێـت.

بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد هەرگیـز کێشـەی لەگـەڵ بـرا عەرەبەکانمـان نەبـووە. کێشـەی ئێمـە لەگـەڵ ڕژێمـەکان و عەقڵیەتـی حوکمـڕان بـووە لـە عێراقـدا. هـەر لەسـەر بڕوابـوون بـەو بنەمایـەش کـە دروشـمی سـەرەکیی شۆڕشـی ئەیلـوول، دیموکراسـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان بـووە. بـە درێژاییـی خەبـات و

شۆڕشی گەلی کورد تەنانەت یەك جاریش شۆڕشی کورد پەنای بۆ کردەی تیرۆریستی یان ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی سڤیلی عەرەب نەبردووە، بۆ ئەوەی گرفتی سیاسیی نێوان ئێمە و حکوومەت نەکرێتە گرفتێکی نەتەوەیی. ئەگەر ئەو گرفتانەی ئێستا هەن هەر وا بمێننەوە، ئەوا ئەگەری زۆرە گرفتەکان ببنە کێشە و ناکۆکیی نەتەوەیی و ئەتنیکی و کارەساتە ڕاستەقینەکە ئەوکات دەست پێ دەکات.

هەر لەو میانەیە و هاوکات لەگەڵ شەڕی داعشدا، بە داخەوە دەمانبینی کە بە مەبەست شەپۆلێك هەیە بۆ ئەوەی شەقامی عەرەبی لە دژی کورد هان بدەن. ئەوە کارێکی نابەرپرسانە و بێویژدانانە بوو کە هەندێک لایەنی عێراقی دەیانەویست بەمجۆرە و لەسەر دژایەتیکردنی مافەکانی کورد پێگە و دەنگ بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەمانە هەمووی زەنگی مەترسیی جیددی بوون کە داهاتووی عێراق تاریکتر و نادیارتر بکات. بە پێشکەوتن و ئاوەدانی و بووژانەوەی ژیان لە هەرێم تەنگاو بوون. دەیانگوت کوردەکان دەوڵەمەند بوونە و پارە و نەوتی عێراق دەبەن. کەچی دەوڵەتی عێراق سەد ساڵە نەوتی کوردستان دەبات و بە نەوتی کوردستان بووە دەوڵەت و چەکی پێ کڕی و شەڕی کورد و دراوسێکانیشی پێ کرد.

لەم بارودۆخەدا ئێمە بە تەواوەتی نائومێد بووین کە لەگەڵ عێراقدا بمێنینەوە. پێویست بوو بە ئاشکرایی باسی مافی ڕەوای گەلی خۆمان بکەین کە سەربەخۆیی و سەروەرییە. گەلی کوردستان هەموو ئەو بنەما سەرەکییانەی هەیە بۆ ئەوەی وەك گەلانی تری جیهان دەوڵەتی خۆی هەبێت. بەڵام دەبێ پیادەکردنی ئەو مافە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لە ڕێی دیالۆگەوە بێت لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان. ئەوەشمان باش دەزانی کە ماف ئەگەر

نەسەندرێت، نادرێت. ئەگەر کوردستان چاوەڕێی ئەوە بێت کە لەسەر سینییەکی زێڕین سەربەخۆیی پێشکەش بکرێ، بە دڵنیاییەوە هەرگیز ئەو چاوەڕوانییەی نایەتە دی.

ئێمە لە ١٩٩١ بەملاوە، بۆ دراوسێکان سەلماندمان کە سەرچاوەی هەڕەشە نین. دراوسێکان پێشتر بە گومان و بە چاوی هەڕەشەوە سەیری بابەتی فیدراڵیزمیان دەکرد. لەناو عێراقیشدا بە هەمانشێوە دوودڵی و دوژمنکاری بەرانبەر سیستمی فیدراڵی هەبوو. بەڵام مانای فیدراڵیزم زۆر سادە بوو. فیدراڵیزم دابەشکردنی دادپەروەرانەی هێز و سامانە کە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان پێڕۆ دەکرێ کە فرەپێکهاتە و فرەنەتەوەن.

لە ٢ی شوباتی ٢٠١٥ لە کۆنفرانسی میونشن[٣١]، ژمارەیەك لە سەرکردەکانی وڵاتانم بینی. لە نێوانیاندا خاتوو ئەنگێلا میرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا. سەرۆك و سەرکردەکانی وڵاتان هەر هەموویان سەرسام بوون بە سەرکەوتن و قارەمانێتیی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆر. هەستم کرد وەك پێشان باسکردنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان بە لای کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە تابۆ و قەدەغە نییە. دەکرا ڕاشکاوانە باسی ئەو مافە سرووشتیەی گەلی کوردستان بکرێت. هەر لە کۆنفرانسی میونشن بابەتی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆییم لەگەڵ عەبادیی سەرۆك وەزیرانی عێراق باس کرد و پێم ڕاگەیاند، دەبێ ئەو بابەتە بە لێکتێگەییشتن و دیالۆگ و ئاشتیانە چارە بکرێت.

---

٣١- کۆنفرانسی ئاساییشی میونشن، کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی بەرفراوانە کە ساڵانە بە بەشداریی نوێنەرانی وڵاتان لە بوارەکانی سیاسیی، ئابووریی، سەربازیی و هەواڵگریی لە شاری میونشنی ئەڵمانیا بەڕێوە دەچێت.

## سەردان بۆ ئەمەریکا

لە مانگی ئایاری ٢٠١٥دا سەردانی ئەمەریکامان کرد و لەگەڵ سەرۆک ئۆباما و جۆ بایدن کە ئەوکات جێگری سەرۆک بوو، کۆ بووینەوە. بەر لە سەردانەکە لەگەڵ تێکڕای پارتە سیاسییەکانی کوردستان کۆ بوومەوە و پرسیارم لێ کردن ئایا پێیان باشە بابەتی سەربەخۆیی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا باس بکەم. هەموو لایەنەکان پێیان باش بوو کە لەگەڵ سەرۆک ئۆباما باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەم.

دوای بەدەستهێنانی ئەو پشتگیرییە سیاسییەی لایەنەکانی هەرێم، ئامادەکارییەکان بۆ سەردانەکەمان بۆ ئەمەریکا ئەنجام دران. لە سەفەرەکەدا بە مەبەست ویستم قوباد تاڵەبانیی جێگری سەرۆکی حکوومەت کە کوڕی خوا لێی خۆش بێ مام جەلالە و دەرباز کۆسرەت کە وەزیری حکوومەت و کوڕی کۆسرەت ڕەسووڵ و هەروەها مستەفا سەیدقادر کە لە بزووتنەوەی گۆڕان

بوو و وەزیری پێشمەرگە بوو، لەگەڵ ئەو شاندە کوردستانییە بن کە سەردانی کۆشکی سپی دەکەین. ویستم ئەوان دواتر شاهیدیی ئەوە بدەن کە لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و بەرپرسە ئەمەریکاییەکان چۆن باسی سەربەخۆیی و مافەکانی گەلی کوردستانم کردووە و هەڵوێستی ئەمەریکایش ببینن و بۆ حزبەکانیان و جەماوەری خۆیان باسی بکەن. ویستم ئەوانم لەگەڵ بن و شاهید بن بۆ ئەوەی دواتر کەس نەڵێ سەربەخۆیی بابەتێکی شەخسیی مەسعود بارزانییە. بەڵکو، ئەوە بزانن کە سەربەخۆیی پەیوەستە بە ژیان و چارەنووسی هەموو هاووڵاتیان بە بێ جیاوازیی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و مافی هەمووانە.

بەپێی خشتەی سەردانەکەی شاندی هەرێم بۆ ئەمەریکا ڕۆژی سێشەممە ٥ی ئایاری ٢٠١٥، لە کۆشکی سپی سەرۆك ئۆباما پێشوازی لێ کردین. لە کۆبوونەوەکەدا جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئامەریکا و باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و چەند ڕاوێژکارێکی کۆشکی سپی ئامادە بوون. زۆر بە ڕاشکاوی موعاناتی سەد ساڵەی گەلی کوردستانم بۆ سەرۆك ئۆباما باس کرد و پێم گوت، ئێمە هەموو ڕێگەیەکمان تاقی کردووە و لەم دۆخە ماندووین. گەلی کوردستانیش سەد ساڵە قوربانی دەدات و بەپێی هەموو یاسا و عورفە ئاسمانی و مرۆڤییەکانیش مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و خۆی ببێتە خاوەنی بڕیاری خۆی و ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر کە بە باشی دەزانێت. پێم گوت کە ئێمە بەرەو ڕیفراندۆم دەڕۆین، بەڵام ئێستا ئەولەویەتی سەرەکیی ئێمە شەڕی داعشە. بەغدا شەراکەتی پێ قبووڵ ناکرێ و ئێمەیش ناتوانین پاشکۆبوون قبووڵ بکەین. ئەگەر ئەو سیاسەتەی بەغدا بەردەوام بێت ئێمە ناتوانین بەم جۆرە لەگەڵیان بەردەوام بین؛ سەرۆك ئۆباما زۆر بە باشی گوێی بۆ قسەکانم گرتبوو. گوتی لەبارەی کوردم خوێندووەتەوە و ئاگاداری مێژووی کورد و خەبات و نەهامەتییەکانی

گەلی کوردستانم. لە نیاز و تەمای گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی تێدەگەم، بەختەوەریشم کە لێتان دەبیستم لە ئێستادا ئەولەوییەت ڕامالین و نەهێشتنی داعشە. سەرۆک ئۆباما گوتیشی دۆسیەی کورد و عێراق لە دەستی جێگری سەرۆک (جۆ بایدن)ـە. لەگەڵ جێگری سەرۆک دانیشن و قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن.

ڕۆژی دواتر لە ٦ـی ئایاری ٢٠١٥ بۆ نانی بەیانی میوانی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بووم. دانیشتنێکی درێژمان هەبوو کە چەند سەعاتێکی خایاند. زۆر بە وردی گفتوگۆمان لەبارەی مێژووی هاوبەشی سەدساڵەمان لەگەڵ عێراق و بابەتی سەربەخۆیی کوردستان کرد. ئەو تێڕوانینی وڵاتەکەی لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان و کێشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە وردی خستەڕوو و لە کۆتاییی قسەکانیشیدا پێی گوتم، "من و تۆ هەردووکمان لە تەمەنی خۆماندا سەربەخۆییی کوردستان بە چاوی خۆمان دەبینین.

" هەر لەو سەردانەدا لە ئەمەریکا لەگەڵ ئاشتن کارتەر، وەزیری بەرگری و ژمارەیەک کۆنگرێسمانی ئەمەریکادا کۆ بوومەوە. هەروەها لەگەڵ سەرۆکی ژووری ئابووریی ئەمەریکا و ژمارەیەک لە ئاکادیمی و میدیاکاران و ڕەوەندی کورد لەو وڵاتە دیدارم هەبوو. لە هیچ کامێک لەو دیدارانەدا کەس نەیدەگوت نابێ ڕیفراندۆم بکەن یان نابێ بەرەو سەربەخۆیی بڕۆن، تەنیا پرسیاری کاتەکەیان دەکرد. بەرپرس و سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا زۆر سوپاسگوزاری فیداکاریی پێشمەرگە بوون و پێزانینیان بۆ خۆڕاگریی گەلی کوردستان و دڵفراوانیی خەڵکی کوردستان هەبوو لە حەواندنەوەی سەدانهەزار ئاوارەی بێ نەوا کە بە هۆی هەڕەشە و ستەمکاریی تیرۆریستانی داعشەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو.

دوای گەڕانـــەوەم لـــە ئەمەریـــکا، دەســـتبەجێ لەگـــەڵ لایەنـــە سیاســـییەکانی کوردســـتان دانیشـــتم و ئەنجامـــی ســـەردانەکەم بـــۆ لایەنـــەکان بـــاس کـــرد. لـــە کۆبوونـــەوە مێژووییەکـــەی ١٨ـــی ئایـــاری ٢٠١٥ـــدا لایەنـــەکان ڕا و بۆچوونـــی خۆیـــان بـــۆ پشـــتگیریکردنی پرۆســـەی ســـەربەخۆیی بـــە ئاشـــکرا دەربـــڕی. بیـــرم دێـــت هـــەر لـــەو کۆبوونەوەیـــەدا بەڕێـــز عەلـــی باپیـــر، ئەمیـــری کۆمەڵـــی ئیســـلامی سەرســـامیی خـــۆی بـــە ئەنجـــام و دەســـتکەوتەکانی ســـەردانەکەمان بـــۆ ئەمەریـــکا نیشـــان دا و گوتیشـــی: "جەنابـــی کاك مەســـعود، پێدەچـــێ بـــە دەســـتێکی پـــڕ گەڕابیتـــەوە بـــۆ کوردســـتان، ئـــەوە کارێکـــی زۆر گەورەیـــە و بەرپرســـیارێتییێکی گەورەیشـــە. ئایـــا تـــۆ ئامـــادەی ئـــەو بەرپرســـیارێتییە قبـــووڵ بکـــەی؟" لـــە وەڵامـــدا پێـــم گـــوت "بەڵـــێ مامۆســـتا بەرپرســـیارێتییەکی گـــەورە و مێژوویـــە و ئامـــادە هەڵیبگـــرم بـــەڵام، بـــە مەرجێـــك لەناوخـــۆدا تێکـــی نـــەدەن."

ڕاســـتییەکەی ئـــەو وەڵامـــەم لەبـــەر ئـــەوە بـــوو چونکـــە لـــەوە دڵنیـــا نەبـــووم کـــە ئایـــا بەشـــێك لـــە حزبـــەکان هەتـــا ســـەر لـــە پرۆســـەی ســـەربەخۆییدا لەگـــەڵ گەلـــی کوردســـتاندا دەمێننـــەوە، یـــان بـــە پێچەوانـــەوە و لـــە نیـــوەی ڕێـــدا پشـــت لـــە ویســـت و ئیـــرادەی گەلەکەیـــان دەکـــەن. مانگێـــك دوای ئـــەو کۆبوونەوەیـــە لـــە بـــری کارکـــردن بـــۆ بابەتێکـــی چارەنووســـسازی وەك ســـەربەخۆیی، بینیـــمان کـــە حیزبـــەکان لـــە پارلەمـــان ســـەرقاڵی دروســـتکردنی قەیـــران و کۆدەتـــا بـــوون و ڕووداوەکانـــی بیســـت و ســـێی حوزەیـــران و دواتـــری لـــێ کەوتـــەوە. ئەگـــەر لـــە ســـاڵی ٢٠١٥ لایەنـــەکان کاریـــان بـــە بەڵێنەکانـــی خۆیـــان کردبـــا و بـــەرەو قەیرانســـازی نەڕۆیيشـــتبان، ئێســـتا هەموومـــان لـــە دۆخێکـــی تـــردا بوویـــن. بینیشـــمان لـــە ڕیفراندۆمـــی ٢٠١٧ چـــۆن هەنـــدێ لایـــەن بـــە هەمـــوو هێـــزەوە لـــە دژی ڕیفرانـــدۆم وەســـتان و ڕووداوەکانـــی دوای ڕیفراندۆمیـــش گەواهییـــن بـــۆ ســـەلماندنی ئـــەو ترســـەی مـــن کـــە بـــەردەوام هەمبـــووە.

## سەردان بۆ بەغدا

لە ٢٩ـی مانگی ئەیلوولی ٢٠١٦ کە داعش دوچاری شکستی یەک لە دوای یەک و لاواز بوو، لەگەڵ شاندێکی باڵای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەردانی بەغدامان کرد.

یەکەم وێستگەی سەردانەکەمان دیتنی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی عێراق بوو. لەگەڵ عەبادی باسی تەحەدییاتی هاوبەشی عێراق و هەرێممان کرد کە بریتی بوو لە شەڕی داعش و مەسەلەی ئاوارەکان. پێشمڕاگەیاند کە شاندی کوردستان بۆ ئەوە هاتووە ڕۆشنایی بخاتە سەر ئاییندەی پێوەندییەکان و جۆری پێوەندی و هەوڵی هاوبەشی هەردوو لا بۆ سەقامگیری و ئاساییش و بووژانەوەی ئابووری و دووبارە ئاوەدانکردنەوە. ویستمان بە سەرۆک وەزیرانی عێراق بڵێین کە هاتووین بە زمانی لێکتێگەییشتن و دیالۆگ و نیەتێکی سافەوە لەبارەی ئاییندەوە قسە بکەین و عێراق و هەرێم ببنە قووڵاییی بەرژەوەندی و ستراتیژیی یەکتر.

هەر هەمان ڕۆژ دیدارێکی بەرفراوانمان لەگەڵ کەسایەتییە عێراقییەکان و سەرۆک کوتلە سیاسییەکانی عێراقدا هەبوو و داوام لێ کردن، بۆ نەهێشتنی کێشەکان بیر لە ڕێچارەیەکی بنەڕەتی بکرێتەوە. هەروەها دیدارمان لەگەڵ کوتلەی سەدر و ئیتیلافی نیشتیمانی و ئیئتیلافی عەرەبی و سەرکردە سوننەکان و سەرکردایەتیی حزبی دەعوە هەبوو. ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانمان لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە شیعەکان لە ماڵی سەید عەمار حەکیم ئەنجام دا.

لەو کۆبوونەوەیەدا وتەیەکم پێشکەشی ئامادەبووان کرد و باسم لەوە کرد کە هاتنی ئێمە پەیامە بۆ چارەکردنی گرفتە سەد ساڵەکەی نێوانمان. بە هەوڵی هەموو لایەك وا داعش ڕووی لە شکستە و پێویستە خۆمان بۆ قۆناغی دوای داعش ئامادە بکەین. بە ڕاشکاوی بۆ نوێنەر و کەسایەتییە شیعەکانم ڕوون کردەوە کە کورد لە دوای ٢٠٠٣وە وایدەزانی دەستوور بنەمای پرۆسەی سیاسی و ژیانی تازەیە. بە داخەوە ترازانێك دروست بووە و وای لێهاتووە ئەو شیعەیە کە بە پاک و باش وەسف دەکرێت، دژایەتیی مافەکانی کورد بکات. بەشی ئێمە لە شەراکەت لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ٤٥٠٠ گوندی وێران و ١٢٠٠٠ گەنجی کوردی فەیلی بێسەروشوێن و ٨٠٠٠ ئەنفالی بارزانی و ١٨٠٠٠٠ هاووڵاتی تر لە نەتەوەی کورد ئەنفال کراون و هەزاران کوردیش بوونە قوربانیی چەکی کیمیایی.

لە پاش ١٩٩١ لەپێناو عێراق و بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەی تازە و ئاشتی، لەگەڵ تاوانبارانـدا دانیشتین و تۆقەمان لەگەڵ ئەو دەستانەدا کرد کە بە خوێنی میللەتەکەمان سوور بوون. من کە ئەو کات هاتمە بەغدا بەنێو ڕووباری خوێنی گەلەکەمدا هاتمە بەغدا. بەڵام بۆ ئەوە هاتینە بەغدا کە لەبەر خاتری عێراق و لەبەر خاتری پێکەوەژیان و ئاشتی لاپەڕەیەکی تازە هەڵدەینەوە. کەچی ئەوەیشیان پێ ڕەوا نەبینین و وەك تاوانبار سەیری

ئێمەیان دەکرد. ئێستایش بە داخەوە دوای قۆناغی ٢٠٠٣ وای لێهات شیعە کە هاوپەیمانی کورد بوو، نانی کوردی بڕی. نەدەبوا بە ئاسانی دەستیان بۆ ئەوە بچێ گەلی کورد سزا بدەن.

بە سەرکردە شیعەکانم گوت، ئێمە لە هەر دوو قۆناغ لە شەراکەت فەشەلمان هێناوە و دەبێ بە دوای چارەیەکی تازەدا بگەڕێین و داهاتوو لەسەر بنەمایەکی تر بنیات بنێین. وەرن با بە لێکتێگەیشتن ببینە دوو برا و دوو دراوسێی ڕاستەقینە، مادام ناتوانین شەریک بین. داوا دەکەین لێمان تێ بگەین. هەر لەو دانیشتنە بەرفراوانەدا زۆربەی کەسایەتییە شیعەکان لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە لە ڕابردوودا هەڵەی زۆر ڕووی داوە و دەبێ بە دوای چارەدا بگەڕێین. بەڵام هەر ڕێگەیەك و بژاردەیەك هەبێ نابێ شەڕ و خوێنڕشتن ڕوو بدات. هەر لەوێ بڕیار لەسەر ئەوە درا کە لە بەغدا لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنرێت بۆ گفتوگۆ و دیراسەکردنی پێوەندییەکان لە داهاتوودا کە ئایا شەریك بمێنینەوە یان ببینە دراوسێ، لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ لێکتێگەییشتن هەبێت.

# بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

سەردانەکەی بەغدا و گەیاندنی پەیامی هەرێم بۆ لایەنە عێراقییەکان هیچی لە دۆخەکە نەگۆڕی و حکوومەتی عێراق بەردەوام بوو لە بڕینی بودجە هەرچەندە لە شەڕی داعشدا هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەماهەنگییان هەبوو. پێشتر و بەر لە سەردانم بۆ بەغدا شاندێکی لایەنە شیعەکان کە پێکهاتبوون لە هادی عامری و خالید عەتییە و سادق ڕکابی سەردانیان کردم. بە شاندەکەم گوت، وەرن با چارەیەك بۆ ئەم دۆخە بدۆزینەوە. یان با شەراکەت جێبەجێ بکرێت یان بە شێوەیەکی ئاشتیانە ببینە دوو برا و دوو دراوسێ، یانیش بەپێی ئاماژەکان دەبێ شەڕ لە نێوانماندا ڕوو بدات. لەوێ بوو هادی عامری گوتی نەعوزو بیللا موستەحیلە نابێ شەڕ لەنێوانماندا ڕوو بدات. دواتر ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی لەبارەی جیابوونەوە هێنایەوە و گوتی: "فامساك بمعروف او تسريح باحسان"[٣٢].

---

٣٢- فامساك بمعروف او تسريح باحسان، دەستپێکی ئایەتی ٢٢٩ـی سوورەتی (بەقەرە)ـی قورئانی پیرۆزە کە باس لە بابەتی جیابوونەوە دەکات.

هەمـوو ئـەو پێشـێلکارییە دەسـتووریانەی ڕوویـان دا، لەگـەڵ پێشـێلکردنی ڕێککەوتنـەکان و تێکچوونـی تەوافـوق لـە یاسـادانان و نەمانـی تـەوازون لـە دامەزراوەکانـی دەوڵـەت و بڕینـی بودجـە و گوشـارهێنان بـۆ کوردسـتان، وای لـە ئێمـە کـرد بگەیـن بـەو بـاوەڕەی کـە ئێمـە لـە دەوڵەتـی عێراقـی دوای ۲۰۰۳ شـەریك نیـن و لـە داهاتوویشـدا بـە شـەریکمان نازانـن، بۆیـە دەبـێ بـە دوای چـارەدا بگەڕێیـن.

هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا، پێشـتر لـە ۳ـی تەمـموزی ۲۰۱٤ سـەردانی پارلەمانـی کوردسـتانم کـرد. لـە پارلەمانـی کوردسـتان وتەیەکـم پێشـکەش کـرد و تێیـدا باسـی بارودۆخـی سیاسـیی عێـراق و قەیرانـی ئـەم دواییـەم کـرد و ئامـاژەم دا، کـە کوردسـتان دە سـاڵ هەوڵـی دا پڕۆسـەی سیاسـی و دیموکراسـی و پێکەوەژیـان لـە عێراقـدا سـەربکەوێت، بـەڵام پێشـێلکردنی دەسـتوور و هـزری تاکڕەویـی و خۆسـەپاندن و پەراوێزخسـتن نەیهێشـت ئـەم هەوڵانـە سـەر بگـرن و عێـراق گەییشـتە ئـەم ڕۆژەی کـە ئێسـتا دەیبینـن. گوتیشـم کـە کوردسـتان بـە هیـچ شـێوەیەك هـۆکاری ئـەم دۆخـەی ئێسـتای عێـراق نییـە و ئەوانـەی کـە دەسـتیان هەبـووە دەبـێ بەرپرسـیارێتییەکەی هەڵگـرن. ئێسـتا کاتیەتـی کـە کوردسـتان خـۆی بڕیـار لـە چارەنووسـی خـۆی بـدات و ئـەو مافـەش دەسـتوورییە و دەسـتووری عێـراق ڕێگـەی داوە کوردسـتان چارەنووسـی خـۆی دیـاری بـکات، چونکـە لـە دەسـتووردا هاتـووە پابەندبـوون بـەم دەسـتوورە یەکپارچەیـی عێـراق دەپارێزێـت. داوایشـم لـە پارلەمانـی کوردسـتان کـرد پەلـە بکـەن لـە پەسـەندکردنی یاسـای کۆمیسـیۆنی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان و بـە زووتریـن کات دەسـتەی بـاڵای کۆمیسـیۆنی هەڵبـژاردن دابمەزرێـت، هەروەهـا پارلەمانـی کوردسـتان خـۆی بـۆ ئـەو ڕێوشـوێنانە ئامـادە بـکات کـە بـۆ ڕیفراندۆمـی دیاریکردنـی چارەنووسـی گەلـی کوردسـتان پێویسـتە.

لـە دوای ئـەو ڕێکەوتەشــەوە پێشــێلکارییەکانی حکوومەتــی عێــراق بــەردەوام بـوون. هـەروەك پێشـتر ئامـاژەم پێـدا، هەرێـم باجێکـی گـەوەری مرۆیـی و ئابـووری لـە شـەڕی داعـش دا. میوانداریــی سـەدانهەزار ئـاوارەی کـرد. کەچـی حکوومەتـی عێـراق بـەردەوام بـوو لـە بڕینـی قووتـی خەڵـك و بـە بیانـووی جۆراوجـۆر شـانی نەدەدایـە بـەر چارەکردنـی کێشـەکان. جێـی داخ بـوو نەشمانبیسـت مەرجەعیەتـی شـیعی بـۆ یەکجاریـش ئامۆژگاریـی حکوومەتـی عێـراق بـکات تـا بودجـەی هەرێمـی کوردسـتان بداتـەوە کـە بـە ڕێکارێکـی نایاسـایی بڕیبـووی.

لـە ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنـی مووسـڵ، ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوە کـرا کـە پـاش ئـەوەی هێـزی پێشـمەرگە هێڵـی بەرگریـی داعشـی بـە درێژایـی ۱۰۷ کیلۆمەتـر شـکاند، ئینجـا ئـەو هێـزە بگەڕێتـەوە خاڵـی پێـش ۱۷ـی ۱۰ـی ۲۰۱٦ کـە ڕۆژی دەسـتپێکی ئۆپەڕاسـیۆنی ئازادکردنـی مووسـڵ بـوو. پێشـمەرگە شـەڕی کـرد و هێڵـی بەرگریـی داعشـی شـکاند و کلیلـی مووسـڵی دایـە دەسـت هێـزە عێراقییـەکان و بـە تەواوەتـی پابەنـدی ڕێککەوتنەکـە بـوو، (نەخشـەی ژمـارە ٥)، بـەڵام حەشـد و هێـزە عێراقییـەکان ڕێککەوتنەکەیـان پێشـێل کـرد. لـە ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنـی مووسـڵدا وا بڕیـار بـوو سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق بـڕی دە ملیـار دینـار وەك یارمەتـی بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە بنێرێـت بـۆ تۆکمەکردنـی هێڵـی نوێـی پێشـمەرگە، کەچـی ئـەو بەڵێنەشـی پشـتگوێ خسـت.

جگـە لـە هەمـوو ئەوانـەش ئێمـە زانیاریـمان هەبـوو کـە هێـزە عێراقییـەکان و حەشـدی شـەعبی کـە ڕێککەوتنـی ئۆپەڕاسـیۆنی ئازادکردنـی مووسڵیشـیان پێشـێل کردبـوو، پلانـی ئەوەیـان هەیـە کـە دوای شـەڕی داعـش لـە ناوچـەکان پاشەکشـە نەکـەن و داوای ئەوەیـان لـە پێشـمەرگە دەکـرد کـە بگەڕێنـەوە بـۆ سـنوورەکانی ۲۰۰۳. لـە حاڵێکـدا سـنووری ۲۰۰۳ سـنووری نێـوان پێشـمەرگە و ڕژێمـی بەعـس بـوو و بـە هیـچ شـێوەیەك سـنوورێکی سیاسـی و ئیـداری نەبـوو. / (نەخشـەی ژمـارە ٦).

پلانـی ئەوەیـان هەبـوو کـە شـنگال و ناوچەکانـی تـری ١٤٠ کـە پێشـمەرگە بـە خوێنـی خـۆی بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ پاراسـتبوونی بگرنـەوە. جگـە لـەوەش داعـش لـە تەلەعفـەر[٣٣] شـەڕی نەکـرد و بەبـێ شـەڕ شـارەکەی بـۆ حەشـد چـۆڵ کـرد. هەورەها ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنـی حەویجـە بـە بیانـووی جۆراوجـۆر دواخـرا.

مەترسـیی دواخسـتنی ئۆپەراسـیۆنی ڕزگارکردنـی حەویجەمـان بـۆ دوای ئازادکردنـی مووسـڵ لەبەرچـاو بـوو. دواخسـتنی دواییـن مەنزڵـگای داعـش (حەویجـە)[٣٤] ئاماژەیەکـی ڕوون بـوو کـە دەیانـەوێ دوای ئازادکردنـی هەمـوو شـوێنەکان لـە داعـش بـە نـاوی ئازادکردنـی حەویجـە و بـەو بیانـووەوە هێزێکـی زۆر بهێننـە دەوروبـەری کەرکـووك. چونکـە لـە بنەڕەتـدا مەبەسـتیان بـوو کەرکـووك لـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی پێشـمەرگە دەربێنـن. پێشـێلکردنی ڕێککەوتنـی ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنـی مووسـڵ ئامـاژە و پەیامـی مەترسـیداری تێـدا بـوون.

ئێمـە کـە بـە نیەتێکـی سـاف هەماهەنگـی و هاوکاریـمان کـرد بـۆ گرتنـەوەی مووسـڵ، بـە هیـچ شـێوەیەك بیرمـان لـەوە نەدەکـردەوە ئـەوان بەمجـۆرە خیانـەت بکـەن و ڕێککەوتـن پێشـێل بکـەن و بەمشـێوەیە هەڵسـوکەوت بکـەن. پێشـبینیمان نەدەکـرد برایانـی شـیعە کـە لەسـەر شـانی ئێمـە و بـە هاوکاریـی ئێمـە هاتنـە سـەر دەسـتەڵات، بەرانبـەر گەلـی کـورد هەڵوێسـتیان دوژمنکارانـە بێـت. هـەر بـە هـۆی ئێمـەوە بـوو کـە ئەمەریـکا لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی پێشـوو ئامـادە بـوو لەگـەڵ بەشـێکی سیاسـەتمەدارانی شـیعە مامەڵـە بـکات. سـەرباری ئـەوەش ئێمـە لـەوە پشتڕاسـت بوویـن کـە گەلـی کوردسـتان کێشـەی تایەفـی نییـە و ناشـبێتە بەشـێك لـەو گرفتـە قووڵـەی لەگـەڵ عێراقـدا هەیـە.

---

٣٣- کەوتووەتـە ڕۆژئـاوای پارێـزگای نەینـەوا و حەفتـا کیلۆمەتـر لە شـاری موسـڵەوە دووره و نزیکەی شەسـت کیلۆمەتریـش لـە سـنووری سـووریاوە دووره و بەشـی زۆری دانیشـتوانی ئەم شـارە پێکهاتـەی تورکمانن.

٣٤- چل و هەشت کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای شاری کەرکووکەوە دووره و زۆربەی دانیشتوانی عەرەبی سووننەن.

کوردستان بنەماکانی وڵاتی هەیە و مافی خۆیەتی گوزارشت لە ویستی خۆی بکات. ئەو دەستوورەی کە بووە بنەمای پێکەوەبوونی پێکهاتەکانی عێراق پێشێل کرابوو. لە دیباچەی دەستووری عێراقیدا بە ڕوونی هاتووە کە پابەندبوون بەم دەستوورە زامنی مانەوەی عێراقە بە یەکگرتوویی.

لە ساڵانی ڕابردوودا حکوومەتی عێراقی ٥٥ ماددەی دەستووری پێشێل کردبوو. پرەنسیپەکانی شەراکەت لە حوکمڕانی و هاوسەنگی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و سوپا و ئابووری و سازان لە بڕیاردان و یاسادانان بە تەواوەتی پێشێل کرابوون. لۆژیکی سەپاندنی ڕای زۆرینە شوێنی ئەو پرەنسیپانەی گرتبوو کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزرابوو. بەپێی لۆژیکی سەپاندنی ڕای زۆرینە، ئیدی هیچ گۆڕەپانێک بۆ کورد و پێکهاتەکانی تر مانای نەمابوو. بەردەوام ڕێککەوتنەکان پێشێل دەکران. هەموو ساڵێک لە یاسای بودجەدا هەوڵ دەدرا شایستە داراییەکانی هەرێم بچووک و بچووکتر بکەن و پاشان هەر بڕیان. ئیتر هیچ پاڵنەرێکی تر بۆ ئێمە نەمابوو کە بتوانین بەردەوام بین و لەگەڵ عەقڵیەتێکدا بژیین بڕوای بەوە نییە شەریك قبووڵ بکات. پرسیار ئەوەیە مادام ڕێ نەدرێ ئێمە لە وڵاتدا شەریك بین، بە چ ئومێدێك لەو وڵاتەدا ئەندام بین؟ لە زۆر قۆناغیشدا لەبەر خاتری عێراقی تازە و لەسەر بەڵێنی ئەمەریکا چاوپۆشیمان لە زۆر لە مافەکانی خۆمان و زێدەڕۆییەکانی حکوومەتی عێراقی کردبوو.

هەموو ئەوانە هۆکار بوون تا لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان بگەینە ئەو ئەنجامە کە یان دەبێ شەریك بین لە دەوڵەتی عێراق، یانیش وەك سەدساڵی ڕابردوو هەر لە بازنەیەکی بەتاڵدا بسووڕێینەوە. کە بەغدایش نەتوانێ ئێمە وەك شەریك قبووڵ بکات، دەبێ ڕێی خۆمان بگرینە بەر.

قەیرانـی سیاسـی و ناوخۆییـش بەرۆکـی هەرێمـی گرتبـوو و هەندێـک لایـەن چوونـە بـەرەی دژی هەنگاونـان بـەرەو سـەربەخۆییەوە، بـەڵام کاتـی ئـەوە هاتبـوو کـە ڕێ بدرێـت گـەل قسـەی خـۆی بـکات و هەمـوو لایـەك بزانـن ویسـتی خەڵکـی کوردسـتان چییـە. بـۆ ئـەوەی ئـەو بیانـووەش نەمێنـێ کـە سـەربەخۆیی بـە بابەتێکـی تاکەکەسـی یـان ویسـتی لایەنێـك بزانـن. دەبوایـە بگەڕێینـەوە بـۆ باڵاتریـن سـەرچاوەی شـەرعیەت کـە ویسـت و خواسـتی گەلـە.

ئـەوە بـوو ڕۆژی چوارشـەممە ٧ـی حوزەیرانـی ٢٠١٧، لـە کۆبوونەوەیەکـی مێژووییـدا، سـەرۆکایەتیی هەرێـم و لایەنـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان و نوێنـەری پێکهاتەکانـی کوردسـتان، بڕیارێکـی مێژوویـان دا و ٢٥ـی ئەیلولـی ٢٠١٧ـیان وەك ڕۆژی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم دەستنیشـان کـرد. لـە ڕاسـتیدا بـەر لـە کۆبوونەوەکـە کـەس نەیدەزانـی کـە لـە چ ڕۆژێکـدا ڕیفرانـدۆم ئەنجـام دەدرێـت. دیاریکردنـی ئـەو ڕۆژە لەسـەر پێشـنیازی لایەنـە سیاسـییەکان و بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن و ڕاپرسـیی هەرێمـی کوردسـتان بـوو. کۆمیسـیۆن بـە ڕەچاوکردنـی ئـەو ڕێوشـوێنانەی کـە پێویسـتە بـۆ ئەنجامدانـی پرۆسـەیەکی وەهـا مـەزن پێویسـتی بـە کات بـوو. نوێنەرانـی کۆمیسـیۆن کـە لـە کۆبوونەوەکـەدا ئامـادە بـوون ڕایانگەیانـد، لـە نێـوان بیسـت تـا سـیی ئەیلـوول ئـەوان دەتوانـن پرۆسـەکە ئەنجـام بـدەن. کۆبوونەوەکـەش ڕۆژی ٢٥ـی ئەیلولـی بـۆ بەڕێوەچوونـی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم دەستنیشـان کـرد. شـیاوی ئاماژەپێدانـە لایەنـە سیاسـییەکان لـە کۆبوونەوەکـەدا پێداگرییەکـی زۆریـان لەسـەر ئـەوە کـرد کـە پێویسـتە ڕیفرانـدۆم لـە کەرکـووك و ناوچەکانـی تـری ١٤٠ بکرێـت.

هـەر لـە کۆبوونەوەکـەدا دوای دیاریکردنـی ئـەو ڕۆژە، ئامادەبـوان لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن کـە بـۆ مسـۆگەرکردنی کۆدەنگیـی نیشـتیمانی، پارلەمانـی کوردسـتان

کارا بکرێتـەوە و هەوڵـی نەهێشـتنی کێشـە سیاسـییە ناوخۆییـەکان بدرێـت. لـە هەمـان کاتیشـدا کار بـۆ باشـترکردنی بژێویـی ژیانـی خەڵـك و مووچەخـۆر و چینوتوێژەکانـی کوردسـتان بکرێـت. کۆبوونەوەکـە بڕیاریشـی دا ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بـە سـەرۆکایەتیی سـەرۆکی هەرێـم پێـك بهێنرێـت و حزبـەکان لـە مـاوەی پێنـج ڕۆژدا نوێنەرەکانیـان بـۆ کۆمیتـە تایبەتەکانـی ڕیفرانـدۆم دیـاری بکـەن.

ئـەو حیزبانـەی ئیمزایـان لەسـەر کۆنووسـی کۆبوونەوەکـە کـرد بریتـی بـوون لـە: پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان، یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان، بزووتنـەوەی ئیسـلامیی کوردسـتان، حیزبـی شـیوعیی کوردسـتان، حیزبـی سۆسیالیسـت دیموکراتـی کوردسـتان، حیزبـی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان، پارتـی کرێـکاران و ڕەنجدەرانـی کوردسـتان، پارتـی چاکسـازیی پێشـکەوتووی کوردسـتان، لیسـتی هەولێـری تورکمانـی، بـەرەی تورکمانیـی عێـراق، پارتـی گەشـەپێدانی تورکـمان، لیسـتی ئەرمـەن لـە پارلەمانـی کوردسـتان، بزووتنـەوەی دیموکراتـی ئاشـووری، ئەنجوومەنـی گەلـی کلـدان سریـان ئاشـوور. دوای تەواوبوونـی کۆبوونەوەکـە لـە ڕاگەیێندراوێکـدا گەلـی کوردسـتان لـەو بڕیـارە مێژووییـە ئـاگادار کرانـەوە. دەقـی ڕاگەیێندراوەکـە بەمشـێوەیەی خـوارەوە بـوو:

> ڕۆژی چوارشـەممە ٧ـی ٦ـی ٢٠١٧ لـە سـەلاحەددین نوێنـەرە باڵاکانـی پارتـە سیاسـییەکانی نـاو پارلەمـان و حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە ئامادەبوونـی جێگـری سـەرۆکی هەرێـم و سـەرۆکی حکوومـەت و سـەرۆك و جێگـری کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکانـی کوردسـتان سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کـۆ بوونـەوە.
>
> لـە کۆبوونەکـەدا بـە تێروتەسـەلی بابەتـی ڕیفرانـدۆم و هەڵبژاردنـی پارلەمانی کوردسـتان و کێشـە سیاسـییەکانی ناوخـۆی هەرێـم و بارودۆخی

ناوچەیـی و جیهانـی تاوتـوێ کـران و ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە بیروبۆچوونـی خۆیـان لەسـەر پێویسـتیی ڕیفرانـدۆم و چارەکردنـی کێشـە ناوخۆییەکانـی هەرێـم و بارودۆخـی زاتـی و مەوزووعیی هەرێمی کوردسـتان خسـتەڕوو.

هـەر لـەم کۆبوونەوەیـەدا ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە بـە تێکـڕای دەنـگ لەسـەر ئـەم خاڵانـە ڕێککەوتـن:

یەکـەم: ڕۆژی بیسـتوپێنجی ئەیلوولـی ٢٠١٧ وەك ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم دیـاری کرا.

دووەم: هـەر لـە ڕۆژی کۆتاییـی کۆبوونەوەکە هەتا کاتـی بەڕێوەچوونی ڕیفرانـدۆم لایەنـەکان کار بـۆ کاراکردنـەوەی پارلەمـان و چارەکردنـی کێشـە سیاسـییەکان بکـەن، ئـەوەش لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی کۆدەنگیـی نیشـتیمانی.

سـێیەم: جەخت لەسـەر چاککردنـەوەی بژێویـی خەڵـك و ئاوڕدانەوە لـە کێشـە ئابوورییەکانـی هاوڵاتیانـی کوردسـتان و مووچەخـۆر و چینوتوێـژەکان و خەڵکـی کەمداهـات کرایـەوە.

چـوارەم: بڕیـار درا بـە پێکهێنانـی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بـە سـەرۆکایەتیی سـەرۆکی هەرێـم. هەروەهـا بڕیـار درا تـا ڕێککەوتـی ١٢ـی ٦ـی ٢٠١٧ پارتییـە سیاسـییەکان نوێنـەری خۆیـان بـۆ بەشـداربوون لـە چەنـد کۆمیتـەی تایبـەت بـە ڕیفرانـدۆم و دوای ڕیفرانـدۆم دیـاری بکـەن.

- پارتیی دیموکراتی کوردستان
- یەکێتیی نیشـتیمانیی کوردستان

- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
- بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
- حیزبی شیوعیی کوردستان
- حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتیی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
- پارتیی چاکسازیی پێشکەوتووی کوردستان
- لیستی هەولێری تورکمانی
- بەرەی تورکمانیی عێراق
- پارتیی گەشەپێدانی تورکمان
- لیستی ئەرمەن لە پارلەمانی کوردستان
- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
- ئەنجوومەنی گەلی کلدان سریان ئاشوور

ڕۆژی دواتریش بە فەرمانی هەرێمیی ژمارە ١٠٦ لە ٨ی ٦ی ٢٠١٧ بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمم دەرکرد کە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بەڕێوە بچێت و کۆمیسیۆنی بالای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمم بە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە ڕاسپارد.

لە فەرمانەکەدا سنووری ئەو ڕاپرسییە هەرێمی کوردستان و ناوچە ئیدارییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دیاری کرابوو و پرسیاری ڕاپرسییش بەمشێوەیە بوو، "ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟". وەڵامی پرسیارەکەیش بە بەڵێ یان نەخێر لە لایەن هاووڵاتیانەوە بدرێتەوە. فەرمانەکە کۆمیسیۆنیشی ڕاسپاردبوو بۆ ئەوەی بوار بۆ ڕەخساندنی هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق کە

لــە دەرەوەی وڵاتــن بتوانــن بەشــداری ڕیفرانــدۆم بــن. لــە فەرمانــە هەرێمییەکــەدا ئــەوەش هاتبــوو کــە دامــەزراوە حکوومــی و حیزبییــەکان بــە هیــچ شــێوەیەك بۆیــان نییــە دەســتوەردەنە کاروبــاری بەرپرســـان و سەرپەرشــتیاران و ئەنجامدەرانــی پڕۆســەی ڕاپرســییەوە. فەرمانەکــە پێشــەکی و ســێزدە خاڵــی لەخــۆ گرتبــوو و لــە پێشــەکییەکەیدا ئــەو هۆکارانــە ڕوون کرابوونــەوە کــە لــە پشــتەوەی دەرکردنــی فەرمانــە هەرێمییەکــەدان بــۆ ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم.

لــە دوای ئــەو هەنــگاوە لــە ١٠ــی حوزەیرانــی ٢٠١٧ لــە ســەلاحەددین لەگــەڵ ١٩ حیــزب و لایەنــی سیاســیی دەرەوەی حکوومــەت و پارلەمانــی کوردســتان کــۆ بوومــەوە و دوای شــیکردنەوەی هۆکارەکانــی بڕیــاری ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم، ئامادەبوانــی کۆبوونەوەکــە داوایــان کــرد کــە ڕۆڵیــان هەبێــت لــە ئامادەکارییەکانــی پڕۆســەی ڕیفرانــدۆم و جەختیــان لــەوە کــردەوە کــە هەمــوو توانــا سیاســی و جەماوەرییەکانیــان دەخەنــە خزمــەت پڕۆســەی ســەرخســتنی ڕیفراندۆمــی گەلــی کوردســتان. لایەنــە سیاســییە بەشــداربووەکانی ئــەو کۆبوونەوەیــە بریتــی بــوون لــە: (یەکێتیــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان، بزووتنــەوەی دیموکراتــی گەلــی کوردســتان، پارتــی نەتەوەیــی کوردســتان، بزووتنــەوەی ئاشــتیخوازانی کوردســتان، پارتــی پێشــکەوتنخوازی دیموکراتــی کوردســتان، بزووتنــەوەی ڕزگاریــی دیموکراتــی کوردســتان، حیزبــی بێــت نەهرێنــی دیموکراتــی، حیزبــی ئیتیحــادی دیموکراتی کلدانــی، ئەنجوومەنــی نەتەوەیی کلــدان، پارتــی نیشــتیمانیی ئاشــووری، یەکێتیــی بێــت نەهرێنــی نیشــتیمانی، مینبــەری دیموکراتــی کلدانــی، بزووتنــەوەی دیموکراتــی تورکــمان، بزووتنــەوەی تورکمانــی بێلایــەن، پارتــی دیموکراتــی تورکمانــی کوردســتان، کۆمەڵــەی ڕۆشــنبیریی تورکــمان لــە کوردســتان، پارتــی گەلــی تورکــمان، کۆمەڵــەی لیبڕاڵــی تورکــمان، پارتــی ڕزگاریــی نەتەوەییــی تورکمانــی).

هەروەهـا بـە مەبەسـتی هەنگاونانـی پراکتیکیـی زیاتـر و ڕێکخسـتنی ڕاگەیاندنـەکان و کاروبـاری ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم و جێبەجێکردنـی ڕاسپاردەکانی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفرانـدۆم لـە ١١ـی ئەیلوولـی ٢٠١٧ فەرمانـی هەرێمیـی ژمـارە ٤ـم ئیمـزا کـرد، ناوەرۆکـی ئـەو فەرمانـە بڕیارێکـی شـەش خاڵـی بـوو. لـە بڕیارەکـەدا سـکرتاریەتی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم پێـك هێنـدرا، ئەرکـی سـکرتارییەتەکە بریتـی بـوو لـە ڕێکخسـتنی کۆبوونەوەکانـی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم و دیکۆمێنتکردنیـان و هەروەهـا ئامادەکردنـی ئەجێنـدای کۆبوونـەوەکان و بەدواداچـوون بـۆ بڕیارەکانـی ئەنجوومـەن و ئاگادارکردنـەوەی ئەندامانـی ئەنجوومەنـی بـاڵا لـە دەرئەنجامـەکان. ڕێکخسـتنی سـەردانی شـاندەکان و هەماهەنگـی لەگـەڵ حکوومەتـی عێـراق و دراوسـێکان و کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی ئەرکێکـی تـری ئـەو سـکرتاریەتە بـوو.

پێکهێنانـی کۆمیتـەی تایبەتـی ڕاگەیانـدن خاڵێکـی تـری ئـەو بڕیـارە بـوو. بەپێـی بڕیارەکـە کۆمیتەکـە سـێ ئەرکـی سـەرەکی لەسـەر شـان بـوو. ئامادەکردنـی پڕۆگـرام و چالاکییەکانـی ڕاگەیاندنـی ناوخـۆ و عەرەبـی و جیهانـی و ئاشـناکردنی هاووڵاتیـان لەمـەڕ پڕۆسـەی ڕیفرانـدۆم و هەروەهـا هاندانـی هاووڵاتیانـی کوردسـتان بـۆ بەشـداریکردن لـە پڕۆسـەی ڕیفرانـدۆم.

خاڵـی سـێیەمی ئـەو بڕیـارە دیاریکردنـی گوتەبێـژی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بـوو کـە دکتـۆر فـواد حوسـێن بـوو بـە گوتەبێـژی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم. خاڵـی چوارەمـی بڕیارەکـە ئامادەکردنـی ڕەشنووسـی بەڵگەنامـەی تایبـەت بـە مافـی پێکهاتـەکان لـە دەوڵەتـی داهاتـووی کوردسـتانی لەخـۆ دەگـرت. بـۆ ئامادەکردنـی ڕەشنووسـی بەڵگەنامـەی تایبـەت بـە مافـی پێکهاتـەکان لـە دەوڵەتـی داهاتـووی کوردسـتاندا لیژنەیەکـی تایبـەت پێـك هێـنرا کـە د. خەلیـل

ئیبراهیـم سەرپەرشـتیی دەکـرد. خاڵـی پێنجەمـی ئـەو بڕیـارە ئامادەکردنـی ڕەشنووسـی ڕاگەیاندنـی بنەمـا سـەرەکییەکانی دەوڵـەت بـوو لـە دەوڵەتـی داهاتـووی کوردسـتاندا کـە د. کاوە مەحمـود بـۆ ئامادەکردنـی ئـەو ڕەشنووسـە ڕاسـپێردرا و شەشـەمین خاڵـی ئـەو بڕیـارەش پێکهێنـان و ناردنـی شـاندێك بـوو بـۆ سـەردانکردنی لایەنـە عەرەبییەکانـی کەرکـووك.

لەژێـر ڕۆشـنایی کۆبوونـەوەی ٨ـی تەممـووزی ٢٠١٧ـی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم و پارتییـە سیاسـییەکان بـۆ هەنگاونانـی پراکتیکـی لـە ئامادەکارییـەکان، هەیکەلـی کاری ئەنجوومـەن و کۆمیتـە لاوەکییـەکان دیـاری کـران.

لـە هەیکەلـی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفراندۆمـدا ئەرکـی مـن سـەرۆکایەتیکردنی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بـوو. ئەندامانـی ئـەو ئەنجوومەنـە باڵایـە، مـەلا بەختیـار و د. ڕۆژ نـووری شـاوێس و هۆشـیار زێبـاری و سـەعدی ئەحمـەد پیـرە و د. فـواد حوسـێن و د. خەلیـل ئیبراهیـم و نوێنەرانـی پێکهاتـەی تورکـمان و نوێنەرانـی پێکهاتـەی کریسـتیانەکان بـوون و، لـە بەشـێك لـە کۆبوونەوەکانـدا بەپێـی پێشـهات و زەروورەتـە سیاسـییەکان کـۆسرەت ڕەسـووڵ، جێگـری سـەرۆکی هەرێـم و نێچیرڤـان بارزانـی، سـەرۆکی حکوومەتـی هەرێـم و مـەسروور بارزانـی، ڕاوێـژکاری ئەنجوومەنـی ئاسـاییش و ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی و یەکێتـی و یەکگرتـووی ئیسـلامی و حیزبـی شـیوعی و حیزبـی سۆسیالیسـت دیموکـرات و حیزبـی زەحمەتکێشـان و حزبەکانـی تـر بەشـدار دەبـوون.

وایـش بڕیـار درا کـە ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم سـکرتاریەتێکی هەبێـت بـۆ بەدواداچوونـی کاروبـاری ڕۆژانـەی ئەنجوومـەن و کاری هەماهەنگـی و هەورەهـا لـە کۆبوونەوەکانـی تـر بڕیـاری دیاریکردنـی گوتەبێـژی ڕیفراندۆمیـش درا. بـارەگای ئـەو سـکرتاریەتە لـە دیوانـی سـەرۆکایەتیی هەرێـم لـە شـاری هەولێـر بـوو.

هەر لە کۆبوونەوەی ٨ـی تەمموزی ٢٠١٧ـی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم و پارتە سیاسییەکان، ڕێککەوتنمان لەسەر ئەوە کرد حەوت کۆمیتەی فەرعی پێک بهێندرێن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان کە بریتی بوون لە کۆمیتەی یاسایی و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، کۆمیتەی گفتوگۆ لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک و دەشتی نەینەوا، کۆمیتەی هەماهەنگی و کاروباری ڕاگەیاندن، کۆمیتەی سیاسی و ئابووری بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی ناوخۆییی هەرێم، کۆمیتەی دیپلۆماسیی پێوەندی لەگەڵ ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا و ڕووسیا و بەریتانیا و چین و وڵاتانی تر، کۆمیتەی دیپلۆماسی بۆ پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و ئێران و تورکیا، هەروەها کۆمیتەی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق.



٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧

سەلاحەددین / نووسینگەی سەرۆکایەتیی هەرێم.
ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم.
بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.

# کاردانەوە و گوشارە نێودەوڵەتییەکان

پاش ئەوەی هەرێمی کوردستان بیستوپێنجی ئەیلوولی وەك ڕۆژی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم دیاری کرد، هەوڵمان دا پەیامی گەلی کوردستان و هۆکارەکانی وەرگرتنی ئەو بڕیارە بۆ لایەنە عێراقییەکان و نوێنەرانی وڵاتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دراوسێکان شیی بکەینەوە. لە مانگی حوزەیران و تەممووز و ئابی ٢٠١٧دا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە باڵیۆز و کۆنسوولی وڵاتان و میوانە بیانییەکان کۆبوونەوەم هەبوو. هەروەها لە ناوەڕاستی مانگی ئابیشدا شاندی دانوستانکاری هەرێم سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ سەرۆك وەزیران و لایەنە شیعی و سوننەکان بە وردی باسی ئەو پاڵنەرانەیان کردبوو کە هانی گەلی کوردستانی داوە بۆ ئەوەی بەرەو ڕیفراندۆم هەنگاو بنێن.

من خۆم سەردانی ئەورووپا و چەند وڵاتێکی عەرەبیم کرد. لە پارلەمانی ئەورووپا ڕۆژی سێشەممە ١١ی تەممووزی ٢٠١٧ لە پارلەمانی ئەورووپا وتارێکم پێشکەش کرد. لە سەرەتای وتارەکەمدا ئەندامانی ئەو شاندەم ناساند

کە لەگەڵ من سەردانی پارلەمانی ئەورووپایان کردبوو و ئاماژەم بەوەدا کە ئەم شاندە هەڵگری پەیامی خەڵکی کوردستانە و پێکهاتووە لە، هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و محەمەد هاودیانی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامی و محەمەد سەعدەددین، نوێنەری تورکمان و وەحیدە یاقو هورمز، نوێنەری کریستیانەکان و شێخ شامۆ، نوێنەری ئێزدییەکان.

دواتر بە نوێنەرانی ئەورووپام ڕاگەیاند، کە ئێمە دەمانەوێت ڕێمان بدەن دەربارەی دوو تەوەر بۆچوونی خۆمان بگەیێنین، یەکێکیان لە بارەی ریفراندۆمەوەیە کە بڕیاری لێ دراوە و ئەوەی دیکەشیان لە بارەی تیرۆرەوەیە. ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانەوە سەد ساڵ زیاترە هەموو هەوڵێکمان دا تا بتوانین شەراکەتێکی ڕاستەقینە بنیات بنێین و بەم دواییانەش عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی دروست بکەین، بە داخەوە هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

لە درێژەی قسەکانمدا باسی مێژووی ژیانی گەلی کوردستانم کرد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و باسی خواستی ڕاستەقینەی کوردستانیانم کرد و گوتم: ئەگەر ئێمە پێوەندیی خۆمان لەگەڵ بەغدا دابەش بکەین، دەتوانین بڵێین بۆ دوو قۆناغە و یەکەمیان لە یەکەم جەنگی جیهانەوەیە بۆ ٢٠٠٣ و، دووەمیان لە دوای ٢٠٠٣وەیە تا ئێستا؛ کە قۆناغی یەکەم حوکمی سوننەکان بوو و قۆناغی دووەمیش شیعەن حوکمی عێراق دەکەن. ڕەنگە زۆر جار وا وێنا کرابێ کە ئەگەر ئەوە ڕوو بدات، ئاسایشی ناوچەکە تێک بچێت، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە و مەترسیی ئەوە هەیە ئەگەر ئەمە نەبێت(ڕیفراندۆم)، ئەوا ناوچەکە بەرەوڕووی کێشەی گەورە و تێکچوونی ئاسایش و سەقامگیرییەکەی ببێتەوە.

لـە دەسـتووری عێراقیشـدا کـە لـە سـاڵی دووهەزاروپێنجـدا دەنگـی بـۆ درا و کورد بـە ڕێژەیەکـی زۆر بەشـداریی کـرد، تێیـدا هاتـووە، کـە پابەنـدی بـە دەسـتوورەوە یەکێتیـی عێـراق دەپارێزێـت و بـە داخـەوە دەمـەوێ پێتـان بڵێـم، هیـچ پابەندییـەک بـەو دەسـتوورەوە نەکـراوە و دەسـتووریش ڕێـمان پـێ دەدات ئـەو هەنـگاوە بنێیـن. ئێمـە شـانازی بـە فەرهەنگـی میللەتـی خۆمانـەوە دەکەیـن کـە فەرهەنگـی یەکـدی قبووڵکـردن و بەیەکـەوە ژیانـە، ئاییـن و پێکهاتـەی جیـاواز بەیەکـەوە دەژییـن و ئەمـە بڕیـاری هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان و تـەواوی پێکهاتەکانیەتـی وبـۆ داهاتوویـش ئێمـە پابەنـد دەبیـن بـەوەی کـە هەمـوو پێکهاتـە و ئایینـەکان لـە کوردسـتاندا مافیـان پارێـزراو بێـت و بـە بەشـداریی خۆیـان ڕازیـی بـن. ئێمـە ناشـمانەوێت ئـەو دەردیسـەری و نەهامەتییـەی نـەوەی ئێمـە و نـەوەی پێـش ئێمـە بینییـان، بـە جـێ بهێڵیـن بـۆ نـەوەی دوای خۆمـان و حـەز دەکەیـن منداڵانـی ئێمـە بخوێنـن و ئـازاد بـن و، ئێمـەش وەکـو هەمـوو گەلانـی جیهـان ئـەو مافەمـان هەیـە و نازانـم بۆچـی بـۆ هەمـوو جیهـان ڕەوایـە ئـازاد بـن، بـەڵام بـە گەلـی ئێمـە ڕەوا نەبیندرێـت. ئێمـە داوامـان لـە دۆسـتەکانمان ئەوەیـە پشـتیوانیمان بکـەن، ئەگـەر لەبـەر هـەر هۆیـەک نەتوانـن پشـتیوانیمان بکـەن، لانیکـەم دژی ئێمـە نەوەسـتنەوە و لـە ئێسـتایشـەوە داوەتتـان دەکەیـن کـە نوێنەرتـان هەبـێ و وەک چاودێـر بەشـدار بـن.

لـە دوو سـێ مانگـی دوای بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم، سـەرەتا وڵاتـان و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و تەنانـەت بەغدایـش زۆر بایەخیـان بـەم بابەتـە نـەدا و، لـە هەنـدێ شـوێن ئـەوە دەبیسـترا کـە هەرێـم لـە ڕیفراندۆمـدا جیـددی نییـە و تەنیـا وەك کارتێکـی گوشـار بـۆ بەغـدا بـە کاری دەهێنێـت. هەڵوێسـتی زۆربـەی وڵاتـان لـەوەدا خـۆی دەدیتـەوە کـە گرفتیـان لەگـەڵ ئـەوە نییـە خەڵکـی کوردسـتان مافەکانـی خـۆی پێـڕۆ بـکات. بـەڵام گرفتیـان لەگـەڵ کاتـی ڕیفراندۆمـدا هەبـوو.

زۆربەیـان باسـی ئەوەیـان دەکـرد کـە لـە ڕێـگای دیالـۆگ و دانوسـتان کێشـەکانتان لەگـەڵ بەغـدا چـارە بکـەن. لـە کۆتاییەکانـدا کـە هەمـوو لایـەك لـە جیددیبوونـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـازدانی ڕیفرانـدۆم گەییشـتن، ئیـدی گوشـاری زۆریـان بـۆ هەرێـم هێنـا کـە نابـێ ڕیفرانـدۆم بکرێـت و دەسـتبەرداری ڕیفرانـدۆم بـن. بەبـێ ئـەوەی ئەلتەرناتیڤێکـی گونجـاو پێشـکەش بکـەن بـۆ ئـەوەی لەبەرانبەریـدا خەڵکـی کوردسـتان دەسـتبەرداری ئـەو مافـەی خـۆی ببێـت. ئـەو گوشـارانە لـە حاڵێکـدا بـوون کـە ڕیفرانـدۆم لـە قەزیەیەکـی سیاسـییەوە ببـووە بابەتێکـی نیشـتیمانی و نەتەوەیـی و کەوتبـووە دەسـتی خەڵکـی کوردسـتانەوە. چیـتر قەزیـەی لایەنێکـی سیاسـی یـان کەسـێك نەبـوو تـا بتوانـرێ بـە ئاسـانی بڕیـاری ئـەوە بدرێـت کـە ڕیفرانـدۆم ئەنجـام نەدرێـت.

## کۆبوونەوەکەی سحێلا

گرنگترین جموجۆڵە دیپلۆماسییەکانی مانگی ئەیلوولی ٢٠١٧، کۆبوونەوەکەی سحێلا[٣٥] و تەلەفۆنەکان و نامەی تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەرۆک ماکرۆن، سەرۆکی فەڕەنسا بوو.

بە مەبەستی بەشداریکردن لە کەمپین و ئاهەنگە جەماوەرییەکان بۆ پاڵپشتیی ڕیفراندۆم، سەردانی پارێزگای دهۆکم کرد. لەوێ هەواڵیان بۆ هێنام کە شاندێکی باڵای هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان داوای دیدار دەکەن. ئەوە بوو ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ـی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە بارەگای فەرماندەیی شەڕی داعش لە سحێلا لە ڕۆژئاوای دیجلە، لەگەڵ شاندەکە کۆ بوومەوە کە پێکهاتبوو لە برێت مەکگورک، نێردەی

٣٥- ناوچەیەکی سنوورییە لەسەر ڕۆخی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و نزیکە لە سنووری سووریا و پیشخابوور.

تایبەتـی سـەرۆکی ئەمەریـکا بـۆ هاوپەیمانێتیـی دژی شـەڕی داعش و یـان کۆبیـچ، نێردەی تایبەتیـی سـکرتێری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و دۆگلاس سـلێمان، باڵیـۆزی ئەمەریـکا لـە عێـراق و فرانـك بەیکـەر، باڵیـۆزی بەریتانیـا لـە عێـراق.

شـوێنی ئـەو کۆبوونەوەیـە لـە تەنیشـت ڕووبـاری دیجلـە و نزیـك سـنووری سـووریا بـوو. کاتـی خۆی قۆناغی دەسـتپێکردنی هێرشـبردنی هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بۆ سـەر تیرۆریسـتانی داعـش لـەو خاڵـەدا دەسـتی پێکردبـوو. شـاندەکە لـە کۆبوونەوەکەدا ڕایانگەیانـد کـە تێگەییشـتنمان بـۆ خواسـتی گەلـی کوردسـتان هەیە، بـەڵام پێیان باشـە کوردسـتان بچێتـەوە سـەر ڕێـگای دیالـۆگ و ئەگـەر نەگەییشـتنە ئەنجـام، نامەیـەك لـە وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا دەهێنـن کـە تێیـدا تێگەییشـتنی خـۆی بـۆ پێویسـتیی بەڕێوەچوونـی ڕیفرانـدۆم ڕابگەیێنێـت. مەبەسـتی سـەرەکیی شـاندەکە لـەو پێشـنیازە دواخسـتنی ڕیفرانـدۆم بـوو. لـە وەڵامـدا بـە شـاندە نێودەوڵەتییەکـەم گـوت، کـە بڕیـاری ڕیفرانـدۆم بڕیـاری تاکـە کەسـێك نییـە، بەڵکـو هەمـوو حیزبەکانـی کوردسـتان لـە دەرکردنـی ئـەو بڕیـارەدا بەشـدار بـوون و مـن ناتوانـم بـە تەنیـا بڕیـار بـدەم. هـاوکات پێمڕاگەیانـدن کـە ئێمـە هەرگیـز دەرگـەی گفتوگـۆ لەگەڵ بەغـدا داناخەیـن، بـەڵام ئەوانن ئێمـە وەك شـەریکی ڕاسـتەقینە نابینـن و تەنیـا وەك پاشـکۆ سـەیری گەلـی کوردسـتان دەکـەن و ئێمەیـش دوای ئـەو هەمـوو نەهامەتییـە، پاشـکۆیەتی قبـووڵ ناکەیـن.

بـە ڕوونـی پێمگوتـن، ئامانجـی ئێمـە ئەوەیـە بـە شـێوازی ئاشـتیانە ببینـە دوو دراوسـێی بـاش و ڕیفراندۆمیـش ڕێگەیەکـە بـۆ گەییشـتن بـەم ئامانجـە. ئەگـەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتـی و ئەمەریـکا ڕێگایەکـی تریـان هەیـە بـۆ ئـەوەی ئێمـە بگەیێنێتـە ئـەو ئامانجـە، ئـەوا پێویسـت بـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم نـاکات. بـەڵام پێشـنیازەکەی ئێـوە پابەندبـوون و گەرەنتیـی تێـدا نییـە. هـەر کات ئەلتەرناتیڤێکتـان هەبـوو کـە هەمـان ئامانجـی ڕیفرانـدۆم بپێکـێ، ئـەوا ڕیفراندۆمـمان پێویسـت نابێـت.

بابەتێك كە لە ڕۆژانی بەر لە ڕیفراندۆم و دوای ڕیفراندۆم جێگەی مشتومڕێكی زۆری میدیاكان و ناوەندە سیاسییەكان بوو، نامەكەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا بوو بۆ من، كە تێیدا كۆمەڵێك بیرۆكە و پێشنیاز خرابوونەڕوو لە بەرانبەر ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆمدا. لە ڕاستیدا نامەكە نامەی ڕەسمیی نەبوو بەڵكو ڕەشنووسی نامەیەك بوو كە برێت مەكگورك، نوێنەری تایبەتی سەرۆكی ئەمەریكا لە شەڕی داعش (كە دواتر لە تویتێكدا سەرۆك ترامپ ئاماژەی بەوەدا بوو كە نایناسێت) و دۆگلاس سلێمان، باڵیۆزی ئەمەریكا لە عێراق و چەند كەسی تر ئامادەیان كردبوو. دیاریش نەبوو كە ئایا نامەكە هەر لە لایەن وەزیرەوە پەسەند و ئیمزا دەكرێ یان نا.

دیپلۆماتە ئەمەریكاییەكان وایان دانابوو كە ئەگەر بڕیار لە دواخستن یان هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆم بدرێت ئینجا وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا نامەكە ئیمزا بكات. بە لای ئێمەوە نامەكە لە ڕووی دارشتن و ناوەڕۆكەوە باش بوو، بەڵام گەرەنتیی پێویستی تێدا نەبوو بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین پشتی پێ ببەستین یان متمانەی پێ بكەین و، بە هۆیەوە بڕوا بە گەلەكەمان بێنین تا واز لە مافێكی ڕەوا و سرووشتیی خۆیان بێنن. بەدیلە پێشنیازكراوەكەی ناو نامەكەی تیلەرسن لەسەر بنەمای دانوستان لەگەڵ عێراقدا دامەزرابوو و، هەڵوێستی ئەمەریكایش پاڵپشتیكردنی ئەو دانوستانانە بووە. ئێمە ئەزموونێكی دوورودرێژی دانوستان و ڕێككەوتنمان لەگەڵ عێراقییەكاندا هەبووە كە دواتر زۆر بە ئاسانی پشتگوێ خراون. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بڕیار ئەوە بوو كە نامەكەی تیلەرسن و پێشنیاز و بەدیلەكانی تر لە لایەن ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆمەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت. ئەوە لە كاتێكدا بوو كە هەموو ئەو گوشار و پێشنیازانە لە چەند ڕۆژی بەر لە ڕیفراندۆم

خرانــە ڕوو و، ڕیفرانــدۆم لــە دەســت کــەس و لایەنــەکان نەمابــوو و کەوتبــووە دەســت خەڵکــی کوردســتانەوە.

نامەکــەی تیلەرســن دەکــرا ببێتــە بنەمایــەك بــۆ ئــەوەی گەرەنتییێکــی وای هەبــێ کــە خەڵکــی کوردســتان ڕازی بــن دەســتبەرداری ڕیفرانــدۆم بــبن. بۆیــە لــەو شــوێنەی کــە باســی ئــەوە دەکــرا ڕیفرانــدۆم دوو ســاڵ دوا بخــرێ و ئەگــەر هاتــوو دانوســتانەکان لەگــەڵ عێراقــدا ســەری نەگــرت، ئــەوکات هەرێــم بــا ڕیفراندۆمــی خــۆی بــکات و ئەمەریکایــش ڕێــز لــە ئەنجامــەکان دەگرێــت. داوام لــە حکوومەتــی ئەمەریــکا کــرد کــە لــە بــری وشــەی ڕێزگرتــن لــە نامەکــەدا، وشــەی پاڵپشــتی دابنرێــت؛ بــەڵام ئەمەریکاییــەکان خۆیــان لــەوە بــوارد و گوتیــان ناتوانــن وشــەی پاڵپشــتی بــە کار بهێنــن، منیــش پێمگوتــن ئەگــەر ئێــوە نەتوانــن یــەك وشــە بگــۆڕن، ئــەی چــۆن چاوەڕوانــی ئــەوە دەکــەن ئێمــە بتوانیــن قەناعــەت بــە خەڵکــی کوردســتان بهێنیــن ڕیفرانــدۆم نەکــەن؟

هەمــوو ئــەو گوشــارانە هــاوکات بــوون لەگــەڵ هەڕەشــە و چاوســوورکردنەوەی دراوســێکان و لایەنــە عێراقییــەکان کــە بۆنــی شــۆڤێنیزمی لــێ هەڵنیشــتبوو. کار گەییشــتە ئــەوەی کــە شــەڕی ئیــرادەی خەڵکــی کوردســتان بکــەن. ئــەوکات پرســیاری ســەرەکی ئــەوە بــوو، ئایــا ئێمــە گەلێکیــن خــاوەن ئیــرادەی خۆمانیــن یانیــش دەبــێ خەڵکــی تــر بڕیــار لــە چارەنووســمان بــدات؟ ئەمــە زوڵمێکــی زۆر گــەورە بــوو کــە لــە گەلــی کوردســتانیان دەکــرد. ئەگــەر لــە ڕووی هاوکێشــە نێودەوڵەتییەکانــەوە ڕێ نەدرێــت گەلــی کوردســتان بڕیــار لــە مافــی چارەنووســی خــۆی بــدات، ئایــا ڕەوایــە مافــی گوتنیشــی لــێ بســتێندرێ و ڕێ نــەدرێ تەنانــەت گەلــی کوردســتان بڵێــن کــە چیمان دەوێ؟ لــە کۆتــا ڕۆژەکانــدا کاریــان گەیانــدە ئــەو ئاســتەی کــە شــەڕی ئیــرادەی گەلــی کوردســتان بکــەن و گــوێ بــە ڕەوایەتیــی ویســتی گەلــی کوردســتان نــەدەن.

کە وای لێهات، بڕیارمان دا ڕیفراندۆم هەر لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بکرێت و هەرچییەك بێت با ببێت، بەڵام ناهێڵین ئیرادەی گەلەکەمان بشکێت.

لە لایەکی ترەوە ئەمە سووکایەتیکردن بوو بە خەڵکی کوردستان کە ئیرادەکەی ببەسترێتەوە بە سەرکەوتن یان دۆڕانی کەسێکەوە. ئەمەریکاییەکان پێیان وابوو ئەگەر ڕیفراندۆم بکرێت ئەوا دەبێتە هۆی لاوازبوونی عەبادی. ئەگەر ڕیفراندۆم نەکرێ عەبادی بەهێز دەبێ و ئێران لە عێراق دەردەکات. یەك دوو ڕۆژ بەر لە ڕیفراندۆم تەلەفۆن و پێوەندی و گوشارهێنانەکان لە هەموو لایەك (ئەمەریکا و لایەنە هەرێمایەتییەکان) زۆر بوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. ئەوەی بە لامانەوە سەیر بوو قسەی هەموویان وەك یەك بوو. لە دژایەتیکردنی مافی ڕەوای گەلی کوردستاندا ئەمەریکا و بەریتانیا و ئێران و تورکیا و عێراق هاوئاواز بوون و هەماهەنگییان لەگەڵ یەکتر هەبوو بۆ گوشارهێنانی دیپلۆماسی و سیاسی. قسەکانیان زۆر لە یەك دەچوون. هەموویان داوای پاشەکشەیان دەکرد، بەڵام ئەو پاشەکشەکردنە دەبوایە تەنیا لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان بێت. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر هاتبا و پاشەکشەمان لە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کردبا، نەیارە ناوخۆییەکانی ڕیفراندۆم ئەوکات دەستیان بە قسەی تر دەکرد و تۆمەتی تریان دەبەخشیەوە کە دەرفەت بۆ خەڵکی کوردستان دروست بوو، بەڵام ئەو دەرفەتەیان لە کیس دا و پاشەکشەیان کرد.

لە دوو ڕۆژی بەر لە دەنگدان هەوڵیان دا کە ڕیفراندۆم لە کەرکووك ئەنجام نەدەین. خۆی لە ڕاستیدا بەر لە حەوتی حوزەیرانی ٢٠١٧، بۆچوونێك لەناو سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستاندا هەبوو کە ڕیفراندۆم لە کەرکووك و ناوچەکانی تری ١٤٠ ئەنجام نەدرێ. لە سۆنگەی ئەوەوە هیچ بیانوویەك

نەدرێتـە دەسـت ناحەزانـی گەلـی کوردسـتان، بابەتـی کەرکـووك و ناوچـە جێناکۆکـەکان بـۆ دانوسـتان بهێڵدرێنـەوە. کـە کەرکـووك خرایـە سـەر نەخشـەی ڕیفرانـدۆم، هەڵبـەت ئـەوە لەسـەر داوا و پێداگریـی ئـەو لایەنـە بـوو کـە دواتـر بـووە هـۆی ڕووداوەکـەی شـازدەی ئۆکتۆبـەر. ئەوانـەی کەرکووکیـان ڕادەسـت کـرد، هـەر ئەوانیـش لـە حەوتـی حوزەیرانـی ٢٠١٧ـدا گوتیـان، پێویسـتە ڕیفرانـدۆم لـە کەرکووکیـش بکرێـت.



Photo: Adnan Muhammed

٢٢ی سیپتەمبەری ٢٠١٧

هەولێر / یاریگای نێودەوڵەتیی شەهید فرەنسۆ هەریری ، کارنەڤاڵی جەماوەریی شاری هەولێر بۆ پشتگیریی ڕیفراندۆم.

## گەل دەنگی دا

لـە پرۆسـەیەکی دووردرێـژدا کـە نزیکـەی سـەد سـاڵی خایانـد، گەلـی کوردسـتان لەنـاو دەوڵەتـی عێراقـدا دوچـاری نەهامەتـی و ئاوارەیـی و جینۆسـاید بووەتـەوە. کـورد بـە مەرجـی شـەراکەت بەشـداریی لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقـدا کـرد، بـەڵام هەمـوو ڕێوشـوێن و بڕیـاری حکوومەتـە یـەك لـە دوای یەکەکانی عێـراق بـۆ چەسـپاندنی حوکمـی مەرکـەزی و پەراوێزخسـتنی کـورد و نادیتەگرتنـی داوا ڕەواکانـی کـورد بـوون. سـەرباری ئـەوەش دەسـتەڵاتدارانی عێـراق ڕێـگای تواندنـەوە و جینۆسـاید و پاکتاوکردنیـان گرتـە بـەر. لـە دوای ٢٠٠٣ـیش ئەگەرچـی کـورد چالاکانـە و بـە نییەتـی پاکـەوە بەشـداری سـەرەکی بـوو لـە بنیاتنانـەوەی عێراقـی فیدراڵـی و دیموکراتـی و دەسـتوور کـرا بـە پارێـزەری سیسـتەمی تـازە، بـەڵام ئـەو هەوڵەشـی بـۆ ژیانێکـی سرووشـتی و ئاشـتیانە و دیموکراتـی لەگـەڵ عێراقـدا سـەری نەگـرت.

کاتــی ئــەوە هاتبــوو خــودی هاووڵاتیــان و دانیشــتوانی هەرێمــی کوردســتان لــە کەشــێکی ئــازاد و لــە پرۆســەیەکی تــەواو ئاشــتیانە و دیموکراتیــدا ڕای خۆیــان لەبــارەی مانــەوە یــان نەمانــەوە لەگــەڵ عێراقــدا بخەنــە ڕوو. کاتــی ئەوە هاتبوو پرســیار لــە خەڵکی کوردســتان بکــەن، کــە ئایــا دەوڵەتێکــی ســەربەخۆیان دەوێ یــان بــەردەوام بــن لــە ئــەو ئەزموونانــەی بــە درێژاییــی ســەد ســاڵ شکســتی خــواردووە. لــە حەوتــی حوزەیرانــی ٢٠١٧ کــە بڕیــاری ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم دەرچــوو، هەتــا بیســتوپێنجی ئەیلوولــی ٢٠١٧، هەرێمــی کوردســتان ســەرقاڵی ئامــادەکاری بــوو بــۆ ســازدانی پرۆســەکە. ئیــتر کاتــی ئــەوە بــوو کــە لــە ڕۆژێکــی مێژوویــی پرشــنگداردا دادپــەروەرەی پیــرۆ بکــرێ و خــودی خەڵــک قســەی خۆیــان بکــەن و دەنگیــان بــە جیهانیــان بگەیێنــن. شــەرعیەتی ئــەو دەنگــە لــە ســەرووی هەمــوو شــەرعیەت و دەنگــی کــەس و لایــەن و حیزبێکەوەیــە. ئەمــە نــە تــاوان بــوو و نــە کارێکــی دژی یاســا و نــە شەڕفرۆشــتن و داگیــرکاری و تیــرۆر، ئەمــە پیرۆزکردنــی مافێکــی ڕەوا و سروشــتیی هاووڵاتیانــی کوردســتان بــوو بــە شــێوازی ئاشــتیانە.

ئــەوە بــوو دواجــار ڕۆژە مەزنەکــە هات و لە بەرەبەیانی ٢٥ـــی ئەیلوولی ٢٠١٧ـــدا، هاووڵاتیانــی هەرێمــی کوردســتان و ناوچــە کوردســتانییەکانی دەرەوەی هەرێــم، بــۆ یەکەمجــار لــە مێــژوودا بــە شــێوەیەکی ئازادانــە و ئاشــتیانە و دوور لــە توندوتیــژی و خۆســەپاندن و ناســەقامگیری، چوونــە ســەر ســندووقەکانی دەنگــدان و دەنگیــان دا. ڕۆژی بەڕێوەچوونــی ڕیفرانــدۆم زیاتــر لــە جــەژن دەچــوو. جەژنێــک کــە هەمــوو هاووڵاتیانــی کوردســتان جیــاوازی و ناکۆکییەکانیــان بــەلاوە نــا و بەشــدارییان لــە پرۆســەیەکی ڕەوا و مێژووییــدا کــرد. ڕۆژی ڕیفرانــدۆم ڕۆژی گــەل و ڕۆژی هاووڵاتــی و ڕۆژی تــاک تاکــی کوردســتانیان بــوو. لــە دەنگدانەکــەدا ئیــتر کــەس دەنگــی بــە کــەس و لایــەن نــەدەدا. هەموویــان دەنگیــان بــە خۆیــان و وڵاتەکەیــان دەدا. دەنگیــان بــە یەکــتر و

بـە نەوەکانـی داهاتـوو و چارەنووسـیان دەدا. ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا دروسـتبوونی ڕۆحێکـی هاوبەشـی نیشـتیمانی و هاودەنگـی بـوو لەنـاو هاووڵاتیانـی کوردسـتاندا. داواکردنـی مـاف و پیرۆزکردنـی مـاف و ئیـرادە بـوو و پێموانییـە لـە ژیانـی سیاسـیی گەلانـدا هیـچ شـتێك لـەوە پیرۆزتـر بـێ کـە مافـی دەنگدانـی گـەل پیـرۆز بکـرێ و ئیـرادەی گـەل سـەرکەوێ. بۆیـە دەتوانـم بڵێـم، ڕۆژی ڕیفرانـدۆم ڕۆژێکـی پیـرۆز بـوو.

مەبەسـت لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم ئـەوە بـوو کـە عێـراق و وڵاتانـی ناوچەکـە و جیهـان ویسـتی ڕاسـتەقینەی گەلـی کوردسـتان بزانـن. کـەس بڕیـاری ئـەوەی نەدابـوو کـە ڕۆژی دوای ڕیفرانـدۆم دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ ڕابگەیێنـدرێ، بەڵکـو بـۆ ئـەوە بـوو سـەرکردایەتیی سیاسـیی هەرێـم ڕێپێدان(تەفویـز) و ڕاسپاردەی گەلـی پـێ بێـت بـۆ قۆناغـی داهاتـوو و لەگـەڵ حکوومەتـی عێـراق بکەونـە گفتوگـۆ و دیالۆگـی کـراوەوە. ئـەو بابەتەمـان بـە ڕاشـکاوی لەگـەڵ بەغـدا و ئەمەریـکا و وڵاتانـی تـر بـاس کردبـوو، کـە ڕیفرانـدۆم بـۆ ئەوەیـە ڕێ بـە خەڵکـی کوردسـتان بدرێـت قسـەی خۆیـان بکـەن.

دوو ڕۆژ دوای ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن و ڕاپرسـیی هەرێـم، ئەنجامـە بەراییەکانـی ڕیفراندۆمـی ڕاگەیانـد و ٩٢,٧٣٪ـی دەنگـدەران بـە بەڵـێ دەنگیـان دابـوو. لـە ڕاسـتیدا ئەمـە سـەرکەوتنی ئیـرادەی گـەل بـوو بـۆ گەییشـتن بـە سـەربەخۆیی. زۆرینـەی هـەرەزۆری خەڵکـی کوردسـتان نەیاندەویسـت ئەزموونـە شکسـتخواردووەکان و نەهامەتـی و زوڵـم چیـتر درێـژەی هەبـێ، بەڵکـو دەوڵەتێکـی سـەربەخۆیان دەویسـت. ئەمـە سـەرکەوتنی پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم بـوو. ڕیفرانـدۆم کاتێـك شکسـتی دەخـوارد ئەگـەر گەلـی کوردسـتان بـە نەخێـر وەڵامـی پرسـیارەکەیان دابایـەوە.

ڕیفرانـدۆم بـۆ کەرکـووك و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەروەری هەرێمیـش سـەرکەوتن و دەسـتکەوتێکی گرینـگ بـوو. بایەخـی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و سـەرکەوتنی لـەو ناوچانـە لـەوەدا بـوو، کـە سـەرباری هەوڵـی دەیـان سـاڵەی عەرەبانـدن و تۆقانـدن و سـەرکوتکاری و پێشـێلکارییە دەسـتوورییەکانی دوای ٢٠٠٥، بـەڵام ئیـرادەی دانیشـتوانەکەی بـە هەمـوو پێکهاتەکانییـەوە کـە دەنگێکـی زوڵاڵ ئـەوەی حـەق و ڕاسـت بـوو بـە جیهانیـان ڕاگەیانـد کـە دەیانـەوێ لەگـەڵ دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتاندا بژییـن. لـەو ناوچانـەدا پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینـەکان و خوشـك و بـرا عـەرەب و تورکمان و کریسـتیانەکان دەنگیـان بـەوەدا کـە لەگـەڵ دەوڵەتـی کوردسـتاندا بژییـن. ئیـرادەی ڕاسـتەقینەی پێکهاتـەکان لـە ڕۆژی ڕیفراندۆمـدا دەرکـەوت کـە دەیانـەوێ لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتـەدا بژییـن کـە بـڕوای بـە پێکەوەژیانـی ئایینـی و نەتەوەیـی هەیـە و شـۆڤێنیەتی نەتەوەیـی و تایەفـی ئاراسـتەی نـاکات.

## کاردانەوەکانی حکوومەتی عێراق

لـە بەرانبـەر پەیامـی ئاشـتیخوازانەی گەلـی کوردسـتاندا، بـە داخـەوە کۆمەڵێـك کاردانـەوەی زۆر نابەجێـمان لـە سـەرۆك وەزیـران و کاربەردەسـتانی عێراقـی بینـی کـە بۆنـی شـۆڤێنیەت و ئینکارکردنێکـی ئاشـکرای لـێ دەهـات. ئـەم کاردانەوانـە حەقیقـەت و ناخـی هەمـوو ئەوانـەی دەرخسـت کـە لـە بنەڕەتـدا دژی مافەکانـی گەلـی کوردسـتان بـوون و تەنیـا مەنتقـی هەڕەشـە و خۆسـەپاندنیان دەزانـی.

دوو ڕۆژ دوای ڕیفرانـدۆم، ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق بەبـێ ئامادەبوونـی نوێنەرانـی کوردسـتان، لـە یـەك دانیشـتندا سـێزدە بڕیـاری نایاسـایی و نادەسـتووری لـە دژی هەرێـم دەرکـرد کـە ئامانـج لێیـان سـزادانی بـە کۆمەڵـی خەڵکـی کوردسـتان بـوو. ئـەم بڕیارانـە دەسـتی عەبـادی واڵا کـرد لـەوەی ڕۆژانـە بـە زمانـی هەڕەشـە و سـووکایەتیکردن بدوێـت و ڕێـی بـۆ خـۆش بکـرێ کـە هێـز و چـەك لـە دژی هەرێـم و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم بـە کار بهێنێـت. لـە یەکێـك لـە بڕیارەکانـدا فەرمانـدەی هێـزە چەکـدارەکان پابەنـد کرابـوو بـۆ بڵاوەپێکردنـی هێـز لـە

ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان و کەرکـووك. ئەمـە بـە ڕاشـکاوی هەڵکردنـی چـرای سـەوز بوو بـۆ شـەڕ و بەکارهێنانـی هێزی چەکدار بـۆ یەکلاکردنـەوەی ناکۆکییە سیاسـییەکان. ئەمە خـۆی لـە خۆیـدا پێشـێلکردنێکی ئاشـکرای دەسـتووری هەمیشـەییی عێـراق بـوو کـە تێیـدا بەکارهێنانـی هێـزی چەکـدار بـۆ داپڵۆسـینی گـەل قەدەغـە کـراوە. لـە بڕیارێکـی تـری ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق لـە دوای ڕیفرانـدۆم، پڕەنسـیپی جیاکردنـەوەی دەسـتەڵاتەکان پێشـێل دەکـرێ و ئەنجوومەنـی نوێنـەران شـوێنی دەسـتەڵاتی دادوەری دەگرێتـەوە کـە داوای سـزادان بـۆ بەرپرسـانی هەرێـم دەکات و ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم بـە تـاوان دەزانـێ. ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق هـەر ئـەو ڕۆژ بڕیـاری داخسـتنی سـنوورەکان و ئابڵۆقـەدان و برسـیکردنی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان دەدات.

بـۆ یەکەمجـار بـوو کـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق لـە یـەك دانیشـتندا ئـەو ژمـارە بڕیـارە دەربـکات ئەویـش بەبـێ ڕەچاوکردنـی پڕەنسـیپی تەوافـوق و بەبـێ ئامادەبوونـی نوێنەرانـی کوردسـتان لـە پارلەمـان. چونکـە بڕیـارەکان لـە دژی هەرێمـی کوردسـتان بـوو و نەفەسـی شـۆڤێنیەتی بەسـەردا زاڵ بـوو، زۆر خێـرا و بـە کۆدەنگیـی ئامادەبـووان پەسـەند کـران. پێشـتریش لـە ١٢ـی ٩ـی ٢٠١٧ـدا بەبـێ ڕەچاوکردنـی پڕەنسـیپی تەوافـوق، ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق کۆمەڵـە بڕیارێکـی تـری لـە دژی ڕیفرانـدۆم پەسـەند کردبـوون.

لـە ڕاسـتیدا دوای دەیـان سـاڵ، عەقڵیـەت و بیرکردنـەوەی شـۆڤێنی لـە بەغـدا گۆڕانـی بەسـەردا نەهاتبـوو. بـاش دەمزانـی لـە بەغـدا تەنیـا دەموچـاوەکان گـۆڕاون ئەگینـا بـەردەوام عەقڵیەتـی شـۆڤێنی لـە بەغـدا دەسـتەڵاتدارە و بـڕوای بـە شـەراکەت و دەنگـی ڕەوا و دادپـەروەری نییـە. لـە بڕیارەکانـی پارلەمانـی عێـراق و کردەوە دڵڕەقانـە و نادەسـتوورییەکانی سـەرۆك وەزیرانـی ئەوکاتـی عێراقـەوە دەرکـەوت، کـە بێمتمانەییـمان بـە بەڵێـن و گەرەنتییـە بەتاڵەکانـی ئەمەریـکا و حکوومەتـی

عێـراق لـە پێـش ڕیفرانـدۆم چەنـد ڕاسـت بـووە. زێدەڕۆییەکانـی عەبـادی گەییشـتە ئاسـتێك کـە بڕیـاری داخسـتنی فڕۆکەخانەکانـی هەرێمـی دا و لـە وتەکانیـدا وەك سـەردەمی بەعـس، لـە بـری هەرێـم، دەسـتەواژەی باکـووری عێراقـی بـە کار دەهێنـا. عەبـادی خـۆی بـەوە هەڵدەکێشـا کـە گوایـە دەسـتەڵاتی یاسـا بەسـەر هەرێمـی کوردسـتاندا دەسـەپێنێ کەچـی تەنانـەت نەیدەتوانـی یاسـا بەسـەر ناوچـەی سەوزیشـدا بسـەپێنێ..

هەمـوو ئـەو ڕێکارە نادەسـتووریانە بـە بیانـووی سـەپاندنی سـەروەرییەوە بـوون. ئـەوە لـە حاڵێکدابـوو کـە ڕێـکارەکان خـۆی پێشـێلکردنی سـەروەری بـوو کاتێـك هەڕەشـەی بەکارهێنانـی هێـز لـە ئـارادا بـوو، هەڵبـەت بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ وڵاتانـی دراوسـێ. حکوومەتـی عێراقـی بـە یارمەتیـی بێگانـە خەڵکـی کوردسـتانی خسـتە ژێـر هەڕەشـە و ئابلۆقـەوە.

ئـەم کاردانەوانـە مایـەی شـەرمەزاری بـوون. پێشـانی دا کـە کاربەدەسـتانی عێراقـی پەندیـان لـە مێـژوو وەرنەگرتـووە و هیـچ کاتیـش نیـازی چارەکردنـی کێشـەکانیان نەبـووە. دۆخێکیـان هێنابـووە ئـارا کـە لـە دژایەتیکردنـی مافەکانـی گەلـی کوردسـتاندا هەموویـان کـۆك و هـاوڕا بـوون و دامـەزراوە تەشریعـی و قەزایـی و ئەمنـی و ئابووریـی دەوڵەتیشـیان بـە ئاراسـتەی ئـەو دژایەتیکردنـە بـە کار دەهێنـا. پێشـتر بـۆ مـاوەی سـەد سـاڵ ڕژێمەکانـی عێـراق خۆیـان تاقـی کردبـووەوە کـە ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان بـە چـەك بشـکێنن، بـەڵام خۆیـان تووشـی شکسـت و ڕووخـان بوونـەوە. لـە بەرانبـەر ئـەو کاردانەوانـەدا هەڵوێسـتی ئێمـە ڕەتکردنـەوەی زمانـی هەڕەشـە و چـەك بـوو و بـە لای هەرێمـی کوردسـتانەوە سـەرجەم بڕیـارەکان نایاسـایی و دژی دەسـتوور و سـیادە و دژی پێکەوەژیـان و ئاشـتی بـوون. بەڵـێ، وەڵامـی پەیامـی ئاشـتیخوازانەی گەلـی کوردسـتان شـۆڤێنیەت و چـەك بـوو. ئەمـە ئـەو بابەتەیـە کـە بـە درێژاییی تەمەنـی دەوڵەتـی عێـراق

هەمیشە هەبووە و لە هەموو دیدارە دیپلۆماسییەکان و چاوپێکەوتن و لێدوانەکانمدا لە ساڵانی بەر لە ڕیفراندۆم ئاماژەم پێیان دابوو.

ئەو ڕێکار و زەبروزەنگەی لە بەرانبەر هەرێم دەکرا لە لایەن بەشێکی زۆری ئەو لایەنە شیعانەوە بوو کە پێشتر لە یەك سەنگەردا بووین و بە یارمەتیی کورد چوونە بەغدا و بوون بە حاکم. لە دوای ٢٠٠٣ لایەنە شیعەکان مەمنوون بوون کە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و، لە عێراقدا جێیان ببێتەوە. ئەوکات سوننەکان دژی فیدراڵی بوون و دەوڵەتی ناوەندگەرای هاوشێوەی سەردەمی پێشوویان دەویست. کەچی لەو کاتەوەی لایەنە شیعەکان دەستیان بە دەستەڵاتەوە گیر بوو، کەوتنە دوای ئەو سیاسەتە هەڵەیەی کە لە سەردەمی پێشوودا لە عێراق جێبەجێ دەکرا. بەڵام جیاوازییەکەی ئەوە بوو ئەم جار تایەفەگەریشی لەگەڵ بوو و حەزیان دەکرد لە دوای داعش دەست بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بگرن. لەوەدا بەبێ ڕەچاوکردنی سیادەی عێراق و دەستوور و ماهیەتی نوێی دەوڵەتی عێراق، بوونە بەشێك لە ئەجێندایەکی هەرێمایەتی و تایەفیی گشتگیر لە ناوچەکەدا. بڕینی بودجە و ئابلۆقەدانی کوردستان لە شەڕی داعش و سزادانی خەڵکی کوردستان و ڕێکاری نادەستووری لە دوای ڕیفراندۆمیش بە ئاراستەی ئەو ئەجێندایە بوو. ئێمە لەمێژ بوو درکمان بەو پیلانە کردبوو کە پاش شەڕی داعش بەرنامەی ئەوە هەیە تەنگ بە هەرێمی کوردستان هەڵچنن و پەلامارمان بدەن.

داواکاریی حکوومەتی عێراق، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بوو. ئەم داواکارییە زیاتر بۆ گوشارهێنان و ئاڵۆزترکردنی بارودۆخ بوو. ئەگینا ئەوان باش دەیانزانی کە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆم لە توانای هیچ کەس و لایەن و دامەزراوەیەکدا نییە. چۆن دەکرێ دەنگی سێ ملیۆن مرۆڤ هەڵبوەشێتەوە؟

ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم کارێکــی نایاســایی نەبــوو وەك نەیــاران و دژەکانــی ڕیفرانــدۆم پێناســەیان دەکــرد، بەڵکــو دەربڕینــی خواســت و بۆچوونــی خەڵکــی کوردســتان بــوو پێوەســت بــە چارەنووســیانەوە. لــە هەمــوو جیهانیــش دەربڕینــی هەســت و بۆچوونــی خەڵــك ڕەوایــە و ڕێپێــدراوە. لــە لایەکــی تــر گەلــی کوردســتان تەنیــا دەنگــی دابــوو و لــە لایــەن هەرێمــەوە ســەربەخۆیی ڕانەگەیێندرابــوو کــە حکوومەتــی عێــراق و خەڵکــی تــر بەمشــێوەیە بــە هێــزی چەکــدار پەلامــاری کوردســتان بــدەن. هێشــتا هەرێمی کوردســتان بــە فەرمــی بەشــێك بــوو لــە عێــراق و بەکارهێنانــی هێــز کردەوەیەکــی نادەســتووری و نایاســایی بــوو. بــەڵام لــە بێکەســیی کــورد و بەهــۆی نادیتەگرتنــی مافــە ڕەواکانــی گــەلان (کــە لــە چارتــەری نەتــەوە یەکگرتووەکانیشــدا هاتــووە)، وڵاتــە بەرژەوەندخــوازەکان لایەنگریــی حکوومەتــی عێراقیــان کــرد و ڕێیــان پــێ دا بــە شــێوەیەکی نایاســایی هێــز لــە دژی خەڵکــی کوردســتان بجووڵێنــێ.

# شازدەی ئۆکتۆبەر

دوای ئۆپەڕاسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ لە دەستی داعش و بەر لەوەی گەلی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بدات، هەندێ ئاماژەی نیگەتیڤ لە هەڵسوکەوت و ئامادەکارییەکانی حکوومەتی عێراقدا بەدی دەکران، بەڵگەی ئەوە بوون کە دوای تەواوبوونی شەڕی داعش نیازی خراپیان بەرانبەر ناوچە جێناکۆکەکان و هەرێمی کوردستان هەیە. پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری مووسڵ لەلایەن عێراق و دواخستنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی حەویجە و هەورەها دواتر چۆڵکردنی حەویجە لە لایەن داعشەوە بەبێ شەڕ، کە سەنتەرێکی بەهێزی داعشیش بوو لە لایەک و، چۆڵکردنی تەلەعفەر لە لایەن داعش بەبێ شەڕ جێگای پرسیاری گەورە بوون. پێشانی دەدا کە جۆرێک لە هەماهەنگی هەیە لەنێوان هێزە هەرێمایەتییەکان بۆ گرتنەوەی ناوچە

جێناکۆکەکان و ئامادەکاری بۆ گوشارهێنان بۆ کوردستان. هاتنی هێزەکانی حەشد بۆ تەلەعفەر و دەشتی نەینەوا کە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکان بوون و، بەردەوامبوونی حکوومەتی عێراق لە برینی بودجە و هەروەها لێدوانی شۆڤێنی و هەڕەشەی سەرکردە سەربازییەکانی حەشد، ئەو ئاماژانە بوون کە دەریاندەخست عێراق لە بەرانبەر هەرێم بەرنامەی تری لە بەردەستە. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە لە شەڕی داعشدا، هەرێم زۆرترین هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ عێراقدا هەبوو. پیلانی پەلاماردانی هەرێم لە ئارادابوو. ئەو پیلانە هەر جێبەجێ دەکرا ئەگەر هاتباو ڕیفراندۆمیش نەکرابا. ڕیفراندۆم تەنیا بیانوو بوو بۆ ئەوەی پیلانەکە بە شێوەیەکی خێرا و بە هاوکاریی هێزێکی ناوخۆیی کورد و بە دەستتێوەردانی ئاشکرای هێزە هەرێمایەتی و بیانییەکان ئەنجام بدەن.

دوای سەرکەوتنی ڕیفراندۆم هەندێ باس لە گۆڕێ بوو کە بەشێکی یەکێتی سەرقاڵی جۆرێک لە سەودا (سەفەقە)ـی نهێنین لەگەڵ حەشد بۆ بەدەستەوەدانی کەرکووک. لە ١٢ـی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەشێك لە هێزەکانیان بە بێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە لە باشووری کەرکووک کشاندەوە بە بیانووی ئەوەی دوای شەڕی داعش پێویست بەوە ناکات هێز لەو ناوچانە بمێنێت. هەر هەمان ڕۆژیش هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبی لە میحوەری باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک هەوڵی پێشڕەوییان دابوو بەڵام لە لایەن هێزی پێشمەرگە بەرپەرچدرانەوە. لە ڕۆژی ١٣ـی ١٠ـی ٢٠١٧ـیش هێزەکانی پشتیوانیی ٢ بە فەرمانی بەرپرسێکی سەربازیی یەکێتی پێگەی خۆیان لە گوندی ستراتیژیی عەبادات چۆڵ کرد و ڕێگەی سەرەکیی خورماتو-کەرکووک کەوتە دەست حەشدی شەعبی و دابڕان لەنێوان ئەو پێشمەرگانەدا دروست بوو کە لە خورماتو هەتا داقوق سەنگەریان گرتبوو. لە ١٢ و ١٣ـی ئۆکتۆبەر

هەتا ١٥ی ئۆکتۆبەر بە درێژایی بەرەکان لەو میحورەدا ناوچەکانی سەبعە نیسان و داقوق و دوزخورماتو و مریەم بەگ هەر هەمووی لە ڕێککەوتنێکی نهێنیدا ڕادەستی ئێرانییەکان و حەشدی شەعبی کرابوون..

لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە ماڵی خوا لێی خۆش بێ مام جەلال لە هاوینەهەواری دوکان بەشداریی کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتیم کرد. لە کۆبوونەوەکەدا برادەرانی یەکێتی باسی پێشنیارێکیان کرد کە بۆ هەماهەنگیی نێوان هەر سێ لا هێزێکی پێشمەرگە و هێزێکی ئەمەریکایی و هێزێکی عێراقی لە سەربازگەی (K1)ی کەرکووك جێگیر ببن و بۆ ئەوەی شەڕ لە کەرکووك دوور بکەوێتەوە، لیوای پاسەوانیی سەرۆك کۆماریش شاری کەرکووك بپارێزێ. زۆر ڕوون بوو کە ئەمە ڕاست نییە چونکە بابەتی هەماهەنگی شتێکی ئاسایی بوو و پێشتریش لە زۆر شوێن بنکەی هەماهەنگیی نێوان هێزە ئەمەریکاییەکان و پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەبوو. جگە لەوەش زۆر زەحمەت بوو کە ڕێگە بدەن لیوای پاسەوانی سەرۆك کۆمار بێتە کەرکووك.

هەر لە سەرەتای کۆبوونەوەکەی دوکان دیار بوو کەشوهەوایەکی ناسرووشتی لای برادەرانی یەکێتی هەیە. دوای ئەوە نێچیرڤان بارزانی کە ئەو کات سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بوو پرسیاری لێ کردن کە ئایا هیچ ڕێککەوتنێکتان کردووە؟ لە وەڵامدا چ ئەوانەی ڕێککەوتنیان کردبوو و ئەوانەشی ئاگایان لە ڕێککەوتن نەبوو گوتیان ئاگامان لە ڕێککەوتن نییە. کەچی دواتر دەرکەوت هەندێ کەسی ناو یەکێتی ڕێککەوتنیان بە بێ ئاگاداری دامەزراوەکان و ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی و سەرکردایەتیی کوردستان کردبوو. تەنانەت بەشێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش ئاگای لەم ڕێککەوتنە نەبوو کە بە هۆیەوە کەرکووك ڕادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئێرانی و عێراقی کرا. لە کۆتایی

کۆبوونەوەکـەی دوکان بڕیـار درا سـەرۆك کۆمـار دەسـتبەجێ بگەڕێتـەوە بەغـدا بـۆ مەبەسـتی هەماهەنگـی و گفتوگـۆی بنیاتنەرانـەی نێـوان هەرێـم و بەغـدا. سـەرۆك کۆمـار گەڕایـەوە بەغـدا بـەڵام لـە بەغـدا کـەس ئامـادە نەبـوو لەگەڵیـدا دابنیشـێت. لە کۆتایـی کۆبوونەوەکـەی دوکان ڕاگەیێندراوێکـی هاوبەشـی هـەردوو حـزب دەرچـوو کـە دەقەکـەی بەمشـێویە بـوو:

## ڕاگەیێندراوی کۆبوونەوەی دوکان

لـە (٢٠١٧/١٠/١٥) لـەدوکان، بـارەگای هاوینەهـەواری سـەرۆك مـام جـەلال، کۆبوونـەوەی هاوبەشـی مەکتەبـی سیاسـی (یەکێتـی- پارتـی) ئەنجامـدراو، دۆخـی عێـراق و ناوچەکـە و کوردسـتان، هەڵسـەنگێندرا. سـەرەنجام:

یەکـەم: جەخـت لەسـەر یەکڕیزیـی گەلەکەمـان و هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان کرایـەوە، کـە دەسـتەبەری راپەڕاندنـی ئەرکـە هاوبەشـەکانن، لـەم قۆناغـەدا.

دووەم: کۆبوونـەوە، سـووربونی خـۆی لەسـەر چارەسـەرکردنی تێکـڕای کێشـەکان، بەدیالۆگێکـی بـێ مەرجـی بەرپرسـیارانەی بونیاتنـەر، لەنێوان هەولێـر- بەغـداد، رادەگەیەنێ.

سـێهەم: هێـزە کوردسـتانییەکان، ئێسـتاش، هـەر ئامـادەن گفتوگۆیەکـی بـێ مـەرج و کـراوە و بونیاتنـەر، لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندی بەغـدادو هەولێر و پرنسـیپە دەسـتورییەکان، ئەنجـام بـدەن.

چـوارەم: کۆبوونـەوە، لـە بەرژەوەندیـی هەمووالیەکـی دەزانـێ، لایەنـە سیاسـییە سـەرەکییەکانی عیـراق‌و کوردسـتان، بەشـداری دانوسـتاندنی نێـوان هەرێـم‌و بەغـداد بکـەن. هەروەهـا لایەنـە نێودەوڵەتییەکانیـش چاودێریـی پرۆسـەکە بکـەن.

پێنجـەم: لەسـەر کێشـەی سـەربازیی و ئاسـاییش، لـە ناوچەکانـی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، یـان هـەر شـوێنێکی دیکـە، هەمـوو چەشـنە دەسـتتێوەردانێکی سـەربازی، یـان جووڵاندنـی هێـز و هەڕەشـە و گوڕەشـە، جگـە لەمەترسـییەکانی لەسـەر پەیوەنـدی هەرێـم و بەغـداد، هەڕەشەشـە لەسـەر هـەر جـۆرە هەوڵێکـی راسـتگۆیانە، بۆ چارەسـەری ئاشـتییانەی کێشـەکان. هەروەهـا، راسـتەوخۆ پێشـێلکردنی یاسـا و رێسـایە کـە بڕیاریـان لـێ دراوە، هێـزە

چەکدارەکانی عیراق، بۆ یەکلایی کردنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان، بەکار بهێندرێ.
لەکۆتایشدا، هەردوولا، سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان دەنێرین، کە لە شەڕی تێکشکاندنی داعشدا، پێناسەی پارێزەری ئازادیی جیهانیان وەرگرت و ئێستاش، سەنگەری پێشەوەی بەدیهێنانی ئامانجەکانمانن..

هەر لە هەمان ڕۆژی کۆبوونەوەکەی دوکان لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە کاتی کۆبوونەوەکەدا شا عەبدوڵڵای پاشای ئۆردۆن بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم و گوتی تۆ و عەبادی وەرن میوانی من بن بۆ ئەوەی باسی گرفتەکان بکەین و پێکەوە بگەنە لێکتێگەییشتنێك. ئەیاد عەللاویش ئاگاداری ئەو داواکارییەی شای ئۆردۆن بوو. پێم گوت من ئامادەم بێم بەڵام فڕۆکەخانەکانیان گرتووە. شا عەبدوڵڵا گوتی من خۆم فڕۆکەت بۆ دەنێرم. عەبادیش لە وەڵامی ئەو دەستپێشخەرییەی شای ئۆردۆندا گوتبووی بە مەرجێك ئامادەی ئەو دانیشتنە دەبم کە پێشتر مەسعود بارزانی بێتە سەر تەلەفزیۆن و هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆم ڕابگەیێنێت. ئەو مەرجەی عەبادی بۆ کۆبوونەوە زۆر نابەجێ بوو و خۆشی چاك دەیزانی کە کەس ئەو ماف و ئەو توانایەی نیە کە دەنگی ملیۆنان هاووڵاتی هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام ئەو داوا نابەجێیەی نیشانەی لەخۆباییبوونی بوو و جۆری عەقلییەتی دەردەخست.

زۆر بەر لە ڕیفراندۆم من ئەو ڕاستییەم دەزانی کە هێزەکانی عێراقی بۆیان بڕەخسێت پەلاماری ناوچە جێناکۆکەکان و هەرێم دەدەن. ئەوەم چەندین جار لەگەڵ ئەمەریکایی و ئەورووپایی و لایەنە کوردستانییەکانیش باس کردووە. ڕیفراندۆمیش ڕێگەیەك بوو بۆ ئەوەی چارەیەك بخرێتە ڕوو و ڕێ لە هەڵگیرسانی شەڕ بگیرێت. بەڵام هەروەك بینیمان ڕۆژی دوای کۆبوونەوەکەی دوکان لە شازدەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا لە گەلەکۆمەکییەکی هەرێمایەتی و بە

ڕێخۆشکەریی ناپاکانی ناوخۆیی و بەبەرچاوی ئەمەریکا و بە چەك و دەبابەی ئەمەریکایی، هێزەکانی حەشد بە هاوکاریی ژمارەیکی زۆری پاسداری ئێرانی و بە فەرماندەیی پاسدارێك بە ناوی ئیقبالپوور، پەلاماری کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان درا. ئێمە هەرگیز پێشبینیی ئەوەمان نەدەکرد بە چاودێریی ئەمەریکا و بە چەکی ئەمەریکا، پەلاماری پێشمەرگە بدرێت. ئەوەشمان پێشبینی نەکردبوو کە هێزێکی نێوخۆیی تەجاوزی ئیرادە و دەنگی گەلی خۆی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکات و لەگەڵ سەرکردەکانی حەشد ڕێك بکەوێ بۆ ئەوەی خاکی کوردستان داگیر بکرێت.(نەخشەکانی ژمارە ٧ و ٨).

ئەم ناپاکییە لە ڕووی دەروونییەوە گورزێکی گەورەی لە پێشمەرگە دا. هەماهەنگی و پێوەندییە سەربازییەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ پچڕا. لە هەندێ شوێن پێشمەرگە بەبێ فەرمان پاشەکشەی کردبوو. ئێمە هەموومان باش دەزانین ناپاکیکردن لە بەرەکانی شەڕدا چیی بەسەر ڕۆحی شەڕکردنی جەنگاوەران دەهێنێ. پێشمەرگە کە ئەفسانەی داعشی شکاندبوو، ناچار کرا فرمێسکی شکست و نائومێدی بڕێژێت. هەموو هەوڵی من ئەوە بوو کە ئەم ناپاکییە گەورەیە وا نەکات لەگەڵ عێراقییەکاندا خوێنی زۆر بڕژێت و یان پێشمەرگە دوچاری شەڕی نێوخۆیی ببێت.

لە شنگال پێشتر بۆ دروستکردنی پەرتەوازەیی و دووبەرەکی لەناو ئێزدییەکان هێزی حەشدی ئێزدی دروست کرابوو. لە شازدەی ئۆکتۆبەردا دەڤەری شنگالیش وەبەر شەپۆلی زاڵمانەی ئەو پیلانە ڕەشە کەوت. لەو سەروبەندەدا کەسایەتی و ڕیشسپیانی شنگال داوایان کرد کە پێشمەرگە لە شنگال پاشەکشە بکات. بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی لەنێو ئێزدیان ڕوو نەدات. گوتیان ئێمە بەرگەی کارەساتی تر ناگرین. هەر بۆیەش بەو مەرجەی کە پێویستە

شنگال بدرێتەوە دەست شنگال و ئێزدییەکان خۆیان ئیدارەی خۆیان بکەن و بۆ ئەوەی شەڕ دروست نەبێت و خوێنی ئێزدییەکان نەڕژێتەوە، فەرمانم دەرکرد بە پاشەکشەکردنی پێشمەرگە لە دەڤەری شنگال. کەچی ئێستایشی لەگەڵدا بێت شنگال نەدراوەتەوە دەست ئێزدییەکان و خەڵکی تر لەوێ حوکم دەکەن و خەڵکی شنگالیش نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.

دەمەوێ لێرەدا بۆ مێژوو باسی ڕۆڵی نێگەتیڤی دوو دیپلۆماتکاری بەریتانیایی و ئەمەریکایی بکەم. لە دوای ئەوەی کە ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧ بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم درا، فرانك بەیکەر، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق، لە سەرەتاکاندا بەرانبەر ئەو بابەتە کراوە بوو و باسی هەماهەنگی و هاوکاریی وڵاتەکەی و کوردستانی دەکرد لە قۆناغەکانی داهاتوودا. بەڵام لە کۆتاییەکاندا ئەو ڕۆڵێکی زۆر خراپی لە دژی کوردستان گێڕا و ئاگاداری زۆر لە فیتنەگێڕی و پیلانگێڕیی نهێنییەکان بوو لە دژی کوردستان و، دەستیشی تێدا بوو. دۆگلاس سلێمانی باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراقیش ڕۆڵی زۆر خراپی گێڕا، هەم لە هاندانی نەیارانی کوردستان و هەمیش لە پێدانی ڕاپۆرت و زانیاریی هەڵە لەبارەی کوردستان بۆ واشینگتۆن. (جەنەڕاڵ پۆڵ فانك)یش کە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا بوو لە عێراق و تازە دەستبەکار ببوو، ڕۆڵێکی نەرێنی لە دژایەتیکردنی ڕیفراندۆمی گەلی کوردستاندا گێڕا.

لە بارەی ڕیفراندۆمەوە ڕاستە ئەمەریکاییەکان گوتیان پێمان ناخۆشە و نابێ ڕیفراندۆم بکەن، بەڵام ئەوەشیان پێ نەگوتین کە چەك و ئابرامز دەدەینە حەشد بۆ ئەوەی شەڕی پێشمەرگەی پێ بکەن. کەچی لە بنەڕەتدا چەك و دەبابەی ئەمەریکایی بۆ شەڕی داعش بە سوپای عێراق درابوو، بۆ ئەوە نەبوو بدرێنە حەشدی شەعبی. ئەمەریکاییەکان دەیانتوانی ڕێ لەو

دوژمنکارییـه بگـرن، دەیانتوانـی لانیکـەم دەبابـەی ئابرامـز نەدەنـە دەسـت حەشـد لــە دژی پێشــمەرگە، بــەڵام نەیانکـرد. هەڵوێســتی ئەمەریکاییــەکان بــە تایبــەت باڵیـۆزی ئەمەریـکا لـە بەغـدا هێنـدەی تـر نەیارانـی کوردسـتانی هـان دابـوو بـۆ ئــەوەی نەفیرعــام دژی هەرێـم ئەنجـام بـدەن.

ڕۆژی ١٧ـی ئۆکتۆبـەر باڵیـۆزی ئەمەریـکا لـە بەغـدا، دۆگلاس سـلێمان پەیامێکـی بـۆ ئێمـە ناردبـوو بـەو دەقـە کـە "دنیـا گـۆڕاوە، ئیمـڕۆ دوێنـێ نییـە، پێویسـتە بـە خۆتانــدا بچنــەوە". لــە دوای داگیرکردنــی کەرکــووک و ناوچەکانــی تــر و ئاوارەبوونــی دەیانهــەزار هاووڵاتــی، تــاوان و پێشــێلکاریی بەرفــراوان لــە لایــەن هێزەکانــی حەشـدەوە بەرانبـەر خەڵـك لـە کەرکـووك و دوز ئەنجـام دران. عەبـادی و سـەرکردەکانی حەشـد تووشـی غرووریکـی وا ببـوون دۆخەکەیـان بـە دەرفـەت زانـی بـۆ ئـەوەی پەلامــاری هەرێـم بـدەن و بــە حیســابی خۆیــان هەولێــر و دهۆکیــش بگــرن و، بـە قسـەی خۆیـان سـەرانی ڕیفرانـدۆم لـە دار بـدەن و خەڵکـی ناپاکیـش بکەنـە دەمڕاسـت و نوێنـەری کـورد. مـن لـە بنەڕەتـدا دژی شـەڕکردن بـووم، بـەڵام کـە کار بگاتـە ئـەوەی ئیـرادەی خەڵکـی کوردسـتان بشـکێنن، دەبوایـە بەرگـری لـە ئیـرادەی گەلەکەمــان بکرێــت. ئــەوە بــوو لــە ڕۆژی بیســتی ئۆکتۆبــەری ٢٠١٧ هێزەکانــی حەشــد و عەبــادی چانســی خۆیــان تاقیــی کــردەوە و ویســتیان بــەرەو هەولێــر پێشــڕەوی بکــەن. کــە ئێمــە زانیــمان ئــەوان پیلانــی لەناوبــردن و داگیرکردنــی هەرێمیــان لەســەردایە، ئیــدی بڕیــاری مقاوەمــەی سەرتاســەریمان دا و لــە ڕۆژی بیسـتی ئۆکتۆبـەر و لـە پـردێ، پێشـمەرگە قارەمانێتیـی مەزنـی تۆمـار کـرد و هێرشـی حەشـد و هێزەکانــی عێراقــی تێـك شـکاند.

بـۆ یەکەمیـن جاریـش لـە مێـژوودا تانکـی ئابرامـزی ئەمەریکایـی کـە لـە لایـەن حەشـدی شـەعبییەوە بـە کار هێـنرا، بـە دەسـتی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان تێـك

شـکێندرا. پـاش ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیـە، وەڵامـی پەیامەکـەی دۆگلاس سـلێمانی باڵیـۆزی ئەمەریکاییـم نـاردەوە و گوتـم، کـە بـە جەنابـی باڵیـۆز بڵێـن: "ئەمـڕۆ دوێنـێ نییـە و سـبەینێیش وەک ئەمـڕۆ نابێـت." بەرخودانـی پێشـمەرگە لـە هەمـوو بـەرەکان بـەردەوام بـوو هەتـا لـە ٢٦ـی ئۆکتۆبـەر لـە بـەرەی مەحمودیـە و سـحێلا، هێزەکانـی عێراقـی و حەشـد بـە هاوکاریـی هێزەکانـی ئێرانـی و حیزبوڵـڵای لوبنـان و بـە فەرماندەیـی ڕاسـتەوخۆی ئەفسـەرێکی پاسـداری ئێرانـی بـە نـاوی سـەیدموختار (کـە لـەو شـەڕەدا برینداریـش بـوو)، بـە مەبەسـتی گرتنـی پیشـخابوور پەلامـاری سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەیان دا، بـەڵام دوچـاری شکسـتێکی زۆر گـەورە بوونەوە. شـەڕی سـحێلا یەکێکـە لـە گەورەتریـن نەبەردییەکانـی مێـژووی نوێـی گەلـی کوردسـتان. ئـەو شکسـتە گۆڕانـی بەسـەر هاوکێشـەکاندا هێنـا و دانوسـتان دەسـتی پـێ کـرد. عەبـادی هێشـتا هـەر لووتبـەرز و مەغـروور بـوو و ئامـادەی دانوسـتانی سیاسـی نەبـوو، داوای ئـەوەی دەکـرد کـە تیمـە فەنییـە سـەربازییەکان دانوسـتان بکـەن.

لـە یەکـەم گـەڕی دانوسـتاندا نوێنەرانـی هێـزە عێراقییـەکان و نوێنـەری سوپای پاسـداران و حیزبوڵـڵای لوبنـان ئامـادە ببـوون. لـە دانوسـتانەکاندا عێراقییـەکان بەپێـی قسـە و فەرمانـی نوێنەرانـی ئێـران و حیزبوڵـڵا دەجووڵانـەوە. ئەمـە لـە ڕاسـتیدا ئەوپـەڕی سـووکایەتیکردنی عەبـادی بـوو بـە سـەرووەریی عێـراق کـە خەڵکـی بیانـی بێـت و بڕیـار لەسـەر دیاریکردنـی هێڵەکانـی تەمـاس بـدات. بۆیـە بڕیـارم دا چیـتر تیمـی دانوسـتانکاری ئێمـە لەگەڵیانـدا دانەنیشـن.

# وتەی کۆتایی

لــە شــازدەی ئۆکتۆبــەردا ناحەزانــی گەلــی کوردســتان نیــازی ئەوەیــان هەبــوو ئەگــەر بۆیــان بکرێــت ئەزموونــی هەرێمــی کوردســتان لەنــاو بــەرن. خۆڕاگریــی خەڵکــی کوردســتان و پێشــمەرگە ڕێگــەی لــەوە گــرت ئــەم پیلانــە ســەر بگــرێ. بــەڵام هەتــا عەقڵیەتــی نکۆڵیــکاری و شــۆڤێنیەت لــە عێراقــدا جــێ پێــی هەبــێ، هەڕەشــە بــۆ ســەر مــاف و داوا ڕەواکانــی گەلــی کوردســتانیش بەردەوامیــی هەیــە. گەلــی کوردســتان خاوەنــی دۆزێکــی ڕەوای نەتەوەیــی و مێژوویــی و دەســتوورییە و هیــچ ڕووداو و بەربەســتێك ناتوانــێ لــە ڕەوایەتیــی ئــەو دۆزە کــەم بکاتــەوە، گەلــی کوردســتان بــە ئومێــد و هێــزەوە پێداگیــری لــەو دۆزە دەکات.

ســەرباری دڕندەیــی و تاوانەکانــی حکوومەتەکانــی عێــراق لــە دژی کــورد، بــەڵام بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد بــە درێژاییــی مێــژووی خەباتــی خــۆی، ڕێــی نــەدا ئــەو ناکۆکییــە سیاســییەی کــە لەگــەڵ سیســتمی سیاســی و دەوڵەتــی عێراقــدا

هەبـووە، ببێتـە ناکۆکیـی نەتەوەیـی و تایەفـی نێـوان گەلـی کوردسـتان و خەڵکـی عێـراق و نەیهێشـت ناکۆکییـەکان بـۆ نـاو جەمـاوەر شـۆڕ ببنـەوە. ئـەو ڕوانگایـەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە هەمـوو قۆناغـەکان و لـە ئێسـتا و لـە داهاتوویشـدا هەیـە، کـە لـە هەمـوو دۆخێکـدا برایەتیـی کـورد و عـەرەب نابـێ تێـك بچێـت.

لـە دوای قۆناغـی ٢٠٠٣ حوکمڕانـە تازەکانـی عێـراق مێـژووی خوێنـاوی و پـڕ لـە نکۆڵیکاریـی عێراقیـان لـە یـاد کـرد. ئـەو مێـژووە دوورودرێـژەی، کـە پـڕە لـە فرمێسـك و خوێنـی گەلانـی عێـراق، دەکـرا ببێتـە وانەیەکـی زۆر بـاش بـۆ ئـەوەی دەسـتەڵاتدارانی عێـراق لـە دوای ٢٠٠٣وە، بـۆ چەسـپاندنی بنەماکانـی شـەراکەت و پێشـکەوتن و پێکەوەژیانـی نێـوان پێکهاتەکانـی عێـراق کەڵکـی لـێ وەرگـرن. بـەڵام نـەك تەنیـا پەندیـان وەرنەگـرت، بگـرە خراپتریشـیان کـرد. بـە داخـەوە کاریـان بـۆ ئـەوە کـرد کـە ناکۆکییـە سیاسـییەکان دابەزێنـە نێـو ڕای گشـتی و جەمـاوەر و شـێوەی ناکۆکیـی نەتەوەیـی و تایەفـی وەرگـرن. ئەمـە هەڵەیەکـی یەکجـار گـەورە و مەترسـیدار بـوو و لێکترازانـی لـە نێـوان پێکهاتەکانـی عێراقـدا دروسـت کـرد. زەبرێکـی گـەورە بـوو لـە پێکەوەژیـان و برینێکـی قووڵیشـی لەسـەر جەسـتەی عێـراق دروسـت کـرد، کـە چاکبوونـەوەی زەحمەتـە و کاتـی زۆری دەوێـت. ڕژێمەکانـی پێشـووی عێـراق نەیانتوانـی ناکۆکییـە سیاسـییەکان بکەنـە ناکۆکیـی جەمـاوەری و نەتەوەیـی و تایەفـی، بـەڵام لـە دوای ٢٠٠٣وە حوکمڕانـە نوێیەکانـی عێـراق ئەمەیـان کـرد.

ئێسـتا بەداخـەوە لـە بـری ئـەوەی برینەکانـی گەلـی کوردسـتان سـاڕێژ بکـەن، دۆخێکـی وایـان خوڵقانـدووە، ئـەوەی دژایەتیـی زیاتـری مافەکانـی گەلـی کوردسـتان بـکات، پێگـەی زیاتـری دەسـت دەکەوێـت. دژایەتیکردنـی مافـە ڕەواکانـی گەلـی کوردسـتان دەکەنـە مـاددەی بانگەشـەی سیاسـی و هەڵبـژاردن. ڕۆژانـە لـە بابەتـی بودجـە و میزانیـەدا وەك منـەت بـە چـاوی خەڵکـی کوردسـتاندا دەدەنـەوە کـە هەرێـم

بودجـەی عێـراق دەبـات. ئـەوە لـە حاڵێکدایـە کـە دەوڵەتـی عێـراق بـە نـەوت و سـامانی کوردسـتان بووەتـە دەوڵـەت. لەسـەر دەوڵەتـی عێـراق پێویسـتە قەرەبـووی خەڵکـی کوردسـتان بـکات و بودجـەش بنێرێـت. دەوڵەتـی عێـراق ناچـارە ئـەوە بـکات، چونکـە گەلـی کوردسـتانی قـڕ کـردووە و تاوانـی ئەنجـام داوە. زۆر باشـیش دەزانیـن کـە لەنـاو سیاسـەتمەدارانی عێراقیـدا زۆر کەسـن هـەن کـە لەگـەڵ ئـەو دوژمنـداری و زبرییـەدا نەبـوون کـە حکوومەتـی عێراقـی لـە دژی گەلـی کوردسـتان ئەنجامـی دا و تێگەییشـتنیان بـۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمـان هەیـە.

هەرێمـی کوردسـتان سـەرباری بوونـی کەموکـوڕی بـەڵام لـە ڕووی سـەقامگیری و ئاسـایش و بووژانـەوە و ئاوەدانـی هەنـگاوی زۆر گـەورەی بڕیـوە. بەغـدا نەیتوانـی وەك هەرێـم سـەرکەوتن بـە دەسـت بهێنێـت و حوکمڕانانـی بەغـدا کـە خۆیـان نەیانتوانـی پێشـکەوتن و بووژانـەوە بـۆ گەلـی عێـراق بـەدی بهێنـن، ئێرەییـان بـە خەڵکـی کوردسـتان دەبـرد و هەوڵیـان دا پێشـکەوتن و گەشـەی هەرێـم ڕابگـرن. بەشـە بودجـەی هەرێـم ١٧٪ بـوو بـەڵام هیـچ کات ڕێگەیـان نـەدا ئـەوە بەشـە وەك خـۆی بێـت و تەنیـا ١٠ بـۆ ١٢ لـە سـەددی بودجەیـان بـۆ هەرێـم دەنـارد هەتـا کار گەییشـتە ئـەوەی هەموویـان بـڕی. هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەوەی بـە هـۆی بڕینـی بودجـە لـە لایـەن بەغـدا و شـەڕی داعـش و دابەزینـی نرخـی نـەوت تووشـی گرفتـی گـەورەی ئابـووری بـوو بـەڵام حکوومەتـی عێراقـی لـە سـاڵانی ڕابـردوودا ٨٠٠ ملیـار دۆلار داهاتـی هەبـووە.

پرسـیار ئەوەیـە ئـەو هەمـوو داهاتـە بـۆ کـوێ ڕۆییشـت و لـە چـی سـەرف کـرا؟ ٦٠ ملیـار دۆلار بـۆ بـاش کردنـی دۆخـی کارەبـای عێـراق تەرخـان کـراوە کەچـی دیـار نییـە ئـەو پارەیـە لـە کوێیـە و لـە چـی سـەرف کـراوە. ئـەو هەمـوو داهاتـە لـە بـری ئـەوەی بـۆ خزمەتگـوزاری و بووژانـەوە بـە کار بهێنرێـت لـە دزی و گەندەڵـی و

بێســەروبەریدا بــە هــەدەر ڕۆییشــت. بــە داخــەوە بەشــێکی سیاســییەکانی عێــراق دەیانــەوێ ئــەو فەشــەلهێنانەی خۆیــان لــە بەڕێوەبردنــی وڵات بــە پەلامــاردان و بــە تاوانبارزانینــی هەرێمــی کوردســتان بشــارنەوە. ســاڵی ٢٠١٩ نوێنەرانــی پارێزگاکانــی موســەننا و بەســڕا ســەردانیان کــردم. ئــەوان باســی نەبوونــی خزمەتگــوزاری و بەشــخوراوی خۆیــان و ڕێــژەی بــەرزی هەژاریــی دانیشــتوانی ئــەو پارێزگایــە و پارێزگاکانــی باشــووریان کــرد. زۆر نیگــەران بــووم کــە حکوومەتــی عێراقــی ئــەو هەمــوو داهاتــەی لەبــەر دەســت بــووە بــەڵام خەڵکــی عێــراق لــە نــەداری و بــێ خزمەتگوزاریــدا بژییــن. هــەر ئــەوەش وا دەکات ئێمــە زیاتــر هــان بدرێیــن بــۆ ئــەوەی هــاودەرد بیــن لەگــەڵ برایانمــان لــە باشــوور و ناوەنــدی عێــراق و بــەردەوام بیــن لــە پەیوەندیــی برایانــەی نێــوان دوو گــەل. بــە دڵنیاییــەوە ناکۆکیــی سیاســیی و ئــەدای خەرابــی حوکمڕانانــی عێــراق هیــچ کاریگەرییــەك لەســەر برایەتــی و پەیوەندییەکانــی نێــوان گەلــی کوردســتان و گەلانــی عێراقــدا نابێــت.

تەنیــا ڕێگــە بــۆ چارەکردنــی کێشــەکانی عێــراق و نەهێشــتنی گرفتەکانــی نێــوان هەرێــم و بەغــدا، تاکــە ڕێگــە بــۆ گەییشــتن بــە پێشــکەوتن و ئاشــتی، وازهێنانــە لــە عەقڵیەتــی شــۆڤێنی و، گرتنەبــەری فەرهەنگــی یەکترقبووڵکردنــە. ئەگــەر وەك قۆناغەکانــی ڕابــردوو دەســتەڵاتدارانی عێــراق نەمانــی گەلــی کوردســتانیان بوێــت، ئــەوا بــە دڵنیاییــەوە گرفتــەکان هێنــدەی تــر قووڵــتر دەبنــەوە و ئــەم دۆخــە بــەردەوام دەبــێ و ئــەو وڵاتــە هــەر لــە قەیرانــدا دەمێنێتــەوە. گەلــی کوردســتان وەك هەمیشــە بــە گیانێکــی برایانــە و دۆســتانە خوازیــاری چــارەی ئاشــتیانەیە بــۆ هەمــوو گرفتــەکان.

ڕیفرانــدۆم دەســتکەوتێکی نەتەوەیــی و نیشــتیمانیی گــەورە بــوو بــۆ گەلــی کوردســتان. ڕیفرانــدۆم ســەرکەوت، چونکــە زۆرینــەی خەڵکــی کوردســتان بــە بەڵــێ

دەنگیـان پێـی دا. ڕیفرانـدۆم ئـەوکات شکسـتی دەخـوارد کـە دەنگـی (نـا) زیاتـر بـا و خەڵکـی کوردسـتان داوای سـەربەخۆیی نەکردبـا. دەنگـی حـەق و دادخوازیـی گەلـی کوردسـتان سـەرکەوت و ئێسـتا هەمـوو جیهـان دەزانـێ داخوازیـی ڕاسـتەقینەی گەلـی کوردسـتان چییـە. لـە هەمانکاتیشـدا ڕیفرانـدۆم هەڵگـری وانـەی زۆر گـەورە و پڕبەهایـە بـۆ گەلـی کوردسـتان و نەوەکانـی داهاتـوو. یەکێـك لـە وانـەکان ئەوەیـە ئەگـەر خـۆت نەبـی و خـۆت پشـت بـە خـۆت و خەڵکـی خـۆت و تواناکانت نەبەسـتی، بـە نەبـوو حیسـابیت.

لـە ڕەفتـار و هەڵوێسـتی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی لەمـەڕ ڕیفراندۆمـی کوردسـتاندا بـە ڕوونـی دەرکـەوت، ئـەوەی لـە پێوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا جووڵـە بـە هاوکێشـە و شـتەکان دەکات پرەنسـیپ و بنچینـەی مـاف و دادپـەروەری نییـە، بەڵکـو لۆژیکـی هێـز و بەرژەوەندیخوازییـە. بینیـمان هەموویـان دژ بـە دەنگـی ڕەوای خەڵـك وەسـتابوونەوە، بـەڵام کەسـیان ڕێگـری ئـەوەی نەکـرد کـە لـە دژی کوردسـتان چـەك و زەبروزەنـگ و ئابڵۆقەیـان بـەکار هێنـا. هەڵوێسـتی زۆرێـك لـەو وڵاتانـەی بـە جیهانـی ئـازاد و بـە کۆمەڵـگای دیموکـرات و خـاوەن پرەنسـیپ نـاوزەد کـراون، یـان هەڵوێسـتێکی لاواز و لـەرزۆك، یـان بێدەنـگ و بێهەڵوێسـت بـوون، یاخـود هەڵوێسـتێکی شـەرمن و بێکاریگەریـان هەبـوو. ژمارەیەکـی کەمیشـیان هەڵوێسـتیان هاوسـەنگ بـوو.

بـە پێویسـتی دەزانـم سوپاسـی بـێ پایانـی خـۆم ئاراسـتەی هەڵوێسـت و گەرموگـوڕی و پشـتیوانیی گەلـی کـورد بکـەم لـە پارچەکانـی تـر و هەمـوو ئـەو کوردانـەی لـە دەرەوەی کوردسـتان کـە پشـتیوان و هاوسـۆزی داوا ڕەواکانـی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان بـوون. ئامۆژگارییـم بـۆ هەمـوو تاکێکـی کـورد و هەمـوو سیاسـییەکی کـورد لـە بابەتـی مافـە ڕەواکانـی گەلەکەمانـدا ئەوەیـە، کـە هیـچ کات

پشتی خۆتـان بـە لایـەک گـەرم نەکـەن. جیهـان، جیهانـی بەرژەوەندییەکانـە. ئەگـەر بەرژەوەندییـان لەگـەڵ کـورد بگونجـێ ئـەوا دەبنـە دۆسـت و ئەگـەر بەرژەوەندییـان نەگونجـێ پشـتتان تـێ دەکـەن و ناتانناسـن. بۆیـە تەنیـا پشـت بـە خـودا و پشـت بـە خۆتـان ببەسـتن. ئەگـەر پێشـمەرگەی خۆمـان هەبێـت و هێـزی خۆمـان هەبێـت، کوردسـتان دەتوانـێ خـۆی بپارێزێـت. ئەگـەر بێهێـز بیـن ناپارێزرێیـن و لەناویشـمان دەبـەن. لـە ڕیفراندۆمـدا ئاسـتی ڕق و بوغـز و دوژمنکاریـی نەیارانـی کوردسـتان و هەنـاو و ناخـی خەڵکـی شـۆڤێنی و دڵـڕەش زیاتـر دەرکـەوت و ڕوونیـش بـووەوە، کـە ئـەوان هەرگیـز پەندیـان لـە مێـژوو وەرنەگرتـووە.

ڕەنگـە هەنـدێ لایـەن لـە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان دڵـی خۆیـان بـەوە خـۆش بکـەن و وا لێکـی بدەنـەوە کـە بەهـۆی چەواشـە و میدیـا و چـەك و پـارەی هەنـدێ کەسـی بـێ پرەنسـیپ و خاکفرۆشـی نـاو کـوردەوە دەتوانـن وا لـە گەلـی کوردسـتان بکـەن دەسـتبەرداری بەهـا و ئامانجەکانـی خۆیـان بـن، ئـەوە زۆر بـە هەڵـەدا چوونـە. لـە بەرانبـەر ئەمانـەدا بـە ملیۆنـان گەنجـی کـورد هـەن کـە بڕوایـان بـە بەهـا و ئامانجـە بـاڵاکان هەیـە و کەرامـەت و شـکۆی گەلەکەیـان دەپارێـزن.

ڕیفرانـدۆم تـاوان نەبـوو و گەلـی کوردسـتانیش کـە دەنگـی دا، تاوانـی ئەنجـام نـەداوە. ئـەوەی گەلـی کوردسـتان ئەنجامـی دا پێچەوانـەی دەسـتوور نەبـوو. دیباچـەی دەسـتووری عێـراق ئـەو مافـەی بـە گەلەکەمـان داوە. لـە دیباچـەی دەسـتووری عێراقـدا زۆر بـە ڕوونـی هاتـووە کـە **"پابەندبـوون بـەم دەسـتوورە پارێـزگاری لـە یەکگرتنـە ئارزوومەندانەکـەی عێـراق دەکات بـە گـەل و سـەرزەمین و سـەروەرییەکەیەوە"**. ئەوانـە تاوانبـارن کـە دەسـتووریان پێشـێل کـرد و وەڵامـی دەنگـی حـەق و ئاشـتیانەی گەلێکـی مەزڵوومیـان بـە چـەك و ناپاکـی دایـەوە. زمانـی چـەك و خۆسـەپاندن و ناپاکییـش هەرگیـز سـەرکەوتن بـە دەسـت ناهێنێـت.

ئەوانەشــی لەبەرانبــەر دەنگــی ئاشــتیانەی گەلــی کوردســتان هــەروەك قۆناغەكانــی ڕابــردوو دەســتیان بــۆ چــەك و شــەڕ و زەبروزەنــگ بــرد، دەركــەوت كــە وانەیــان لــە مێــژوو وەرنەگرتــووە. ئــەوان بــەر لــەوەی زوڵــم لــە گەلــی كوردســتان بكــەن، زوڵمیــان لــە خۆیــان و وڵاتەكانیشــیان كــردووە. كێشــەی گەلــی كوردســتان كێشــەیەكی ڕەوای سیاســی و جیۆگرافــی و نەتەوەیــی و مێژوویــی و یاســاییە، ســەد ســاڵە هەمــوو جــۆرە چەكێكیــان بــۆ لەناوبــردن و تێكشــكاندنی ئیــرادەی گەلــی كوردســتان و نەهێشــتنی دۆزی ڕەوای گەلــی كــورد بــە كار هێنــاوە، كەچــی گەلــی كوردســتان هــەر مــاوە. نــە ئــەوان توانیویانــە كــورد لــە نــاو ببــەن و نــە كوردیــش توانیویەتــی ئــەوان لەنــاو ببــات.

ئێمــە دیالــۆگ و چــارەی ئاشــتیانە و برایەتیــمان ویســتووە و، دەمانــەوێ كێشــە نەمێنــن و گەلانــی ناوچەكــە لــە ئاشــتییدا بــەرەو پێشــكەوتن و بووژانــەوە هەنــگاو بنێــن . پێــمان وایــە بــە ئینــكار كردنــی مافــی گەلــی كوردســتان و شــەڕ، كێشــەكان چارەســەر ناكرێــن. چ پێكــەوە بیــن یــان پێكــەوە نەبیــن پێویســتە ڕێزگرتــن و لێكتێگەییشــتن لــە نێوانمانــدا هەبێــت.

كەچــی ئــەوان نــەك تەنیــا كێشــە چــارە ناكــەن، بەڵكــو قووڵتریشــی دەكەنــەوە و بەبــێ ئــەوەی چارەســەریان بكــەن گرفتــەكان بــۆ نەوەكانــی ئایینــدە دەگوازنــەوە. ئەمــە هەڵــە و ســتەمێكی گەورەیــە كــە بەرانبــەر ئاشــتی و پێكەوەژیــان و ســەقامگیری دەكرێــت. لەگــەڵ ئەوەشــدا كــە لــە ژیانــی گەلانــدا نشووســتی و ســەركەوتن هەیــە، بــەڵام خەبــات و وەســتانەوە دژی ســتەمكاری و شــۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرســتیش هــەر بــەردەوام دەبێــت، چونكــە ئەمانــە هەموویــان لــە دژی سرووشــتی مرۆڤایەتیــن، گەلــی كوردســتان دەیەوێــت بەشــێك بێــت لــە مرۆڤایەتــی نــەك لــە ســتەمكاری.

# پاشکۆکان ▮


• ڕەهەندە دەستووری و یاساییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. ١٢٦

• دەقی بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە لەندەن. ١٨٥

• بەڵگەنامەی سیاسیی گرێنتیکردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی کوردستان. ٢٠٣

• جاڕنامەی بنەما دەستوورییەکان. ٢٠٨

# ڕەهەندە دەستووری و یاساییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان

لە ئامادەکردنی:

دەستەی ڕاوێژکاری لە فەرمانگەی یاسایی پارتیی دیموکراتی کوردستان

بەختیار حەیدر
د. عەبدولفەتاح عەبدولڕەزاق
د. کاوان ئیسماعیل
د. چواس حەسن
د. عەبدولحەکیم خەسرۆ

## پێشەکی

ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان لە عێراق کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥ لەبارەی دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان بەڕێوە چوو، هەنگاوێکی گەورەی مێژوویی بوو بۆ کوردستانیان لە هەموو شوێنێکی جیهان، لە هەمانکاتدا سەدایەکی ناوچەیی و جیهانیی گەورەشی لەسەر ئاستە هەرەباڵاکانی سیاسی و دیپلۆماسی لێ کەوتەوە، بە شێوەیەک شانبەشانی هەڵوێستە سیاسییەکانی دەوڵەتان، گفتوگۆ سەرەتاییە زانستی و فیکریەکانیشی لەبارەی پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس سەرلەنوێ گەشاندەوە، وەک ئایا کێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە؟ ئەو پرەنسیپە بۆ هەموو گەلانە یان تەنها ئەوانەی لەژێر دەستەڵاتی داگیرکاردا بوون؟ لە چ کاتێکدا دەکرێت ئەو مافە پێڕۆ بکرێت؟ و، گەلێک پرسیاری دیکەش. لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و دەستووری، جارێکی دیکە بابەتی دەستووریبوون و نەبوونی ڕیفراندۆمەکەی توند کردەوە، بەوەی ئایا ئەو ڕیفراندۆمە بنەمایەکی دەستووریی هەبوو؟ جێبەجێکردن و نەکردنی دەستوور چ پێوەندیی بەو مافەوە هەیە؟ ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لێکەوتە و پەرچەکردارەکانی دامەزراوە فیدراڵییەکان

لەسەر ئاستەکانی دامەزراوەی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لەهەمبەر ڕیفراندۆمەکە و گەلی کوردستان تا ئەوەی لە ١٦ ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا هێرشی سەربازیی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەوە دەخوازێت کە هەڵسەنگاندنێکی یاساییان بۆ ئەنجام بدرێت تا دیاری بکرێت کە ئایا لە چوارچێوەیەکی ئاساییدا هاتبوون یان پەرچەکردارێکی توند و بێ پاساو بوون؟

لەو سۆنگەیەوە ئەم ڕاپۆرتە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر ئەو سێ لایەنە سەرەکییەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان دا لە ڕێگای ئەم بەشانەی خوارەوە:

# بەشی یەکەم
# مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەی یاسای گشتیی نێودەوڵەتیدا

## تەوەری یەکەم: مانا و پەرەسەندنی چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنووس

بە درێژاییی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە، مافی دیاریکردنی چارەنووس وەك مافێکی گەلان لەوەی کە ئازادانە باری سیاسیی خۆیان دیاری بکەن، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بووە. لەوەشەوە، بەڵگەنامەی جاڕدانی سەربەخۆییی ئەمەریکایش ئاماژەی بەو پرەنسیپە کردووە، هەروەها شۆڕشی فەرەنسایش جارێکی دیکە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی فەرەنساییدا لە ساڵی ١٧٨٩ جەختی کردەوە لەسەر مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا [١].

---

١- د.مسعد عبدالرحمن زيدان قاسم: تدخل الأمم المتحدة في النزاعات المسلحة غير ذات الطابع الدولي، دار الجامعة الجديدة للنشر: الاسكندرية، ٢٠٠٣، ص٣٠١.

لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەدا گەلێـك لـە نووسـەرە ئەڵمانیاییـەكان جەختیـان كـردەوە لەسـەر ئـەوەی ئوممـەت یەكێتییێـكی سرووشـتییە و مـافی ئـەوەی هەیـە كـە سیسـتم و دامـەزراوە تایبەتـە سیاسـییەكانی پێـش بخـات بەبـێ كاریگەریـی یـان ڕێگریـی گـەلانی دیكـە، لـە جیهانـی سیاسـیدا مـافی ئەوەیـان هەیـە كـە كەسـایەتیی نیشـتیمانیی تایبـەتی خۆیـان دەرببـڕن. بۆیـە هـەر ئوممەتێـك پێویسـتە كـە دەوڵـەتی نەتەوەییـی (Nation-State) سـەربەخۆی هەبێـت [٢].

بـەڵام لەسـەر ئاسـتی پێوەندییـە نێودەوڵەتییـەكان، بـۆ یەكەمیـن جـار پرەنسـیپی مـافی گـەلان لـە دیاریكـردنی چارەنووسـیاندا لەلایـەن سـەرۆكی ئەمەریـكا، وودرۆ ویڵسـن (Woodrow Wilson) لـە سـاڵی ١٩١٨، لـە چـواردە پرەنسـیپەكەیدا بـاس كـراوە. لـە پەیماننامـەكانی دوای یەكـەم جەنگـی جیهانیـدا ڕاسـتەوخۆ جێگایـەك بـۆ پرەنسـیپی مـافی گـەلان لـە دیاریكـردنی چارەنووسـیاندا نەكرایـەوە. تـا لـە دوای دووەم جەنگـی جیهانـی لـە ئامانجـەكانی نەتـەوە یەكگرتووەكانـدا لـە بڕگـەی دووەم مـاددە (١) و مـاددەی (٥٥) و مـاددەی (٥٦)ی بەڵگەنامەكەیـدا بـۆ یەكەمیـن جـار لـە بەڵگەنامەیـەكی نێودەوڵەتیـدا جێـگای پرەنسـپەكە كرایـەوە.

جێـگای ئامـاژە پێكردنیشـە كـە پرەنسـیپەكە بەرەبـەرە لـە ڕێـی گەلێـك لـە بڕیـار و جاڕنامـە نێودەوڵەتییەكانـەوە پـتر چەسـپا، بڕیـاری (XV) ١٥١٤ی سـاڵی ١٩٦٠ كۆمەڵـەی گشـتیی نەتـەوە یەكگرتووەكانیـش، كـە بـە (بڕیـاری نەهێشـتنی ئیسـتعمار) نـاسراوە لەوبارەیـەوە دەرچـوو، سـەرەڕای ئـەوەی كـە لـە مـاددەی یەكەمـی هـەردوو پەیماننامـەی نێودەوڵەتیـی مافـە مـەدەنی و سیاسـییەكان(ICCPR) و مافـە كولتـووری و كۆمەڵایـەتی و ئابوورییـەكان (ICESCR) جێـگا و بایەخێـكی تایبەتـی پـێ دراوە.

---

2- See: Thomas D. Musgrave. Self Determination and National Minorities. Oxford University Press: New York، First Published 1997،First Issued In Paperback: 2000. p. 5.

لەوەشـەوە پرەنسـیپی مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس لـە تەنیـا پرەنسـیپێکی سیاسـییەوە گـۆڕدرا بـۆ پرەنسـیپێکی یاسـایی، هەروەهـا ڕای بەهێـزی زانایانیـش ئەوەیـە کـە مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس بووەتـە ڕێسـایەك لـە ڕێسـا بەرفەرمانەکان (القواعـد الامـرە)، بـە شـێوەیەك کـە دەکرێـت داواکاری و پابەندیـی یاسـاییی ناوخۆیـی و نێودەوڵـەتی دروسـت بـکات. هەڵبـەت ناکرێـت تەنانـەت بـە ڕێککەوتنیـش سـەرپێچیی لـێ بکرێـت، مەگـەر بـە ڕێسـایەکی بەهێـزی لـە سرووشـتی خـۆی نەبێـت[٣]. لەبـارەی نـاوەڕۆکی مـافی دیاریکـردنی چارەنووسیشـەوە، بـە تێپەڕبـوونی کات گۆڕانـکاری لـە ڕووی نـاوەڕۆك و مانـاوە بەسـەردا هاتـووە. کـە دەکرێـت بـەوە ئامـاژەی بـۆ بکرێـت کـە بریتییـە لـە توانـای گەلێـك یـان کەمینەیـەك، ئازادانـە لـە بـواری پێوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا بـژاردەی سـەربەخۆیی یـان یەکگرتـن لەگـەڵ دەوڵەتیـکی تـردا هەڵبژێرێـت. یـان ئامـاژە بێـت بـۆ مـافی هاووڵاتیـانی وڵاتێـك لـە بەشـداریکردن لـە پرۆسـەی دروسـتکردنی بڕیـار لـە وڵاتەکەیانـدا.

## ئایـا مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس تەنهـا بـۆ یـەك جـار لەلایـەن گەلـەوە پێـڕۆ دەکرێـت؟

پێویسـتە ئـاگاداری ئـەوە بیـن کاتێـك گەلێـك مـافی دیاریکـردنی چارەنـووسی خـۆی پێـڕۆ دەکات، وەك مانـەوەی لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـدا، مانـای ئـەوە ناگرێتـەوە کـە ئـەو گەلـە لـە داهاتـوودا بێبـەش دەبێـت لـە هەڵبـژاردنی شـێوازێکی دیکـەی مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس، وەك هەڵبـژاردنی سـەربەخۆیی لـە داهاتـوودا. ئەمـەش چونکـە مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس مافێکـە کـە بـە تێپەڕبـوونی کات و بەکارهێنـان لـە کار ناکەوێـت. بـۆ نموونـە پێڕۆکردنـی مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس لەلایـەن گەلـی تەیمـووری ڕۆژهـەڵات لـە سـاڵی ١٩٧٤ لـە

٣- الدكتور إبراهيم محمد العناني، القانون الدولي العام، ط٥، دار النهضة العربية: القاهرة، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ص٤١٤.

ڕێگـەی ڕیفراندۆمێکـەوە کـە لەژێـر سەرپەرشـتیی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا ئەنجام درا و، تێیـدا گەلـی تەیمـووری ڕۆژهـەڵات چارەنووسـی چوونەپـاڵ ئەندەنووسـیای هەڵبـژارد، بـەڵام ئـەوە نەبـووە هـۆی ئـەو مافـەی بفەوتێـت، بەڵکـو سـاڵی ١٩٩٩ جارێـکی دیکـە چارەنووسـی خـۆی دیـاری کـردەوە، ئەمجارەیـان بـە سـەربەخۆبوون لـە ئەندەنووسـیا [٤]. هەروەهـا گەلـی کـورد لـە سـەرەتای شـۆڕشی ئەیلوولـەوە لـە سـاڵی ١٩٦١، شـێوازی ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی عێراقێـکی دیمۆکراسـیدا هەڵبـژارد، بـەڵام بـە ناهتنـەدی مافـەکان و ئامانجـەکانی بەپێـی ئـەو شـێوازە، داواکاریـی خـۆی گـۆڕی بـۆ شـێوازی فیدراڵـی کـە لـە پارلەمـانی هەڵبژێـردراوی کوردسـتاندا لـە سـاڵی ١٩٩٢ بڕیـاری لەسـەر درا.

**تەوەری دووەم: ئەوانەی ئەو مافە دەیانگرێتەوە (أصحاب الحق في تقرير المصير):**

ئـەو بەڵگەنامانـەی لـە پێشـەوە ئاماژەمـان پێیـان دا، بـە وردی دیارییـان نەکـردووە کـە کـێ (کۆمەڵێـك، گـەل، ئوممـەت) مـافی دیاریکـردنی چارەنووسـی خـۆی هەیـە؟ چونکـە پرەنسـیپەکە ئامـاژەی بـە مـافی گـەلان داوە، بـە واتـای تەنیـا گـەلان ڕێپێـدراون بـۆ پێڕۆکـردنی ئـەو مافـە و چارەنووسـی سیاسـییان. بۆیـە لێرەدا پێویسـتە دەستنیشـانی بکەیـن کـە مەبەسـت لـە (گـەلان) کێـن؟

دیـارە کـە یاسـاناس و زانایـان کـۆك نیـن لەسـەر دیاریکـردنی مەدلـولی (گـەلان) کـە لـە پرەنسـیپەکەدا هاتـووە، لەوبارەیەشـەوە سـێ ئاراسـتە هـەن:

ئاراسـتەی یەکـەم/ پێـی وایـە کـە چەمـکی گـەلان (Peoples) کـە لـە بەڵگەنامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا هاتـووە، مەبەسـت لێـی دەوڵەتانـە (States)، بۆیـە وشـەی (گـەلان) هەمـان مانـای (دەوڵەتـان) دەگرێتـەوە[٥].

---

٤- الدکتورة بدرية عبدالله العوضي: موقف القانون من الاحداث المحلية والدولية، جامعة الكويت: الكويت، ١٩٨٠، ص ص١١٨- ١١٩.

5- See: Thomas D. Musgrave. Op. Cit. p. 148.

بـەڵام ئـەو ڕایـە دژ دێتـەوە لەگـەڵ نـاوەڕۆکی پرەنسـیپی مـافی گـەلان لـە دیاریکـردنی چارەنووسـیاندا، بۆیـە لـەلای زۆربـەی یاساناسـان ڕەخنـەی لـێ گیـراوە، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش دەڵێـن کاتێـك کـە بڕگـەی دووەمـی مـاددەی یەکـەم لـە بەڵگەنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دادەڕێـژرا، نوێنـەری بەلژیـکا پێشـنیازی ئـەوەی کـرد کـە وشـەی (دەوڵـەت) لەبـری وشـەی (گـەل) بـە کار بهێنرێـت گونجاوتـرە، بـەڵام پێشـنیازەکەی لەلایـەن لیژنـەی داڕشـتنەوە ڕەت کرایـەوە. هەروەهـا لـە کـە لـە بڕگـەی (١)ی بڕیـاری کۆمەڵـەی گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ژمـارە( XXV) ٢٦٢٥ هاتـووە کـە هەمـوو گـەلان (All Peoples) مـافی دیاریکـردنی چارەنووسـیان هەیـە و هەمـوو دەوڵەتێـك (Evrey State) لەسـەریەتی کـە ڕێـزی ئـەو مافـە بگرێـت[٦].

لەلایـەکی تـرەوە بەڵگەنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان چەندیـن چەمـکی وەك (گـەلان، دەوڵەتـان، ئەندامـانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، دەوڵەتـانی ئەنـدام نیـن، هەرێمـەکانی ئۆتۆنۆمییـان نییـە...) بـە مانـای لـە یەکـدی جیـاواز بـە کار دەهێنێـت.

ئاراسـتەی دووەم/ پێیـان وایـە کـە چەمـکی (گـەلان) کـە لـە پرەنسـیپی مـافی گەلانـدا هاتـووە، مەبەسـت لێـی هەرێمـەکانی ژێـر دەسـتەڵاتی داگیـرکارە (ئیسـتیعمار) و ئـەو گەلانـە ناگرێتـەوە کـە چارەنووسـی کۆتاییـان دیـاری کـراوە بـەوەی بوونەتـە دانیشـتوانی یەکێـك لـە دەوڵەتـە سـەربەخۆکان[٧]. بـەڵام بـە وردبینکـردنی بڕیـارەکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـە تایبـەت لـە دوو دەیـەی کۆتاییـی سـەدەی

---

6- See: Thomas D. Musgrave. Op. Cit. p. 149.

٧- أنظر إدمون جوف: علاقات دولية، ترجمة: منصور القاضي، ط١، المؤسسة الجامعية: بيروت، ١٩٩٣، ص٢٥٣-٢٥٤.

ڕابــردوودا، دەبینیــن کــە پێچەوانــەی ئــەم ئاراســتەیەیە، بــەوەی کــە هەرچەنــدە بڕیــارەکانی لــە چوارچێــوەی نەهێشــتنی داگیــرکاردا هاتــوون، بــەڵام ناوەرۆکەکەیــان بــە شــێوەیەك داڕێــژراوە کــە ســەرجەم گــەلان بگرێتــەوە. هەروەهــا هەندێــك لــە بڕیــارەکانی نەتــەوە یەکگرتــووەکان لەبــارەی مــافی دیاریکــردنی چارەنووســەوە بــۆ گەلانێــك بــووە کــە لەژێــر دەســتی داگیــرکاردا نەبــوون وەك بڕیــارەکانی پێوەســت بــە گــەلی فەلەســتینەوە، یــان وەك حاڵــەتی قبووڵکــردنی ســەربەخۆیی بەنگلادیــش. یــان دانپێدانــان بــەو دەوڵەتــە نوێیانــەی کــە ئەنجامــی هەڵوەشــانی یەکێتیــی ســۆڤیێت و یوگۆســلاڤیا لــە کۆتاییــی ســەدەی ڕابــردوودا دروســت بــوون[٨].

ئاراســتەی ســێیەم/ بۆچــوونی لایەنگــرانی ئــەو ئاراســتەیە ئەوەیــە، کــە ئەوانــەی پرەنســیپی مــافی گــەلان لــە دیاریکــردنی چارەنووســدا دەیانگرێتــەوە، ئــەوا لەلایــەك مەبەســت لێــی گەلانــە نــەك دەوڵەتــان و لەلایــەکی دیکەشــەوە ســەرجەم گــەلانی ژێــر دەســتەڵاتی داگیــرکار و ئەوانــەشی ژێردەســتەی داگیــرکار نیــن، مــافی یاســاییان هەیــە کــە ئازادانــە داهاتــووی سیاســییان دیــاری بکــەن و دەوڵــەتی ســەربەخۆی خۆیــان دابمەزرێنــن[٩].

ئــەو ئاراستەیە ئاراســتەی ڕاســتە و، بــە پێچەوانــەی ئاراســتەی یەکــەم و دووەم، لەگــەڵ ڕووحــی بەڵگەنامــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و مەنتیقــی مــافی دیاریکــردنی چارەنــووس و هەڵوێســتی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و پەرەســەندنەکانی ئێســتای پێوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان و یاســای نێودەوڵەتیــدا دەگونجێــت.

8- See: Michael Akehurst. A Modern Introduction to International Law، London: The ACADEMIC Di-vision of Unwin Hyman Ltd، Sixth Edition، Second Impression، 1988. p. 300.

٩- د.حکمت شبر: الجوانب القانونية لنضال الشعب العربي من أجل الإستقلال، اصدارات وزارة الاعلام: بغداد،١٩٧٤، ص٣٤-٣٥.

## تـەوەری سـێیەم: مافـی کەمینـە نەتەوەییـەکان لـە جیابوونـەوە لـەو دەوڵەتـەی کـە تیایـدا دەژیـن.

ئایـا چەمکی گـەلان کەمینـە نەتـەوەکان دەگرێتـەوە بـەوەی کـە مافیـان پـێ بـدات تـا لـە چوارچێـوەی پرەنسـیپی مـافی گـەلان لـە دیاریکـردنی چارەنووسـیاندا لـە دەوڵـەتی دایـك جیـا ببنـەوە و، دەوڵـەتی خۆیـان دابمەزرێنـن؟

وشـەی (ئوممـە) بریتییـە لـە کۆمەڵـە کەسـانێك کـە لـە ژمارەیـەك خەسـڵەتی گرینگـدا هاوبەشـن وەك ئەمانـە: بنەچـەی ئیتنـی، ئاییـن، بیروبـاوەڕی سـیاسی، تـرس لـە هەمـان دوژمـن. بۆیـە یاساناسـان بەرەبـەرە چوونـە سـەر ئـەو بڕوایـەی کـە جیـاوازی لـە نێـوان چەمکـەکانی نەتـەوەکان (Nations)، ڕەگـەزەکان (Nationalites)، گـەلان (Peoples)، گـەلانی ڕەسـەندا (Indigenous Peoples) نییـە، هەموویـان هەمـان بیرۆکـەی جەوهـەری لەخـۆ دەگـرن[10]. هەروەهـا واقیعـی نێودەوڵەتییـش جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە کەمینـەکان بـە گـەل وەسـف بـکات و دان بنـێ بـەوەدا کـە مافیـان هەیـە لـەوەی چارەنووسـی خۆیـان دیـاری بکـەن و لـە دەوڵـەتی دایـك جیـا ببنـەوە. بـەڵام بـەم مەرجانـەی خـوارەوە[11]:

أ) پێویسـتە کەمینەکە خەسـڵەتەکانی ئوممەی تێدا بێت و خۆی وەك گەلێکی سـەربەخۆ دەربخات.

ب) بوونی ویستی هاوبەش لەلایەن تاکەکانی کەمینەکەوە بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ.

ج) کەمینەکـە هەرێمێکی دیاریکراوی هەبێت.

د) یەکێك لە پاساوەکانی پێڕۆکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەبێت.

---

10-Thomas D. Musgrave. Op. Cit P.169.

١١- د.عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، الإعلان عن الدولة، دار الكتب القانونية ودار شتات للنشر: القاهرة، ٢٠٠٩، ص٤٤٤.

## تـەوەری چـوارەم: مافـی هەرێمـەکان (ویلایەتـەکان)ی دەوڵـەتی فیـدراڵ لـە جیابوونـەوە

لـە بـواری یاسـای دەسـتووریدا تێبینـی دەکرێـت کـە دەسـتووری هەندێـك وڵاتی فیدراڵـی وەك یەکێتیـی سۆڤیێتی پێشـوو و یوگۆسـلاڤیای پێشـوو، بـە ڕوونی مـافی ئـەوەی بـە هەرێمـە فیدراڵییەکانیـان دابـوو کـە چارەنووسـی خۆیـان دیـاری بکـەن و جیـا ببنـەوە. دەسـتووری ئەسـیوپیای سـاڵی ١٩٩٤یـش ئـەو مافـەی نـەك تەنیـا بـە پێکهاتـە هەرێمییـەکانی دابـوو، بەڵکـو بـۆ پێکهاتـە ئیتنییەکانیـشی سـەلماندبوو[١٢]. لـە هەندێـك وڵاتـانی دیکـەی فیدراڵـدا هەندێـك لـە گرووپـە ئیتنییـەکان توانیویانـە کـە مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس بـە کار بهێنـن و جیـا ببنـەوە، بـۆ نموونـە لـە سـەرەتای سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو ڤەنزوێلاییـەکان توانییـان لـە کۆلۆمبیـای مـەزن جیـا ببنـەوە، سـەنگاپوورەش لـە سـاڵی ١٩٦٥ بـە شـێوەیەکی ئاشـتیانە لـە مالیزیـا جیـا بـووەوە، هەرچیـی بەنگلادیشیشـە بـە هێـزی چەکـداری لـە پاکسـتان جیـا بـووەوە.

لــە ڕاسـتیدا باسـنەکردنی دسـتووری فیدراڵــی لــە مافــی هەرێمــەکان بــە جیابوونـەوە، هەرچەنـدە هەرێمـەکان لـە بنەمـای یاسـایی بـە جیابوونـەوە لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ ڕووت دەکاتـەوە، بـەڵام ئـەوە مانـای ئـەوە ناگەیەنێـت کـە بێبـەش دەبـن لـە پێڕۆکـردنی مـافی دیاریکـردنی چارەنووسـیان و جیابوونەوەیـان لـە چوارچێـوەی نێودەوڵەتیـدا، ئەگـەر هاتـوو بـۆ پێڕۆکـردنی دیاریکـردنی چارەنـووس گـەل پێـك بهێنێـت و مەرجـەکان و پاسـاوە یاسـاییەکانی تێـدا بـن، چونکـە یاسـای گشـتیی نێودەوڵـەتی جیابوونـەوە قەدەغـە نـاکات، هیـچ ڕێسـایەکی نێودەوڵـەتی نییـە کـە جیابوونـەوە لـە دەوڵـەت (تەحریـم) بـکات. واتـا لـە یاسـای نێودەوڵەتیـدا ڕێگرییـەك نییـە لـە جیابوونـەوەی هەرێمـەکان لـە دەوڵـەتی فیدراڵیـدا، هەروەهـا

---

١٢- أنظر الدكتور فلاح إسماعيل حاجم: مبدأ السيادة وحق إنفصال الاقاليم في الدولة الفيدرالية، مقال منشور في: http://www.iraqcp.org/members4/0061022wwz18.htm

ئەزموونەکانی جیابوونەوە ئەوە دەسەلمێنن کە بابەتی جیابوونەوە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بابەتێکی ناوخۆییە، دەکرێت بە شێوازی ئاشتییانە بڕیاری لەبارەوە بدرێت وەك گەڕانەوە بۆ دەقی دەستوور، یان گەڕانەوە بۆ بڕیاری دادگای باڵای دەوڵەت، یان گەڕانەوە بۆ ڕای گەل بە ڕێگای ڕیفراندۆمێکی گشتی. یان دەکرێت بە شێوازی نائاشتیانە بێت، وەك بەکارهێنانی هێز، لەو کاتەشدا دەرەنجام هەرچییەك بێت ئەوا بەپێی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی ڕەوایی هەیە[١٣].

کەواتە لە ڕووی یاساییەوە ئەو گرووپەی کە هەرێمێکی فیدراڵی پێك دەهێنن، مافی داواکردنی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە، ئەگەر هاتوو سیفەتی گەلی لەسەر جێبەجێ ببێت و مەرجە پێویستەکانی پێڕۆکردنی ئەو مافەی تێدا بێت.

## تەوەری پێنجەم: مەرج و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس

دەبێت بڵێین لەگەڵ ئەوەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ سەرجەم گەلان و کەمینەکان کە خۆیانیان پێ گەلە چەسپاوە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپە بە شێوەیەکی ڕەها و بەبێ مەرج و میکانیزمی دروستی یاسای نێودەوڵەتی، لەوانەیە ببێتە هۆکاری بەرپاکردنی بشێوی و ناسەقامگیری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵکو دەبێتە هۆی پێشێلکردنی خودی مافی دیاریکردنی چارەنووس.

بۆیە هەندێك لە یاساناسان پێیان وایە، کە دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەو مافەدا کۆمەڵێك مەرج لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕەچاو بکرێن. بۆیە لە ڕاپۆرتی کریسکو (Critescu Report)ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە ساڵی

13- Michael Akehurst. Op. Cit. Pp. 5354.

١٩٨١ بـڵاوی کردووەتـەوە، کۆمەڵێـك مـەرج هاتـوون کـە پێویسـتە لـە هـەر گەلێکدا هەبـن تـا بتوانێـت داوای مـافی دیاریکـردنی چارەنووسـی بـکات، ئـەو مەرجانـەش بریتیـن لەمانـەی خـوارەوە[١٤]:

أ) گرووپەکــە زمــان یــان کولتــوور یــان ئایینێــکی جیاوازیــان هەبێــت.

ب) هەســتکردن بــە مێــژووی هاوبــەش لــە نێــوان ئەندامــانی گرووپەکــەدا هەبێــت.

ج) پەیمانێــك لــە نێــوان ئەندامــانی گرووپەکــەدا هەبێــت بــە پارێزگاریکــردن لــە ناســنامەکەیان.

د) گرووپەکە بە هەرێمێکی دیاریکراوەوە پێوەست بن.

دڵنیابـوون لـەو مەرجانـەش لـە زۆر کاتـدا زەحمـەت نییـە، بـۆ نموونـە بەگوێـرەی کـوردەکان و تبتییـەکان، یـان دەکرێـت دیاریکـردنی گەلێـك لـە ڕێـی هەندێـك بەڵگەنامـەی گشـتی یـان ئیداریـی دەوڵەتـەوە بێـت، وەك سـلۆڤاکیاییەکان کـە لەژێـر سـایەی دەسـتووری چیکۆسـلۆڤاکیادا بارێکی تایبەتیـان پێدرابـوو، هەروەهـا سـکۆتلەندایيەکان کـە سیسـتمێکی دادوەری و پەروەردەییـی جیاوازیـان هەیـە وەك لەوانـەی ئینگلتـەرا، هەروەهـا ڕەفتـارەکانی دەوڵەتیـش لەبەرامبـەر گرووپێـکی دیاریکـراودا یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ ناسـاندنی ئـەو گەلـە[١٥].

بـەڵام لـە کاتی داواکاریـی نائاشـتیانە یـان لـە کاتی خەبـاتی چەکداریـدا، هەندێـك پێیـان وایـە کـە سـەرەڕای ئـەو مەرجانـەی سـەرەوە، دەبێـت هەندێـك مەرجـی

14- Critescu Report، UN Doc. E/CN. 4/sub. 2404// Rev. 1. 1981.

١٥- ڕوبرت ماك كوركوديل: حقوق الانسان وتقرير المصير، بحث منشور في مؤلف: مورتمر سيلرز: النظام العالمي الجديد، حدود السيادة، حقوق الانسان، تقرير مصاير الشعوب، ترجمة: صادق ابراهيم عودة، ط١، دار الفارس للنشر: الاردن، ٢٠٠١، ص٣٤.

دیکەش لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکاندا هەبن تا پێڕۆکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بۆ بسەلمێندرێت، ئەو مەرجانەش بریتین لە[16]:

أ) کێشمەکێشەکە لە دژی داگیرکار یان داگیرکاری بیانی یان سیستەمەکانی حوکمڕانیی ڕەگەزپەرستی بێت.

ب) پێویستە کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکە هێزێکی ڕێکخراو بێت لەژێر سەرکردایەتییەکی بەرپرس کە دیسپلینی ناوخۆیی هەبێت و، یاسای مرۆیی جێبەجێ بکات.

ج) بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکە کۆنترۆڵی بەشێك لە خاکی نیشتمانی کردبێت.

هەندێك لە یاساناسان پێیان وایە زۆر پێویستە کە میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دیاری بکرێن و، لە سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بچەسپێندرێن و لیژنەیەکی تایبەت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو مافە پێك بهێنرێت.

## تەوەری شەشەم: ئاستەنگ و ڕێگرییەکانی بەردەم پێڕۆکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس:

هەرچەندە مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی جیهانییە و دانپێدانراوە بۆ سەرجەم گەلانی جیهان بەو مەرجانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێیان دا، بەڵام هەندێکجار پێڕۆکردنی ئەو مافە کێشە و ڕێگریی یاسایی لێ دەکەوێتەوە لە دەرەنجامی ناکۆکبوون و دژهاتنەوەی لەگەڵ هەندێك لە پرەنسیپ و ڕێسا یاساییە دانپێدانراوەکان، ئەوە سەرەڕای بەرکەوتنی بە بەربەستە سیاسی و

١٦- مورتمر سيلرز: المصدر السابق، ص١٨٩.

مێژوویی و جیۆگرافییەکان و چاوچنۆکی و سیاسەتە فراوانخوازییەکانی هەندێک لە دەوڵەتانیش وەك کێشەکانی (کشمیر، کوردستان، فەلەستین، قوبرس، کیوبک، ڤێتنام، بیابانی ڕۆژئاوا ...هتد) [١٧].

مەبەست لەو ڕێگری و بەربەستە یاساییانەی کە لەوانەیە بێنە ڕێی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسیش ئەوەیە، کە لە هەندێک باردا جێبەجێکردنی مافەکە لەوانەیە ببێتە پێشێلکردنی پرەنسیپێکی بنەڕەتی لە یاسای نێودەوڵەتی کە سیفەتی ڕێسای بەرفەرمانی (القواعد الامرە) هەبێت، لەوکاتەشدا دەبێت هەوڵ بدرێت کە لەگەڵ یەکتریدا بگونجێندرێن، ئەگەر نەکرا ئەوا یەکێکیان بکرێتە قوربانی، بەڵام کامیان بۆ ئەوە گونجاوترە کە ببێتە قوربانی؟ لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوونیان دەکەینەوە:

أ- کۆتی پرەنسیپی سەلامەتیی هەرێمی لەسەر پێڕۆکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس:

یەکەمین گرفتەکانی کە بەرەوڕووی گرووپەکان دەبنەوە کاتێک دەیانەوێت مافی دیاریکردنی چارەنووسیان پێڕۆ بکەن، لە بارەکانی جیابوونەوە و هەڵوەشاندا، بریتییە لە گرفتی هەڵبژاردنی ئەو زەوییەی کە دەوڵەتە سەربەخۆکەی لەسەر بونیاد دەنێن[١٨]. لەبەر ئەوەی لەلایەنی یاساییەوە ئەو زەوییە هەر سەر بە دەوڵەتێکە و لەوەوپێش بە فەرمیی وەك زەویی ئەو دەوڵەتە دانی پێدا نراوە. چونکە هەردوو ماددەی (١٠)ی بەڵگەنامەی کۆمەڵەی گەلان و بڕگەی (٤) لە ماددەی (٢)ی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دانیان بە پرەنسیپی سەلامەتیی خاك و سەربەخۆیی سیاسیی سەرجەم دەوڵەتاندا

---

١٧- زهير شكر، الوسيط في القانون الدستوري، ج١، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ط٣، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع: بيروت، ١٩٩٤، ص٤٠.

١٨- أنظر الدكتور مسعد عبدالرحمن زيدان قاسم: مصدر سابق، ص٣٧٣.

ناوە، بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرجەم دەوڵەتانی بەو خاڵەوە پابەند کردووە.

بەڵام واقیعی بارودۆخی جیهانی پێمان دەڵێت، کە پرەنسیپی سەلامەتیی خاکی وڵاتان بە ڕەهایی ڕێزی لێ نەگیراوە، بەڵکو سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان لە ئەنجامی جیابوونەوە یان هەڵوەشانی دەوڵەتان لە دوای دامەزرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دانپێدانیان لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە و وەرگرتنیان وەك ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وەك (هەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤێت و یوگۆسلاڤیا، جیابوونەوەی ئەریتیریا لە ئەسیوپیا، جیابوونەوەی تەیمووری ڕۆژهەلات لە ئەندەنووسیا، خوارووی سوودان لە سوودان،..) دەری دەخات کە ئەو پرەنسیپە ڕێگرییەکی ڕاستەقینە نییە لە بەردەم پرەنسیپی مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا.

ب) کۆتی پرەنسیپی پاراستنی دەستکەوتەکان لەسەر پێڕۆکردنی پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس:

لەوانەیە پێڕۆکردنی پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەپێناو ڕزگاربوون لە داگیرکار یان بۆ سەربەخۆبوون کۆتوبەند بکرێت بە پرەنسیپی پاراستنی دەستکەوتەکان (Uti possidetis)، کە مەبەست لێی پاراستنی سنوورەکانە کە داگیرکار کێشاونی. گوایە پێڕۆکردنی مافەکە لەو بارانەدا دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی هەرێمی و لەوەشەوە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات[١٩].

---

19- See: Uti possidetis. From Wikipedia، the free encyclopedia. Available at: http://www. Wikipe-dia.org/wiki/Uti - possidetis.

بەڵام پێویستە کە جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی، کە ئەو پرەنسیپە یەکێکە لە شوێنەوارەکانی داگیرکار کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلانی نیشتەجێبووی ئەو سنوورانەی کێشاویانە[٢٠]، هەروەها بێبەشکردنی گەلێك لە مافی بڕیاردان لە چارەنووسی، بە پاساوی ڕێزگرتنی پرەنسیپی پاراستنی دەستکەوتەکان کە واقیع سەپاندوویەتی، ئەو پرەنسیپە کە بنەماکەی واقیعە، نابێتە کۆتێکی یاسایی بۆ سەر پرەنسیپێکی وەك مافی دیاریکردنی چارەنووس کە پرەنسیپێکی یاساییە و بگرە یەکێکە لە ڕێسا یاساییە بەرفەرمانەکانیش. بۆیە ناکرێت سنوورێك کە واقیع بە پێچەوانەی پرەنسیپێکی یاساییی دانپێدانراو سەپاندوویەتی، بە تایبەتیش ئەگەر لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانی گەلانی دانیشتووی ناو ئەو سنوورەدا یەك نەگرێتەوە[٢١].

### ج) کۆتی پرەنسیپی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز لە پێوەندییە دەرەکییەکاندا لەسەر پێڕۆکردنی پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس:

هەندێك جار دەوڵەت لە بەرەنجامی بەکارهێنانی هێز، وەك جیابوونەوەی هەرێمێك لە دەوڵەتی دایك بە ڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژی یان بە پشتیوانیی سەربازیی دەرەکی یان داگیرکاریی سەربازی دروست دەبێت. یان بە ڕێگای یەکگرتن لە نێوان دوو دەوڵەتدا لە دەرەنجامی بەکارهێنانی هێز، یان بەپێی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی کە لەژێر هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزدا بەسترابێت. لەوبارانەدا ئامرازی بەکارهێنراو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکە سەرپێچییە لە یەکێك لە پرەنسیپە جێگرەکانی یاسای نێودەوڵەتی، ئەویش

20- See: Raul R. Hensel، Michael E. Allison and Ahmed Khanani: The Colonial Legacy and Border Sta-bility: Uti Possdeties and Territorial Claims in the Americas. p. 7.

٢١- د.عبدالفتاح عبدالرزاق محمود: مصدر سابق، ص ٤٦٤.

پرەنسـیپی قەدەغەکـردنی بەکارهێنـانی هێـزە لـە پێوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا هـەروەك بڕگـەی (٤) لـە مـاددەی (٢)ی بەڵگەنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئامـاژەی پێـداوە.

زۆربـەی یاساناسـان کۆکـن لەسـەر نایاسـاییبوونی دروسـتکردنی بارودۆخـی هەرێمـی بـە ڕێـگای بەکارهێنـانی هێـز[٢٢]، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نابێـت وا تێبگەیـن کـە بەکارهێنـانی هێـز بـە ڕەهایـی کۆتێکـە لەسـەر پرەنسـیپی مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس، بەڵکـو پێویسـتە جیـاوازی بکرێـت لـە نێـوان بەکارهێنـانی هێـز لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆی دەوڵـەت و بەکارهێنـانی هێـز لەسـەر ئاسـتی پێوەندییـە نێـو دەوڵەتییـەکان[٢٣].

لـە ڕاسـتیدا بڕگـەی (٤)ی مـاددەی (٢)ی بەڵگەنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـە تایبەتـە بـە قەدەغەکـردنی بەکارهێنـانی هێـز، تەنیـا لـە پێوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا و حاڵەتـەکانی بەکارهێنـانی هێـز لـە نێـوان دەوڵـەتی دایـك و هەرێمـی جیابـووەوە ناگرێتـەوە[٢٤]، چونکـە ئـەوەی دواییـان دەچێتـە چوارچێـوەی چەمـکی (شـەڕی ناوخۆیـی)، بـە بابەتێـکی ناوخۆیـی دەژمێردرێـت و ڕێسـایەکی نێودەوڵەتیـمان نییـە کـە قەدەغـەی بـکات. هـەروەك زۆر لـە بڕیـارە نێودەوڵەتییـەکان و بڕیـارەکانی کۆمەڵـەی گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕەواییـان داوە بـە خەبـاتی چەکداریـی گـەلانی ژێردەسـتەی داگیـرکار. نموونـەش بڕگـەی (١٠) لـە بڕیـاری کۆمەڵـەی گشـتی ژمـارە (xx) ٢١٠٥ لـە سـاڵی ١٩٦٥ و مـاددەی (٧) لـە پێناسـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ (دوژمنـکاری - العـدوان) [٢٥].

---

٢٢- د.محمد عزيز شكري: المدخل الى القانون الدولي العام وقت السلم، ط٢، دار الفكر: دمشق، ١٩٧٣، ص١٣٢.

٢٣- د.عبدالفتاح عبدالرزاق محمود: مصدر سابق، ص ٤٧٠.

24- See: Thomas D. Musgrave. Op. Cit. P. 282.

٢٥- د.عبدالفتاح عبدالرزاق محمود: مصدر سابق، ص ٤٧٠.

د) کـۆتی مافـەکانی مـرۆڤ (تـاکی و بەکۆمـەڵ) لەسـەر پێڕۆکـردنی پرەنسـیپی مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس:

ناکرێـت پشـت بـە مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس ببەسـترێت وەك بنەمایـەك بـۆ جیابوونـەوە و جـاڕدانی دەوڵـەت ئەگـەر هاتـوو دامـەزرانی دەوڵەتـە نوێیەکـە پێشـێلکردنێکی مەترسـیداری مافـەکانی مـرۆڤ بـە گشـتی و مافـە بەکۆمەڵـەکانی مرۆڤـی وەك مـافی دیاریکـردنی چارەنووسـی لـێ بکەوێـتەوە [٢٦]، چونکـە دامەزرانـدنی دەوڵـەت بـە سـەرپێچیکردنی پرەنسـیپی مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس بـە کارێـکی نـاڕەوا لـە یاسـای نێودەوڵەتیـدا دەژمێردرێـت. هـەر لـەو چوارچێوەیەشـدا، کاتی خـۆی کۆمەڵـەی گـەلان کۆمەڵێك مەرجـی لەبـارەی پاراسـتنی مـافی کەمینەکانـەوە لـە کاتی جێبەجێکـردنی مـافی دیاریکـردنی چارەنـووسی ئـەو وڵاتانـەی کـە فرەپێکهاتـەی نەتەوەیـی و تایـەفی بـوون دانـا. وەك پەسـندکردنی مەرجداریـی عێـراق لـە ئەندامێتیـی کۆمەڵـەدا بـەوەی عێـراق پەیـمان بـدات بـە ڕێزگرتنـی مافـەکانی کـورد و نەتـەوەکانی دیکـەی کـە لێـی پێـك هاتـووە[٢٧].

## تـەوەری حەوتـەم: پاڵنـەر و پاسـاوەکانی پێڕۆکـردنی مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس

ئـەم بارانـەی خـوارەوە دەبنـە پاڵنـەر و پاسـاو بـۆ ئـەوەی هـەر گەلێـك مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس خـۆی پێـڕۆ بـکات

أ- پاراسـتنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی:

پاراسـتنی ئاشـتی و ئاسـایشی نێودەوڵـەتی بـە یەکێـك لـە ئامانجـە گرینـگ و بـەرزەکانی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەژمێردرێـت. لەوەشـەوە ئەگـەر

26- Michael Akehurst. Op. Cit. p. 298.

٢٧- د.عبدالفتاح عبدالرزاق محمود: مصدر سابق، ص ٤٧٣.

کێشمەکێشـەکە پێوەنـدار بـوو بـە مـافی دیارکـردنی چارەنـووس و ئەگـەری ئـەوە هەبـوو کـە ئاشـتی و ئاسـایشی نێودەوڵەتـی بخاتـە مەترسـییەوە، ئـەوا لەسـەر نەتـەوە یەکگرتـووەکان پێویسـتە کـە دەسـتتێوەردان بـکات بـۆ چارەکـردن (تەسـویەکردن)ی، لـەو پێناوەشـدا بـۆی هەیـە هەمـوو ڕێگایـەك بگرێتـە بـەر، لەوانـەش بڕیـاری پێویسـت بـدات بـۆ ئاسـانکاریی پێڕۆکـردنی مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس[٢٨].

ب- بەرەوڕووبوونەوەی چەوساندنەوە:

تیـۆری چەوسـاندنەوە (The Oppression Theory) بـە یەکێـك لـە تیـۆرە بەناووبانگـەکانی پاسـاوی جیابوونـەوە بـە ڕێـگای جێبەجێکـردنی مـافی گـەلان لـە دیاریکـردنی چارەنووسـیان دەژمێردرێـت، بەپێـی ئـەو تیـۆرە جیابوونـەوەی بەشـێك لـە دانیشـتووانی دەوڵەتێـك یـان کەمینەیـەك و سـەربەخۆبوونیان لـە دەوڵـەتی دایك، پاسـاوی دەبێـت ئەگـەر هاتـوو بەدەسـت چەوسـاندنەوەی زۆرینـەوە دەیانناڵانـد[٢٩].

ئـەو تیـۆرە یەکێکـە لـە تیـۆرە چارەسـەرییەکانی جیابوونـەوە (النظریـات العلاجیـە للإنفصـال - Remedial Theory of secession)، کـە لـە مەنتقێکـەوە دەردەچێـت دەڵێـت:

ئـەرکی حکوومەتـە کـە مافـە سـەرەکییەکانی هاووڵاتیـان بپارێـزت، تـا بـەو ئەرکـەش هەسـتێت ئـەوا شـایانی ئەوەیـە کـە هاووڵاتیـان ملکەچـی فەرمانـەکانی بـن، بـەڵام ئەگـەر حکوومـەت بـە شـێوەیەکی ڕێکخـراو و بـەردەوام پێشـێلی مافانەکانیـانی کـرد و، کاتێـك هیـچ چارەییێـکی دیکـە نەبێـت بـۆ کۆتاییهێنـان بـەو دۆخـە نالەبـارە، ئـەوا بۆیـان هەیـە

٢٨- د.عبدالفتاح عبدالرزاق محمود: مصدر سابق، ص ٤٧٧.

29- See: Y. N. Kly and D. Kly: In Pursuit of The Right to Self-Determination، Collected Papers & Pro-ceedings of the FIRST International Conference on the Right to Self-Determination & the United Nation ، Geneva 2000. P. 1.

لێـی یاخـی بـبن و لـە دەوڵـەت جیـا ببنـەوە. لەوەشـەوە دەوڵـەت ناتوانێـت دەسـت بگرێـت بـە پرەنسـیپی سـەلامەتیی خـاك و سـەربەخۆیی سیاسـی لـە دژی داواکاریـی جیابوونـەوە وەك مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس[٣٠]، چونکـە لـەو کاتـەدا جیاخـوازەکان (الانفصالیـون) پشـت دەبەسـتن بـەو گریمانەیـەوە کـە دەڵێـت "هەرچەنـدە دەوڵـەت لەژێـر چەتـری یاسـای نێودەوڵەتیـدا ڕەوایـی وەرگرتبێـت و داواکارییـەکانی پێوەسـت بـە خاکەکـەی دروسـت بێـت، بـەڵام دەکرێـت ئـەو داواکاریانـە پشـتگوێ بخرێـن و پووچـەڵ بکرێنـەوە لەهەمبـەر ئـەو چەوسـاندنەوە بەردەوامـە مەترسـیدارانەی لەسـەر گرووپەکانی نـاوەوەی پێـڕۆی دەکات"[٣١].

چەوسـاندنەوە وەك پاسـاو بـۆ مـافی دیاریکـردنی چارەنـووس، مانایـەکی فـراوانی هەیـە، وەك ملپێکەچکـردن(Subjugation)، هەژمـوون(Domination)، بەکارهێنـان(Exploitation). لەکاتێکـدا هەندێـك زانـا پێیـان وایـە، بێبەشـکردن لـە بەشـداریکردن لـە حکوومەتێـکی نوێنەرایەتییشـدا پاسـاوێکە بـۆ جێبەجێکـردنی ئـەو مافـە[٣٢].

هـەروەك دادگای بـاڵای کەنـەدا دانی بـەو تیـۆرەدا نـاوە، کاتێـك لـە کێشـەی داوای هەرێمـی (کیوبیـك) بـۆ مـافی سـەربەخۆبوونی لەسـەر بنەمـای مـافی دیاریکـردنی چارەنووسـی دەڕوانی، ئامـاژەی بـە دوو حاڵـەت کـرد، کـە دەکرێت لە چوارچێـوەی مافی دیاریکـردنی چارەنووسـدا ببنـە بنەمـا بـۆ مـافی جیابوونـەوە، ئەوانیـش حاڵـەتی ئەوەی

٣٠- الحاكم عبدالرحمن سليمان الزيباري: الوضع القانوني لإقليم كردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، ط١، مؤسسة موكرياني للطباعة: اربيل، ٢٠٠٢، ص٣٥٥.

31- See: Brilmayer، L. 1991، "Secession And Self-Determination. A Territorial Interpretation، Yale Jour-nal of International Law 16. 177202-. And Moore، m. 1998، Introduction in Secession and National Self-Determination. M. Moore (ed) oxford: oxford university press. Quoted from: Stanford Encyclopedia of Philosophy. http://plato.stanford.edu/ entries/ secession/

32- Thomas D. Musgrave. Op. Cit. P. 182.

بەشێك لە دانیشتووانی دەوڵەت بەرەورووی چەوساندنەوە ببنەوە، لەگەڵ حاڵەتی ئەوەی گرووپێك نەتوانن بەشداری لە حوكمڕانیدا بكەن بۆ بەردەوامیدان بە گەشەی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و كولتووری. بە هەمان ئاراستە لیژنەی لاوەكیی تایبەت بە قەدەغەكردنی جیاكاریی ڕەگەزی و پاراستنی كەمینەكان سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان، لە ساڵی ١٩٨١ وایدانا كە سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەت نابنە ڕێگرێك لەبەردەم جیابوونەوەی هەرێمێك یان بەشێكی دەوڵەت، ئەگەر هاتوو حاڵەتی پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ هەبێت و بەو جیابوونەوەیە ئەو پێشێلكارییە كۆتایی هات یان ڕێگری لێ بكرێت.

بۆ ئەوەشی كە تیۆری چەوسانەوە ببێتە پاساو بۆ پێڕۆكردنی مافی دیاریكردنی چارەنووس، دەبێت ئەو گرووپەی جیابوونەوەی دەوێت، بیسەلمێنێت كە چیتر ناتوانن بە ئاسایش و ئاشتەوایی بژیێن یان ویستە ڕەواكانی خۆیان لە چوارچێوەی كۆمەڵگا سیاسییە گەورەكەدا وەدی بهێنن، بیشیسەلمێنن كە هەموو ڕێوشوێنە سیاسییەكانی دیكە كە دەتوانێت گەرەنتیی مافەكانیان بكات، لەلایەن زۆرینەی باڵادەستەوە ڕەت كراونەتەوە. ئەوەش ئەگەر ئەو مەرجانەی خوارەوەی هێنایەدی[٣٣]:

١- ئەو گرووپە بیسەلمێنێت كە (گەل)ێك پێك دێنن، چونكە تەنها گەلان دەتوانن ئەو پرەنسیپە جێبەجێ بكەن.

٢- لە دەست چەوساندنەوەی زۆرینە بە مانای (ملپێكەچكردن و هەژموون و بەكارهێنان) بناڵێنێت، بە شێوەیەك كە لێی قەدەغە بێت بگاتە حكوومەت و نوێنەرایەتیی تێیدا هەبێت.

---

٣٣- د.عبدالفتاح عبدالرزاق محمود: مصدر سابق، ص ٤٨٤.

٣- بیسەلمێنن کە چیتر ناتوانن بە ئاشتی و ئاسایش لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بژیێن کە تێیدان.

٤- دەوڵەت نەتوانێت ڕێوشوێنە سیاسییەکانی دیکەی دەکرێت گەرەنتیی مافەکانیان بکات، بێنێتە دی یان هەر ڕەتیان بکاتەوە.

لە ڕاستیدا باری گەلی کورد لە دوای کۆچی بەکۆمەڵی ساڵی ١٩٩١، لە دوای پتر لە حەوت دەیە لە ئازار و سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و دەربەدەرکردن و، ڕەتکردنەوەی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، سەرجەم ڕێوشوێنە سیاسییەکانی کە دەکرا گەرەنتیی مافەکانی کوردی وەك گەلێکی ئازاد و جیاواز بکردایە، پاساوێکی تەواو بوو بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی کوردی ئەوسا ڕابگەیێندرابا، چونکە حاڵەتێکی نموونەیی بێوێنەی پێك دەهێنا و بە دانپێدانانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بڕیارێکی بەناو بانگیدا بە ژمارە (٦٨٨) لە ٥ی نیسان ١٩٩١.

ئەو تاوانانەی حکوومەتەکانی عێراقیش، وەك لە بەیاننامەی جاڕدانی فیدراڵیدا هاتوون، کە پارلەمانی کوردستان لە ٤ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ بڕیاری لێ دا، بریتین لە:

- ونکردن و بێسەروشوێنکردنی پتر لە ٨٠٠٠ بارزانیی بێتاوان لە ساڵی ١٩٨٣دا کە تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت زۆربەیان گۆڕگومن.

- جینۆسایدکردنی پتر لە ٥٠٠٠ ژن و منداڵ و پیر و بێتاوان بە چەکی کیمیاوی و غازی ژەهراوی لە شاری هەڵەبجە لە ڕۆژی ١٦ ئازار ١٩٨٨ و، ژمارەیەکی دیکەش لە بادینان و گەرمیان و بالیسان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

- هەڵمەتێکی دیکەی هەمەجی کە بە هەموو پێوەرێک ئەوپەڕی زوڵم و زۆری و دڕەندەیی تێدا بە کار هێنرا، بە ناوی پرۆسەکانی (ئەنفال) کە پتر لە ١٨٢ هەزار هاوڵاتی کوردی بێتاوانی تێدا بووە قوربانی و زیندەبەچاڵ کران.

- تێکدان و لەناوبردنی پتر لە (٤٥٠٠) گوند کە دەکاتە ٩٠٪ی گوندەکانی کوردستان.

- کوشتن و دەربەدەرکردن و دوورخستنەوەی هەزاران کوردی فەیلی، دەستگرتن بەسەر ماڵ و مڵکیاندا و لەسەر بنەمای سیاسی و ڕەگەزپەرستی ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندرایەوە.

ج- ئەستەمبوونی بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا:

لە هەندێک باردا بە هۆکاری ئەو ڕووداوە خوێناویانەی کە بە درێژاییی مێژووی سیاسیی دەوڵەتێکی دیاریکراو ڕوویان داوە، دەبنە هۆکاری ئازار و برینێک لەلای گرووپە جیاجیاکان کە هەستی دوژمنکاری و ڕق و کینە دروست دەکەن، بە شێوەیەک هیچ کامیان ئەوی تریان پێ قبووڵ ناکرێت و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان ئەستەم دەبێت. لەو کاتانەدا پێوەرە نێودەوڵەتییە تایبەتەکانی مافەکانی مرۆڤ پێوەست بە تاکییەکان و کەمینەکان کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون و ڕێچارە دەستوورییەکانی دیکەی وەک ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیەت کاریگەر نامێنن و، بەڵکو هەندێک جار ئەستەمیش دەبن. بۆیە لەو کاتانەدا پێڕۆکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس دەبێتە تاکە ڕێچارە بۆ گەرەنتیی مافەکانی گرووپە جیاوازەکان[٣٤].

---

34- See: David A. Lake And Donald Rothchild. The International Spread of Ethnic Conflict، Fear، Dif-fusion، And Escalation. Princeton University Press: Princeton، Newjersey، 1998. P. 315.

د- مافە مێژووییەکان

مەبەست لە مافە مێژووییەکانی گرووپەکان وەك پاسا و بۆ پێڕۆکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بریتییە لەو مافانەی کە لە ڕاستییە مێژووییەکانەوە دەیسەلمێنێت کە گرووپێك لە ڕابردوودا حوکمی خۆی کردووە و بەڵام، بە هۆکارێك لە هۆکارەکان لە چوارچێوەی سنووری جیۆگرافیی دەوڵەتێکی دیکەدا خۆی بینیوەتەوە. هەندێك لە توێژینەوەکان نیشانی دەدەن کە زیاتر لە نیوەی گرووپە تایەفییەکان کە لە هەشتاکاندا داواکاریی سەربەخۆبوونیان هەبووە، لەوانە بوون کە لە ڕاستیدا بڕوایان وا بووە کە سەردەمانێك خۆیان حوکمی خۆیان کردووە[٣٥].

جێگای ئاماژەپێدانە، گەلی کورد کە لە ڕابردوودا جۆرێك لە سەربەخۆیی هەبووە و لە باپیرانێکەوە کە سەربەخۆییان هەبوو، هاتوونەتە بوون؛ بۆیە زۆرجار لە پرۆژەکانی بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا، وەك پاساوێك بۆ داواکارییەکانی سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی، پشتی بە مافە مێژووییەکان بەستووە. بۆ نموونە کاتێك شەریف پاشا داواکارییەکانی تایبەت بە کوردستانی لە ساڵی ١٩١٩ پێشکەش بە هاوپەیمانان کرد، جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە ویلایەتی مووسڵ لە عێراق جیاواز بووە، دانیشتووانەکەشی ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیان بە بەشێك لە عێراق نەزانیوە و لەژێر ڕکێفی سەروەرییەکەیدا نەبوون[٣٦].

تێبینی دەکرێت کە لیژنەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە چارەکردنی کێشەی مووسڵ کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە پێك هێنرابوو، ئەو ڕاستییەیان دووپات

---

٣٥- تيد روبرت جار: أقليات في خطر- ٢٣٠ أقلية في دراسة إحصائية وسياسية وإجتماعية، مراجعة وتقديم: د. رفعت سيد أحمد، تعريب: مجدي عبدالحكيم وسامية الشامي، ط١، مكتبة مدبولي: القاهرة، ١٩٩٥، ص١١٩.

٣٦- أنظر حول هذه المطاليب: الدكتور فاضل حسين: مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية – الانكليزية – التركية وفي الرأي العام، ط٣، مطبعة أشبيلية: بغداد، ١٩٧٧، ص ص٧٦-٧٧.

کـردەوە، کـە لـە دوای دیراسـەکردنی گەلێـك کتێبـی مێژوونووسـان و جیۆگرافیناسـان و عەرەبـە کۆنـەکان و ژمارەیـەکی زۆری نەخشـە عەرەبییـەکان و، سـەدان نەخشـەی ئەورووپایـی کـە لـە نێـوان سـەدەکانی شـازدە و بیسـتەمدا کێـشراون و، کتێبـەکانی گەشـتی سـەرجەم سـەردەمەکان و سـەرچاوە جیۆگرافییـەکان و کتێبـە جیۆگرافییـەکانی قوتابخانـە ناوەندییـەکان لـە میسـر، لیژنەکـە گەیشـتنە ئـەوەی کـە سـێ ناوچـە هەبـوون: عێراقـی عەرەبـی و جەزیـرە و کوردسـتان، عێـراق لـە باکـورەوە لـە هیـت- تکریـت یـان جەبـەل حەمرینـی زیاتـر تـێ نەپەڕانـدووە. هەروەهـا لیژنەکـە جەختـی کـردەوە لەسـەر ئـەوەی کـە لـە سـەرجەم ئەدەبیـاتی جیۆگرافـی لـە سـەردەمی فتوحـاتی ئیسـلامیی عەرەبییـەوە تـا سـاڵی ١٩٢٥، قـەت وا دانەنـدراوە و وا وەسـف نەکـراوە و دەرنەکەوتـووە کـە ناوچـەی ویلایـەتی مووسـڵ ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بەشـێك بووبێـت لـە عێـراق، لـە ڕابردوویشـدا دانیشـتووانی ویلایـەتی مووسـڵ ئاشـنا نەبـوون بـە نـاوی عێـراق وەك نـاوی وڵاتی خۆیـان[٣٧].

بۆیـە دەردەکەوێـت کـە بڕیـاری لیژنـەی نێودەوڵەتـی، تایبـەت بـە لێکۆڵینـەوە لـە کێشـەی مووسـڵ، بـە لکانـدنی مووسـڵ بـە عێراقـەوە، بڕیارێـك بـوو تەنیـا لـە گۆشـەنیگای ئابووریـی ڕووتـەوە وەرگیرابـوو، چونکـە لیژنەکـە بـە ڕاشـکاوی ئەوەیـان دەربـڕی کـە لـە گۆشـەی ئابوورییـەوە باشـترین ڕێچـارە ئەوەیە کە مووسـڵ بـە عێراقـەوە بلکێنرێـت، بـەڵام لـە گۆشـەنیگای ڕەگەزییـەوە لیژنەکـە وای دەبینـی کـە ئەگـەر گۆشـەنیگای ڕەگـەزی بـە بنەمـای یەکلاکـەرەوە وەربگیردرێـت، ئـەوا بـۆ چارەکـردنی کێشـەکە پێویسـتە دەوڵەتێـکی کوردیـی سـەربەخۆ دابمەزرێندرێـت، ئـەوەش چونکـە کـوردەکان پێنـج لـە هەشـتی دانیشـتووانی ویلایەتەکەیـان پێـك دەهێنـا. لەوەشـەوە دەگەینـە ئـەو دەرەنجامـەی کـە لیژنەکـە دوای پێشـنیازکردنی لکانـدنی ویلایـەتی مووسـڵ بـە عێراقیشـەوە، نەیتوانیـوە کـە ئینـکاری ئـەو

٣٧- الدكتور فاضل حسين ، المصدر السابق، ص٧٨.

ڕاستییه بكات كه ئەو ناوچەیه له ڕووی جیۆگرافی و ڕەگەزییەوه له عێراقی عەرەبی جیا بووه. له پێشنیازەكەشیدا كه كۆمەڵەی گەلان پەسندی كردووه، جەخت دەكاتەوه لەسەر ئەوەی كه دەبێت حكوومەتی بەریتانیا پەیمان بدات به پێدانی گەرەنتیی پاراستنی مافەكانی كورد له عێراقی نوێدا، دوای ئەوەی ویلایەتی مووسڵی پێوه دەلكێنرێت[٣٨].

ه) ڕاپرسینەكردن له ناو گەلی هەرێمێكدا لەبارەی لكاندنی به دەوڵەتێكی دیكەوە:

پرەنسیپی مافی دیاریكردنی چارەنووس وا دەخوازێت، كه لكاندن یان خستنەسەری گەلێك به هەرێمی دەوڵەتێكی دیكەوه، ناكرێت ئەنجام بدرێت ئەگەر به ڕێگای ڕاپرسییەكەوه ڕای دانیشتووانی ئەو هەرێمه وەرنەگیرێت( )[٣٩]، ئەگەرنا ئەوا پرۆسەكه به ڕەهایی پووچەڵ دەبێت، چونكه ئەوه به پێشلكاریی پرەنسیپی مافی دیاریكردنی چارەنووس دەژمێردرێت. بۆیه ڕاپرسنەكردن لەناو گەلێكدا كاتێك به دەوڵەتێكی دیكەوه دەلكێنرێت، دەبێته پاساوێكی یاسایی بۆ داواكاریی مافی دیاریكردنی چارەنووس[٤٠].

لێرەدا دەكرێت بڵێین كه كوردستانی باشووریش (ویلایەتی مووسڵ)، بەپێی بڕیارێكی لیژنەیەكی نێودەوڵەتی كه كۆمەڵەی گەلان پێكی هێنابوو، له ساڵی ١٩٢٦ بەبێ ئەنجامدانی ڕاپرسییەكی فەرمی لەنێو دانیشتووانی ویلایەتەكەدا كه زۆرینەیان كوردن، به عێراقی نوێوه لكێندرا، ئەوەش دەبێته پاساوێكی یاسایی كه دەكرێت بخرێته سەر پاساوەكانی دیكه له حاڵەتی داواكردنی كورد به پێڕۆكردنی مافی دیاریكردنی چارەنووسی.

---

٣٨- أنظر المصدر السابق، ص ص ١٧٣-١٧٤.

٣٩- د.عصام العطية: القانون الدولي العام، ط٦، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي: بغداد، ٢٠٠١، ص٣٠٣.

٤٠- د.عبدالفتاح عبدالرزاق محمود: مصدر سابق، ص ٤٩٢.

و- پێشێلکردنی بەڵگەنامە (یان دەستوور)ی دامەزرێنەری یەکێتییێکی فیدراڵی:
فیدرالیەت بریتییە لە یەکگرتنێکی ئازادانەی دەوڵەتان یان هەرێمەکان لەسەر بنەما و ئەو مەرجانەی پێشوەختە لەسەری ڕێك دەکەون، کە لە بەڵگەنامە یان دەستووری دامەزرێنەری یەکگرتنەکەدا دەنووسرێنەوە. لەسەر ئەو بنەمایە پێشلێکردنێکی زەق و مەترسیداری ئەو بنەما و مەرجانە، دەبنە پاساوێکی بەهێز بۆ هەرێمە فیدراڵییەکان تا لە یەکگرتنەکە بکشێنەوە و لێی جیا ببنەوە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە لە دیباچەی دەستووری عێراقی فیدراڵدا، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕاپرسییەکی گشتی پەسند کراوە، حوکمێك هاتووە بە پەنهانی (ضمناً) باس لەوە دەکات کە یەکێتیی گەل و سەروەریی عێراق دەوەستێتە سەر ڕێزگرتنی دەستوورەکە و پابەندبوون بە ئەحکامەکانی، ئەوەش کاتێك دەڵێت: "پابەندبوون بەو دەستوورە یەکگرتنی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەریی عێراق دەپارێزێت"، بە واتای پابەندنەبوون بە دەستوورەکە یان پێشێلکردنێکی مەترسیدار و گەورەی دەستوورەکە، دەبێتە پاساوێکی دەستووری لەلایەن ئەوانەی کە زەرەرمەند دەبن بۆ داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتنەکە.

جگە لەو پێشێلکارییە، لە ڕاپۆرتێکی تایبەتیدا کە ژمارەیەك پسپۆڕی یاسای دەستووری و گشتی لە ساڵی ٢٠١٧دا ئامادەیان کردبوو، سەلمێنراوە کە حکوومەت و دەستەڵاتە فیدراڵییەکانی عێراق تا ئێستا پتر لە ٦٠ ماددەی دەستووری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کە پێوەندییان هەیە بە مافەکانی گەلی کوردەوە لە عێراق، پێشێل کراون یان پشتگوێ خراون و جێبەجێ نەکراون. هەر لەو چوارچێوەیەشدا سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە زۆر بۆنەدا ئاماژەیان بەو ڕاستیانە داوە.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین کە ئاماژە بە ڕای ڕاوێژکاری دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ٢٢ تەمموزی ٢٠١٠ بدەین سەبارەت بە ڕاگەیاندنی

سـەربەخۆییی تاکلایەنانـەی کۆسـۆڤا لـە سربیـا لـە ١٧ی شـوبات ٢٠٠٨، کـە یەکێکـە لـەو پێشـینە نێودەوڵەتیانـەی کـە بـە سـەرکەوتنێکی گـەورە بـۆ بڕیـاردان لـە مافـی چارەنـووس هەژمـار دەکرێـت، زۆر خاڵـی ناکـۆک و ڕای جیـاوازی لەسـەر بڕیـاردان لـە مافـی چارەنـووس یـەکلا کـردەوە. لـەم ڕایـە ڕاوێژکارییـەی دادگای دادی نێودەوڵەتیـدا سـەبارەت بـە ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆییی تاکلایەنـەی کۆسـۆڤا، دانـی بـەم ڕاسـتیانەی خـوارەوەدا نـا:

١- ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆییی تاکلایەنـەی کۆسـۆڤا لـە سربیـا، پێشـێلکاری نییـە بـۆ ئەحکامەکانـی یاسـای نێودەوڵەتـی.

٢- بڕیـاردان لـە مافـی چارەنـووس وەکـو پرەنسـیپ، مافـی هەمـوو گەلێکـە و وابەسـتە نییـە تەنیـا بـە گەلانـی ژێردەسـتەی دەوڵەتـی کۆڵۆنیالیزمـەوە.

٣- بڕیـاردان لـە مافـی چارەنووس، باڵاترە لە پرەنسـیپی سـەلامەتیی هەرێمی.

٤- پرەنسـیپی سـەلامەتیی هەرێمـی کـە وەکـو پاسـاوێک بـۆ ڕێگریکـردن لـە جیابوونـەوە بـە کار دەهێندرێـت، بـە ڕای دادگا ئـەم پرەنسـیپە تەنیـا بـۆ پێوەنـدی نێـوان دەوڵەتەکانـە نـەک لـە نێـوان دەوڵـەت و بەشـێک لـە گەلەکـەی.

٥- ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی، دەکرێـت لـە دەوڵەتـی فیدراڵـی، تاکلایەنـە بێـت بەبـێ ڕەزامەندیـی حکوومەتـی فیدراڵـی لـە ناوەند(مەرکـەز).

٦- دادگا دانـی نـا بـە پرەنسـیپی جیابوونـەوەی (عیلاجـی) (Remedial Secession) کاتێـک پێکەوەژیـان ئەسـتەم دەبێـت.

# بەشی دووەم
# پێشێلکارییەکانی دەستووری هەمیشەییی عێراق
# (ماددەی ١٤٠، بڕینی بەشەبودجەی هەرێم، نەوت و گاز)

## تەوەری یەکەم: ماددەی ١٤٠

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ماددەی ١٤٠ی دەستوور و کارەکان و هەنگاوەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەییی عێراق لە کاتی دروستبوونی تاکو کۆتاییی ساڵی ٢٠١٢، ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆکاری پەکخستنی کارەکانی لیژنەی ماددەی ١٤٠ کە یەکێکە لە گرینگترین ئەو پێشێلکاریانەی تا ئێستا بۆ دەستووری هەمیشەییی عێراق کراون و، هیچ مانا و بەهایەکیشی بۆ شەراکەتی ڕاستەقینە لە عێراقی نوێدا نەهێشتەوە.

١/ پێکهێنانی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور

• لیژنەیەک بە فەرمانی ژمارە (٤٦) لە ٢٠٠٦/٨/٩ بە سەرۆکایەتیی بەڕێز (هاشم الشبلي) پێک هات و پاشان گۆڕدرا و بە بەڕێز (رائد فهمي). لەم لیژنەیەدا نوێنەری حکوومەتی هەرێم تێیدا ئەندام بوو کە بەڕێز (د.محەمەد ئیحسان) وەزیری وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی ئەوکات و سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی پێشوو بوو، لەگەڵ خاتوو (نەرمین عوسمان) کە ئەوکات وەزیری ژینگەی عێراقی و جێگری سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بوو لە هەمان کاتدا سەرۆکی لیژنەی داراییی لیژنەکەش بوو.

• لیژنـەی جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ دەسـتوور بـە درێژاییـی کارکردنـی، (٧) بڕیـاری دەرکـرد کـە (٤) بڕیـاری زۆر گرینـگ بـوون بـۆ چارەکردنـی پرسـی ناوچـە جێناکۆکـەکان. گرینگتریـن ئـەو بڕیارانـەی کـە بـۆ ئاسـاییکردنەوەی بارودۆخـی ناوچـە کوردسـتانییەکان دەرچـوون، بڕیارەکانـی لیژنـەی بـاڵای جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ بـوون کـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی وەزیرانـی عێراقـەوە لـە ڕێکەوتـی ٢٠٠٧/٤/١٩ بـە ژمـارە (ق ٦٧٥٦/٢٧/١/٢ ) پەسـەند کـران:

١) هەمـوو ئـەو فەرمانبەرانـەی کـە دەرکرابوون(فەسـڵ) یـان دوور خرابوونـەوە یـان لـە کارەکانیـان گواسـترابوونەوە، لـە مـاوەی نێـوان ١٧/تەممـووزی/١٩٦٨ تـا ٢٠٠٣/٤/٩ دەگەڕێندرێنـەوە بـۆ کارەکانـی خۆیـان لـە ناوچـە ڕەسـەنەکانی خۆیـان یـان شـوێنێکی نزیـك لـە ناوچەکانـی خۆیـان.

٢) ئـەو خێزانانـەی کـە لـە مـاوەی نێـوان ١٧/تەممـووزی/١٩٦٨ تـا ٢٠٠٣/٤/٩ ناوچەکانـی خۆیـان جێهێشـت یـان بـە هـۆی سیاسـەتەکانی ڕژێمـی پێشـوو کۆچیـان پـێ کـرا، بـۆ ناوچـە ڕەسـەنەکانی خۆیـان دەگەڕێندرێنـەوە و قەربـوو دەکرێنـەوە.

٣) گەڕاندنـەوەی خێزانـە هاوردەکانی نێـوان ١٧/تەممـووزی/١٩٦٨ تا ٢٠٠٣/٤/٩ بـۆ ناوچەکانـی خۆیـان و قەرەبووکردنەویان.

٤) هەڵوەشـانەوەی هەمـوو ئـەو گرێبەسـتە کشـتوکاڵیانەی کـە بەسـترابوون بـۆ گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچە کێشـە لەسـەرەکان و گەڕاندنـەوەی بارودۆخەکـە بـۆکاتـی پێـش بەسـتنی گرێبەسـتەکان.

• دوای تەواوبوونـی وادەی دەسـتووری بـۆ جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ لـە ٢٠٠٧/١٢/٣١، (UNAMI) بـووە بەشـێک یـان لایەنـی سـێیەمی بەشـدار بـۆ چارەی

کێشەی ئەو ناوچانە لە نێوان بەغدا و هەولێر بەپێی بڕیاری ژمارە (١٧٧٠) ساڵی ٢٠٠٧ی ئەنجوومەنی ئاسایش و لیژنەیەکی پێک هێنا بە سەرۆکایەتیی (ستافان دیمستورا) و کاریان لەم دۆسیەیەدا کرد. (UNAMI) لەلایەن خۆیانەوە پشتیان بە سێ بنەما بەست، (تۆماری نفووسی ساڵی ١٩٥٧، بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی لەناوچوو، نووسینگەی لیژنەی کاروباری باکووری هەڵوەشێندراوە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥). ئەنجامی کارەکانیان (٣) ڕاپۆرت بوو کە جێگای ڕەزامەندیی لایەنەکان نەبوو.

• لە ساڵی ٢٠١١دا لیژنەکە گۆڕدرایەوە، ئەوجارە وەزیری گواستنەوەی عێراقی (هادی عامری) بە فەرمانی دیوانی ژمارە (٧٨) بووە سەرۆکی لیژنە. لە دوای ئەم گۆڕانکارییە هەموو کارەکانی پێشووتری کە کرابوون، ڕێچکەی گۆڕاو بە ئاقارێکی تردا برا.

## ئەرکەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠:

### قۆناغی یەکەم: ئاساییکردنەوە (التطبيع):

- راگوێزراوەکان (المرحلين و المنفيين و المهجرين والمهاجرين).
- عەرەبی هاوردە (الوافدين).

• گەڕانەوەی ڕاگوێزراوەکان و ناردنەوەی عەرەبی هاوردە بۆ شوێنی خۆیان و قەرەبووکردنەوەیان بە بڕی ئەو پارەیەی کە بۆ ماددەی ١٤٠ تەرخان کراوە و، پێویست بوو ٢ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار تەرخان بکرێت.

• لە ساڵی ٢٠٠٦ تاکو ساڵی ٢٠١٢ بەم شێوەیە بودجەی تەرخانکراو دابەش کرا، کە کەمتر بوو لەو بودجەیەی پێویست بوو بۆ قۆناغی ئاساییکردنەوە و بووە هۆی تەواونەکردنی ئەم قۆناغە:

**کەرکووک:**

١- کۆی گشتیی ئەو خێزانە ڕاگوێزراوانەی کە نفووس و پسوولەی خۆراکیان گەڕاندووەتەوە کەرکووک (٨٩٦٣٤) خێزانن.

٢- کۆی گشتیی ئەو خێزانە عەرەبە هاوردانەی کە نفووس و پسوولەی خۆراکیان لە کەرکووک گواستووەتەوە شوێنە ڕەسەنەکانی پێشووی خۆیان (٢٥٦٣٤) خێزانن.

**خانەقین:**

١- کۆی گشتیی ئەو خێزانە ڕاگوێزراوانەی کە نفووس و پسوولەی خۆراکیان گەڕاندووەتەوە خانەقین (١٥٧٩٢) خێزانن.

٢- کۆی گشتیی ئەو خێزانە عەرەبە هاوردانەی کە نفووس و پسوولەی خۆراکیان لە خانەقین گواستووەتەوە شوێنە ڕەسەنەکانی پێشووی خۆیان ( ١٥٤٧) خێزانن.

**شنگال:**

١- کۆی گشتیی ئەو خێزانە ڕاگوێزراوانەی سنووری نووسینگەی شنگال ((نووسینگەی شنگال هەموو ناوچە کوردستانییەکانی سنووری پارێزگای مووسڵ دەگرێتەوە)) کە بە ڕاگوێزراوی ناوخۆی هەمان سنووری خۆیان دەژمێردران، (٩١٩٧٧) خێزانن.

٢- کۆی گشتیی خێزانە هاوردەکان لە سنووری نووسینگەی شنگال (١٣٨٦) خێزانن.

• گرێبەستە کشتوکاڵییەکان (گرێبەستە کشتوکاڵییەکان و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و کۆی ئەو بڕیارانەی لە لیژنەی کاروباری باکوور(هەڵوەشێندراوە)وە دەرچوون:

• سەبارەت بە بڕیاری ژمارە (٣٥٨) لە ساڵی ٢٠١١ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی ئاساییی ژمارە (٤٧) ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢٧، لیژنەی ماددەی ١٤٠ی ڕاسپارد بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک بە هاوکاریی ئەمینداریێتیی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیران و هەر یەکە لە نوێنەری وەزارەتەکانی (بەرگری، نەوت، ناوخۆ، دارایی، کشتوکاڵ، دەستەی داواکانی ملکداری) بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ مەبەستی یەکلاکردنەوەی بابەتی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەییی عێراقی فیدراڵ. توانرا لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارەوە چەندین کۆبوونەوە ئەنجام بدەن و ڕاپۆرتێکی تایبەت بە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانەی لە خوارەوە ئاماژەمان پێی کردوون پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن.

ئەنجامی ئەم ڕاپۆرتە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

• بڕیاری ژمارە ٢٩ ساڵی ٢٠١٢، کۆی بڕیارە دەرچووەکانی لیژنەی کاروباری باکوور(هەڵوەشاوە)، هەڵوەشێندرانەوە کە پێوەستن بە پرسی ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی غەیرەعەرەب و مافی مامەڵەپێوەکردنیان و، هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵیانەی لەگەڵیاندا کرابوون.

• بڕیاری ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠١٢، کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، داوا کراوە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی لەنێوچوو هەڵبوەشێندرێنەوە و بە ئەنجوومەنی شووڕای دەوڵەت بسپێردرێ و یاسای بۆ دەربکات.

أ. بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکووری هەڵوەشێندراوە:

لـە دانیشـتنی ئاسـاییی چوارەمـی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی عێـراق لـە ٢٠١٢/١/٢٤، بڕیـاری ژمـارە (٢٩)ی سـاڵی ٢٠١٢ی دەرکـرد کـە تایبەتـە بـە هەڵوەشـاندنەوەی گشـت بڕیارەکانـی لیژنەی کاروبـاری باکووری هەڵوەشـێندراوە و، بە نـووسراوی ژمـارە (٣١٢٩) لـە ٢٠١٢/١/٢٥ی ئەمینداریێتیـی گشـتیی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی حکوومەتـی عێراقـی فیـدراڵ ئاڕاسـتەی لایەنـە پێوەندیـدارەکان کـراوە بـۆ جێبەجێکردنـی ناوەڕۆکـی بڕیارەکـە.

ب. بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی لەناوچوو:

• لـە دانیشـتنی ئاسـاییی چوارەمـی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی عێـراق لـە ٢٠١٢/١/٢٤ بڕیـاری ژمـارە (٣٠)ی سـاڵی ٢٠١٢ دەرچـوو، سـەبارەت بە ڕاسپاردنی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق بـە هەڵوەشـاندنەوەی بڕیارەکانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی لەناوچـوو و، ئەنجوومەنـی شـوڕای دەوڵـەت ڕاسـپێردرا بـۆ ئامادەکردنـی پڕۆژەیاسـایەک و ئـەم بڕیـارەش بـە نـووسراوی ژمـارە (٣١٠١) لە ٢٠١٢/١/٢٥ ئەمینداریێتیـی گشـتیی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی حکوومەتـی عێراقـی فیـدراڵ ئاڕاسـتەی لایەنـی پێوەندیـدار کـراوە بـۆ کاری پێویسـت.

• توانـدرا ڕێـژەی (١،٢٥٠،٠٠٠) دۆنـم لـە زەویـی کشـتوکاڵیی ئـەو ناوچانـە بگەڕێندرێنـەوە بـۆ خاوەنـە ڕەسـەنەکانیان هـەروەک لـە خشـتەی ژمـارە (٢) و ژمـارە (٣) نیشـان دراوە. بـەڵام بـە هـۆی تەواونەبوونـی وردەکاریـی جێبەجێکردنـی گەڕاندنـەوەی ئـەو زەویانـە لـە ڕووی یاسـاییەوە لەلایـەن حکوومەتـی عێـراق و، بـە ئاراسـتەی سیاسـی لـە لایـەن وەزارەت و دەزگای پێوەندیـداری عێراقـی، دوا خـرا و بـە تـەواوی جێبەجـێ نەکـرا و تـا ئێسـتایش خەڵکەکـە بـە دوای چـارەی کێشـەکانیانەوەن بـە شـێوەی یاسـایی و بۆیـان تـەواو ناکرێـت.

٣- گواستنەوەی کۆی فەرمانبەرە دەرکراو، دوورخراوە یان گواستراوەکان بۆ کاری پێشووتر و ناوچەکانی خۆیان:

- زیاتر لە (١٦٢٦) فەرمانبەری ڕاگوێزراوی ئەم ناوچانە وەك قۆناغی یەکەم فەرمانی گواستنەوەیان بۆ دەرچوو.
- کۆی گشتیی فەرمانبەر کە پێویستە بگوازرێنەوە بۆ ناوچە کوردستانییەکان (٢٢٦٢).
- ئەوانەی کە نووسراو بۆ بابەتی گواستنەیان کراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق (١٦٢٦).
- ئەو فەرمانبەرانەی کە فەرمانی گواستنەوەیان دەرچووە (٥١٨).
- ئەو فەرمانبەرانەی کە فایلی گواستنەویان ئامادەیە (٦٣٤).

ئەم پرۆسەیە بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە لەبەر ئەوەی حکوومەتی ناوەندی ڕازی نەبوو مووچەکانیان بدات و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەوام بکەن، بەڵام لە بودجەی هەرێمی کوردستان مووچەکانیان وەربگرن و لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەییی عێراق، لە ساڵی ٢٠١١ داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە ئەم بابەتە جێبەجێ بکرێت.

٤- ڕاسپاردەکانی گۆڕانکاریی سنووری کارگێڕیی ناوچە جێناکۆکەکان بە هۆکاری سیاسی:

لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسی یاسایەک ئامادە کراوە لەلایەن لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەییی عێراق بە هەردوو نووسراوی نهێنی و تایبەت ژمارە (٣٦٢) لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ و ژمارە (٣١٢) لە ٢٠١١/٦/١٦، ئاڕاستەی سەرۆک کۆماری عێراقی کردووە کە دواتر سەرۆک کۆمار بە نووسراوی ژمارە (٢٣٧٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٣ بۆ پەسندکردنی، وەک پرۆژەیاسایەک ئەم بابەتەی ئاڕاستەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە.

• لیژنـەی بـاڵای جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠١١، داوای لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق کـردووە بـۆ گفتوگـۆ و بڕیـار لەسـەر پڕۆژەپێشـنیازکراوی سـەرۆک کۆمـار بـۆ هەڵوەشـانەوەی گۆڕانکاریـی سـنووری کارگێڕیـی ناوچـە جێناکۆکـەکان بـە هـۆکاری سیاسـی، بـەڵام تاکـو ئێسـتا هەنـگاوی کردەنـی بـۆ ئـەم پڕۆژەیاسـایە نەنـراوە.

## قۆناغـی دووەم: سـەرژمێری لە ناوچـە جێناکۆکەکان (الاحصاء):

پێویسـت بـوو دوای ئەنجامدانـی قۆناغـی ئاسـاییکردنەوە، سـەرژمێریی گشـتی لـەو ناوچانـە بکرێـت و، ئامادەباشـی بـۆ قۆناغـی سـێیەم بکرێـت کـە ڕاپرسـییە، بـۆ زانیـن ئـەو سـەرژمێرییە پێوەنـدی بـە سـەرژمێریی گشـتیی هەمـوو عێراقـەوە نییـە. حکوومەتـی عێـراق هیـچ هەنگاوێکـی نەنـاوە بـۆ سـەرژمێری بـە بیانـووی تەواونەبوونـی قۆناغـی ئاسـاییکردنەوە کـە تـا ٢٠١٢ هەنـگاوی باشـی بڕیبـوو. لـە دواڕاپۆرتـی لیژنـەی بـاڵای جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠١١، داوای لـە سـەرۆکایەتیی ئەنجوومەنـی وەزیرانـی و ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق کـردووە:

أ- دانانـی یاسـا و گرتنەبـەری ڕێـکاری پێویسـت لەلایـەن سـەرۆکایەتیی ئەنجوومەنـی وەزیـران و ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق بـۆ ئـەم مەبەسـتە و، تەرخانکردنـی بودجـەی پێویسـت بـۆ ئەنجامدانـی سـەرژمێری لـە کەرکووک و ئەو ناوچانـەی ناکۆکییـان لەسـەرە.

ب- ئەنجامدانـی سـەرژمێری لـە کەرکـووک و لـەو ناوچانـەی کـە ناکۆکییـان لەسـەرە، بـۆ جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ی دەسـتوور هەروەهـا بـۆ ئامـادەکاری بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـەم ناوچانـە.

قۆناغی سێیەم:

١- ڕاپرسی (الاستفتاء):

لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٧، لەلایەن لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و بە هاندان و بەدواداچوونی نوێنەرانی کورد لە لیژنەکەدا، کاری پێویست ئەنجام درا لەگەڵ کۆمیسیۆن بە ناردنی نووسراوی داواکاریی پێویست، تاکو لە ئامادەباشیدا بن بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی پرۆسەکە ڕاگیرا.

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەییی عێراق لە ساڵی ٢٠١١، داوای لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە، پرۆژەیاسا و ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان بۆ دیاریکردنی خواستی خەڵکی ئەو ناوچانە، بەڵام تا ئێستا هیچ نەکراوە.

## ٢- ئاستی پابەندیی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە دوای ٢٠٠٣وە لە چارەکردنی پرسی ناوچە کوردستانییەکان

**یەکەم: حکوومەتی ئەیاد عەللاوی**

فەرمانی دیوانیی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوو، کە مەبەست لێی پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بوو بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی تر، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی کە تەمەنی حکوومەتەکەی عەللاوی زۆر کورت بوو، تەنیا لیژنەیەک داندرا بێ ئەوەی نوێنەری کوردستانی تێدا بێ و هیچ کارێکیش ئەنجام نەدرا.

دووەم: حکوومەتی ئیبراهیم جەعفەری

تەنیا بەربەستی دروست کرد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و، دەستتێوەردانی هەرێمییش بەشێك بوو لەو ئەگەرانەی کە نەیهێشت هیچ هەنگاوێك بنرێت. بەلام ماددەی ٥٨ لە یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەییی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ جێگیر کرا.

سێیەم: سیاسەتی یەکەم حکوومەتی نووری مالکی ساڵی ٢٠٠٦ - ٢٠١٠

برگەی ٢٢ لە بەرنامەی حکوومەتی نووری مالکی بۆ ساڵی ٢٠٠٦

حکوومەت پابەند دەبێ بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری، پشتبەستوو بە ماددەی ٥٨ لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت کە خۆی لە دیاریکردنی سێ قۆناغدا دەبینێتەوە: ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و ڕاپرسی لە کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە. هەروەها هەر کە حکوومەت پێک هات هەنگاوی پێویست دەنێ بۆ گرتنەبەری ڕێکارەکانی ئاساییکردنەوە بە گێڕانەوەی قەزا و ناحیەکانی لە ئەسڵدا سەر بە کەرکووک بوون. ئەم قۆناغە لە ٢٠٠٧\٣\٢٩ کۆتایی دێ و قۆناغی سەرژمێرییش لە ٢٠٠٧\٧\٣١ دەست پێ دەکات، دواقۆناعیش کە ڕاپرسییە لە ٢٠٠٧\١١\١٥ جێبەجێ دەکرێ.

چوارەم: سیاسەتی حکوومەتی دووەمی نووری مالکی ٢٠١٠-٢٠١٤

برگەی ١ لە بەرنامەی حکوومەتی هاوبەشی نیشتیمانی بە سەرۆکایەتیی نووری مالکی لە ٢٠١٠/١٢/٢٢

پارێزگاریکردن لە دەستووری عێراق و پابەندبوون پێوەی و کارکردن بەوەی بڕیاری لێ دراوە، هەر هەموارکردنێکیشی لە داهاتوودا بەگوێرەی ماددەی ١٤٢ی دەستوور نەبێ ناکرێ. کۆی ماددە و برگەکانیشی بێ هیچ کەموزیادییێک چالاک دەکرێن و چاودێریکردنی کاری لێژنە پێکهاتووەکانیش

بەگوێرەی دەستوور و بە تایبەت ماددەی ١٤٠ دەبن. پشتبەستن بە سیاقی قانوونییش بنەمای سەرەکیی کاری حکوومەت دەبێ و، چارەکردنی ناکۆکی و کێشە هەڵپەسێردراوەکانیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ؛ هێزە سیاسییەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش پابەند دەبن بە دەستوور و بەرنامەی حکوومەتەوە لە سۆنگەی ئەوەوە کە خاڵی کۆکەرەوە و هاوبەشی هێز و حیزبە بەشداربووەکانی پرۆسەی سیاسییە.

ڕۆڵی هادی عامری وەك سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ لە کابینەی دووەمی نووری مالکیدا:

- گۆڕینی هەموو ئەو ڕێنماییانەی کە ئەحکامەکانی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە پێوەست بە قەرەبووکردنەوەی زاینبارانی ناوەڕاست و باشووری عێراق. بۆیە ڕێنماییی تازە لە کۆتاییی ساڵی ٢٠١١ دەرکرا. بەوپێیەی زەرەرمەندانی تاوانەکانی دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق (لە ١٩٦٨ تاکو ٢٠٠٣)، (دەرکراو، ڕاگوێزراو، کۆچکراوان و کۆچ پێکراوان، نەفیکراو) هەرێمی کوردستانیشی دەگرتەوە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ و بەپێی ئەو ڕێنماییە تازانە و هەر لەسەر ئەم بنەمایە، لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان مامەڵەی هاووڵاتیانی زەرەرمەند لەلایەن لیژنەی ماددەی ١٤٠ کۆ کراوەتەوە. لە هەولێر (١٣٠ ٠٠٠) سەدوسی هەزار مامەڵەیە و لە سلێمانی (٢٥٠ ٠٠٠) دووسەدوپەنجا هەزار مامەڵە و لە دهۆکیش (١٣٩ ٠٠٠) سەد و سیونۆ هەزار مامەڵەیە، کە کۆی گشتیی دۆسیەکان دەکاتە (٥١٩ ٠٠٠)، بەڵام بە هۆی ئەوەی (نووری مالکی) سەرۆکی پێشووی حکوومەتی عێراق ڕەزامەندیی نەدا بە قەرەبووکردنەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان و بە نووسراوێکی فەرمی ڕایگەیاند، کە لە دهۆك و هەولێر و سلیمانی ئەم تاوانانە ڕوویان نەداوە و سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ بە هەمان شێوە لە جێبەجێکردنی کارەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم بابەتە ڕێگری کرد.

- هادی عامری بە بڕیارێکی تاکلایەن، نووسینگەکانی پێوەندیدار بە لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە لە هەولێر هەبوو وەك (لیژنەی ژمێریاری، وردبینی و داتا و زانیاری) داخستن و هەموو ئەو کارمەندانەی دەرکردن کە لە هەولێر کاریان بۆ لیژنەکە دەکرد، هەموو داتا و زانیاری و فایلەکانیشی ڕاپێچی بەغدا کردنەوە.

- هیچ دەستەڵاتێکی بۆ نوێنەرایەتیی کورد نەهێشتەوە لە لیژنەی ماددەی ١٤٠ و ئەو کارانەی لیژنە کە پێشتر بە تەوافوق دەکران، نەیهێشت و خۆی بووە بڕیاردەری سەرەکیی لیژنەکە.

## پێنجەم: سیاسەتەکانی حکوومەتی حەیدەر عەبادی ٢٠١٤-٢٠١٨:

أ- لە بەرنامەی حکوومەتی عەبادیدا ڕێککەوتنێك هەیە لەژێر ناوی (بەڵگەنامەی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان کوتلە سیاسییەکان). لە بڕگەی ١٨ی ئەو ڕێککەوتنەدا هاتووە: (دۆزینەوەی ڕێچارەی گونجاو بۆ کێشەی کەرکووک و کۆی ناوچە کێشە لەسەرەکان لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، بەجۆرێك ئاشتەواییی کۆمەڵایەتی و ڕێککەوتنی نێوان پێکهاتە نیشتەجێبووەکانی پارێزراو بێ). وادەی دیاریکراو ساڵێکە.

ب- بەپێی ئەو بڕگەیەی بەرنامەی عەبادی، دەبوو لە ماوەی ساڵێکدا کارەکانی ماددەی ١٤٠ی تەواو کردبایە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە هیچ هەنگاوێك نەنرا.

ج- هێرشەکانی داعش بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٤ بووە هۆی دووبارە ئاوارەبوونەوەی خەڵکی ناوچەکە. ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و دژەمرۆڤایەتی و جەنگ و ڕووخاندن و سووتاندن و داگیرکردنی مڵك و ماڵی خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە، بە تایبەتی لە شنگال و دەشتی نەینەوا.

د- سەرلەنوێ بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گۆڕانکاری بەسەردا هات و، بە تایبەتی لە دوای هێرشەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە چوارچێوەی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و، بووە هۆی دووبارە ئاوارەبوونەوەی خەڵک و، ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگ و ڕووخاندن و سوتاندن و داگیرکردنی مڵك و ماڵی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە، بە تایبەتی لە دووزخورماتوو و کەرکووک و هەوڵی دوبارە عەرەباندنەوەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان.

## تەوەری دووەم: بڕینی بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان

لە گرینگترین پابەندییە دەستوورییەکانی دەوڵەت بە چەمکە نوێیەکەی، بریتییە لە دەستەبەرکردنی ژیانی شکۆمەند بۆ هەموو هاوڵاتیان بێ جیاوازی، لە ڕێی دەستەبەرکردنی داهاتی پێویست بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی لە چوارچێوەی بودجەی گشتیدا کە بەر لە سەرەتای ساڵی دارایی حکوومەت ئامادەی دەکات و دەستەڵاتی یاسادانان متمانەی پێ دەدات، وەک نوێنەری گەل کە سەرچاوەی دەستەڵاتەکان و یاسادانانیەتی.

بەوپێیەی یەکەکانی پێکهێنەری دەوڵەتی فیدراڵی (هەرێمەکان یان ویلایەتەکان یان کانتۆنەکان) لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆیی خۆیان هەیە، بۆیە بەشێک لە داهاتی گشتیی فیدراڵی بۆ ئەم هەرێمانە تەرخان دەکرێ. لە کاتی کەوتنە کاری دەستووری کۆماری عێراق لە ٢٠٠٥ەوە، ڕێککەوتن کراوە لەسەر تەرخانکردنی ڕێژەی ١٧٪ بۆ هەرێم لە کۆی خەرجییە فیعلییەکان و، ڕێژەی ١٧٪ی کۆی خەرجیی فیعلی (خەرجیی تەشغیلی) و خەرجیی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ بودجەی گشتیی فیدراڵی کۆماری عێراق، کە دوای بڕینی خەرجییە سەرووەرییەکان متمانەی پێ دەدرێ.

هەمـوو یاسـاکانی بودجـەی گشـتیی فیدراڵـی، سـاڵانە ئامـاژەی بـەو ڕێژەیـە کـردووە و حکوومەتـی عێـراق، وەزارەتـی دارایـی پابەنـد کـردووە بـە خەرجکردنـی. بـەڵام کابینەکانـی حکوومەتـی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٥ەوە ئـەو پابەندییـە دەسـتوورییەیان پێشـێل کـردووە و سیاسـەتێکی ئابووریـی دڵڕەقانـەی بـە بەرنامەیان جێبەجـێ کـردووە بـۆ بێزارکردنـی هەرێمـی کوردسـتان، ئەویـش لـە ڕێـی:

١- دابەزاندنـی ڕێـژەی تایبەتـی هەرێـم، بەشـی هەرێـم لـە باشـترین حاڵەتـدا لـە ١١- ١٢٪ تێپـەڕی نەکـردووە.

٢- جیاکردنـەوەی خەرجییـە سـەروەرییەکان لـە خەرجییـە گشـتییەکان لە پشـکی هەرێـم، زێدەڕۆیـی لـە تەرخانکردنـی ئـەم خەرجییانـە، زیادکردنـی جـۆری نـوێ لـە خەرجییـە سـەروەرییەکان، بە جۆرێـک ژمـارەی جۆرەکانی لـە سـاڵی ٢٠٠٦ بـە (١٦) جـۆر خەرجـی دیـاری کـراوە. بەپێـی بڕگـەی (ب) لـە مـاددەی ١٣ لـە یاسـای بودجـەی گشـتیی فیدراڵـی ژمـارە ١ی سـاڵی ٢٠٠٦، بـە شـێوەیەکی بـەردەوام ئـەم جۆرانـە زیـاد کـراون تـا ژمارەیـان گەیشـتووەتە ٣٣ جـۆری خەرجیـی سـەروەری، سـەرباری سـوودی قەرز و هەواڵـە و قیسـتی قـەرزەکان و ژمارەیـان بووەتـە ٣٤، بەپێـی بڕگـەی دووەم لـە مـاددەی ١٨ی یاسـای بودجـەی گشـتیی فیدراڵـی کۆمـاری عێـراق سـاڵی ٢٠١٧ ژمـارە (٤٤) سـاڵی ٢٠١٧.

٣- بێبەشـکردنی گەلـی کوردسـتان لـە هێـزی ئابـووری، بـە بڕینـی پشـکی هەرێـم لـە بودجـەی گشـتیدا لـە شـوباتی ٢٠١٤ـەوە.

٤- کەمکردنـەوەی پشـکی هەرێـم لـە دەرمـان، لـە ٢٠٠٥ـەوە پشـکی هەرێـم لـە باشـترین بـاردا نەگەیشـتووەتە ٦٠-٦٥٪. لـە سـەرەتای تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٦شـەوە کـەم کراوەتـەوە بـۆ ٢٥-٣٠٪.

٥- خەرجنەکردنی شایستەکانی هەرێمی کوردستان لە خەرجیی سەروەری کە شایستەی هەرێمە و تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی بەرگری، بەمەش هێزەکانی پێشمەرگە لە مووچەکانیان و پڕۆژەکانی بنیاتنانی پرد و سوودی گشتی بێبەش کراون.

بڕینی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی و ئەم سیاسەتانە بە پێشێلکارییەکی زەقی دەقەکانی دەستووری عێراقی دادەنرێ و، بووەتە هۆی بە فیڕۆچوونی زۆرێک لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هاوڵاتیانی هەرێم کە دەستووری عێراق ئاماژەی پێکردوون. ئەم سیاسەتە تا ئێستایش هۆکارێکی بنەڕەتییە کە وا دەکات هاوڵاتیانی هەرێم بێهێوا بن لە سوودی مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق، بە تایبەتی دوای ئەوەی حکوومەتی عێراق سەرکەوتوو نەبوو لە کەڵکوەرگرتن لە دەستوور وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردن و پاراستنی یەکێتیی نیشتیمانی و مافی هاوڵاتیانی ڕەسەنی عێراقی پێ گەرەنتیی بکات.

گرینگترین ئەو خاڵە دەستوورییانەی بە هۆی سیاسەتەکانی حکوومەتی عێراقەوە پێشێل کراون، دەکرێ ئاوا پوخت بکرێنەوە:

١- ماددەی (٥)ی دەستوور جەختی کردووەتەوە لە سەر سەروەریی یاسا کە حکوومەتی عێراق بە هۆی پابەندنەبوونی بە بەندەکانی ناردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی لە یاساکانی بودجەی گشتیی فیدراڵی لە شوباتی ٢٠١٤وە پێشێلی کردووە، لە کاتێکدا بڕینی بودجە بڕیارێکی تاکلایەنەی سەرۆک وەزیران بوو.

٢- ماددەی (١٤) حکوومەتی عێراق جیاوازیی کردووە لە نێوان هاوڵاتیانی هەرێم و بەشەکانی دیکەی عێراق بە بڕینی مووچە و سەرچاوەی ژیانیان. لە کاتێکدا ئەو ماددەیە دەڵێ، عێراقییەکان

یەکسـانن و نابـێ بـە هـۆی ڕەگـەز و نـەژاد و نەتـەوە و ڕەسـەنەوە جیاوازیـی لـە نێوانیانـدا بکـرێ.

٣- ماددەکانـی (٢٥) و (٢٦) حکوومەتـی عێـراق بـە پێچەوانـەی ئەو دوو ماددەیـەوە (بەپێـی بنەمـا ئابوورییـە نوێیـەکان، حکوومەتـی عێـراق ئەرکیەتـی کـە چاکسـازی لـە ئابووریـی وڵاتـدا بـکات)، بـە شـێوەیەک کـە ببێتـە هـۆی وەبەرهێنانـی کـۆی سـەرچاوەکانی و هەمەڕەنگکردنـی سـەرچاوەکانی و هاندانـی کەرتـی تایبـەت و پەرەپێدانـی و هاندانـی سـەرمایەگوزاری.

حکوومەتـی عێراقـی بـە پێچەوانـەی ئـەوەوە، بـە بڕینـی پشـکی بودجـەی هەرێـم زیانـی بـە ئابـووری گەیانـد و مامەڵـە بازرگانییەکانـی پەک خسـتن، کـە زۆربـەی کارە بازرگانییـەکان لـە هەرێـم، پشـت بـە شـێوازی قیسـتی مانگانـە دەبەسـتن. بەتایبەتـی پرۆژەکانـی بیناکـردن و بانکـەکان و بـازاڕ و بازرگانـی، زۆربـەی پشـت بـە قیسـتی مانگانـە دەبەسـتن، چ حکوومـی بـن یـان بازرگانـی بـن یـان مامەڵـەی تاکـەکان بـن.

نەدانـی ئـەو قسـتانە و دواخسـتنی، بوونـە هـۆی پەکخسـتنی مامەڵـە و لە ئەنجامـدا پرۆژەکانـی بنیاتنـان پەکیـان کەوتـووە و، بازاڕی کار هەرەسـی هێنـاوە. چونکـە زۆرینـەی هاووڵاتیانـی هەرێـم بـۆ گوزەرانیـان پشـت بـە کاری حکوومـی دەبەسـتن، ئەمـەش بووەتـە هـۆی دوورکەوتنـەوەی سـەرمایە و وەبەرهێنانـی ناوخـۆ و بیانـی.

٤- بڕگـەی یەکەمـی مـاددەی (٢٩) و بڕگەکانـی یەکـەم و دووەمـی مـاددەی (٣٠)، ئـەو بڕگانـەی ئـەو ماددانـە حکوومەتیـان پابەنـد کـردووە بـە جێبەجێکردنـی ئەرکەکانـی بەرامبـەر خێـزان، لـەو سۆنگەیەشـەوە کـە خێـزان بنەمـای کۆمەڵگایـە، لـە ڕێـی پاراسـتنی بەهـا ئایینـی، ڕەوشـتی و نیشـتمانییەکانەوە پابەنـدی کـردووە بـە پاراسـتنی ڕۆڵـی دایکایەتـی،

منداڵـی، پیـری و چاودێریـی تازەپێگەیشـتووان و لاوان و، دەسـتبەکردنی بارودۆخێکـی وەهـا تـا توانـا و بەهرەیـان پـەرە پـێ بـدەن، هەروەهـا دابینکردنـی داهاتێکـی گونجـاو بـۆ هـەر تاکێـک و خێزانێکـی عێراقـی و، دابینکردنـی جێـگای نیشـتەجێبوونی گونجـاو و، ڕەچاوگرتنـی چاودێـری و بیمـەی کۆمەڵایەتـی و تەندروسـتی. هەڵبـەت ئـەو پابەندیانـە بـە مافـە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییەکانـی هەمـوو تـاک و خێزانێـک دادەنـرێ، کـە حکوومەتـی عێراقـی بـە بڕینـی بەشـەبودجەی هەرێـم پێشـێلی کـردوون و ئەمانـەش چەنـد ئاکامێکیـان لـێ کەوتووەتـەوە:

ا- زۆربـەی خێزانـەکان بـەرەوڕووی نانبڕیـن بوونەتـەوە بـە هـۆی ئـەوەی زۆربەیـان پشـت بـە کاری گشـتی دەبەسـتن، ئەمـەش بـە ئاشـکرا پێشـێلکردنی بڕگـەی یەکەمـی ماددەی ٣٠یـە کـە حکوومـەت پابەنـد دەکات بـە دابینکردنـی داهـات و شـوێنی گونجـاو بـۆ تـاک و خێزانـەکان.

ب - بووەتـە هـۆی چەنـدان گرفتـی کۆمەڵایەتـی وەک لەبەریەکـترازان و جیابوونـەوە و کۆچکردنـی سـەرۆک خێزانـەکان و، لـە هەندێـک حاڵەتیشـدا بووەتـە هـۆی خۆکوشـتن و پەنابردن بۆ ڕێی نایاسـایی لەپێنـاو دابینکردنی قوتـی ڕۆژانـەدا.

ج- بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی بێـکاری لـە نێـو تاکـەکان و سـەرۆک خێزانەکانـدا بـە هـۆی پەککەوتنـی پـرۆژە بازرگانییـەکان و کۆمپانیـاکان و سسـتبوونی مامەڵـەی بازرگانـی بـە هـۆی سسـتبوونی ئابوورییـەوە، بەتایبەتـی لـە نێـوان دەرچـووی پەیمانـگا و زانکـۆکان. بەپێـی ئامـاری حکوومەتـی هەرێـم، ڕێـژەی بێـکاری لـە ٢٠١٤ لـە ٧٪ تێپـەڕی نەکـردووە، کەچـی لـە ٢٠١٧دا ١٥٪ بـووە.

د- دووركەوتنـــەوەی گەنجـــان لـــە هاوســـەرگیریكردن و پێكهێنانـــی خێـزان بـە هـۆی خراپیـی بـاری گوزەرانیانـەوە. چونكە بەشـەبودجەی هەرێـم بـــڕاوە، حكوومەتیـــش پێدانـــی پێشـــەكیی هاوســـەرگیری ڕاگرتـــووە.

هـ- بێبەشـبوونی خاوەنپێداویسـتیی تایبـەت و نـەدارەكان لـە بیمـەی كۆمەڵایەتـــی و تەندروســـتی، كـــە دژ بـــە بڕگـــەی ٢ی مـــاددەی (٣٠) دەســـتووری عێراقـــە.

٥- بڕگـــەی یەكەمـــی مـــاددەی (٣١)، مافـــی چاودێریـــی تەندروســـتی و گرینگیـــدان بـــە تەندروســـتیی گشـــتی، مافێكـــی دەســـتوورییە كـــە ئـــەم ماددەیـــە حكوومەتـــی پێـــوە پابەنـــد كـــردووە. وەزارەتـــی تەندروســـتی بـــە هـــۆی بڕینـــی پشـــكی هەرێمەوە لـــە بودجـــە و دابەزاندنی بەشـــەدەرمانی هەرێـــم، نەیتوانیـــوە پێداویســـتییە پزیشـــكییەكان و دەرمـــان دابیـــن بـــكات، ئـــەو دەرمانـــەی گەیشـــتووەتە هەرێمیـــش لـــە باشـــترین حاڵەتـــدا نەگەیشـــتووەتە دابینكردنـــی ٦٥٪ی پێداویســـتییەكان، لـــە كاتێكـــدا هەرێـــم ئامێـــزی بـــۆ ١،٨ ملیـــۆن ئـــاوارە و پەنابـــەر كردووەتـــەوە و داڵـــدەی داون. هەرێـــم چاوەڕوانـــی زیادكرنـــی بەشـــەكەی بـــوو كەچـــی بارگرانیـــی تەندروســـتییان خســـتە ســـەر هەرێـــم، بەپێـــی ئامارەكانـــی وەزارەتـــی تەندروســـتیی حكوومەتـــی هەرێـــم، لـــە تشرینـــی یەكەمـــی ٢٠١٦ تـــا حوزەیرانـــی ٢٠١٧، تێچـــووی چارەســـەر و نەشـــتەرگەری بـــۆ ٣٥ هـــەزار ئـــاوارە و پەنابـــەر و ئەندامانـــی ســـوپای عێـــراق دابیـــن كـــردووە. لـــە تشرینـــی یەكەمـــی ٢٠١٦شـــەوە حكوومەتـــی فیدراڵـــی بەشـــەدەرمانی هەرێمـــی بـــۆ ٢٥-٣٠٪ كـــەم كردووەتـــەوە. هەڵبـــەت ئامـــاژەی كارەســـاتێكی مرۆیـــی و تەندروســـتی دەركـــەوت كاتێـــك كـــە

لـه ئـازاری ٢٠١٧ وەزیـری تەندروسـتیی عێـراق بـە نووسراوێکـی ڕەسـمی داوای لـە ئەنجوومەنـی وەزیـران کـرد بەشـەدەرمانی هەرێـم ببـڕدرێ؛ ئـەوە لەکاتێکـدا خەرجیـی دەرمـان لـە چوارچێـوەی خەرجیی حاکیمەیـە لـە عێـراق.

٦- مـاددەی (٣٢)، حکوومەتـی عێـراق پابەندییـە دەسـتوورییەکانی خـۆی بەجـێ نەهێنـا و مافـی کەمئەنـدام و خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتـەکان و پێویسـتییەکانی گێڕانەوەیانـی بـۆ نـاو کۆمەڵـگا پێشـێل کـرد، بـە هـۆی بڕینـی بەشـەبودجەوە حکوومەتـی هەرێـم ناچـار بـوو مووچەکانیـان کـەم بکاتـەوە و بـە هـۆی قەیرانـی داراییـی هەرێـم و بـە هـۆی بڕانـی بەشـەبودجەکەیەوە نەتوانـێ پێداویسـتییەکانی سـازکردنەوەیان بـۆ دەسـتەبەر بـکات.

٧- مـاددەی (١٠٦)، بـە هـەر سـێ بڕگەکەیـەوە کـە پێویسـتی کـردووە دەسـتەیەکی گشـتی دابمـەزرێ بـۆ چاودێریکردنـی تەرخانکردنـی داهاتـە فێدراڵیـەکان بـۆ بەدیهێنانـی دادپـەروەری لـە دابەشـکردنی بەخشـین و هـاوکاری و قـەرزی نێودەوڵەتیـدا، بەپێیـی شایسـتەی هەرێـم و پارێزگاکانـی کـە لـە چوارچێـوەی هەرێمـدا نیـن (بڕگـەی یەکـەم) و، هەروەهـا لێکۆڵینـەوە لـە بەکارهێنانـی سـەرچاوە داراییـەکان بـە باشـترین شـێوە و دابەشـکردنی، (بڕگـەی دووەم) کـە گەرەنتیـی شـەفافیەت و دادپەروەرییـە لـە تەرخانکردنـی پـارە بـۆ حکوومەتـە هەرێمایەتییـەکان و ئـەو پارێزگایانـەی کـە لـە چوارچێـوەی هەرێمـدا نیـن، بەپێـی بڕگـە دیاریکـراوەکان (بڕگـەی سـێیەم)، بـەڵام ئـەم ماددەیـە پـەک خـراوە و هیـچ یاسـایەک دەرنەچـووە بـۆ دروسـتکردنی ئـەو دەسـتەیە.

٨- بەهۆی بڕینی بەشەبودجەی هەرێمەوە، هاوڵاتیانی هەرێم لە گەلێک لە مافە دەستوورییەکانیان بێبەش کروان لەوانە:

ا- ماددەی (٣٣) مافی تاک بۆ ژیان لە ژینگەیەکی ساغلەم (برگەی یەکەم)، ئەرکی سەرشانی دەوڵەت بە پاراستنی ژینگە و فرەڕەنگیی زیندەیی و پاراستنی ژینگەکە (بڕگەی دووەم لە ماددەی ٣٣).

ب- ماددەی (٣٤) تایبەت بە مافی فێربوون و نەهێشتنی نەخوێندەواری و هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی و چاودێریکردنی سەرکەوتنوداهێنانودروستکردنیو،هەمووشێوازەکانیزیرەکی.

ج- ماددەی (٣٦) تایبەت بە مافی تاک بە وەرزشکردن و پابەندیی دەوڵەت بە پشتگیریکردنی چالاکییە وەرزشییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی.

د- ماددەی (١٣٢) مافی چاودێریی خێزانی شەهیدان و گیراوە سیاسییەکان و هەموو ئەوانەی کە لە کردەوەکانی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆردا زیانمەند بوون، بەپێی بڕگەی یەکەم ماددەی ١٣٢، مافی شەهید و زیانمەندی کردەوە تیرۆریستییەکان لە قەرەبووکردنەوە.

## تەوەری سێیەم: شکستی حکوومەتی ناوەندی لە ئیدارەدانی پرسی نەوت و گاز:

نەوت و گازی سروشتی، شوێنێکی گرینگی هەیە لە ئابووریی عێراق، لە دەستووری هەمیشەییی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەی تایبەت پێوەست کراوە بەو بابەتەوە، وەک ماددەکانی (١١١) و (١١٢).

مـاددەی (١١١) لـە دەسـتووری هەمیشـەییی عێراقـدا جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە نـەوت و گاز مڵکـی سـەرجەم خەڵکـی عێراقـن لـە هەمـوو هەرێـم و پارێزگاکانـدا.

مـاددەی (١١٢)ش بـاس لـە بابەتـی بەرهەمهێنـان و ئیدارەدانـی مەلەفـی نـەوت و گاز دەکات، کـە دەبێـت حکوومەتـی ئیتیحـادی بـە هاوبەشـی لەگـەڵ حکوومەتـی هەرێمـەکان و پارێـزگاکان بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە، لەسـەر بنەمـای دابەشـبوونی ڕێـژەی دانیشـتووان و پشتبەسـتن بـە مەبدەئـی شـەراکەتی دەسـتەڵات ئـەم کەرتـە بەڕێـوە ببـەن؛ چونکـە ئـەم پایەیەکـی گرینگـە لـە پایەکانـی دەوڵەتـی فیدراڵـی عێراقـدا.

بـەڵام ئـەم ماددەیـە، بـە تایبەتیـش بڕگـەی یەکەمـی کـە جەخـت لەسـەر شـەراکەتی دەسـتەڵات لـە نێـوان حکوومەتـی ناوەنـد و هەرێمـەکان و پارێـزگاکان دەکاتـەوە، وەکـو پێویسـت جێبەجـێ نەکـراوە. ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـێ هـۆکار:

**هـۆکاری یەکـەم:** لـە قۆناغـی پێـش ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس (پێـش ٢٠٠٣)، عێـراق یاسـایەکی یەکگرتـووی نەبـوو لـە بـواری نـەوت و گازدا. لـە دوای دووبـارە دروسـتکردنەوەی دەوڵەتـی عێراقیـش پـاش ٢٠٠٣، حکوومەتـی ئیتیحـادی ڕێگـری کـردووە لـەوەی ئـەوەی یاسـایەک دەربچێـت و لەسـەر بنەمـای شـەراکەتی نیشـتیمانی نێـوان دەسـتەڵاتی ناوەنـدی و دەسـتەڵاتی هەرێـم بێـت.

**هـۆکاری دووەم:** سیسـتمی پێشـووی ئابووریـی عێـراق لەسـەر بنەمـای فەلسـەفەی ئابوورییەکـی ئاراسـتەکراو بـوو، واتـا لەژێـر دەسـتەڵات و کۆنترۆڵـی سیسـتمێکی فەرمانڕانیـی شـمولیدا بـووە، یاسـاکانی بـواری نـەوت و گاز کـە جێبەجـێ کـراون، گوزارشـتیان لـەو سیسـتمە شـمولییە کـردووە، بـەڵام لـە سیسـتمی نوێـی ئابووریـی دوای ٢٠٠٣دا، لەسـەر بنەمـای ئابووریـی ئـازاد و

کرانـەوە بـە ڕووی وەبەرهێنەرانـی بیانـی بنیـات نـراوە. کەواتـە ئەمـەش بـە مانـای نەگونجانێکـە لـە نێـوان یاسـا کۆنەکانـی (پێـش ٢٠٠٣) و یاسـاکانی دوای ٢٠٠٣ لـە بـواری نـەوت و گازدا.

هـۆکاری سـێیەم: بەپێـی دەقـی دەسـتووری کـە دەڵێـت (پرسـی نـەوت و گاز دەبێـت بـە هاوبەشـی لـە نێـوان حکوومەتـی ئیتیحـادی و حکوومەتـی هەرێمـەکان و پارێـزگاکان بەڕێـوە ببرێـت و، داهاتەکانـی نەوتیـش دەبێـت بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە دابـەش بکرێـت و، بەشـی تایبـەت بـە هەرێمـەکان دابیـن بکرێـت). ئـەم بابەتـە لـە یاسـا کۆنـەکان ڕێـک نەخرابـوو، بۆیـە پێویسـت بـوو لـە یاسـای نوێـدا ڕێـک بخرێـت. بـەڵام حکوومەتـە یـەک لـە دوای یەکـەکان لـە عێـراق، بوونەتـە بەربەسـت لەبـەردەم دەرچوونـی یاسـایەک بـۆ نـەوت و گاز لـە کاتـی پێشکەشـکردنی پرۆژەیاسـای نـەوت و گاز بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنـەران لـە ڕێکەوتـی ٢٠٠٧/٧/٤، کـە جەختـی لەسـەر بڕگەکانـی ئـەم پرۆژەیـە دەکـردەوە، هەروەهـا هۆکارەکانـی بنەمـای دانپێدانانـی دەسـتەڵاتی هەرێمـەکان لـە بەڕێوەبـردن و پەرەپێدانـی کەرتـی نـەوت و گاز. هەروەهـا پێشـتر ئـەم پرۆژەیـە پێشکەشـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران کرابـوو لـە ٢٠٠٧/٢/٢٦ کـە حکوومەتـی ئیتیحـادی ڕێـی بـە دەسـتتێوەردانی ئەنجوومەنـی شـوورای دەوڵـەت دا، کـە ئەویـش تەنیـا دەسـتەڵاتی ڕاسـتکردنەوە و داڕشـتنەوەی یاسـاکەی هەیـە لـە ڕووی زمانەوانییـەوە، ئەویـش بـە یەکخسـتنەوەی بڕگـەی یەکەمـی مـاددەی (١١٢)ی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق کـە بـاس لـە بنەمـای هاوبەشـی تـەواو دەکات لـە نێـوان حکوومەتـی ناوەنـدی و دەسـتەڵاتی هەرێـم لـە کەرتـی نـەوت و گازدا.

ئیسـتا و دوای تێپەڕبوونـی (١٥) سـاڵ بەسـەر دەرچوونـی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـدا، گرینگتریـن کـەرت لـە کەرتەکانـی ئابووریـی نیشـتیمانیی عێـراق، بـە هـۆی کەمتەرخەمیـی دەسـتەڵاتە یـەک لـە دوای یەکەکانـی عێـراق و

داننەنان بە بنەمای هاوبەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (تەنیا هەرێمە لە عێراق) و دەرنەچواندنی یاسای نەوت و گازەوە لە ڕێگای تەشریعی ئیتیحادییەوە، هێشتا دەستەڵاتی ئیتیحادی لە بۆشاییی یاساییدایە. ئەمەش مانای ئەوەیە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەرپرسن بەرامبەر هەموو کێشە یاساییەکان لە میانەی گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ لایەنی دەرەکی و کۆی ئەو کارانەی بێ بوونی هیچ یاسایەک کە چوارچێوەیەکی دیاری کردبێت بۆ گرێبەستەکان لە بواری نەوتدا، هەڵبەت حکوومەتی ئیتیحادی هەموو ئەم کارانەی کردووە تەنیا بۆ ئەوەی دان نەنێت بە مافی هەرێمی کوردستان لە هاوبەشیکردنی لە سەرمایە نیشتیمانییەکان کە مافی هاووڵاتیانی ئەم هەرێمی کوردستانە بەپێی بەڵێننامەی خاوەندارێتی کە لە خودی هەمان دەستوور لە ماددەی (١١١)دا باس کراوە.

# بەشی سێیەم
# هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نوێنەری عێراق و دادگای باڵای ئیتیحادی لەبارەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گەلی کوردستان

## تەوەری یەکەم: هەڵسەنگاندنی بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەران

گەلی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٥ ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧، بە زۆرینە دەنگیان دا بە سەربەخۆیی کوردستان بە (بەڵێ) بە ڕێژەی ٩٢٪، لە دەرئەنجامی ئەم ڕیفراندۆمە، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی ئاساییدا لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧، بە ژمارەی (٢٣) بڕیارێکی دەرکرد، ئەم بڕیارە کۆمەڵێک "ڕاسپاردە" لەخۆ دەگرێت و ڕیفراندۆمی کوردستان بە "نادەستووری" وەسف دەکات و ئاماژە بە ماددەی یەکەم لە دەستوور دەکات.

جا ئەگەر بە وردی دیراسەی ئەم بڕیار و ڕاسپاردانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکەین، دەبینین کە ئەم بڕیارە لە ڕووی ناوەرۆک و ڕواڵەتەوە بەدەر نییە لە لایەنگیری (إنحیاز) و، لە بڕیاری پارلەمانێک ناچێت کە نوێنەرایەتیی گەلانی وڵاتێک بکات کە سیستمی حوکم تێیدا سیستمێکی فیدراڵییە، جگە لەمەش دارشتنی بڕیارەکە بە عەقڵیەتێکی شۆڤێنیی دەمارگیری نووسراوەتەوە.

جا ئەگەر کۆی بڕیارەکەی ٢٧ی ئەیلوول بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری شی بکەینەوە، دەبینین کە بە هیچ شێوەیەک لە ماددەی (٦١)ی دەستووری هەمیشەییی عێراقدا لە هەر (نۆ) بڕگەکەی کە دەسەڵات و پسپۆڕییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دیاری کردووە، بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بەوە نەکراوە بە ڕاشکاوی یان بە ناڕاشکاوی کە ئەنجوومەنی نوێنەران دەسەڵاتی دەرکردنی

(بڕیـار)ی هەبـێ، جگـە لەمـەش ئەنجوومـەنی نوێنـەران ناتوانێـت سرووشـتی یاسـایی (الطبیعـة القانونیـة) یـان گۆڕانکاریـی یاسـایی(التکییف القانـوني) بـۆ حاڵەتێـك یـان واقیعێکـی یاسـایی دیـاری بـکات کـە ڕووی داوە و تێپەڕیـوە.

ئەمـە وەکـو تێڕوانینێـکی گشـتی بـۆ بڕیارەکـەی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێـراق، بـەڵام ئەگـەر هەندێـك لـە ڕاسـپاردەکانی نـاو بڕیارەکـە شـیی بکەینـەوە کـە خاڵبەنـدی کـراوە، دەبینیـن بـە هەمـان شـێوە ئـەم ڕاسـپاردانە ناکۆکـن لەگـەڵ دەسـتووری هەمیشـەییی عێراقـدا بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

**یەکـەم:** لـە خاڵـی (یەکـەم)ی ئـەم بڕیـارەدا هاتـووە کـە ((فەرمانـدەی گشـتیی هێـزە چەکدارەکان ناچـار بکرێـت کـە هەمـوو ڕێکارێـك بگرێتـە بـەر بـۆ پاراسـتنی یەکپارچەییـی خـاکی عێـراق))، کـە ئەمـەش بـە ڕاشـکاوی هەڵکـردنی چـرای سـەوزە بـۆ بەکارهێنـانی هێـزی سـەربازی دژی کوردسـتان، بەڵگـەش لەسـەر ئەمـە ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبـەرە کـە لەلایـەن یەکـەکانی سـەربازیی سـوپای عێـراق و میلیشـیاکانی حەشـدی شـەعبییەوە هێرشـیان کـردە سـەر کەرکـووك و ناوچـەکانی تـر، هـەر بەوەنـدەش نەوەسـتان کـە هێـرش بکرێتـە سـەر ئـەو ناوچـە کوردسـتانیانەی لـە دەسـتووری عێراقـدا بـە "ناوچـە ناکـوکی لەسـەرەکان" نـاوزەد کـراون، بەڵکـو هێرشـیان بـەرەو هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـەکانی دەوروبـەری دهـۆك دەسـت پـێ کـرد (لـە شـارۆچکەی ئاڵتـوون کۆپـری و سـحێلا، بـە شـێوازێکی زۆر قارەمانانـە لەلایـەن هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە بەرپـەرچ درانـەوە)، ئـەم ڕێکارەش ڕێـك بـە پێچەوانـەی (خاڵـی أ/ بڕگـەی یەکـەم لـە ماددەی نۆیـەم) لـە دەسـتووری هەمیشـەییی عێراقـە کـە قەدەغـەی بەکارهێنـانی هێـزە چەکـدارەکان دەکات کـە وەکـو ئامـرازی داپڵۆسـینی گـەل بـە کار بهێندرێـت.

**دووەم:** لـە خاڵـی (دووەم)ی ئـەم بڕیـارەی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێراقـدا پرەنسـیپی جیاکردنـەوەی دەسـتەڵاتەکان (مبـدأ الفصـل بیـن السـلطات) کـە

پرەنسـیپێکی دەسـتووریی جیهانییـە، هیـچ حیسـابێکی بـۆ نەکـراوە و هەروەهـا دەسـتەڵاتی یاسـادانان خـۆی دەخاتـە شـوێنی دەسـتەڵاتی دادوەرییـەوە کاتێـك داوا دەکات بەرپرسـانی هەرێمـی کوردسـتان سـزا بدرێـن و دوور لـە بنەمـای یاسایی (لا جریمـة ولا عقوبـة إلا بقانـون) و، هەروەهـا ئەنجامـدانی ڕیفراندۆم بـە "تـاوان" وەسـف دەکات.

سێیەم: لـە خاڵـی (چـوارەم)ی ئـەم بڕیـارەی ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا، داوا دەکات سـنوورەکان بــە ڕووی هەرێمــی کوردسـتاندا دابخرێـن و هاوردەکـردنی خـۆراك و دەرمـان و پێداویسـتـی ژن و منـداڵ و خەڵـکی ئـەم هەرێمـە بـە (قاچـاخ) هەژمـار بـکات، لـە ڕاسـتیدا ئـەم بڕگەیـە دوورە لـە هەمـوو بنەمایـەکی مرۆڤایـەتی و ئایینـی و ئەخلاقـی، کاتێـك پارلەمانێـك بڕیـاری دابڕانـدن و برسـیکردنی گـەلی وڵاتەکـەی بـدات.

چـوارەم: ئەنجوومــەنی نوێنــەران لــە خاڵــی (حەوتــەم)ی ئــەم بڕیــارەدا، داوا لــە حکوومــەتی ئیتیحــادی دەکات کــە هۆشــداری بدرێتــە کۆنســوولخانەکانی نوێنەرایەتیــی ئــەو وڵاتــە بیانیانــەی لــە هەرێمــی کوردســتاندا نووســینگەیان هەیـە، تـا کۆنسـوولخانە و نوینەرایـەتی و نووسـینگەکانیان دابخـەن و بیگوازنـەوە بـۆ ناوچـەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، بەمـەش ئەنجوومـەنی نوێنـەران مێژوویـەکی خراپـی بـۆ خـۆی تۆمـار کـرد لـە بـواری دیپلۆماسـیدا، چونکـە ئـەم هەڵسـوکەوتە دوورە لـە هەمـوو بنەمـا و دابـە دیپلۆماسـییەکان و جگـە لـەوەش، هەرێمـی کوردسـتان ئارامتریـن ناوچـەی عێراقـە، کاتێـك دەگوازرێنـەوە بـۆ دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، ناکرێـت ژیـانی سـتافی دیپلۆماسـیی ئـەم کۆنسـوولخانە و نوێنەرایەتیانــە بخرێنــە مەترسـییەوە.

پێنجـەم: ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێـراق لـە خاڵـی (دەیـەم) لـەم بڕیـارەدا، داوا دەکات کــە "ڕاگوێـزراوان بگەڕێندرێنــەوە بــۆ شــوێنەکانی خۆیــان)، ئەمــەش ئاماژەیـەکی ناڕاشـکاوانەیە بـەوەی کـە ئـەم کارە بـە زۆر ئەنجـام بدرێـت، ئەگەرچـی

هەرێمی کوردستان بە گەواهیی هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و باڵیۆز و کۆنسوولی زۆربەی وڵاتەکان ئارامترین ناوچەی وڵاتی عێراقە و، هەردەم هەرێمی پێکەوەژیان بووە و جیاکاری نەکردووە بە هۆی نەتەوە و ئایین و ڕەگەزەوە و، هەرلە دوای تێکچوونی بارودۆخی عێراق و سەرهەڵدانی شەڕی تایەفەگەری و پەیدابوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی (القاعدة) و ڕێکخراوی تیروریستی (داعش)، لە ناوخۆی عێراق بە سەدان هەزار ئاوارە و ڕاگوێزراو ڕوویان تێی کردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکوومەتی ئیتیحادی نەیتوانیوە ژیانێکی ئارام لەم ماوە دوورودرێژەدا بۆ هاووڵاتیانی خۆی دابین بکات، بۆیە وەکو لانەیەکی ئارام و بە ناچاری ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

شەشەم: لەم بڕیارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە خاڵی (سێزدەهەم) دا، کەمترین بنەماکانی هاووڵاتیبوون پێشێل دەکات، ئەم خاڵەش لەگەڵ کۆی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە لە ماددەی (چواردەیەم)ی دەستووری هەمیشەییی عێراقدا ئاماژەیان پێ کراوە، زۆر بە ڕوونی ناکۆکە، کاتێك هەموو جۆرە گفتوگۆیەك ڕەت دەکاتەوە لەگەڵ لایەنی هەرێمی کوردستان کە لەم خاڵەی ئەم بڕیارەدا بە (لایەنی کوردی) وەسفی دەکات، ئەمەش دەرچوونێکە لە ئاراستەکردنی گوتار بەرامبەر هەرێمێکی دەستووری کە بە ڕاشکاوی لە ماددەی (١١٧)ی دەستووری هەمیشەییی عێراقدا دان بەم هەرێمەدا نراوە بە دەرئەنجامی پێشتر (أثر رجعي).

جگە لەم خاڵانەش ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە، ئەنجوومەنی نوێنەران دەستەڵاتێکی بە خۆی داوە کە لە بنەڕەتدا ئەم دەستەڵاتەی نییە تاوەکو بەپێی بنەمای یاسایی (فاقد الشيء لا يعطيه) بیدات بە حکوومەت، تا ئەم ڕێکارانە بە شێوازی دەرکردنی "بڕیار" لە دژی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، چونکە بەپێی حوکمی دادگای ئیتیحادی عێراقی ژمارە ١٤١/١٤٠ی ٢٠١٨، زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەنجوومەنی نوێنەران دەستەڵاتی دەرکردنی "بڕیار"ی نییە.

## تەوەری دووەم: هەڵسەنگاندنی بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی

دوای ئـەوەی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی لـە ڕێکـەوتی ٢٥ ی ئەیلـوولی سـاڵی ٢٠١٧ ئەنجـام درا و، ئـەم ڕیفراندومـە شـەرعیەتی جەمـاوەری بـە دەسـت هێنـا، شـەرعیەتێك کـە پاڵپشـتە بـە ئـیرادەی گەلێـك کـە تەنهـا داوای مـافی خـۆی دەکات لـە دیاریکـردنی چارەنـووسی خـۆی کـە گشـت پەیماننامـە و جارنامـە گەردوونییەکان جەختـی لەسـەر دەکەنـەوە، ئەوەبـوو بـە عەقڵیەتێـکی شـۆڤێنی، لـە بەرامبـەر دادگای بـاڵای ئیتیحـادی و وەکـو کاردانەوەیـەك لەسـەر ئەنجامـدانی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان، چـوار داواکاریـی دادوەری (دعـوی قضائیـة) بـەرز کرانـەوە و، لـە ڕێکـەوتی ٢٠١٧/١١/٢٠ دادگای بـاڵای ئیتیحـادی حوکمـی ژمـارە ٨٩ و٩١ و٩٢ و٩٣ / ئیتحـادی /٢٠١٧ دەرکـرد، کـە تێیـدا هاتـووە:

((فەرمـانی هەرێمـی ژمـارە ١٠٦ی ڕێکـەوتی ٢٠١٧/٦/٩ی کـە فەرمانێکـە تایبەتـە بـە دیاریکـردنی ڕێکـەوتی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم لـە ٢٠١٧/٩/٢٥ لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، بـە مەبەسـتی جیابوونـەوە لـە عێـراق و دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچەکانی تـر کـە ڕیفڕانـدۆم دەیانگرێتـەوە، هیـچ پاڵپشـتێکی لـە دەسـتووردا نییـە و پێچەوانـەی مـاددەی یەکەمـی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـە)).

هەروەهـا لـە کۆتاییـی حوکمـی بڕیـاری دادگای بـاڵای ئیتیحدیـی ئاماژەپێکـراودا هاتـووە:- (ئـەو ڕیفڕاندۆمـەی لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـەکانی تـر کـە ڕیفڕانـدۆم دەیانگرێتـەوە، بڕیـار درا بـە نادەسـتووریبوونی ئـەم ڕیفڕاندۆمـەی کـە لـە ٢٠١٧/٩/٢٥ لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـەکانی تـر ئەنجـام درا و، هەڵوەشـاندنەوەی هەمـوو دەرئەنجامـەکانی ئـەم ڕیفڕاندۆمـە).

ئەگـەر هاتـوو سـەیری ئـەم حوكمـەی دادگای بـاڵای ئیتیحـادی بكەیـن و بـە شێوەیەكی یاسـایی و بەپێـی بنەمـاكانی لێكدانـەوەی دەقـە یاسـاییەكان ئـەم حوكمـە شـیی بكەینـەوە، دەبینیـن ئـەو حوكمـە پشـتی بەسـتووە بـە مـاددەی (یەكـەم) ی لەگـەڵ مـاددەی (١٠٩) لـە دەسـتووری هەمیشـەییی عێراقـدا وەكـو سـەنەدێكی ڤانـوونی بـۆ ئـەو حوكمـەی كـە بڕیـاری لەسـەر داوە، بـەڵام كـە سـەیری نـاوەڕۆكی ئـەو مـاددە دەسـتووریانە دەكەیـن، دەبینیـن ئـەم ماددانـە بـاسی سـەروەریی عێـراق و یەكپارچەییـی خـاكی عێـراق دەكـەن، كەواتـە گەیشـتن بـەو حوكمـەی كـە دادگای ئیتیحـادی دەریكـردووە، بـە شـێوازێك بـووە كـە بـە ناڕاسـتەوخۆ پاڵپشـتییان داوە بـە مـاددەی یەكـەم و مـاددەی ١٠٩ی دەسـتووری هەمیشـەیی، ئـەو شـێوازەش بریتییـە لـەوەی مانـای دەقـی ئـەو دوو ماددەیـە (بـە دیتنـی سـەرۆك و ئەندامـانی دادگای ئیتیحـادی) ئـەوە لەخـۆ دەگرێـت كـە ناكرێـت خـاكی عێـراق بـەو نەخشـەیەی كـە هەیـە پارچـە پارچـە بكرێـت، ئەگینـا بـە ڕاشـكاوی ئـەو ماددەیـە ناڵیـت كـە جیابوونـەوە لـە عێـراق یـان پارچەپارچەكـردنی خـاكی عێـراق یـان ڕیفراندۆم كارێـكی قەدەغەكـراوە، كەواتـە دادگای ئیتیحـادی پشـتی بەسـتووە بـە مانایـاكی تەسـكی دروسـتكراو (مفهـوم ضیـق مصطنـع) بـۆ ئـەو دوو ماددەیـەی كـە وەكـو سـەنەدێكی قانوونـی لـە دەركـردنی ئـەو حوكمـەدا بـە كاری هێنـاوە.

جـا ئەگـەر حوكمـی دادگای بـاڵای ئیتیحـادی حوكمێـكی كۆتایـی (بـات) نەبوایـە، دەكـرا تانـەی لـێ بگیرێـت بـەوەی كـە ئـەو مـاددە دەسـتووریانەی دادگا پشـتی پێبەسـتوون بـە ڕاشـكاوی ڕیفراندۆم قەدەغـە نـاكات، ئـەو مانایـە تەنیـا یەكێكـە لـە لێكدانـەوەی ئـەو دوو ماددەیـە و چەنـد ماددەیـەكی تـر كـە هـەر هەمـان ئـەو ماددانـە لێكدانـەوەی تریـش لـە خـۆی دەگرێـت.

جگـە لەمـەش، دیباچـەی دەسـتووری عێراقـی پشـتگوێ خـراوە كـە ئامـاژە بـەوە دەكات، یەكپارچەییـی خـاكی عێـراق بەنـدە بـە جێبەجێكـردنی دەسـتووری هەمیشـەییی عێراقـەوە، ئـەوەش ڕوون و ئاشـكرایە كـە دەسـتەڵاتە ئیتیحادییـەكان

بــەردەوام بوونــە لــە خۆدزینــەوە لــە جێبەجێکــردنی مــاددە دەســتوورییەکانی دەســتووری هەمیشــەییی عێــراق، هــەروەك هەرێمــی کوردســتان بــە فەرمــی و پێش ئەنجامــدانی ڕیفرانــدۆم، یادداشــتێکی یاســایی دا بــە حکوومــەتی ئیتیحــادی و گشــت ســەفارەت و کۆنســوڵخانەکان لــە عێــراق و لــە هەرێمــی کوردســتان، بــەوەی کــە دەســتەڵاتە ئیتیحادییــەکان لــە جێبەجێنەکــردنی (٦٣) مــاددە لــە دەســتووری هەمیشــەییی عێراقــدا پێشــێلکارییان ئەنجــام داوە.

هەروەهــا نابێــت ئــەوە لــە بیــر بکەیــن کــە ئــەم حوکمەبڕیــارە، لەژێــر هەژموونــی سیاســیی حکوومــەتی ئیتیحادیــی ئەوکاتــەدا دەرچــووە، کــە تەنانــەت دەقــی بڕیارەکــەش پەلەپەلیــی پێــوە دیــارە، هەروەهــا دەبوایــە دادگای ئیتیحــادی بــۆ مانــەوەی وەکــو دەســتەڵاتێکی بێلایــەن و بــۆ ئــەوەی دادپــەروەری لــە حوکمــەکانی دادگادا پارێــزراو بێت بــۆ هەمــوو کەســێك و لایەنێــك بــە یەکســانی و بــێ جیــاکاری، دەبــوو لــە دەرکــردنی حوکمێــکی لــەم شــێوەیە خــۆی بــە دوور بگرێــت.

## دەرەنجام:

لــەوەی پێشــەوە بۆمــان دەرکــەوت کــە مــافی دیاریکــردنی چارەنــووس، مافێکــە بــۆ هەمــوو گەلێــک چەســپاوە کــە مەرجــەکانی گەلــی تێــدا بێــت، جــا ئــەو گەلــە لــە ئێســتادا گەیشــتبێت بــە ســەربەخۆیی لــە چوارچێــوەی دەوڵەتــدا یــان نــا، هەروەهــا هەرێمــەکانی دەوڵەتــانی فیدراڵیــش مــافی دیاریکــردنی چارەنووســیان بــە شــێوازی جیابوونــەوە لــە دەوڵــەتی دایــک هەیــە، ئەگــەر بێتــو مەرجــەکانی (گەل)یــان تێــدا بێت. دەکرێــت گــەل بــە شــێوازێکی ئاشــتیانە کــە ڕیفرانــدۆم ســەرەکیترین شــێوازیەتی، مــافی چارەنووســی پێــڕۆ بــکات، هەروەهــا ئەگــەر شــێوازی ئاشــتیانەی بــۆ فەراهــەم نەکــرا، ئــەوا دەکرێــت بــە شــێوازی بەکارهێنــانی هێــز و خەبــاتی چەکــداری ئــەو مافــەی پێــڕۆ بــکات.

هەروەهــا بۆمــان دەرکــەوت، مــافی دیاریکــردنی چارەنــووس لــە ئێســتادا بووەتــە ڕێســایەکی بەرفەرمانیــی نێودەوڵــەتی و، ڕای ڕاوێــژکاری دادگای دادی نێودەڵەتــی لــە ٢٢ تەممــووزی ٢٠١٠ ســەبارەت بــە ڕاگەیاندنــی ســەربەخۆیی تاکلایەنانــەی کۆســۆڤا لــە سربیــا لــە ١٧ ی شــوبات ٢٠٠٨، کــە یەکێکــە لــەو پێشــینە نێودەوڵەتیانــەی کــە بــە ســەرکەوتنێکی گــەورە بــۆ مافــی دیاریکــردنی چارەنــووس هەژمــار دەکرێــت، دانــی بــەو ڕاستیانەدا نــا کــە ڕاگەیاندنــی ســەربەخۆیی تاکلایەنــەی گــەلان، پێشــێلکاری نییــە بــۆ ئەحکامەکانــی یاســای نێودەوڵەتــی و، بڕیــاردان لــە مافــی چارەنــووس وەکــو پرەنســیپ، مافــی هەمــوو گەلێکــە و وابەســتە نییــە تەنیــا بــە گەلانــی ژێردەســتەی دەوڵەتــی کۆڵۆنیالیزمــەوە و، بڕیــاردان لــە مافــی چارەنــووس باڵاتــرە لــە پرەنســیپی ســەلامەتیی ئیقلیمــی و، پرەنســیپی ســەلامەتیی ئیقلیمــی کــە وەکــو پاســاوێک بــۆ ڕێگریکــردن لــە جیابوونــەوە بــە کار دەهێنرێــت. بــە ڕای دادگا ئــەم پرەنســیپە تەنیــا بــۆ پێوەنــدی نێــوان دەوڵەتەکانــە نــەک لــە نێــوان دەوڵــەت و بەشــێک لــە گەلەکــەی. ڕاگەیاندنــی ســەربەخۆیی دەکرێــت لــە دەوڵەتــی فیدراڵــی تاکلایەنــە بێــت بەبــێ ڕەزامەندیــی حکوومەتــی فیدراڵــی لــە مەرکــەز و، دادگا دانــی نــاوە بــە پرەنســیپی جیابوونــەوەی عیلاجــی (Remedial Secession) کاتێــک پێکەوەژیــان ئەســتەم (مســتحیل) دەبێــت.

لەســەر ئاســتی دەســتووریيش، بینیــمان کــە مــاددەی ١٤٠ی دەســتووری عێــراق بــووە یەکێــک لــەو ماددانــە بــۆ چارەکردنــی کێشــەی ناوچــە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیــدارەی هەرێــم و، بەرپرســارەتیی قۆناغەکانــی چارەکردنــی ئــەم ناوچانــە لــە ئاســاییکردنەوە و ســەرژمێری و ڕاپرســی، لــە ئەســتۆی حکوومەتــی ئیتیحادیــدان. ســەرەڕای دەســتپێکردنەوەی قۆناغــی یەکــەم کــە قۆناغــی ئاســاییکردنەوە و هەوڵدانــە بــۆ چارەکردنــی کێشــەی عەرەبانــدن و گۆڕینــی دیمۆگرافیــا و گۆڕینــی ســنووری ئیــدارەی ناوچــە کوردســتانییەکان و گەڕاندنــەوەی ئــاوارەکان، بــە بڕیارێکــی سیاســی لــە ســاڵی ٢٠١٢ کارەکانــی لیژنــەی مــاددەی ١٤٠ پــەک خــران، تەنانــەت پرۆســەی عەرەبانــدن و ئاوارەبوونــی هاووڵاتیانــی کــورد لــە ناوچــە کوردســتانییەکان و دووبــارە

سەپاندنەوەی سیاسەتی عەرەباندن و داگیرکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و، داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانە لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبییەوە دەستی پێ کردەوە.

جگە لەم حاڵەتانەش لە ساڵی ٢٠١٤وە، بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێکی سیاسی ڕاگیرا و پرۆسەی ئابڵۆقە و گوشاری سیاسی خرایە سەر خەڵکی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا یەکێکی تر لەو پرسانەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر سەقامگیری و پێکەوەژیان و بنیاتنانی وڵات، بریتییە لە دابەشکردنێکی عادیلانەی داهات و سەروەت و سامانی وڵات، کە تا ئێستا حکوومەتی عێراق هەوڵی نەداوە بنەماییەکی یاسایی لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵیدا بۆ دابنێت، بە تایبەت پرسی نەوت و گاز، شەراکەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان لەگەڵ حکوومەتی ئیتحادی دەستنیشان بکات.

دەربارەی هەردوو بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەران و دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی لەبارەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەویت کە هەردوو بڕیارەکە بەدەر نین لە کۆسپ و کەلێنی یاسایی، کە ئەگەر دامەزراوەیەك هەبێت بۆ تانەگرتن لەم دوو بڕیارە، دەکرێت هەردوو بڕیارەکە بە هۆی ئەم کۆسپ و کەلێنە یاساییانە هەڵبوەشێندرێنەوە، جگە لەم لایەنە یاساییەش، ئەم دوو بڕیارە لایەنگیری (انحیاز)یان پێوە دیارە، واتا هەردوو دامەزراوەکە بێلایەنیی خۆیانیان لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕیفراندۆمی سەربەخۆییی کوردستان نەپاراستووە.

# دەقی بەیاننامەی کۆتاییی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە لەندەن

کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کە ڕۆژی سێشەممە ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ لە لەندەن کۆتایی بە کارەکانی هێنا، بڕیاری لەسەر بەڵگەنامەیەکی ١٠ لاپەڕەیی دا لەژێر ناوونیشانی (بەیاننامەی سیاسیی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق) ئەمەش دەقی تەواوی بەیاننامەکەیە:

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان
بەیاننامەی سیاسیی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق
١٤ - ١٥ کانوونی یەکەم - دێسەمبەری ٢٠٠٢

بە هۆی ستەمی خۆسەپێنیی ڕژێمی دکتاتۆری ڕەگەزپەرستی تایەفی و، کرداره سەرکوتکاری و تیرۆریستییەکانی و، سەرکێشی و جەنگەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا، ماوەی زیاتر لە سێ دەیە لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی خۆیدا، عێراق بە خراپترین قۆناغەکانیدا تێپەڕی.

بە درێژاییی ئەو ماوەیە، گەلی عێراق بەردەوام بوو لە خەبات و تێکۆشان و زنجیرەیەك هەوڵی بوێرانەی دا لە پێناوی کۆتاییهێنان بەو بارودۆخە بێ وێنەیەی کە ڕژێمی ستەمکار بە سەر میللەتەکەمانیدا سەپاندبوو، لەو هەوڵەدا بەشێکی فراوانی ڕۆڵە شەرەفمەندەکانی هێزە چەکدارەکان، هێزە

سیاسـی و میللییـەکان و کـۆی چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵـگا نەتەوەیـی و بـە ئایینـی و مەزهەبییـەوە، بـە گرتنەبـەری شـێوازەکانی بەشـداربوون لەپێنـاو بەرگریکردنـی ڕەوادا بەشـدارییان کـرد، بـە باڵەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی چەکدارییشـەوە، کـە هەوڵـەی ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی ئـاداری ١٩٩١ی لـێ کەوتـەوە. لـەو ڕاپەڕینـەدا ملیۆنـان عێراقـی لـە خەڵکـی سـڤیل و سـەرباز لـە عـەرەب، کـورد، تورکـمان ، ئاشـووری و شـیعە و سـوننە تێیـدا بەشـدار بـوون و، خەریـك بـوو ڕژێـم بخەنـە زبڵدانـی مێـژووەوە کـە هـەر شایسـتەی ئەوەبـوو. بـەڵام وێـڕای قەبـارەی قوربانیـدان و ئـەو خوێنـە زۆرەی ڕژا، بارودۆخێـك کـە لـە دەرەوەی ویسـت و ئیـرادەی میللەتەکەمـان بـوو، ڕێگـر بـوو لـە بـەردەم هێنانـەدی خواسـتی عێراقییـەکان لـە بونیادنانـەوەی وڵاتەکەیـان لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی و دادوەریـی و ئاشـتەوایی.

ئەمڕۆیـش جارێکـی دیکـە و بـە پشتبەسـتن بـە هەندێـك فاکتـەری نێودەوڵەتـی لـە پێنـاوی ڕووخاندنـی ڕژێمـی فاشـی و ئەنجامدانـی پرۆسـەی گۆڕانکاریـدا، دەرفـەت لـە بـەردەم گەلـی عێراقـمان ڕەخسـاوە و ڕەهەنـدی تـازە و هاوبـەش لەدایـك دەبـن، کـە پشتبەسـتوون بـە پابەندبـوون بـە حەتمیەتـی هێنانـەدی ئـەو دەسـتکەوتە نیشـتیمانییە و پشـتگیریکردن لـە پرۆسـەی گـۆڕان بـە پلـەی یەکـەم لـە بەرژەوەندیـی میللەتەکەمـان و، بـە ڕەچاوکردنـی بەرژەوەندییـە ڕەواکانـی وڵاتانـی دراوسـێی، ئیقلیمـی و عەرەبـی و ئیسـلامی و کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی.

لـەو پێناوەشـدا، کۆنگـرەی ئۆپۆزیسـیۆنی عێـراق کـە زۆربـەی هێـز و ڕەوت و کەسـایەتییەکانی ئۆپۆزیسـیۆنی نیشـتیمانی دەگرێتـە خـۆی، لەژێـر ناونیشـانی (لەپێنـاوی ڕزگارکردنـی عێـراق و هێنانـەدی دیموکراسـی) لـە مـاوەی نێـوان ١٤ - ١٥ی دیسـەمبەر - کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٢ لـە لەنـدەن سـاز دەکـرێ، جەخـت لەسـەر بنەمـا و بڕیـارە بنەڕەتییەکانـی کۆنگـرە و کۆبوونەوەکانـی ڕابـردووی

ئۆپۆزسیۆن دەکاتەوە، بە تایبەتی کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٢ لە سەلاحەددین و گوتاری سیاسیی شاندی ئۆپۆزیسیۆن لە واشنگتۆن لە ئۆگست - ئابی ٢٠٠٢.

## لەو ڕوانگەیەوە کۆنگرە ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی خوارەوەی ڕاگەیاند:

**١- ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا:**

ئامادەبووانی کۆنگرە دانیان نا بە ئەولەویەتی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتیمانی بە سەرجەم ڕەوت و ڕێکخراو و پێکهاتە جیاوازەکان و جەماوەری میللەتەکەمان، بە تێکڕای ڕووبەری جیۆگرافیی عێراق و گرینگیی کۆی قۆناغەکانی پرۆسەی گۆڕانکاریی چاوەڕوانکراو، بەو شێوازەی کە لەگەڵ سرووشتی دۆخی مەیدانی و تواناکانیدا بگونجێ.

**٢- پاشەڕۆژی عێراق و دیمۆکراسی:**

عێراق (بۆ سەرجەم عێراقییەکان) دەوڵەتێکی دیموکراسی، پارلەمانیی فرەیی فیدراڵە و، لە ڕوانگای پشتبەستن بە چەمکی مرۆیی و شارستانی و هاووڵاتیبوون لە عێراقێکی بونیادنراودا لەسەر بنەمای جیاوازینەکردن بە هۆی بنەچە یان ئایین یان ڕەگەز یان مەزهەب، کۆنگرە جەخت لەسەر گرینگیی دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ وڵات دەکاتەوە کە تێیدا ڕەچاوی پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکرێ و دەستەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە یەك جیا بکرێتەوە و، پابەند بێ بە سەروەریی یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتی و تایبەتەکان و ڕێزیش لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بگرێ.

٣- ئیسلام ئایینی دەوڵەتە:

ئایینــی ئیســلام لــە بنەمــا جێگیرەکانــی دەوڵەتــی عێــراق، شــەریعەتی ئیســلامیش لــە بنەمــا ســەرەکییەکانی یاســادانانە. هەروەهــا کۆنگــرە جەخــت لەســەر پێویســتیی پابەندبــوون بــە بەهــا و بنەمــا پیرۆزەکانــی ئایینــی ئیســلام دەکاتــەوە، ئەمــە وێــڕای جەختکردنــەوە لەســەر ڕەچاوکردنــی بەرنامــە و فێرکارییەکانــی لــە کولتــوور و ڕاگەیانــدن و پرۆگرامــە پەروەردەییــەکان، هەروەهــا ڕێزگرتــن لــە ســەرجەم ئایینــە ئاســمانی و بیروباوەڕەکانــی تــر.

٤- دەوڵەتی یاسا:

بەشــداربووانی کۆنگــرە کــۆك بــوون لەســەر ئــەوەی بشــوێنەخوازی و تۆڵەســەندنەوە و هیــچ شــێوازێکی پێشــێلکاری و نایاســایی کــە بیــەوێ خــۆی بســەپێنێ لــە عێراقــی داهاتــوودا جێــی نابێتــەوە، ئینجــا ئەمــە بــە هــەر بیانــوو و پاڵنەرێــک بــێ و پێویســتە دەســتەڵاتی دادوەری و یاســا ڕێــکاری خۆیــان بگرنــە بــەر لــە چارەکردنــی کــۆی حاڵەتــەکان وەکچــۆن دەســتەڵاتی دادوەری و یاســاییە ناوخۆیــی و نێودەوڵەتییــە تایبەتمەنــدەکان لێیــان دەڕوانــن و، لێکۆڵینــەوەش بکــرێ لەبــارەی کــۆی پێشــێلکارییە مەدەنییەکانــی وەك دەستبەســەرداگرتنی مــاف و پــارە و تاوانــە ئاســایی و سیاســییەکان، ئــەو تاوانانــەی بەڵگــەی جێگیــر و پشتڕاســتکراوەیان لەبــارەوە هەیــە، هاوشــێوەی تاوانەکانــی پاکتــاوی ڕەگــەزی و جینۆســاید و تاوانەکانــی جەنــگ.

٥- بڕیاری سیاسی:

کۆنگــرە کــۆك بــوو لەســەر بەشــدارییپێکردنی ســەرجەم پێکهاتەکانــی گەلانــی عێــراق لــە داڕشــتنی بڕیــاری سیاســیدا، بــە عــەرەب، کــورد، تورکــمان، ئاشــووری و

کلدان و ئەوانی تریش، بە موسوڵمانی شیعە و سوننە، کرستیان و ئێزدی و ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەشەوە.

**٦- ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دەستتێوەردانێک کە ببێتە مایەی بەلاڕێدابردنی ئیرادەی گەلانی عێراق لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا:**

بە مەبەستی ڕزگاربوون لە ڕژێمی دکتاتۆری، کۆنگرە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات پشتگیریی لە گەلانی عێراق بکات، هاوکات کۆنگرە هەموو شێوازێکی داگیرکاری یان حوکمی سەربازیی خۆماڵی یان بیانی یان وەسیەتکاریی دەرەکی یان دەستتێوەردانی ئیقلیمی ڕەت دەکاتەوە، جەختیش لە ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق و سەربەخۆییی وڵاتانی دراوسێ و دانان بە بنەماکانی دراوسێیەتی و هاوکاریی ئیقلیمی و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆییی وڵاتانی تر دەکاتەوە، ئەمە وێڕای پابەندبوون بە هەموو ئەو پەیماننامە و بەڵگەنامانەی کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دانیان پێدا نراوە، لە سەروویانەوە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و سەرجەم ئەوانەی دیکە کە پەیوەستن بەو مافانەوە، هەروەها پابەندبوون بە میساقی کۆمکاری وڵاتانی عەرەب و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی.

**٧- بابەتی تایەفەگەری و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی:**

بە درێژاییی قۆناغی ڕابردوو، شیعەی عێراق هاوشێوەی هەموو تایەفەکانی دیکە، بە تایبەتی لە سایەی ڕژێمی ئێستادا بەرەوڕووی چەوساندنەوە و ستەم و گۆشەگیرکردن بوونەتەوە، کە کۆی بوارەکانی مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کولتووریی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەکانی گرتووەتەوە، کە ئەمە بووەتە مایەی تێکدانی پارسەنگی کۆمەڵایەتی و یەکێتیی نیشتیمانی و گیانی

برایەتـی و لێبوردەیـی بـە ئاقارێکـی مەترسـیداردا بـردووە. هەروەهـا سیاسـەتەکانی سـەرکوتکردن لـە لایـەن دامـودەزگا تایبەتـەکان و شـێوازەکانی فێڵکـردن، درۆکـردن و مانۆڕکـردن بـە مەبەسـتی دەستبەسـەرداگرتنی کۆمەڵـگای عێراقـی بـە هەمـوو توێـژ و نەتەوەکانییـەوە، بـە زۆرینـەی شیعەشـەوە، بـووە هـۆی ئـەوەی گەلـی عێـراق یەکێـك لـە گرینگتریـن فاکتەرەکانـی خۆپارێـزی و بەرگریکـردن لـە خـۆی لـە دەسـت بـدات و، بواریشـی بـۆ ئـەوە ڕەخسـاند کـە سیاسـەتە دیکتاتـۆری و ڕەگەزپەرسـتی و تایەفەگەرییـەکان سـەرجەم عێراقییـەکان بگرنـەوە.

بۆیـە کۆنگـرە وای دەبینـێ کـە پێویسـتە پەلـە بکـرێ لـە نەهێشـتنی هەمـوو سیاسـەتە تایەفەگەرییـەکان و قەدەغەکردنیـان، هەروەهـا چاودێریکردنـی سـەرجەم مافـە پێشـێلکراوە شـەرعییەکانی شـیعە و، کۆنگـرە پرۆتسـتۆی ئـەم جـۆرە سیاسـەتە چەپەڵانـەش دەکات کـە خۆیـان لـە بەزاندنـی حورمەتـی مەرجەعیـەت و حـەوزە عیلمییـەکان و دەسـتوەردان لـە کاروباریـان و گەمارۆدانیـان و سـەپاندنی مەحسـوبیەتی خۆیـان بەسـەریاندا دەبینێتـەوە، هەروەهـا کۆنگـرە پرۆتسـتۆی تیرۆرکردنـی مەرجەعـە ئایینـەکان و خێزانەکانیـان و زانـاکان و دەسـتگیرکردن و ئەشـکەنجەدانی هـەزاران کەسـی دیکـە دەکات کـە لێـرەدا بـوار نییـە ناویـان بێنیـن.

هـاوکات کۆنگـرە سیاسـەتەکانی دەسـتبردن بـۆ مافـی دەزگا و حـەوزەی ئایینـی لـە نەجـەف و شـارە پیرۆزەکانـی دیکـە و وێرانکردنـی مزگـەوت و حوسـێنیە و سـەنتەرە ئیسـلامییەکان و کتێبخانـەکان، هەروەهـا قەدەغەکردنـی کتێـب و سـەپاندنی سانسـۆرکردنیان و ڕێگەنـەدان بـە ئەنجامدانـی بۆنـە و مەراسـیمە مەزهەبییـەکان و وێرانکردنـی گونـد، شـارۆچکە و ماڵـی شـیعەکان و وشـککردنی ناوچەکانیـان و ڕاگواسـتنایان و هێنانـی خەڵکـی بیانـی لـە وڵاتانـی دیکـە و نیشـتەجێکردنیان

لەسەر خاکی ئەوان و دروستکردنی گومان سەبارەت بە ئینتیمای شیعەی عەرەبی عێراق بۆ ڕەچەڵەکی عەرەبی و عێراقی نیشتیمانیان ڕەت دەکاتەوە. ئەمە سەرباری پرۆتستۆکردنی ڕاگواستنی شیعەی غەیرەعەرەبی عێراقی لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی عێراقیبوونیان و بێبەشکردنیان لە ڕەگەزنامەی عێراقی و دەستبەسەرکردنی ڕۆڵەکانیان و زەوتکردنی ماڵ و مڵکیان. هاوکات کۆنگرە پێی وایە کە دەستووری نوێی عێراق، دەبێ زامنی دووبارەنەبوونەوەی ئەم جۆرە کردەوانە بکات و بەبێ جیاوازییش هەموو پێکهاتەکانی عێراق بپارێزێ.

**٨- دەربارەی هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژی و هەڵەبجە و ئەنفال:**

کۆنگرە پرۆتستۆی ئەو ستەمە دەکات کە دەرهەق بە گەلی کوردستانی عێراق کراوە لە جیاکاری و زوڵم و چەوساندنەوەی پلان بۆداڕێژراو لەلایەن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سەددامەوە، بە تایبەت هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)، پرۆسەی ئەنفالی بەدناو کە زیاتر لە ١٨٠ هەزار هاووڵاتی بێسەروشوێن کران، سەرباری هەشت هەزار بارزانی و پێنج هەزار فەیلی و پێنج هەزار کەس لە دانیشتوانی هەڵەبجە، هەروەها وێرانکردنی هەزاران گوند و شارۆچکە، ئەو کارانەی کە ویژدانی جیهانیان هەژاند.

لە کاتێکدا کۆنگرە داوای دانانی کۆتاییەك بۆ ئەم سیاسەتە توندوتیژانە دەکات، لە هەمان کاتیشدا جەخت لەسەر ئاشکراکردنی چارەنووسی قوربانیان و ڕێزگرتن لە گیانیان و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاریان دەکاتەوە، بەرامبەر بەو زیانە گەورانەی بەریان کەوتووە، هەروەها داوای بونیادنانەوەی هەموو ئەوەی لەلایەن ڕژێمەوە وێران کراوە و، کار لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە ڕاپێچی بەردەم دادگا نێودەوڵەتییەکان بکرێن.

**٩- دەربارەی ڕاگواستن و پاکتاوی ڕەگەزی و گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی:**

کۆنگرە پرۆتستۆی ڕاگواستنی زۆرەملێ و پاکتاوی ڕەگەزی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و گۆڕینی ناسنامە و واقیعی نەتەوەییی ناوچەکانی کەرکووك و مەخموور و خانەقین و شنگال و شێخان و زمار و مەندەلی و ناوچەکانی دیکەی هاوشێوە دەکات، هەروەها کۆنگرە داوای نەهێشتنی ئاسەوارەکانی دەکات لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە:

ا - گێڕانەوەی ڕاگوێزراوان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و گەڕاندنەوەی ملك و ماڵیان و قەرەبووکردنەوەیان بەرامبەر بەو زەرەر و زیانانەی بەریان کەوتووە.

ب - گەڕاندنەوەی ئەوانەی دەستەلات بە مەبەستی نیشتەجێکردن لە ناوچە ئاماژەپێکراوەکان هێناونی بۆ شوێنەکانی پێشوویان.

ت - گەڕاندنەوەی کوردە فەیلییەکان و هەموو ئەو عێراقیانەی بەبێ گوێدانە ڕەگەز و بە بیانووی ئەوەی ڕەچەڵەک ئێرانین و وەدەر نراون، هەروەها پێدانەوەی ڕەگەزنامە بە هەموو ئەوانەی بە ناهەق لەلایەن دەستەلاتەوە مافی هاوولاتیبوونی عێراقیان لێ سەندراوەتەوە و ماڵ و ملکەکانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە و بە هۆی ئەو زیانانەی بەریان کەوتووە قەرەبوو بکرێنەوە، هەروەها ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو فەیلییانەی لە مانگی ئەپریل- نیسانی ١٩٨٠وە دەستگیر کراون.

پ - لادانی هەموو ئەو ڕێوشوێنە ئیداریانەی کە ڕژێم لە ساڵی ١٩٦٨وە گرتوونیەتە بەر، کە ئامانج لێی گۆڕینی واقعی دیمۆگرافیی بووە لە کوردستانی عێراق.

## ١٠- فیدراڵیـەت و چارەکردنی دۆزی کورد:

لـە کاتـی دیراسـەکردنی دۆزی کـورد و شـێوازەکانی گەیشـتن بـە ڕێگەچـارەی چاوەڕوانکـراو بـۆی، کۆنگـرە جەختـی لەسـەر ڕاسـتی هەمەجـۆری و فرەیـی لـە پێکهاتـەی نەتەوەیـی و مەزهەبـی و سیاسـیی کۆمەڵگای عێراقیـدا کـردەوە، کۆکیـش بـوون سـەبارەت بـە گرینگیـی پتەوکـردن و بەهێزکردنـی یەکێتیـی نیشـتیمانی لـە ڕێگـەی هێنانـەدی یەکسـانیی تـەواو لـە نێـوان هەمـوو هاوولاتیـان لەگـەڵ ڕەچاوکردنـی سـەرجەم بڕگـە و بڕیارەکانـی کۆنگـرەی سـەلاحەددین و کۆنگرەکانـی دیکـەی ئۆپۆزیسـیۆنی عێـراق و وتـاری سیاسـیی کۆبوونـەوەی سـەرکردایەتیی ئۆپۆزیسـیۆن لـە واشـنتۆن لـە مانگـی ئۆگسـت - ئابـی ٢٠٠٢ و ئـەو پـرۆژە تـەواوەی کـە سـەبارەت بـە فیدراڵـی لەلایـەن ئەنجوومەنـی نیشـتیمانیی کوردسـتان لـە دانیشـتنی ٧ی نۆڤەمبـەر- تشرینـی دووەمـی ٢٠٠٢ بڕیـاری لەبـارەوە درا.

کۆنگـرە ڕێـزی بـۆ گەلـی کوردسـتان و ئیـرادەی ئازادانـەی لـە بـژاردەی شێوازی گونجـاو بـۆ هاوبەشـی لەگـەڵ ڕۆڵەکانـی یـەك نیشـتیمان دەربـڕی. کۆنگـرە لەسـەر ئەزموونەکانـی سیسـتمی فیدراڵـی هەڵوەسـتەی کـرد و پێـی وایـە، بژاردەیەکـی گونجـاوە بـۆ حوکمـردن لـە عێراقـدا و پێویسـتە دوای لەناوبردنـی ڕژێمـی دیکتاتـۆری سـەددام و هێنانـەدی گۆڕانکاریـی چاوەڕوانکـراو، وەك بنەمایـەك بـۆ چارەکردنـی کێشـەی کـورد لـە چوارچێـوەی دامـودەزگا دەسـتوورییەکانی عێراقـدا پشـتی پـێ ببەسـترێ.

لەوبـارەوە کۆنگـرە پێداگـری کـرد لەسـەر یەکێتیـی عێـراق و پێکەوەژیانـی نێـوان نەتەوەکانـی لەسـەر بنەمـای یەکێتیـی ئارەزوومەندانـە. کۆبوونەوەکـە جەختـی کـردەوە لـە جێبەجێکردنـی داواکارییـە ڕەواکانـی گەلـی کوردسـتان و نەهێشـتنی هەمـوو سـیماکانی چەوسـاندنەوە و بنبڕکـردن، بـە گوێـرەی بنەمـای یاسـای

نێودەوڵەتی کە دان دەنێ بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دووپاتکردنەوەی گیانی برایەتی و یەکێتی و هاوبەشی لە نیشتماندا.

١١- مافی تورکمان:

کۆنگرە تاوتووی ئەو جیاکاری و چەوساندنەوە نەتەوەیی و تایەفییەی کرد کە تورکمان بەرەورووی بوونەتەوە و، جەختی لە زامنکردنی نەبوونی جیاوازی و داننان بە مافە نەتەوەیی و کولتووری و ئیدارییە ڕەواکانیان کردەوە لە چوارچێوەی شێوازێکی یاسایی دیاریکراو و پاراستنی لە ڕووی دەستوورییەوە.

١٢- مافی ئاشوورییەکان:

کۆنگرە دیراسەی ئەو چەوسانەوە و ستەمەی کرد کە لە ئاشوورییەکان کراوە و بڕیاری لەسەر زامنکردنی یەکسانی و مافە نەتەوەیی و کولتووری و ئیدارییە ڕەواکانیان کردەوە، لە چوارچێوەی شێوازێکی یاسایی دیاریکراو و پاراستنی لە ڕووی دەستوورییەوە.

١٣- کارەساتی زۆنگاوەکانی عێراق:

ناوچەی زۆنگاوەکان بەرەورووی کارەساتێکی مرۆیی و ژینگەیی بوونەتەوە و ڕووبەری بەرفراوانی ئەو ناوچانە وشک کران و دوچاری وێرانکردنی تەواو و نەهێشتنی سەرچاوەکانی ژیان بوونەوە، هەروەها هەزاران هاووڵاتی ڕاگوێزران، ئەمەش پێویستی بە چاودێرییەکی تەواو هەیە لەلایەن دەستەڵاتی تازەوە، لە گێڕانەوەی دانیشتوان بۆ ناوچەکانیان و قەرەبووکردنەوەیان و پێشکەشکردنی یارمەتیی پێویست بە مەبەستی گەشەکردنەوەی ناوچەکە و دابینکردنی سەرچاوەکانی ژیان بۆ ڕۆڵەکانی.

**١٤- دەربارەی یاسا و بڕیارە نابەجێکان:**

کۆنگـرە داوای سـڕکردن، دواتـر لادانـی هەمـوو ئـەو یاسـا و بڕیـارە ڕەگەزپەرسـتی و تایەفەگەرییـە نابەجێیانـە دەکات کـە لەلایـەن ڕژێمـەوە لـە دژی کـورد، تورکـمان، ئاشـووری و شـیعە دەرکـراون.

**١٥- دەربارەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان:**

کۆنگـرە ئەزموونـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق لـە ئـازادی و دیمۆکراسـی و بونیادنانـەوە بـەرز دەنرخێنـێ و پێـی وایـە، ئەمـە بەڵگەیەکـە بـۆ ئـەوەی ئەگـەر عێراقییـەکان لـە دکتاتۆریـەت ڕزگاریـان بـێ، دەتوانـن چ جـۆرە هەنـگاوی گـەورە بنێـن، کۆنگـرە پێـی وایـە دەکـرێ سـوود لـەو ئەزموونـە سـەرکەوتووە وەربگیـرێ بەوپێیـەی وەك هەنگاوێکـی پێشـکەوتوو وایـە لەسـەر ڕێـگای گۆڕانکاریـی دیمۆکراسـیی چاوەڕوانکـراو لـە عێـراق و چارەکردنـی ناکۆکییـەکان لـە ڕێـگای گفتوگـۆی برایانـە و دوورکەوتنـەوە لـە توندوتیـژی لـە کاری سیاسـیدا.

کۆنگـرە داوای چاککردنـی ئەزموونەکـە و پشـتگیریکردن و مامەڵەکـردن لەگـەڵ دامـودەزگا یاسـاییە هەڵبژێردراوەکانـی دەکات، تـا کاتـی دانانـی دەسـتوورێکی نوێـی دیمۆکراتیـی فیدراڵـی بـۆ وڵات بـە هەرێمـی کوردسـتانی عێراقیشـەوە، هەروەهـا تێکەڵکردنـی یەکەکانـی پێشـمەرگە لەگـەڵ هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق.

**١٦- دەزگا ئەمنییەکان:**

کۆنگـرە پرۆتسـتۆی سیاسـەتی ڕژێـم دەکات لـە کوشـتنی بەکۆمەڵـی هـەزاران عێراقـی و لەناوبردنـی هـەزاران هاووڵاتی و کادری سیاسـی و زانسـتی و ئەفسـەرانی سـوپا، جەختیـش لەسـەر گرینگیـی ئاشـکراکردنی ڕاسـتییەکان دەکاتـەوە دەربـارەی ئـەو تاوانانـە و بەرپرسـیارانیش بەپێـی یاسـا دادگایـی بکرێـن.

کۆنگـره وایدەبینـێ و بـه پێویسـتی دەزانـێ هەمـوو ئـەو دامـودەزگا داپڵۆسـێنەرانە نەهێڵرێـن کـه ڕژێـم بـه مەبەسـتی چەوسـاندنەوە و تۆقاندنـی هاووڵاتیـان دایمەزرانـدوون و جارێکـی دیکـه دەزگای ئەمنـی بونیـاد بنرێتـەوە، بـه جۆرێـك ڕەچـاوی حورمەتـی یاسـاکان و مافـی هاووڵاتیبـوون و مـرۆڤ و ئاسایشـی وڵات بـکات بـه گوێـرەی یاسـا.

١٧- سـوپا و هێزە چەکدارەکان:

بەشـداربووانی کۆنگـره جەختیـان کـردەوە لەسـەر گرینگیـی دووبـارە بونیادنانـەوەی دامـودەگا سـەربازییەکان و هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق بـه شـێوازێکی پیشـەیی و نیشـتیمانیی دروسـت و، دوور بـێ لـه بەسـەربازیکردنی کۆمەڵـگا و ململانـێ ناوخۆییـەکان و سیاسـەتی جیاکاریـی نەتەوەیـی و تایەفـی و، ڕەتکردنـەوەی پرۆژەکانـی پێشخسـتنی چەکـی کۆکـوژ و هەمـوو ئـەو چەکانـەی لەلایـەن کۆمەڵـگای نێودەوڵەتییـەوە قەدەغـه کـراون و، دوورخسـتنەوەی سـوپا لـه کـردەوەی توندوتیژیـی ناوخۆیـی و دوژمنکاریـی دەرەکـی و کۆکردنـەوەی ئەرکـی سـوپا لـه بەرگریکـردن لـه نیشـتمان و بونیادنانـەوەدا.

١٨- بارودۆخی ئابووری و نەهێشتنی ئاسەواری دوو جەنگی وێرانکار:

کۆنگـره بەرپرسـیارێتی نالەبـاری و تێکچوونـی دۆخـی ئابـووری و گـوزەران و ئەمنـی و کۆمەڵایەتـی دەخاتـه ئەسـتۆی ڕژێمـی ئێسـتا، کـه لـه ڕێگـەی وێرانکـردن و ڕاگواسـتنی چەنـدان ملیـۆن کـەس لـه ڕۆڵەکانـی لـه ناوچەکانیـان بـەرەو دەرەوە، سوپاسـگوزاری وڵاتانـی دۆستیشـه بەرامبـەر میوانداریکردنیـان و دابینکردنـی شـوێنی حەسـانەوە و ئاسـانکاری بۆیـان.

هەروەهـا کۆنگـره بەرپرسـیارێتیی ئەخلاقـی و یاسـایی و مێژوویـی بەرپاکردنـی جەنـگ لـه دژی دراوسـێکانی، ئێـران و کوێـت دەخاتـه ئەسـتۆی ڕژێمـی سـەددام و

داوای هاوکارییش لەم دوو وڵاتە دراوسێیە دەکات لە پێناوی ئازادکردنی دیل و بەندکراوان و کۆتاییهێنان بە ئاسەوارەکانی ئەو قۆناغە ناخۆشە و زامنکردنی بەکارنەهێنانی خاکی عێراق بۆ دەستدرێژیکرنە سەر وڵاتانی دیکە.

هاوکات کۆنگرە بەرپرسیارێتیی سەپاندنی ئابلۆقە و سزای ئابووری بۆ سەر عێراق دەخاتە ئەستۆی ڕژێمی ئێستا و، داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێ دەکات کە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ دەستەڵاتی نوێ بکەن و، هاوکار بن لەپێناوی کۆتاییهێنان بە بارودۆخە ناهەموارەکان و نەهێشتنی هەموو ئاسەوارە کردەیی و یاساییەکان بە گوێرەی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی عێراق جارێکی دیکە بگەڕێتەوە باوەشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بازنە هەرێمایەتییەکان و بە ئاشتی و هێمنی بژیێت.

هاوکات کۆنگرە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی دۆست و دامودەزگا و دەستە نێودەوڵەتییەکان دەکات، لە ڕێگەی پرۆژەیەکی تۆکمەی هەمەلایەنەوە کە ژمارەیەکی زۆر لایەنیش تیایدا بەشدار دەبن، لە قۆناغی ڕاگوزەریدا هاوکاری عێراق بن بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارە تێپەڕ بکات کە گەلانی عێراق تیایدا دەژین.

لەو بارەوە کۆنگرە جەخت لەسەر ئەم ڕێوشوێنە خێرایانەی خوارەوە دەکاتەوە:

أ - کۆکردنەوەی بڕێکی زۆری داهات لە عێراق و لایەنە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان.

ب - ڕێگە بە عێراق بدرێ بگاتە بەرزترین ئاستی ناردنەدەرەوەی نەوت.

ت - ئەنجامدانــی دانوســتان لەگــەڵ ئــەو لایەنانــەی قەرزیــان لــێ وەرگیــراوە بــە مەبەســتی چارەکردنــی کێشــەی قــەرز و ئــەو قەرەبــووەی کەوتووەتــە ئەســتۆی عێــراق.

پ - داوا لــە کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی بکــرێ بــە تایبەتــی وڵاتانــی دۆســت، کــە کار بــۆ ئازادکردنــی پــارە بلۆککراوەکانــی عێــراق بکــەن و یارمەتیــدەر بــن بــۆ ئاشــکراکردنی ســامانی ســەددام و تێــوەگلاوان و کــەس و کۆمپانیــا خەیاڵــی و ئەوانەشــی کــە ڕاســتین و ئــەو هەژمــارە بانکیانــەی لــە زۆربــەی وڵاتــان بــە نــاوی ئەوانــەوە کراونەتــەوە دەســتیان بەســەردا بگیــرێ، بەوپێیــەی ئــەوە بەشــێکە لــە ســامانی گشــتیی گەلــی عێــراق.

ج - هەروەهــا کۆنگــرە داوا لــە دەســتەڵاتی نــوێ دەکات دووبــارە چــاو بــە هەمــوو ئــەو ڕێککەوتننامــە بازرگانــی و ئابــووری و نەوتیانــەدا بخشــێنێتەوە کــە عێــراق لــە ئۆگســت - ئابــی ١٩٩٠وە لەگــەڵ کۆمپانیــا و وڵاتانــدا واژۆی کــردوون و، دەستنیشــانکردنی ئاســتی یاســایی و بەرژەوەندییەکانــی عێــراق لــە واژۆکردنیــان.

ح - کۆنگــرە بــە تایبــەت داوا لــە دەســتەڵاتی تــازە دەکات کــە بــە مەبەســتی ئازادکردنــی دیــل و بەندکــراوان لــە هــەردوولا و نەهێشــتنی هەمــووئاســەوارەنێگەتیڤەکانــیتــرلەگــەڵئێــرانوکوێــتهــاوکاربــێ.

### ١٩- پرۆگرامی نەوت بەرامبەر خۆراك:

کۆنگــرە بــە پێویســتی دەزانــێ پرۆگرامــی نــەوت بەرامبــەر خــۆراك بپارێــزرێ کــە لــە ڕێگەیــەوە خــۆراک و دەوا و دەرمــان دابیــن دەکــرێ، هەروەهــا ژێرخانــی گەلــی عێــراق بونیــاد بنرێتــەوە و کار بکــرێ لــە پێنــاوی چارەکردنــی لایەنــە نێگەتیڤەکانــی، تــا ئــەو کاتــەی چــاو بــە بڕیــارە پەیوەندیدارەکانــی ئەنجوومەنــی ئاسایشــدا

دەخشێنرێتەوە و پرۆگرامێکی گونجاو لەلایەن دەستەڵاتی تازەوە ئامادە دەکرێ تا ببێتە مایەی فەراهەمکردنی ژیانێکی گونجاو بۆ میللەت، بە تایبەتی چینی هەژار و کەمداهات و، پرۆگرامەکانی گەشەکردنی تێدا ڕەچاو بکرێ، هاوکات داهاتەکان بەسەر هەرێم و تەواوی ناوچەکانی وڵاتدا دادوەرانە دابەش بکرێ.

**٢٠- یاسایەکی تازە بۆ ڕەگەزنامە:**

ئامادەبووانی کۆنگرە بڕیاریان دا لە پێویستیی دارشتنی یاسایەکی مرۆیی و سەردەمیانەی تازە سەبارەت بە ڕەگەزنامە، بە جۆرێك هەموو پۆلێنکردنەکانی هاووڵاتیبوون و ئەو کون کەلەبەرانە نەهێڵێ کە لە ڕێگەیانەوە دەیانهەزار عێراقی لە ناسنامەی نیشتیمانی بێبەش کران، هەروەها دوای ڕووخانی ڕژێمی ئێستا، کار بکرێ بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ عێراق و سەرجەم ئەو ئاسەوارە نێگەتیڤە کەڵەکەبووانەی بە هۆی ئەو ڕێکارە زۆرەملێیی و نامرۆڤانەییانەی کەوتوونەتەوە، چارە بکرێن.

**٢١- ئاسانکاری بۆ گێڕانەوەی دەرکراو، ڕاگوێزراو و پەنابەرانی عێراقی:**

بەشداربووانی کۆنگرە بڕیاریان دا لە پێویستیی دەستبەجێ ئاسانکاریکردن لەلایەن دەستەڵاتی ڕاگوزەرەوە بۆ گێڕانەوەی ملیۆنان دەرکراو و ڕاگوێزراو و پەنابەری عێراقی لە مەنفاکانیان و، دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان کە هۆکار دەبن لە ئاسان گەڕانەوەی خۆیان و خانەوادەکانیان و بەشداربوونیان لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی نیشتیمان و، گێڕانەوەی ماڵ و مڵکیان و بەهۆی زیانباربوونیشیان قەرەبوو بکرێنەوە.

**٢٢- ڕۆڵی توانستە ئەکادیمی و زانستییەکان:**

کۆنگرە بە باشی دەزانێ دوای ڕووخانی ڕژێمی ئێستا، کۆمەڵە ئەکادیمی و تایبەتمەندەکان و هەموو ئەو زانا عێراقیانەی کە خاوەنی توانست و بڕوانامەی

بـەرزی زانسـتین، شـارەزایی و تواناکانـی خۆیـان بخەنـە خزمەتـی داڕشـتنی پلانـی گەشـەکردنی هەنووکەیـی و ئاییندەیـی لـە بـوارە جیاجیاکانـدا.

کۆنگـرە ڕێـز بـۆ شـەهیدانی ئازادیـی عێـراق دەنوێنـێ و، پشـتگیریی خـۆی بـۆ دەیانهـەزار بەندکـراوی سیاسـی ڕادەگەیێنـێ، ئەوانـەی لەگـەڵ خانەوادەکانیـان چەنـدان سـاڵ لـە بەندیخانەکانـی ڕژێمـدا بەنـد کـراون.

هەروەهـا کۆنگـرە ڕێـز لـە خەڵکەکەمـان لـە ناوخـۆی عێـراق و هـەر گۆشـە و بسـتێکی وڵات دەگـرێ و شـانازیی بـە ڕووحـی بەرگریخوازانـەی میللەتەکەمانـەوە دەکات بەرامبـەر سیاسـەتەکانی ڕژێـم کـە پـڕە لـە ڕاپرسـی گاڵتەجاڕانـە و شـانۆی ئازادکردنـی بەندکـراوان و چەنـدان کـردەوەی دیکـەی سـاختە بـە ئیـرادەی میللەتەکەمـان کـە کاتـی ئازادبوونـی زۆر نزیـك بووەتـەوە.

*** لـە خـوارەوە لیسـتی ئەندامانـی لیژنـەی چاودێـری و هەماهەنگـی دەخەینـە ڕوو کـە لەلایـەن کۆنگـرەی ئۆپۆزیسـیۆنی عێراقـەوە لـە کۆتایـی کارەکانـی ڕۆژی سـێیەم لـە لەنـدەن بڕیـاری لەبـارەوە دراوە و، ٦٥ کەسـایەتی دەگرێتـە خـۆی کـە دواتـر نـاوی دە کەسـی دیکەشـی بـۆ زیـاد کـرا:

١- ئیبراهیم حەمودی
٢- ئەحمەد ئەلچەلەبی
٣- عەقید ئەحمەد عەلی موحسین
٤- ئەکرەم ئەلحەکیم
٥- ئەلبێرت یەڵدا
٦- ئەیاد ئەلسامەڕائی
٧- ئەیاد عەللاوی
٨- ئەیهەم ئەلسامەڕائی
٩- خاتـوو بەیان ئەلئەعرەجی
١٠- بەیان جەبر

١١- تۆفیق ئەلیاسری
١٢- جەلال تاڵەبانی
١٣- جونەید مەنکۆ
١٤- جەواد ئەلعەتار
١٥- جەوهەر نامق
١٦- حاتەم موخلیس
١٧- حاتەم شـەعلان ئەبولجون
١٨- حاجم ئەلحوسەینی
١٩- حامید ئەلبەیاتی
٢٠- حوسێن ئەلجبوری
٢١- حوسێن ئەلشەعلان
٢٢- حوسێن ئەلشامی
٢٣- ڕەزا جەواد تەقی
٢٤- خاتو سـوعاد ئەلکەریماوی
٢٥- سەعد ئەلبەزاز
٢٦- سەعد جەواد
٢٧- سەعد ساڵح جەبر
٢٨- سەعدون ئەلدلێمی
٢٩- سینان ئەلشبیبی
٣٠- سادق ئەلموسەوی
٣١- خاتوو سـەفیە ئەلسوهێل
٣٢- سەڵاحەددین بەهائەددین
٣٣- سەڵاح ئەلشێخلی
٣٤- سـەنعان ئەحمەد ئاغا
٣٥- تاریق ئەلئەعزەمی
٣٦- عادل عەبدولمەهدی
٣٧- عەباس ئەلبەیاتی
٣٨- عەبدولعەزیز ئەلحەکیم
٣٩- عەبدولسـەتار ئەلجومەیلی

٤٠- عەبدولمەجید ئەلخوئی
٤١- عێزەددین سەلیم
٤٢- عەلی بن ئەلحوسەین
٤٣- غەسان ئەلعەتییە
٤٤- فارووق ڕەزاعە
٤٥- فوئاد مەعسووم
٤٦- قادر عەزیز
٤٧- کەریم ئەحمەد
٤٨- کەنعان مەکییە
٤٩- کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی
٥٠- گۆران تاڵەبانی
٥١- محەمەد بەحر ئەلعلوم
٥٢- محەمەد تەقی ئەلمەولا
٥٣- محەمەد ئەلحەیدەری
٥٤- محەمەد عەبدولجەبار.
٥٥- محەمەد حاجی مەحمود
٥٦- مەسعود بارزانی
٥٧- مەشعان ئەلجبوری
٥٨- موزر شەوکەت
٥٩- موەفەق ئەلروبەیعی
٦٠- ناجی حیلمی
٦١- نەجمەدین کەریم
٦٢- هۆشیار زێباری
٦٣- لیوا ڕوکن وەفیق ئەلسامەڕائی
٦٤- وەلید محەمەد ساڵح
٦٥- یونادم یووسف کەننا

# بەڵگەنامەی سیاسیی گرێنتیکردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی کوردستان

ئەم بەڵگەنامەیە کە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت بە سەرپەرشتیی د. خەلیل ئیبراهیم و ئەندامێتیی (ڕۆمیۆ هەکاری ، شێخ شامۆ، مونا قەهوەچی، ڤیان دەخیل، د. تالیب کاکەیی، کەریم سولەیمان، هالان هورموز، محەمەد سەعدەددین) ئامادە کرابوو، لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی ٩ی ٢٠١٧ لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

## بەڵگەنامەی سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان لە کوردستان

ئێمەی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم لە کوردستان، بەوپێیەی کە نوێنەری زۆربەی پارتییە سیاسییەکانی کوردستانین و، لە سۆنگەی باوەڕ بوونمان بەوەی کە کوردستان وڵاتی هەمووانە، بە کورد و تورکمان و کلدان سریان ئاشوور و عەرەب و ئەرمەن و، بە موسڵمان و ئێزدی و کریستیان و کاکەیی و جولەکە و زەردەشتی و سابیئەی مەندائی و شەبەکەوە و، لەکاتێکدا کە هەموومان یادی ئەو چەوساندنەوە و کارەساتانە دەکەینەوە کە لە دەیەکانی رابردوودا بەرەوڕووی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بووەتەوە.

لـەو باوەڕەدایـن کـە سـەرکەوتن بەسـەر ئـەو کارەسـاتانەدا لـە ڕێـی زاڵبوونـەوە دەبـێ بەسـەر جـوداکاری و چەوسـاندەوەی نەتەوەیـی و ئایینـی و تایـەفی و، هەروەهـا لـە ڕێـی چەسـپاندنی مافـەکانی مـرۆڤ و ڕێزگرتنـی ئازادییـە بنەڕەتییـەکان بەبـێ جیـاوازی بـە هـۆی ڕەگـەز و زمـان و ئاییـن و بیروبـاوەڕ و ڕێزگرتنـی شـەهیدانمان لـە پێنـاو ئازادیـدا دەبـێ، هەروەهـا بـە ئیلهاموەرگرتـن دەبـێ لـە گیـانی لێبوردەیـی و برایـەتی و قبووڵکـرنی بەرانبـەر، کـە خەسـڵەتی گـەلی کوردسـتانن و، بـە بڕوابوونمـان بـە مافـە بنەڕەتییـەکانی مـرۆڤ و کەرامـەتی و بەهاکـەی و بـە مافـە یەکسـانەکانی گـەلان بـە بچـووك و گەورەیانـەوە دەبـێ، لەژێـر ڕۆشـناییی ئـەو بنەمایانـەی کـە لـە ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتییەکانـدا هاتـوون دەربـارەی مـافی کەمینـە نەتەوەیـی و ئایینـەکان و پاراسـتنیان و گەشـەپێدانیان و، لەپێنـاو ئـەوەی کـە پێکهاتـەکانی کوردسـتان مافـەکانی خۆیـان بـە گوێـرەی بنەمـا دیموکـراسی و باڵادەسـتیی یاسـا و دادپـەروەری بـە دەسـت بهێنـن، کـە دەبنـە هـۆی سـەقامگیریی ئاسـایش و ئاشـتی، نـەك تەنهـا لـە کوردسـتان، بەڵکـو لـە ناوچەکـە و هەمـوو جیهانـدا، بڕیارمـان دا پێوەندییـەکانی نێـوان پێکهاتـەکان لـە سـەر ئـەم بنەمایانـەی خـوارەوە ڕێـك بخەیـن:

**ماددەی(١):**

**داننـان بـە فرەنەتەوەیـی و ئایینـی و مەزهـەبی و کولتووریـی کۆمەڵـگای کوردسـتانی و دەسـتەبەرکردنی مـافی هەمـوو پێکهاتـەکان لـە سـەر بنەمـاکانی هاووڵاتیبـوون و یەکسـانی و ڕەچاوکـردنی تایبەتمەندییـە ئایینـەکان و مومارەسـەکردنی داب و نەریتـەکان و، پاراسـتن و بایەخـدان بـە شـوێنەکانی عیبـادەت.**

**ماددەی (٢):**

**ا- دەسـتەبەرکردنی مافـە نەتەوەیـی و کولتـووری و ئیدارییـەکانی تورکمان و کلـدان سریـان ئاشـوور و عـەرەب و ئەرمەنـەکان، لـە سـەرەتاوە**

بـە ئیـدارەی زاتی و حوکمـی زاتی و نامەرکـەزی تـا دەگاتـە فیدراڵییـەت بـۆ ناوچـە مێژووییـەکانی پێکهاتـەکان بـە گوێـرەی سـەرژمێریی سـاڵی١٩٥٧.

ب- دەسـتەبەرکردنی مـافی ئێزدییـەکان بـە ئیـدارەی زاتی و حوکمـی زاتی و نامەرکـەزی تـا دەگاتـە فیدراڵییـەت لـەو ناوچانـەی کـە زۆرینـە دانیشـتوانن. ڕێکخسـتنی ئەوەیـش بـە گوێـرەی یاسـا دەبێـت.

ماددەی (٣):

دەسـتەبەرکردنی نوێنەرایەتیکـردنی پێکهاتـەکان لـە ئەنجوومەنـە هەڵبژێـردراوەکانی یاسـایی و دەزگا ئیدارییـەکان و سـلکی دیپلۆمـاسی و دەسـتە سـەربەخۆکان. ڕێکخسـتنی ئـەوەش بـە گوێـرەی یاسـا دەبێـت.

ماددەی (٤):

دەسـتەبەرکردنی نوێنەرایەتیکـردنی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینـەکان لـە دادگای بـاڵای دەسـتووری بەپێـی ئـەو مەرجانەی کە ڕێسا گشـتییەکان دەیخوازن.

ماددەی (٥):

دەسـتەبەرکردنی بەشـداریکردنی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینـەکان لـە دەزگاکانی جێبەجێکـردن و پۆسـتە سـیادییەکان و سیسـتەمی بەرگـری و هێـزەکانی ئاسـایش و ناوخـۆ و پێشـمەرگە بـە گوێـرەی یاسا بـەرکارەکان.

ماددەی (٦):

ژمـاردنی زمانـەکانی کـوردی و تورکمـانی و سریانی و عـەرەبی و ئەرمەنی وەك زمـانی فەرمـی. ڕێکخسـتنی ئەوەش بـە گوێرەی یاسـا دەبێت.

ماددەی (٧):

دەبــێ ئــاڵا و لۆگــۆی کوردســتان و سروودی نیشــتمانی ئامــاژە بــە پێکهاتەکانــەوە بکــەن، ڕێکخســتنی ئــەوەش بــە گوێــرەی یاســا دەبێــت.

ماددەی (٨):

ڕێکخستنی جــەژن و بۆنە ئایینــی و نەتەوەییــەکان و پشــووە فەرمییەکان بــە گوێرەی یاسـا.

ماددەی (٩):

دەوڵــەت، دەســتەبەرکردنی ئازادیــی بــیروڕا و مومارەســەی داب و نەریتــە ئایینــەکانی هەمــوو پێکهاتــەکان لەئەســتۆ دەگــرێ.

ماددەی (١٠):

لایەنگرانی پێکهاتــە ئایینــەکان، جگــە لــە ئیسلام، بۆیــان هەیــە ڕەوشی ئایینــی تایبەتیــی خۆیــان پێــڕۆ بکــەن لــە ڕێــی دامەزرانــدنی دادگای کــەسی و، نابــێ حوکمــی هێــچ ئایینێــك بەســەر لایەنگــرانی ئایینێــکی دیکــەوە بســەپێندرێ.

ماددەی (١١):

لابــردن و نەهێشــتنی گۆڕانکاریــی دیمۆگــرافی لــە ناوچــە مێژووییــەکانی پێکهاتــەکان، بــە گوێــرەی ســەرژمێریی ١٩٥٧ و لــە کاتی دروســتکردنی دەوڵــەتی عێراقــەوە و، لابــردنی ئاســەواری زوڵــم و جینۆســاید، کــە بــەرەوڕووی کــوردی ئێــزدی و کلــدان سریــان ئاشــوور و تورکمان و هەمــوو پێکهاتــەکانی هاتــووە و، گەشــەپیکردنی ئــەو ناوچانــەی کــە تــووشی وێرانــکاری هاتــوون و، قەرەبووکردنــەوەی زیانــەکان.

ماددەی (١٢):

دەستەبەرکردنی مافی دامەزراندنی ئەنجوومەن و کۆمەڵە و کۆڕبەند و ڕێکخراو و یانەی تایبەت بە پێکهاتەکان.

ماددەی (١٣):

دەوڵەت ئەرکی پاراستن و ژیاندنەوەی جێگا شوێنەواری و شارستانی و ئایینەکانی هەموو پێکهاتەکان لەئەستۆ دەگرێ.

ماددەی (١٤):

لە بابەتەکانی پەروەردە و فێرکردن، باسی مێژووی پێکهاتەکان و چەمکەکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن بکرێ، سەرەڕای باسکردنی ڕەتکردنەوەی کولتووری رق و کینە و هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە هزر و مومارەسە.

ماددەی (١٥):

نوێنەرانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان بەشدار دەبن لە دارشتنی دەستووری دەوڵەت.

ماددەی (١٦):

لە گەڵ دەستپێکردنی یەکەمین خوولی پەرلەمانی، دوای دەرچوونی ئەم بەڵگەنامەیە، کار دەکرێ بە جێبەجێکردنی هەموو ماددەکانی ئەم بەڵگەنامەیە.

# جاڕنامەی بنەما دەستوورییەکان[١]

## پێشەکی

بە پشتبەستن بە دەقی بڕگەی ٢١ ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئاماژە بە ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لە هەوڵدان لە پێناوی گەشەپێدانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە نێوان نەتەوەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەو پرەنسیپەی دەبێتە مایەی یەکلاکردنەوەی مافەکان لە نێوان گەلاندا، بەوەی هەر گەل و میللەتێك مافی ئەوەی هەبێ کە خاوەنی دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی بێت. هەروەها ماددەی (٥٥)ی جاڕنامەکە کە ئاماژە بە: فەراهەمکردنی بنەماکانی سەقامگیری و خۆشگوزەرانیی پێویست بۆ بونیادنانی پێوەندیی دروست لە نێوان گەلان، پشتبەستوو بە بنەمای ڕێزگرتن لەو پرەنسیپەی کە دەبێتە مایەی یەکلاکردنەوەی مافەکان لە نێوان گەلاندا، بەوەی هەر گەل و میللەتێك مافی ئەوەی هەبێ کە خاوەنی دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی بێت". هەروەها بەگوێرەی ئەوەی لە بڕیاری ژمارە ١٥١٤ی ئەنجوومەنی گشتی کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٠دا هاتووە و پەیوەستە بە جاڕدانی بەخشینی سەربەخۆیی بە گەل و وڵاتانی کۆلۆنیاکراو بەوەی "سەرجەم گەلان مافی ئەوەیان هەیە بڕیار لەبارەی چارەنووسی

---

١- پڕۆژەی جاڕنامەی بنەما دەستوورییەکان لەسەر پێشنیاری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بڕیاری ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم لەلایەن دکتۆر کاوە مەحمود. سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستان ئامادە کرابوو.

خۆیـان بـدەن، بەگوێـرەی ئـەو مافـەش بۆیـان هەیـە ئازادانـە پێگـەی سیاسـیی خۆیـان دەستنیشــان بکـەن، هەروەهــا ئازادانـەش هەوڵــی هێنانــەدی گەشــەکردنی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و کولتووریــی خۆیــان بــدەن.

هەروەهــا بــە ئامــاژەدان بــە مــاددەی یەکەمــی هــەردووك پەیماننامــەی نێودەوڵەتــی تایبــەت بــە مافــە مەدەنــی و سیاســییەکان و مافــە ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و کولتوورییـەکان کـە لـە سـاڵی ١٩٦٦ بڕیاریـان لەبـارەوە دراوە کـە دەربـارەی بەخشـینی مافـی چـارەی خۆنووسـینە بـە هەمـوو گـەلان، بەگوێـرەی ئـەو مافـە گـەلان بۆیـان هەیـە بڕیـار دەربـارەی بارودۆخـی سیاسـیی خۆیـان بـدەن و ئازادانـەش بەدواداچوون بۆ گەشـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کولتووریـی خۆیـان بکـەن. هەروەها بـە ئاماژەدان بـە جاڕنامەی پرەنسـیپەکانی یاسـای نێودەوڵەتـی، پەیوەسـت بـە پێوەندیـی دۆسـتایەتی و هاریکاری، بەگوێـرەی جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـە بەپێـی بڕیـاری ژمـارە ٢٦١٥ ی سـاڵی ١٩٧٠ی ئەنجوومەنــی گشــتی و لەژێــر بنەمــای یەکســانیی گــەلان لــە مافەکانیــان و لــە مافــی دەستنیشــانکردنی چارەنووســیاندا دەرکــراوە، کــە تیایــدا هاتــووە: ســەرجەم گــەلان، بەگوێــرەی بنەمــای یەکســانیی گــەلان لــە مافەکانیــان و لــە مافــی دیارکردنــی چارەنووسـیان کـە لـە جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا هاتـووە، مافـی ئەوەیـان هەیـە ئازادانــە و بەبــێ دەســتوەردانی دەرەکــی پێگــەی سیاســیی خۆیــان دەستنیشــان بکــەن، هەروەهــا ئازادانــەش کار بــۆ هێنانــەدی گەشــەی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و کولتووریــی خۆیـان بکـەن و پێویسـتە هەمـوو دەوڵەتانیـش بەگوێـرەی بنەماکانــی ئـەو بەڵێننامەیـە ڕێـز لـەو مافـە بگـرن.

بـە ئامـاژەدان بـە دەقـی جاڕنامـەی جیهانیـی مافـی گەلانـی سـاڵی ١٩٧٦، هەروەهـا بەنــدی هەشــتەمی بەندەکانــی ڕێککەوتنــی هێلســنکی کــە دەرەنجامــی کۆنگــرەی ئاسـایش هاریکاریـی ئەورووپایـی لـە ئابـی ١٩٧٥ بـوو، هـاوکات جاڕنامەکـەی کۆنگـرەی

ڤیێننای مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٩٣ کە لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ساز کرا و، جەخت لەوە کراوەتەوە کە "سەرجەم گەلان مافیان هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن" و ئەمە وێڕای بۆچوونەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەربارەی پابەندبوون بە مافی چارەنووس، ئەمەش لە بڕیارەکانی ئەو دادگایە دەربارەی نامیبیا لە ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٧١ و بیابانی رۆژئاوا لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ و تەیمووری رۆژهەڵات لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٥ و بۆچوونی هەمان ئەو دادگایە دەربارەی سەربەخۆیی کۆسۆڤا لە ساڵی ٢٠٠٨، دەرکەوت.

پێشینەکانی بواری یاسای نێودەوڵەتی جەخت لەو مافە دەکەنەوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تایبەت بە جیابوونەوەی هەریەکە لە سەنیگال لە مالی، ساڵی ١٩٦٠ و سەنگاپوور لە مالیزیا ساڵی ١٩٦٠ و بەنگلادیش لە پاکستان ساڵی ١٩٧٤ و ئەریتیریا لە ئەسیوپیا ساڵی ١٩٩٣ و، سەربەخۆیی وڵاتان لە ئەورووپای رۆژهەڵات لە سەرەتای نەوەدەکان و جیابوونەوەی کۆمارەکانی بەلتیق و لەدایکبوونی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیێتی پێشوو و هەڵوەشانەوە و دابەشبوونی یۆگسلافیا بۆ چوار دەوڵەت.

هەروەها بە ئاماژەدان بە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق کە لە دیباچەکەی و لە ماددەی یەکەمیدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە دەبێتە مایەی پاراستنی خاك و گەل و سەروەریی عێراق و، دەستوور زامنکاری یەکێتیی عێراقە. بەوپێیەش کە زیاتر لە ١٣ ساڵ بەسەر دەرکردنی دەستووردا تێپەڕیوە و لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٥٠ ماددەی جێبەجێ نەکراون، هەروەها بەهۆی قووڵتربوونی قەیرانی بونیادگەریی تایبەت بە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق و نەبوونی توانای جێبەجێکردنی سیستمی فیدراڵی کە لە ڕووی کردەییەوە مانای یەکێتیی ئارەزوومەندانە دەبەخشێ و، ناکرێ دەوڵەتی عێراق بە شێوەی زۆرەملێ

بونیاد بنرێتەوە و، بەهۆی بوونی مەترسیی زۆر لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە دوچاری کوردستان دەبێەوە و لە پێناوی هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە و خۆپاراستن لە ئەگەری ڕوودانی هەر بەرەووڕووبوونەوەیەکی نەتەوەیی یان ڕەگەزی یان تایەفی لە نێوان کوردستان و عێراق، گەلی کوردستان بڕیاری دا ڕوو بکاتە ئەنجامدانی ڕاپرسییەك بە مەبەستی دەستنیشانکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا، لەسەر بنەمای مافی چارەنووس و گەڕانەوە بۆ خواست و بڕیاری گەلی کوردستان دەربارەی ئەو بابەتە.

بڕیاری ئەنجامدانی ڕاپرسییش دەبێتە بناغەیەك بۆ چارەکردنی ناکۆکی و کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای دیموکراسیی ئاشتیانە، هەروەها دەبێتە مایەی خوڵقاندنی ئاییندەیەك بۆ پێوەندیی دروست و پشتبەستراو بە دراوسێییەتی و هاریکاری و کاری هاوبەش کە ببێتە مایەی خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراق و کوردستان.

بڕیاری ئەنجامدانی ڕاپرسی بەگوێرەی مەرسومێکی سەرۆکایەتیی هەرێم، دەرەنجامی خەباتی گەلی کوردستانە بە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی و تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئەو قوربانییە زۆرانەی کە لە پرۆسەکانی ئەنفال و بۆردوومانی کیمیاوی و هەڵمەتەکانی جینۆساید بەخشران. هاوکات ئەمە شانازییەکیشە بە خەباتی گەلی کوردستان بە درێژاییی مێژوو لە پێناوی ئازادی و دادپەروەریی و یەکسانی و سەروەریی نیشتیمانی و ئاشتەواییی مرۆیی و، ئەو بەرهەمانەی کە مرۆڤایەتی پێشکەشی شارستانەتیی کردووە، هاوکات هەست بەو بەربەستانە دەکەین کە بەرەووڕوومان دەبنەوە و، جەخت لەوە دەکەینەوە کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە. لەبەر گرینگیی بڕیاری ڕاپرسی و ئەو بژاردەیەی خراوەتە بەردەم گەل، پێمان گونجاو بوو بنەما دەستوورییە گشتییەکان ڕابگەیەنین

کـە وەك بناغەیـەك وان بـۆ بـژاردەی دەوڵەتـی نیشـتیمانیی کوردسـتانی سـەربەخۆ. ئـەم ڕاگەیاندنـە گوتارێکـی سیاسـییە و ئاراسـتەی ڕای گشـتیی ناوخۆیـی و ڕای گشـتیی هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتـی و حکوومـەت و وڵاتـان دەکـرێ و، بەوپێیـەی بەڵێننامەیەکـی باوەڕپێکـراوە و تیایـدا ئامـاژە بـە بنەمـا دەسـتوورییە گشـتییەکان دەکـرێ کـە دەسـتووری دەوڵەتـی لەدایکبـوو دەیگرێتـە خـۆی و، جەخـت لەسـەر سرووشـتی سیسـتمی سیاسـی و پابەندبوونـی بـە بنەمـا نێودەوڵەتییـەکان دەکات کـە لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە ڕاگەیەنـراون، هەروەهـا پابەندبوونـی بـە پرەنسـیپەکانی مافەکانـی مـرۆڤ و بونیادنانـی دەوڵەتـی یاسـا، بـە هەمـوو بنەمـا و دامـەزراوە مەدەنییە دیموکراسـییە هاوچەرخـەکان.

ڕاگەیاندنـی بنەمـا دەسـتوورییەکان ئەلتەرناتیڤـی دەسـتوور نییـە کـە لـە داڕشـتنیدا هەمـوو پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینـەکان لـە ڕێگـەی ئەنجوومەنێکـی دامەزرێنـەرەوە بەشـدار دەبـن و دواتـر لەلایـەن گەلـەوە ڕاپرسـی لەبـارەوە ئەنجـام دەدرێ. وەك شـانازییەك بـە خەباتـی گەلەکەمـان و وەك دڵسـۆزییەك بـۆ گیانـی شـەهیدان لـە شۆڕشـە یـەك لـە دوایەکـەکان، بنەما بنەڕەتییەکانـی دەسـتووری دەوڵەتی نیشـتیمانیی کوردسـتانی سـەربەخۆ بـەم شـێوەیەی خـوارەوە رادەگەیەنیـن:

١- کۆمـاری کوردسـتان، دەوڵەتێکـی مەدەنـی دیموکراتـە و پشـت بـە هاووڵاتیبـوون و سـەروەریی یاسـا دەبەسـتێت، ڕێـز لـە فرەیـی دەگرێـت و، ئـازادی و دادوەریـی و یەکسـانی و، خوڵقاندنـی دەرفەتـی یەکسـان بـۆ سـەرجەم هاووڵاتیـان بەبـێ جیـاوازی یـان ڕەچاوکردنـی ئاییـن و ڕەگـەز فەرهـەم دەکات. هەروەهـا دەوڵەتێکـی نیشـتیمانییە بـۆ سـەرجەم هاووڵاتیانـی کـورد، عـەرەب، تورکمان،

ئاشـووری، کلـدان، سریـان و ئەرمـەن، دەوڵـەت بـە پاراسـتنی کەلەپـووری نیشـتیمانیی تایبـەت بـە هەمـوو نەتـەوە و پێکهاتـەکان پابەنـد دەبێـت، ئەمـەش لـە ئـاڵا و سروودی نیشـتیمانیدا دەردەکـەوێ کـە ڕەنگدانـەوەی فرەییـی نەتەوەیـی و ئاییـنی تیـادا بـەدی دەکـرێ.

٢- گـەل سـەرچاوەی دەسـتەڵاتەکانە و ئەمـەش لـە ڕێـگای راپرسـی و هەڵبژاردنـی بێگـەردەوە جێبەجـێ دەکات، پرۆسـەکەش لـە ڕێـگای کۆمیسـیۆنێکی سـەربەخۆدا و بـە سەرپەرشـتیی دادوەری بەڕێـوە دەچـێ و بەگوێـرەی سیسـتمێکی هەڵبژاردنـی وا کـە ببێتـە مایـەی زامنکردنـی دادپەروەریـی نوێنەرایەتیکـردن بـۆ هاووڵاتیـان بەبـێ هیـچ جیـاوازی و دوورخسـتنەوەیەك. هـاوکات دەسـتوور نوێنەرایەتیکردنـی هەمـوو نەتـەوە و پێکهاتەکانـی کوردسـتان لـە ڕێـگای کۆتـا زامـن دەکات، وێـڕای مافەکانیـان لـە لیسـتە گشـتییەکاندا.

٣- سیسـتمی سیاسـیی دەوڵەت کۆماریی پارلەمانیی دیموکراسی دەبێ و پشـت بە هاوسـەنگیی نێوان دەسـتەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکردن و دادوەریـی و جیاکردنەوە لە نێوانیاندا و دەستاودەسـتکردنی ئاشـتیانەی دەسـەڵات و فرەحیزبیـی سیاسـی دەبەسـتێت، بـە جۆرێـك پێچەوانەی مـاف و ئازادییە بنەڕەتییـەکان نەبێت.

٤- دەوڵـەت مافـی هەمـوو نەتـەوە و پێکهاتـەکان زامـن دەکات لەسـەر بنەمـای یەکسـانیی نێـوان تـاك و پێکهاتـەکان و ڕەچاوکردنـی تایبەتمەندییـەکان زامـن دەکات، پشتبەسـتوو بـە دیموکراسـی و فراوانکردنـی لامەرکـەزی و ئۆتۆنۆمـی و خۆبەڕێوەبـردن پێـڕۆ دەکات،

ئەمــەش لــە ڕێــگای ژمارەیــەك چوارچێــوەی جۆراوجــۆر کــە خواســت و داواکاریــی پێکهاتــەکان لــە بەرچــاو بگــرێ، تــا دەگاتــە ئاســتی فیدراڵــی لــە ڕێکخســتنی ئیداریــدا.

٥- دەوڵــەت ئازادیــی ســەرجەم هاووڵاتیــان لــە ئاییــن و بیروبــاوەڕ و ئەنجامدانــی مەراســیمی ئایینــی بــۆ موســوڵمان و ئێــزدی و کریستیان و کاکەیــی و جولەکــە و زەردەشــتی و سابیئەی مەندایــی و ســەرجەم ئاییــن و بیروباوەڕەکانــی دیکــە دابیــن دەکات.

٦- دەوڵەتــی کوردســتان بەشــێکی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتە و، خــۆی بــە بەشــێك لــە کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی دەزانێــت و هەوڵــی بونیادنانــی پێوەندیــی دۆســتایەتیی نێــوان ســەرجەم گەلانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و جیهــان و نێــوان وڵاتــان دەدات، کــە پشــت بــە پێکەوەژیانــی هاوبــەش و هاوکاریکــردن لەپێنــاوی هێنانــەدی ئاشــتی و ســەقامگیری و نەهێشــتنی چاوگەکانــی بارگــرژی و دژایەتیکردنــی تیــرۆر و ڕێزگرتــن لــە ســەروەریی وڵاتــان دەبەســتێ، هــاوکات کار بــۆ گرێدانــی پێوەندیــی دراوســێیەتی و پتەوکردنــی بنەماکانــی دادوەریــی و مافەکانــی مــرۆڤ و هاوکاریکــردن لــە نێــوان گــەلان و وڵاتــان دەکات.

لەلایەکــی دیکــەوە، دەوڵەتــی کوردســتان پابەنــد دەبــێ بــە پەیماننامــە و ڕێککەوتنــە نێودەوڵەتییــەکان و ئەوانــەش کــە تایبەتــن بــە دیارکردنــی ســنوور لەگــەڵ وڵاتانــی دراوســێ، هەروەهــا دەوڵــەت پابەنــد دەبــێ بــە ســنووری مێژوویــی و جیۆگرافییەکانــی کوردســتانی باشــوور و کار بــۆ یەکلاکردنــەوەی هەمــوو کێشــەکان لەگــەڵ دەوڵەتــی عێــراق لــە ڕێــگای گفتوگــۆوە دەکات، بــە شــێوەیەك کــە ببێتــە مایــەی چەســپاندنی ئاشــتی و ئاســایش و ســەقامگیری.

هـاوكات دەوڵەتـی كوردسـتان هەوڵـی بەشـداربوون لـە بونیادنانـی شارسـتانەتیی مرۆڤایەتـی دەدات.

٧- هێزەكانـی پێشـمەرگە، هێـزی چەكـداری كوردسـتانین و مڵكـی گەلـن و پێویسـتە ببـێ بـە دامەزراوەیەكـی نیشـتیمانیی كـراوە لـە بەردەمـی هەمـوو هاووڵاتیانـی كوردسـتان بـە هەمـوو نەتـەوە و پێكهاتەكانـی، هەروەهـا ڕێـگا لـە دامەزراندنـی میلیشـیا دەگیـرێ ئینجـا لەژێـر هـەر ناوونیشـانێك بێـت.

٨- دەوڵـەت لەسـەر بنەمـای سـەروەریی یاسـا و سـەربەخۆییی دادوەری، وەك زامنكردنێكـی بنەڕەتـی بـۆ هێنانـەدی دادوەری بـۆ هەمـوو هاووڵاتیـان، بونیـاد دەنرێـت.

٩- هەمـوو هاووڵاتیـان ئـازاد و یەكسـانن لـە بەردەمـی یاسـا لـە مـاف و ئـازادی و ئەركـە گشـتییەكاندا، كەرامەتـی مرۆڤیـش مافێكـی سـەرەكی و پارێـزراوە، ڕێگـە بـە جیاكاریـی نێـوان هاووڵاتیـان بە هۆی ڕەگـەز یـان ڕەچەڵـەك یـان زمـان یـان ئاییـن و بیروبـاوەڕ و سـامان و پێگـەی كۆمەڵایەتـی و بیـروڕای سیاسـی نادرێـت، هەروەهـا دەوڵـەت ئازادیـی ئافـرەت و مافەكانـی و بەشـداریكردنی لـە سـەنتەرەكانی بڕیـار زامـن دەكات، هـاوكات دەوڵـەت پێداویسـتییەكانی ئـەو چیـن و توێژانـە كـە پێویسـتیان بـە پارێزگاریـی هەیـە دابیـن دەكات.

١٠- هیـچ تـاوان و سـزایەك نابـێ تەنیـا بـە گوێـرەی دەقێكـی یاسـایی نەبـێ، گومانلێكراویـش بـێ تاوانـە تـا ئەوكاتـەی لـە دادگایەكـی دادوەردا تاوانەكـەی بەسـەردا دەسـەپێت، هەروەهـا كەسـانی سـڤیل لەبەردەمـی دادگایەكـی بـەدەر یـان دادگای

سەربازیی دادگایی ناکرێ. نابێ کەسی سڤیل دەستگیر بکرێ یان بپشکنرێ یان بەند و دەستگیر بکرێ یان ئازادیی کەسێتی نەهێڵرێ تەنیا بە بڕیارێکی پێشووی دادوەر نەبێت. دەوڵەتیش ئازادیی مانەوە و جووڵەکردن بۆ هەموو هاووڵاتیان زامن دەکات.

١١- ڕەگەزنامەی کوردستانی مافی هەموو هاووڵاتیانی دەوڵەتە و ڕێگا نادرێ ئەو مافە لە هاووڵاتیان بستێندرێتەوە یان لە وڵات دوور بخرێتەوە یان ڕێگای گەڕانەوەی لێ بگیرێ.

١٢- دەوڵەت ئازادیی بیروباوەڕ و ئەنجامدانی ئەرك و مەراسیمە ئاینییەكانزامنده‌كاتوشوێنەكانییانده‌پارێزێت.

١٣- ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و شێوازەکانی ڕاگەیاندن زامن دەکرێن، بە مەرجێك نەبێتە بەربەست لە بەردەمی ژیانی تایبەت و مافی نەتەوە و پێکهاتەکان، بەبێ بڕیاری پێشووتری دادگا و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەبێ، ڕێگا بە چاودێریکردنی شێوازەکانی ڕاگەیاندن یان دەستبەسەرگرتنیان، یان داخستنیان نادرێت.

١٤- مافی دامەزراندنی حیزب و سەندیکا و یەکێتی و ئەنجوومەن و دامەزراوە ئەهلییەکان، هەروەها مافی کۆبوونەوە و ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ئاشتیانە، و پرەنسیپ و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بەبێ پێشێلکردنی مافی خەڵکی دیکە پارێزراوە.

١٥- دەوڵـەت لـە سیاسـەتەکانیدا پشـت بـە گەشـەکردنی هەمەلایـەن و بـەردەوام و بنەماکانـی حوکمڕانی باش و شـەفافیەت و هاووڵاتیبوونی کارای کوردسـتانی دەبەسـتێت و، کار بـۆ پاراسـتنی کولتـووری نیشـتیمانیی هەمـوو گـەل و پێکهاتـەکان دەکات، هەروەهـا دەوڵـەت پابەنـد دەبـێ بە پاراسـتنی سـامانە سرووشـتییەکان (نـەوت، گاز، ئاو، کانـزاکان)، بەوپێیـەی ئەوانـە ملکـی گشـتیی میللەتن و دەبنـە مایەی هێنانـەدی خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵایەتـی و دابینکردنـی پێداویسـتییە بنەڕەتییەکانـی هاووڵاتیـان و هاندانـی وەبەرهێنـان و پاراسـتنی مافی بەکاربـەر و پێشـبڕکێی ئـازاد و ڕێگەگرتـن لـە قۆرخـکاری و پاراسـتنی ژینگە.

١٦- ملکداریـی گشـتی پارێـزراو دەبـێ و ڕێـگا نـادرێ تەنیـا لـە ڕێـگای بڕیـاری دادگا و بەرانبـەر قەرەبـووی دادوەرانـە نەبـێ دەسـتی بـۆ ببرێـت.

١٧- هەمـوو هاووڵاتییـەك مافـی هەیـە وەزیفـەی گشـتی وەربگـرێ و مافـی کارکردنیـش زامـن دەکـرێ، هەروەهـا دەوڵـەت کار دەکات بـۆ دابینکردنـی دەرفەتـی کار بـۆ هـەر هاووڵاتییـەك، هـاوکات پابەنـد دەبێـت بـە دەستنیشـانکردنی ڕادەی نزمیـی کـرێ، بـە شـێوەیەك ببێتـە مایـەی دابینکردنـی ئاسـتێکی ژیانـی وا کـە لەگـەڵ کەرامەتـی مرۆڤایەتیـدا بگونجێـت.

١٨- فێربوونـی بنەڕەتـی ئیلزامییـە و دەوڵـەت سەرپەرشـتیی هەمـوو دامـودەزگا فێرکارییـە گشـتی و تایبـەت و ئەهلییـەکان دەکات، بـە شـێوەیەك ببێتـە مایـەی زامنکردنـی پاراسـتنی ئینتیمـا و شـوناس و کولتـوور. هەروەهـا دەوڵـەت کار بـۆ زامنکردنـی مافـی فێربـوون، ئازادییـە ئەکادیمییـەکان، توێژینـەوەی زانسـتی،

داهێنــان و دەســتبەرکردنی زانســت، ئاڵوگۆڕکردنــی زانیــاری و بڵاوکردنەوەیــان و بەشــداریکردن لــە ژیانــی ڕۆشــنبیری و هونــەری دەکات بــە ســەرجەم شــێوازەکانی و هەمەجــۆری چالاکییەکانــی. ئەمــە وێــڕای ســەربەخۆیی زانکــۆکان و ســەنتەرەکانی توێژینــەوەی زانســتی. دەوڵــەت پابەندیــش دەبــێ بــە دابینکردنــی دەرفەتــی فێربوونــی بێبەرانبــەر لــە دامــودەزگا فێرکارییــەکان.

١٩- ڕێزگرتــن لــە ژیانی تایبەتی هەر مرۆڤێــك و نامەگۆڕینــەوە و گفتوگۆی تەلەفۆنــی و پێوەندییــە ئەلیکترۆنییــەکان و، شــێوازەکانی دیکــەی پێوەندیکــردن پارێــزراو دەبــن و تەنیــا بــە بڕیــاری دادوەر و بــۆ کاتێکــی دیاریکــراو نەبــێ ڕێــگا نــادرێ دەســتدرێژییان بکرێتــە ســەر یــان ڕێگایــان لــێ بگیرێــت.

٢٠- مافــی دابینکردنــی ژیانێکــی هێمــن و ژینگەیەکــی پــاك و دوور لــە پیسبوون، هەروەهــا مافــی دابینکردنی خۆراکی تەندروســت و شــوێنی ژیــان و چاودێریــی تەندروســتی و ئەنجامدانــی وەرزش، ئەمــە وێــڕای مافــی بوونــی بیمــە لــە دژی بێــکاری و نەخۆشــی و پیــری، بــە گوێــرەی ڕێنماییــە یاســاییەکان و هاریــکاری کۆمەڵایەتــی.

# بەڵگەنامەکان

## بەڵگەنامەی ژمارە ١

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

# فەرمانی هەرێمی

ژمارە (١٠٦)، ساڵی ٢٠١٧

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

# فـــەرمـــانـــی هـــەرێــمـــی

ژمارە (١٠٦)

پاڵپشــت بــە یاســای ســەرۆکایەتیی هەرێمــی کوردســتان ژمــارە(١)ی ســاڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو، و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشــتی و پشــت بەســت بــە بنەمــای مافــی چــارەی خۆنووســین کــە مافێکــی دانپێــنراوە لەلایــەن کۆمەڵــەی گشــتیی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و یاســا نێودەوڵەتییــەکان بــۆ گەلانــی جیهــان و نەتــەوەکان و، بــەو پێیــەی گەلــی کوردســتان گەلێکــی خــاوەن هەمــوو تایبەتمەندییەکانــی خۆیەتــی لــە رووی خــاک و زمــان و کلتــوور و مێــژوو و شــوناس و گشــت بنەماکانــی پێناســاندنی وەکــو گەلێــک بــە هەمــوو پێکهاتەکانییــەوە، بــە هەمــوو پێــوەرە مرۆیــی و نێودەوڵەتییــەکان مافــی هەیــە بڕیــار بــدات لەســەر دیاریکردنــی جــۆری ژیــان و داهاتــووی خــۆی.

گەلـی کوردسـتان هـەر لـە دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێراقـەوە خەبـات و تێکۆشـانی کـردووە بـۆ چەسـپاندنی مافەکانـی و بـۆ پێکـەوە ژیانێکـی ئاشـتیانە لەگـەڵ گەلانـی تـری عێـراق، بـۆ ئـەوەی بوونـی وەکـو گەلێـک پارێـزراو بێـت. لـە ئەنجامـی خەباتـی دەیـان سـاڵەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کوردسـتان، لـە چەندیـن قۆناغـدا هەنـدێ پـڕۆژە و بەڵێنـی پێـدراون لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عێراقـەوە، هەرچەنـدە ئـەو مـاف و بەڵێنانـە بـە تـەواوی نەدەگونجـان لەگـەڵ ئامانجـەکان و قوربانیدانـی گەلەکەمـان. نموونـە بـۆ ئـەم پـڕۆژە و بەڵێنانـەی دەکرێـت ئامـاژە بـدرێ بـە بەیانـی بەریتانـی - عێراقـی لـە سـاڵی ١٩٢٢ دەربارەی دامەزراندنـی حکومەتێکـی کـوردی، یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان ژمـارە (٧٤) ی سـاڵی ١٩٣١، لێدوانـی فەرمـی عێـراق دەربـارەی بەڵێنەکانـی عێـراق بـۆ کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، پەیوەسـتبوونی عێـراق بـە جێبەجێکردنـی خوێندنـی کـوردی لـە کوردسـتاندا، مافـی (٣) لـە دەسـتووری کاتـی عێراقـی سـاڵی ١٩٥٨، پـڕۆژەی ئیـدارەی لامەرکـەزی لـە عێـراق لـە ساڵی ١٩٦٣، یاسـای ئۆتۆنۆمـی ژمـارە (٣٣) بۆ کوردسـتان - عێـراق سـاڵی ١٩٧٤، مـاددەی ٥٨ لـە یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت لـە قۆناغـی گواسـتنەوە سـاڵی ٢٠٠٤.

حکومەتـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی عێـراق نـەک هـەر بەڵگەنامەکانیـان پێشـێل کـردووە و پشـتگوێ خسـتووە، بەڵکـو وەڵامـی داواکارییەکانـی گەلـی کـورد بـۆ مافـە ڕەواکانیـان بـە ئاگـر و ئاسـن داوەتـەوە و، ئەنجامەکـەی کارەسـات و ماڵوێرانـی بـووە بـۆ کوردسـتان، وەک جینۆسـایدکردنی گەلـی کـورد لەژێـر نـاوی ئەنفـال، ڕاگواسـتنەوەی و

نیشـتەجێکردنی زۆرەملـێ، خاپوورکردنـی گونـد و ئاواییـەکان و ژێرخانـی ئابـووری و، بەکارهێنانـی گازی ژەهـراوی قەدەغەکـراو لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی لـە دژی خەڵکـی سـیڤیل.

هەروەهـا دوابـەدوای پرۆسـەی رزگارکردنـی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٣ و روخانـی رژێمـی پێشـووی بەعـس و، هاتنـە پێشـەوەی دەرفەتێکـی نـوێ بـۆ بنیادنانـی عێـراق لەسـەر بنەمـای دیموکراتـی و دامەرزاوەیـی و هاووڵاتیبـوون کـە مافـی هەمـوو پێکهاتـەکان تێیـدا پارێـزراو بێـت، گەلـی کوردسـتان سـەرەڕای هەمـوو نەهامەتـی و قوربانیدانـی، بەشـدارییەکی کارای کـرد لـە ڕێگـەی نوێنەرەکانیـەوە بـۆ بنیاتنانـی عێراقـی نـوێ و داڕشـتنی دەسـتووری عێراقـی لـە سـاڵی ٢٠٠٥ کـە بـووە بناغەیـەک بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی دیموکراتـی فیدراڵـی پارلەمانـی فـرە حیزبـی لەسـەر بنەمـای پرەنسـیپی یەکێتیـی ئارەزومەندانــە، و دیاریکردنـی بنەماکانـی پاراسـتنی مافـی پێکهاتـەکان و چارەسـەرکردنی کێشـە مێژووییەکانـی وڵات، بـەڵام لـە دوای تێپەڕبوونـی چەندیـن سـاڵ لـە تەمەنـی ئـەم دەسـتوورە، عێـراق هێشـتا پـڕە لـە پێشـێلکاری زەقـی یاسـایی و دەسـتووری و ئـەو بنەمایانـەی کـە دەوڵەتـی نوێـی عێـراق لەسـەر دامـەزرا لـە دابەشـکردنی مـاف و دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان ناوەنـد و هەرێـم.

گرنگتریـن پایەکانـی سیسـتەمی فیدراڵـی دابەشـکردنی داهـات و دیاریکردنـی سـنووری هەرێمـی کوردسـتانە. لەڕووی داراییـەوە بودجەی هەرێـم بـڕدرا. لـە ڕووی دیاریکردنـی سـنوورەوە، هەرچەنـدە ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم لـەڕووی مێـژوو و جوگرافیـا و

دیموگرافییـەوە بەشـێکن لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان بـۆ سـەڵماندنی نیەتپاکـی و چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی پرۆسـەکە ڕەزامەندبـوون لەسـەر ناوەرۆکـی مـاددەی (١٤٠)ی دەسـتوور کـە نەخشـە ڕێگایەکـی دانـا و دەبوایـە تـا کۆتایـی سـاڵی ٢٠٠٧ پرۆسـەی ڕاپرسـی ئەنجامبدرێـت، تاوەکـو دانیشـتووانی ئـەو دەڤەرانـە بـە ویسـتی ئازادانـەی خۆیـان بڕیـار لەسـەر داهاتـووی خۆیان بـدەن. سـەرکردایەتی چەندیـن جـار دووپاتیـان کـردەوە کـە پابەنـدن بـە ئەنجامـی راپرسـیەکە هەرچییـەک بێـت، بـەڵام حکومەتـی عێـراق جێبەجێـی نەکـرد. هەروەهـا دروسـتکردنی ئەنجومەنـی فیدراڵیـش بەپێـی مـاددەی(٦٥)ی دەسـتوور پشـتگوێ خـرا.

هـەروەک لـە دیباچـەی دەسـتووردا هاتـووە گەلانـی عێـراق بـە ئـازادی و ئارەزوومەندانـە ئـەم یەکێتییەیـان هەڵبـژاردووە و، " پابەندبـوون بـەم دەسـتوورە یەکێتیـی ئارەزوومەندانـەی عێـراق و گەلەکـەی و خاکەکـەی و سـەروەرییەکەی دەپارێزێـت"، بـە پێچەوانـەوە پێشـێلکردنی بەندەکانـی دەبێتـە هـۆکاری لێکـترازان.

بەهـۆی بەردەوامبوونـی حکومـەت و سـەرکردایەتیی سیاسـیی عێراقـی لەسـەر سیاسـەتی پێشـێلکردن و پابەندنەبـوون بـە ناوەرۆکـی دەسـتوور و، پشتگوێخسـتنی مـاف و داواکارییەکانـی گەلـی کوردسـتان و، بەوپێیـەی بارووداۆخـی ناوچەکـە و کوردسـتان بـە گشـتی و عێـراق بـە تایبەتـی وا دەخوازێـت بڕیارێکـی یەکلاکـەرەوە بدرێـت بـۆ داهاتـووی ئـەم گەلـە و، دوابـەدوای کۆبوونـەوە و ڕاوێـژ لەگـەڵ لایەنـە سیاسـیەکانی کوردسـتان بـە گشـت پێکهاتەکانیـەوە لە ڕۆژی ٢٠١٧/٦/٧، گەیشـتینە ئـەو دەرئەنجامەی

کـە پێویسـتە بگەڕێینـەوە بـۆ را و ئیـرادەی گەلەکەمـان بـۆ بڕیاردان لەسـەر چارەنـووس و داهاتـووی خۆیـان و، لەسـەر ئـەو بنەمایانـە بڕیارمانـدا بـە:

١. ئەنجامدانـــی ڕاپرســـیی گشـــتی لـــە ڕۆژی (٢٠١٧/٧/٢٥) لـــە سەرتاسـەری هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم.

٢. پرۆسـەی ڕاپرسـی بـە دەنگدانێکـی گشـتیی نهێنـی ڕاسـتەوخۆی ئازاد ئەنجـام دەدرێـت. پرۆسـەکە لـە کاتژمێر هەشـتی بەیانـی دەسـتپێدەکات و تـا شەشـی ئێـوارە بـەردەوام دەبێـت.

٣. بـە مەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی مافـی چارەنـووس، بەشـداربووانی پرۆسـەکە بـە بەڵـێ یـان نەخێـر وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی لای خـوارەوە دەدەنـەوە، ئەویـش بـە دانانـی هێـمای ڕاسـت بەرامبـەری.

• ئایـە دەتـەوێ هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم ببێتـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ؟

- بەڵێ
- نەخێر

٤. پێویسـتە دەنگـدەر شـیاویی دەنگدانـی تێدابێـت بەپێـی یاسـا و ڕێنماییـە پەیڕەوکـراوەکان.

٥. کارتـی دەنگـدان بـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و تورکمانـی و سریانـی بەشـێوەی چاپکـراو بـە ڕوونـی دەنوسرێـت.

٦. ئـەو بژاردەیـەی کـە زۆرترینـەی دەنـگ وەردەگرێـت بـە بـراوە ئەژمـار دەکرێـت، و دەبێتـە ئیـرادەی گشـتیی گەلـی کوردسـتان بـە گشـت پێکهاتەکانییـەوە.

٧. سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران و ڕێکلام و دەنگدان و تاوانی هەڵبژاردن ئەو ئەحکامانەی لە یاسای هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و یاسا پەیوەندیدارەکاندا هاتوون جێبەجێ دەکرێن.

٨. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستان هەڵدەستێت بە ئەنجامدان و سەرپەرشتی کردنی ڕاپرسیەکە و ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران و جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی. لەم بارەیشەوە پەیڕەوی ڕێنمایی و ئەحکامی یاسا پەیوەندارەکان و ستاندەرە جیهانییەکان دەکات.

٩. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەماهەنگی دەکات لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ڕاپرسی لە کوردستان بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە.

١٠. دامەزراوە حکومیەکان و حیزبییەکان بۆیان نییە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان دەستوەردان بکەن لە کاروباری بەرپرسان و سەرپەرشتیاران و ئەنجامدانی پرۆسەی راپرسی، و ڕێگا نادرێت هیچ کەس و لایەنێک دەستبخاتە ناو کاروبار و دەسەڵاتەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی بە بێلایەنانە و سەربەخۆیی و دەستپاکی و ئاشکرایی تەواو بە پێی یاساکان.

١١. لایەنە پەیوەندیدارەکان بواری پێویست دەرەخسێنن بۆ بەشداریکردنی تێکڕای ئەندامانی گەل و گرەنتیی ئازادیی رادەربڕین و گردبوونەوە و هاتووچۆ و دەنگدان بە پێی یاسا پەیڕەوکراوەکان دەکەن و، ئاسانکاری و هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەکە.

١٢. مسـۆگەرکردنی بەشـداریکردنی لایەنـە پەیوەندیـدارە بییانییـە فەرمـی و نافەرمییـەکان و رێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و میدیـا لـە چاودێـری کردنـی گشـت کاروبـاری ریـکلام و بەڕێوەچوونـی دەنگـدان و جیاکردنـەوە و ژماردنـی دەنگـەکان و بڵاوکردنـەوەی ئەنجامـەکان.

١٣. کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی کار دەکات بـۆ رەخسـاندنی بـوار بـۆ بەشـداریی رەوەنـدی کوردسـتانی لـە دەرەوە لـەم راپرسـیەدا.

مەسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەولـێـر

٢٠١٧/٦/٨

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆك

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيس

## فەرمانی هەرێمی

## ژمارە (١٠٦)

پاڵپشت بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو، و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و پشت بەست بە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین کە مافێکی دانپێنراوە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ گەلانی جیهان و نەتەوەکان، و بەو پێیەی گەلی کوردستان گەلێکی خاوەن هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی لە رووی خاك و زمان و کلتور و مێژوو و شوناس و گشت بنەماکانی پێناساندنی وەکو گەلێك بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، بە هەموو پێوەرە مرۆیی و نێودەوڵەتییەکان مافی هەیە بڕیار بدات لەسەر دیاریکردنی جۆری ژیان و داهاتووی خۆی.

گەلی کوردستان هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە خەبات و تێکۆشانی کردووە بۆ چەسپاندنی مافەکانی و بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە لەگەڵ گەلانی تری عێراقی، بۆ ئەوەی بوونی وەکو گەلێك پارێزراو بێت. لە ئەنجامی خەباتی دەیان ساڵەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، لە چەندین قۆناغدا هەندێك پرۆژە و بەڵێنی پێدراون لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە، هەرچەندە ئەو ماف و بەڵێنانە بە تەواوی نەدەگونجان لەگەڵ ئامانجەکان و قوربانیدانی گەلەکەمان. نموونە بۆ ئەم پرۆژە و بەڵێنانە دەکرێت ئاماژە بدرێ بە بەیانی بەریتانی – عێراقی لە ساڵی ١٩٢٢ دەربارەی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی ، یاسای زمانە خۆجێییەکان ژمارە (٧٤) ی ساڵی ١٩٣١، لێدوانی فەرمی عێراق دەربارەی بەڵێنەکانی عێراق بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان ، پەیوەستبوونی عێراق بە جێبەجێکردنی خوێندنی کوردی لە کوردستاندا، ماددەی (٣) لە دەستووری کاتی عێراقی ساڵی ١٩٥٨ ، پرۆژەی ئیدارەی لامەرکەزی لە عێراق لە ساڵی ١٩٦٣ ، بەیانی ٢٩ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ ، رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ، یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە (٣٣) بۆ

جمهورية العراق
اقليم كوردستان
الرئيس

كۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

کوردستان – عێراق سالی ۱۹۷٤ ، ماددەی ٥۸ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە سالی ۲۰۰٤.

حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق نەک هەر بەڵگەنامەکانیان پێشێل کردووە و پشتگوێ خستووە، بەڵکو وەڵامی داواکارییەکانی گەلی کورد بۆ مافە رەواکانیان بە ئاگر و ئاسن داوەتەوە ، و ئەنجامەکەی کارەسات و ماڵوێرانی بووە بۆ کوردستان، وەک جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەژێر ناوی ئەنفال، راگواستنەوەی و نیشتەجێکردنی زۆرەملێ، خاپوورکردنی گوند و ئاواییەکان و ژێرخانی ئابووری، و بەکارهێنانی گازی ژەهراوی قەدەغەکراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە دژی خەلکی سیڤیل.

هەروەها دوابەدوای پرۆسەی رزگارکردنی عێراق لە سالی ۲۰۰۳ و روخانی رژێمی پێشووی بەعس، و هاتنە پێشەوەی دەرفەتێکی نوێ بۆ بنیادنانی عێراق لەسەر بنەمای دیموکراتی و دامەزراوەیی و هاوڵاتیبوون کە مافی هەموو پێکهاتەکان تێیدا پارێزراو بێت، گەلی کوردستان سەرەڕای هەموو نەهامەتی و قوربانیدانی، بەشدارییەکی کارای کرد لە رێگەی نوێنەرەکانییەوە بۆ بنیاتنانی عێراقی نوێ و دارشتنی دەستووری عێراقی لە سالی ۲۰۰٥ کە بووە بناغەیەک بۆ دروستکردنی دەوڵەتی دیموکراتی فیدرالی پەرلەمانی فرەحیزبی لەسەر بنەمای پرەنسیپی یەکێتی ئارەزومەندانە، و دیاریکردنی بنەماکانی پاراستنی مافی پێکهاتەکان و چارەسەرکردنی کێشە مێژووییەکانی وولات، بەلام لەدوای تێپەڕبوونی چەندین سالْ لە تەمەنی ئەم دەستوورە ، عێراق هێشتا پڕە لە پێشێلکاری زەقی یاسایی و دەستووری و ئەو بنەمایانەی کە دەوڵەتی نوێی عێراقی لەسەری دامەزرا لە دابەشکردنی ماف و دەسەلاتەکان لە نێوان ناوەند و هەرێم.

گرنگترین پایەکانی سیستەمی فیدرالی دابەشکردنی داهات و دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستانە. لەرووی داراییەوە بودجەی هەرێم بڕدرا. لەرووی دیاریکردنی سنوورەوە، هەرچەندە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەرووی مێژوو و جوگرافیا و دیموگرافییەوە

كۆماری عێراق
هەرێمی كوردستان
سەرۆك

جمهورية العراق
اقليم كوردستان
الرئيس

بەشێکن لە کوردستان، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ سەلماندنی نیەتپاکی و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرۆسەکە رەزامەند بوون لەسەر ناوەرۆکی ماددەی (١٤٠) ی دەستوور کە نەخشە رێگایەکی دانا و دەبوایە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ پرۆسەی راپرسی گشتی ئەنجام بدرێت، تاوەکو دانیشتووانی ئەو دەڤەرانە بە ویستی ئازادانەی خۆیان بڕیار لەسەر داهاتووی خۆیان بدەن. و سەرکردایەتی کوردستان چەندین جار دووپاتیان کردەوە کە پابەندن بە ئەنجامی راپرسیەکە هەرچییەك بێت، بەڵام حکومەتی عێراقی جێبەجێی نەکرد. هەروەها دروستکردنی ئەنجومەنی فیدراڵیش بەپێی ماددەی (٦٥) ی دەستوور پشتگوێ خرا.

هەروەك لە دیباجەی دەستووردا هاتووە گەلانی عێراق بە ئازادی و ئارەزوومەندانە ئەم یەکێتییەیان هەڵبژاردووە، و "پابەندبوون بەم دەستوورە یەکێتی ئارەزوومەندانەی عێراق و گەلەکەی و خاکەکەی و سەرەوەرییەکەی دەپارێزێ" . بە پێچەوانەوە پێشێلکردنی بەندەکانی دەبێتە هۆکاری لێکترازان.

بەهۆی بەردەوامبوونی حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی عێراقی لەسەر سیاسەتی پێشێلکردن و پابەندنەبوون بە ناوەرۆکی دەستوور، و پشتگوێخستنی ماف و داواکارییەکانی گەلی کوردستان ، و بەو پێیەی بارودۆخی ناوچەکە و جیهان بە گشتی و عێراق بە تایبەتی وادەخوازێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدرێت بۆ داهاتووی ئەم گەلە، و دوابەدوای کۆبوونەوە و راوێژ لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە گشت پێکهاتەکانیەوە لە رۆژی ٢٠١٧/٦/٧ ، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە پێویستە بگەرێینەوە بۆ را و ئیرادەی گەلەکەمان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووس و داهاتووی خۆیان، و لەسەر ئەو بنەمایانە بڕیارماندا بە:

١. ئەنجامدانی راپرسی گشتی لە رۆژی (٢٠١٧/٩/٢٥) لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.
٢. پرۆسەی راپرسی بە دەنگدانێکی گشتی نهێنی راستەوخۆی ئازاد ئەنجام دەدرێت. پرۆسەکە لە کاتژمێر هەشتی بەیانی دەستپێدەکات و تا شەشی ئێوارە بەردەوام دەبێت

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيس

٣. بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ماڤ چارەنوس، بەشداربووانی پرۆسەکە بە بەڵێ یان نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارەی لای خوارەوە دەدەنەوە ، ئەویش بە دانانی هێمای راست بەرامبەری.

- ئایە دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟
  - بەڵێ [√]
  - نەخێر [√]

٤. پێویستە دەنگدەر شیاوی دەنگدانی تێدا بێت بەپێی یاسا و رێنماییە پەیرەوکراوەکان.
٥. کارتی دەنگدان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی بە شێوەی چاپکراو بە روونی دەنوسرێت.
٦. ئەو بژاردەیەی کە زورینەی دەنگ وەردەگرێت بە براوە ئەژمار دەکرێت، و دەبێتە ئیرادەی گشتی گەلی کوردستان بە گشت پێکهاتەکانییەوە.
٧. سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران و ریکلام و دەنگدان وتاوانی هەڵبژاردن ئەو ئەحکامانەی لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و یاسا پەیوەندیدارەکاندا هاتوون جێبەجێ دەکرێن.
٨. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان هەڵدەستێت بە ئەنجامدان و سەرپەرشتی کردنی راپرسیەکە وئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران و جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان وبلاوکردنەوەی ئەنجامەکانی. لەم بارەیشەوە پەیرەوی رێنمایی و ئەحکامی یاسا پەیوەندیدارەکان و ستاندەرە جیهانییەکان دەکات.
٩. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەماهەنگی دەکات لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای راپرسی لە کوردستان بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە.
